
دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەدین
لۆبیکردن
بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت
بیرەوەری لۆبی و تێڕوانینی ستراتیژی
چاپی دووەم

# لۆبیکردن
# بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت

## بیرەوەری لۆبی و تێڕوانینی ستراتیژی


## دلاوەر   عەبدولعەزیز عەلائەدین

**پێشتر:**

پرۆفیسۆری پزیشکی (بواری مایکرۆبایۆلۆژی) لە زانکۆی نۆتینگهام
دەستەی دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد لە بەریتانیا
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

**لە ئێستادا**

سەرۆکی ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)



**چاپی یەکەم**
**2007**
**چاپی دووەم:**
**2026**

پێشکەشە بە:

شەهیدانی بزوتنەوەی گەلی کورد

قوربانیەکانی ئەنفال و کیمیاباران

باوك و دایکم، بەرکەوتووانی کیماباران

خوشك و برا و خێزان و منداڵەکانم

سەرجەم ئەوانەی لە کاتی لۆبیکردندا هاوکارم بوون یان
بە ڕێگای جیاواز هەوڵیان بۆ دۆزی نەتەوەکەمان داوە

# لۆبیکردن

# بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت

# بیرەوەری لۆبی و تێڕوانینی ستراتیژی

## ناوەرۆك


1- لەوپەڕی بێ هیواییەوە بۆ هاتنەدی خەونە شیرینەکان 5

2- خەباتی دەرەوەی وڵات: چی بکەین و لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ 15

3- لە هەڵەبجەوە بۆ شەڕی کوەیت 34

4- لە شەڕی کوەیتەوە بۆ کۆڕەو 67

5- دیدەنی مارگرێت ثاتچەر و وەرچەرخانی چارەنووس 95

6- دیدەنی ئارچبیشۆپی کانتەربەری و دەست بەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی عێراق 114

7- کۆمەڵ لە دیوی ئێرانەوە و پەڕینەوە بۆ کوردستانی عێراق 128

8- گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ دیوی عێراق 145

9- هەڵەبجە: میحوەری خەبات و لۆبی دەرەکی کورد 158

10- هەوری مەرگ: شەڕی کیمیاوی سەدام حوسێن لە دژی کوردان 161

11- زەوی کشتوکاڵی کوردستان لە ژەهری کیمیاوی پاك بۆتەوە 191

12- گەمەکردن بەگوێرەی یاساکان 195

# (یەکەم)

# لەو پەڕی بێ هیواییەوە

# بۆ هاتنەدی خەونە شیرینەکان

## ئاب/ئۆگەستی ٢٠٠٧

بزوتنەوەی هیچ میللەتێك بە قەد هی کورد بە چەرخ و قۆناخی پێچەوانەی رۆناك و تاریکدا تێنەپەڕیوە، بە جۆرێك کە هەردەم لە نێوان دوو جەمسەری چارەنوسدا هاتوچۆی کردووە. هێڵی چەماوەی خەباتی کورد، وەك حندرحۆ، لەوپەڕی بەرزیەوە لەناکاو بۆ ئەوپەڕی نزمی دابەزیوە. لە چەندین قۆناخدا، لە فەوتان، تاوانەوە، نقوم بوون یان وونبوون نزیك بۆتەوە. موعجیزەیە کە بزوتنەوەی کورد توانیویەتی لەو ژینگە و دەوروبەرە دژوارەدا و بە رووی لافاوی ئیمپڕاتۆریەتە مەزنەکانی چەرخدا هەتا ئێستا بە زیندوویی بمێنێتەوە. بۆ یەکەمجاریش لە مێژوویدا باشووری کوردستان وا خەریکە رووی بەرەو لوتکەیە.

### شەڕی مان و نەمان

ئیمپڕاتۆڕیەتە یەك لە دوای یەکەکانی گریك و رۆم و فارس و عەرەب و تورك، بە خۆیان و زمان و کەڵتور و ئاینەوە هاتن و دایان کوتا و زۆربەیان لە ناوچەکەدا هەتاسەر مانەوە. ئەوانە توانیان ناسنامەی نەتەوەیی چەندین میللەتی (بە رەگەز و زمان و کەڵتور) جیاوازی ناوچەکە لە بنەڕەتەوە بسڕنەوە. کاتێ کە شەپۆڵی ئیمپڕاتۆڕیەتی عەرەبی بە سەر وڵاتەکانی شام و میسۆپۆتامیا و باکوری ئەفریکا داهات، لە ژێر ناوی ئیسلامدا فەینیشیەکانی شام و قیبتیەکانی میسر و بەربەرەکانی سەرووی ئەفریکا و چەندین کەمە نەتەوەی تریشی نقوم کرد. زۆربەیانی کرد بە عەرەب و مێژووی سڕینەوە.

هەرچی کوردە، سەرەڕای ئەوەی کە لە زووەوە و لە ناخەوە ئاینی ئیسلامی لە ئامێز گرت و لە مەودای چواردە سەدەدا دراوسێ و بندەستەی عەرەبی موسڵمان بوو، کەچی نەبوە عەرەب، بەڵکو هێڵی سنووری باکوری بۆ عەرەب دیاری کرد. لە سەردەمی خەلیفەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانیەکان، کوردستان شانۆیەکی رووداوە خوێناویەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. بە نۆرە، ئیمپڕاتۆریەتە شەڕانیەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی داگیریان دەکرد و هەر هەمووشیان هەوڵی تاواندنەوەی کوردیان دەدا. لە سەدەی رابوردووشدا، بە تایبەتی لە سەردەمی شەڕی سارددا، هەتا ئیمڕۆشی لەگەڵدا بێ، نەوەکانی ئەو ئیمپڕاتۆریەتانە هەمان کەمپەینیان لە ژێر ناوی وڵاتپارێزیدا بەردەوام کردووە. خۆشبەختانە، نە سیستەمی دەوڵەتی نەژادپەرستی تورکی و نە هی دیکتاتۆریەتی خوێنڕێژی بەعسی عەرەبی (عێراق و سوریا) و نە هی شاهەنشاهی و دواتر ئیسلامی شیعی فارسی توانیان شوناسنامە و بزوتنەوەی سیاسی کوردی لە نێوانیاندا بتاوێننەوە.

دیارە کە سەختی چیاکانی کوردستان، و ئازایی و لێزانی و رۆحی هەڵگەڕانەوەی کورد، بونەتە گەرەنتی بۆ مانەوەی کەڵتور و زمان و نەریت و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە مەودای ئەو چەرخانەدا. ئێستاش لە سەدەی بیستویەکەمدا، لە سەردەمی گلۆبەلیزە و شەڕی دژبە تێرۆردا، تازە زەحمەتە بزوتنەوەی کوردی بەرەو دواوە بچێت و مەحاڵە لەناو هی دراوسێدا بتاوێتەوە. ئیمڕۆ حوکمی دیکتاتۆر و نەژادپەرستانی دراوسێ خۆیان لە ململانێ و پەلە ڕوحەی مانەوە دان و دەستیان بە پەلی دارێکی ووشك گرتوە و دەیانەوێ بە یاسای شەڕی ساردی جاران بەرەنگاری ئاییندە ببنەوە. بەهۆی گۆڕانی سیستەمی جیهانی و هەڵەی دوژمنەکانی کورد، ئێستا بار و فرسەتێکی تازە بۆ کوردی باشوورهاتۆتە کایەوە.

## هاتنەدی خەونە شیرینەکان

لە کۆنەوە، کە پێشمەرگەیەك دەستی دەدایە چەك و رووی لە شاخ دەکرد، یان کە سیاسەتمەدارێك ستراتیژیەتی بزوتنەوەکەی پێناسە دەکرد، یان کە لۆبیزانێکی هەندەران کەمپەینی بۆ نیشتیمان دەکرد، ئەوانە تەنیا بە خەون بیریان لە سەردەمی خودموختاری و حوکمڕانی کوردی دەکردەوە. لە پلانی هیچ کام لەوانەدا نەبوو کەوا بەوزوانە لە ئۆپۆزیسیۆنەوە ببنە حکومەت. ئیمڕۆ، سیاسەتمەدارانی کورد لە سەرووی هەرەمی ئیدارەی هەرێمێکی فیدرالی نیمچە سەربەخۆدا حوکمڕانی دەکەن، پێشمەرگەی کوردستان بە گوێرەی

دەستووری عێراق ڕۆڵی وڵاتپارێزی پێ سپێردراوە، و لۆبیستەکانی کورد ئێستا بۆ حکومەتی هەرێم ڕۆڵی باڵوێز دەبینن. ئەوانە خەونە شیرینەکانن و هاتنە دی.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤، لەو سەردەمەی کە شەڕی عێراق و ئێران لە گەرمەیدا بوو، و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق خەریکی گفتوگۆ بوو، سەرکردە و هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیوی ئێران بوون، بە ناوچەی ئازادکراوی ژێر کۆنترۆڵی پارتی و بە ڕێگەی ئێرانەوە کوردستانم بەجێ هێشت و لە کۆتایی کۆچەکەمدا لە بەریتانیا وەك پەناهەندە نیشتەجێ بووم. لە دوای دامەزران و ئاشنا بوونم لەگەڵ ژینگەی بەریتانیا، وورده وورده شارەزاییم لە سیستەمی سیاسی وڵاتەکە پەیدا کرد.

لەو سەردەمەدا، ژیانی پەناهەندەیی زۆر قورس و پڕ مەترسی بوو، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی ڕۆڵی ئاکتیڤیان لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردیدا دەدیت. ڕژێمی سەددام دەستی لە ئەورووپا زۆر دەڕۆیی، و لە دەستوەشان و کوشتن و بڕیندا درێغی نەدەکرد. حکومەتی کۆنزێرڤەتیڤی (مارگرێت ثاتچەر)یش، لە دژی ئێران پشتگیری لە ڕژێمی سەددام دەکرد و چاوپۆشی لە ڕەفتارە نامرۆڤایەتیەکانی دەکرد. بۆیە، کاری لۆبی لە بەریتانیا بۆ هەرکەسێکی کە خێزان و خزم و کەسی لە ناو عێراقدا هەبووبێ، مەترسیدار بوو.

لەو سەردەمەدا، کۆمەڵگای کوردی زۆر بچووك بوو. ژمارەی کوردان لە هەموو بەریتانیا لە چەند هەزار کەسێك تێنەدەپەڕی. زۆربەی ئەوانە دوورە پەرێز بوون و بەشداریان لە خۆشی و ناخۆشی کۆمەڵگا و نیشتیمان نەدەکرد. ئەوانەی کە بەشداریان لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا دەکرد، بە خاو و خێزانەوە لە هۆڵێکی سێ سەد کەسی جێگەیان دەبووەوە. ئەوانەی کە کاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان لە نێو کۆمەڵگاکە ئەنجام دەدا، ژمارەیان لە سەد تا دووسەد کەس تێنەدەپەڕی، و لە زۆربەی بۆنەکانیشدا هەمان دەموچاو دەدیترانەوە. زۆربەی ئەوانەش لە دەرەوەی حیزبەکان کاری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیان ئەنجام دەدا. خۆ ئەوانەی کە بەشداریان لە خۆ پیشاندان و شەونخونی و کاری دژ بە ڕژێم ئەنجام دەدا زۆر کەم بوون، و ئەوانەی کە زمانزان بوون و شارەزای سیستەمی حوکمڕانی بەریتانی بوون و واجیهەی کۆمەڵگا و بزوتنەوەکە بوون، بە دەستی پەنجە دەژمێردران. بێ گومان، کۆچی لاوان و خێزانەکانی کوردی باشوور و باکوور لە کۆتایی هەشتاکان وورده وورده روویان لە زیادی بوو.

بەڵام لەدوای هێرشی ئەنفال و پەڕینەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ دیوی ئێران، لە ماوەی نێوان ١٩٨٧ هەتا ١٩٩١، ژمارەی پەناهەندەکان لە ناکاو رووی لە زیادی کرد و ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆنە پێشمەرگە و رۆشنبیر و کادیرە حیزبییەکان گەیشتنە بەریتانیا، و زۆریان بە ئاکتیڤانە بەشداریان لە جموجۆڵی کۆمەڵگا دەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش، هەتا سەرەتای نەوەدەکان، قەبارەی کۆمەڵگای کوردەواری لە بەریتانیا هێشتا نەگەیشتبوە ئەو رادەیەی کە پێی بگوترێ دیاسپۆرا، یان (جالیە)یەکی کاریگەر، تاوەکو سیاسەتمەدار و حکومەتی وڵاتەکە حیسابیان بۆ بکەن. بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، لە ئەنجامی جووت ئابلۆقەی ڕژێم و نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر هەرێمی کوردستان، وە لە ئەنجامی شەڕی براکوژی نێوان یەکێتی و پارتی، و باری ئابووری باشوور، لێشاوی کۆچکردن بەرەو ئەوروپا گەیشتە رادەیەك کەوا وێنەی کورد بووە ئایکۆنی پەناهەندە. بە دەیان هەزار کوردی باشوور گەیشتنە بەریتانیا، و لە سەرتاپای وڵاتەکەشدا نیشتەجێ بوون. ئەو کۆچە بەکۆمەڵەی کورد و گەشە کردنەی کۆمەڵگای کوردی خێر وقازانجی زۆری بە بزوتنەوەکە گەیاند، سەرەڕای پەیدا بوونی گیروگرفت و لایەنی نێگەتیڤی جیا جیا.

لە کۆنەوە کوردستان پەیوەندی زیندووی بە جیهانی دەرەکیەوە نەبوو، و تۆڕی پەیوەندیەکانی، لە ئاستی میللەتدا، بایی ئەوە نەبوو کەوا ئەزموون و زانیاری و شارەزایی و کۆمەك و یارمەتی و پشتگیری کەڵتوری و سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان زامن بکات. بەڵام بە گەشەکردن و پەرشوبڵاو بوونەوەی پەناهەندەکان لە هەرچوار کۆڕنەی زەمیندا، ئێستا توانا و کاریگەری کوردی لە جیهاندا لە ئاستێکی بەرزتر دایە. بە هۆی کۆمەڵگای کوردی دەرەوە، ئاستی ژیان لە کوردستاندا هەردەم لە باقی عێراق بەرزتر بوو. هەر لە نەوەدەکاندا هەتا گۆڕانی ڕژێم، ڕەنگە زیاتر لە ملیارێك دۆلار رووی لە کوردستان کرد و ئابوری وڵاتی بە زیندووی هێشتەوە. خۆ لە سەردەمی جووت ئابلۆقەدا، کوردستان بەهۆی ئەو کۆمەکەوە بە زیندوویی خۆی گرت، و لە ئافەتی برسیەتی ڕزگاری بوو.

لە سەردەمی هەشتاکان، کۆمەڵگای کوردەواری هەندەران لە زۆر رووەوە چاوکراوە و بەرپرسیار و دروستکەرانە بوون. لە کاتی تەنگانەدا، سەرەڕای جیاوازی فیکری و حیزبی، کاری لۆبیان بە یەکەوە ئەنجام دەدا. بەڵام بە داخەوە، زۆربەی کاتەکانی دیکە، ئەندامە حیزبییەکان خەریکی بگرەوبەردەی حیزبایەتی بوون، و شێوازی کاریان کلاسیکی بوو، پەیوەندی نێوانیان ئاوێنەی پەیوەندی نێوان حیزبەکانی ناوەوەی کوردستان بوو. واتە، کە لە کوردستان پارتەکان

تەبا بوون، لقەکانیشیان لە هەندەران هاوکاری یەکتریان دەکرد، و لە کاتی براکوژیشدا، کۆمەڵگاکە لەت لەت بووبوو و حیزبیەکان کاری تێکدەریان ئەنجام دەدا.

## هەڕەشەی ڕژێم و چاودێری موخابەرات

بار و دۆخی هەشتاکان بۆ کاری لۆبیکردن لەو پەڕی هەستیاری دابوو. جارێ زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە لاوی زگورتی بوون، و خێزان و خزم و کەسیان لە بەر دەستی ڕژێمدا بوو. لەگەڵ ئەنجامدانی هەر چالاکیەکی دژبە ڕژێم، ئەوا ژیانی خۆیان و خێزانیان دەخستە مەترسیەوە. ڕژێمی سەددام توانایەکی بێ پایانی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەندامە ئاکتیڤەکانی هەندەران هەبوو، و جاسوس و سیخوڕی لە هەموو ئاستێکی کۆمەڵگاکەدا هەبوو. ئێمە، لە هەندێ حاڵەت دەمانزانی کێ سیخوڕە بەڵام لەبەر کەمی بەڵگە، یان لەبەر تەزکیەی حیزبە دژبەیەکەکان، زۆربەی سیخوڕەکان بەردەوام بەشداریان لە کۆبوونەوە و چالاکیەکانی کۆمەڵگاکە دەکرد. بۆیەش، هیچ کەس متمانەی سەد دەر سەدی بە هیچ تازە دۆستێك نەبوو. خەڵکەکە بە ترس و حەزەرەوە زانیاری تایبەتی شەخسیان ئاڵوگۆڕی پێ دەکرد. هاتوچۆی برادەران بۆ ماڵی یەکتر لە ئالقەی خزم و برادەری زۆر لەیەك نزیك تێ نەدەپەڕی. لە کۆ بوونەوەکاندا دەبوایە ئاگاداری نهێنیەکانمان بین و هەوڵدەین زانیاریەکانمان بپارێزین و هەردەم سەلامەتی خێزانمان ڕەچاو بکەین. هەریەکەمان نازناوێکی دەستکردی لەخۆی نابوو و هەوڵی دەدا ناوی ڕاستی لە دۆستە نوێیەکانی بشارێتەوە. لەکاتی خۆ پێشاندان‌دا لەبەرامبەر باڵوێزخانەی ڕژێم، دەبوایە دەموچاومان داپۆشین و لە پەنای لەچەگ و دەمامکەوە دەنگی ناڕەزاییمان دەربڕین.

سەرەڕای ئەو هەموو ئاگاداریەش، سیخوڕەکانی ڕژێم دەیانتوانی زانیاری وورد لە سەر هەریەکەمان پەیدا بکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ دابوو، کە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لەندەن سازدرا، منیش یەکێك بووم لە سێ سەرپەرشتیارەکانی کۆنفرانسەکە. لەوێ، هەروەك لە دەرەوە، بە ناوی (دکتۆر ئاسۆ) بانگ دەکرام، بەڵام خەڵکێکی زۆری لێبوو کە لە نزیکەوە دەیانناسیم و بۆیە ناوی ڕاستەقینەم نەکرا بشاردرێتەوە. لەوێ بەولاوە مەترسی ئەوەم لێ پەیدا بوو کەوا لە باڵوێزخانەی عێراقیەوە زانیاریم لەسەر کۆ بکرێتەوە. لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٨٧دا، لە دوای خۆ پیشاندانێك لە بەرامبەر باڵوێزخانەی عێراق، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی (ئای تی ڤی)

ئەنجامدا. ئێوارەی رۆژی دووهەمی دوای خۆ پیشاندانەکە بوو کە عەرەبێك لە باڵوێزخانەی عێراقیەوە تەلەفۆنێکی بۆ کردم و گوتی: "ئێمە دەزانین تۆ کێی و لە کوێوە هاتوی، ئێستا عێراق دیموکراتیە و لە بەریتانیا خۆشترە، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم سوود لە عەفوە تازە دەرچووەکەی عێراق وەربگرە و بگەڕێوە. ئەگەر ناشگەڕێیتەوە، واز لە هەرپە هەرپی دژی نیشتیمانە گەورەکەت بهێنە، ئەگەر وازیش ناهێنی، ئەوا بە گوڵلەیەك، بە نرخی ڕوبعە دینارێك، ساردت دەکەینەوە". من سەرم سوڕما لەوەی کە چۆن ژمارەی تەلەفۆنی منیان زانیوە، وە بڕیارمدا ژمارەکەم بە زووترین کات بگۆڕم. بەڵام لە رۆژی دواتر بۆم دەرکەوت کە ناونیشان و ئەدرێسیشم لە لایانە. ئەو رۆژە نامەیەکی ستاندەردی لە چاپدراو لەگەڵ بانگەوازی عەفوەکەی ڕژێم و پسولەیەکی هەڕشە بە پۆستە پێم گەیشتن. لە پسولەکەدا نوسرابوو " ئەگەر بێ دەنگ نەبیت بێ دەنگت دەکەین".

بێ گومان، ئەو جۆرە ترساندن و تۆقاندنە لە تەوژمی کەمپەینی لۆبی ئێمەی کەم نەدەکردەوە. هەر بەردەوام بووین لە خۆ پیشاندان و کۆنفرانس بەستن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕژێمی دژ بە مافی مرۆڤ، و پەیوەندیکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامە و میدیا و ئەندام پەرلەمانەکان و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان. ئەوەش بێجگە لە چالاکی دیکەی رۆژشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێو کۆمەڵگای کوردی بەریتانی. کاری تەنسیق کردنمان لەگەڵ حیزب و رێکخراوە کۆمەڵایەتیە کوردیەکان هەر بەردەوام بوو.

لە رۆژی داگیر کردنی کوەیتەوە، لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، کۆمەڵگای کوردی پەنجەرەیەکی هەناسەی مەزنی بۆ کرایەوە. باڵوێزخانەی ڕژێم کەوتە ژێر فشار و لە لایەن دەوڵەتەکانەوە دوژمنایەتی دەکرا، بۆیە بە چاودێریکردن و تێکدانی کاری کۆمەڵگای کوردەواری رانەدەگەیشتن. لەوێ بەولاوە، کوردی هەندەران جموجۆڵیان رووی لە زیادی کرد. خۆ لە دوای رزگار کردنی کوەیت و گەڕانەوەی کۆڕەوە ئاوارەکان و ئازاد بوونی بەشێکی کوردستان، ڕژێمی سەددام کەوتە ئەو پەڕی لاوازیەوە. ئەوە بووە مایەی ئازادیەکی بێ هاوتا بۆ کوردی هەندەران. باری دەرونی و سیاسی و ئاسایشی و کۆمەڵایەتی کوردەکانی سەرتاپا گۆڕی. بێجگە لەوانەیش، ئەو کوردانەی کە لە پێشتر لە سەر حیساب و مەسرەفی ڕژێم بۆ خوێندن هاتبوونە دەرەوە، وورده وورده ترسیان شکا و کابوسی سەددامیان لەسەر لاکەوت، و دەستیان بە بەشداری کردنی چالاکی و کاری کۆمەکی کوردستان کرد. تەنانەت ئەوانەی کاتی خۆی بەعسی بوون یان کاری سیخوڕیان ئەنجامدابوو، وەك دڵسۆزەکان دەستیان دایە کاری

کۆمەڵایەتی و کۆمەك کردن. بەوە، ژمارەی کوردە بەرچاوەکانی هەندەران، لەناکاو زیادی کرد، ئەوەش بێجگە لە بەدەرکەوتنی تازە پەناهەندەکان.

## زانیاری موخابەراتی عێراق لەسەر جموجۆڵ و چالاکیەکانم

لە دوای ڕوخانی ڕژێم، فایلی زانیاریەکانی بەردەست موخابەراتی عێراقی لەسەر جموجۆڵی من کەوتە دەستی کاك کۆسرەت ڕەسول (جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان) و ئەویش بۆی ناردم. لە فایلەکەدا دەرکەوت کەوا سەفارەتی ڕژێم لە سەرەتادا هیچی وای لە بارەی ئەسل و فەسلی من نەدەزانی، هەر ئەوەندە نەبێ کە ناوم (دلاوەر عەزیز)ە. دیارە کە ناونیشانی منیان لابوو، بەڵام سەبارەت بە ژیانم لە کوردستان، چی وایان نەدەزانی. لە نامەیەکی ڕەسمیدا، باڵوێزخانەی عێراق لە لەندەن داوای زانیاری لە دائیرەی ئاسایشی هەولێر و موختاری گەڕەکەکان کردبوو بۆ ئەوەی زانیاری ووردیان بۆ بنێرن و ئەگەر باوکیشمیان پێ دەستنیشان کرا ئەوا تەحقیقی لەگەڵدا بکەن. ئاسایشی هەولێر و موختارەکانیش ملی باوکی (دلاوەر عەزیز)ێکیان گرتبوو کە لەو کاتەدا لە بەریتانیا بوو بەڵام لە ژیانیدا تێکەلاوی کاری لۆبی و جموجۆڵی سیاسی نەکردبوو. ئەو(دلاوەر)ەم نەدەناسی، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ بە خزمەتی گەیشتم، و ئەو بابەتەم لەگەڵ باسکرد. ئەویش سەرگوزەشتەی باوك و خێزانەکەی بۆ باسکردم و باسی دڕندەیی موختار و ئاسایشی هەولێری کرد کەوا چەندین جار تەحقیقیان لەگەڵ باوکی کردبوو و ژیانی خێزانەکەیان بەوە تاڵ کردبوو. کاك دلاوەر ئێستا لە باڵوێزخانەی عێراق لە لەندەن کاربەدەستە و بە دڵسۆزی و شانازیەوە ڕۆڵی خۆی لە خزمەتی کۆمەڵگای کوردیدا دەبینێ.

## ڕۆژگاری نوسینی وتارەکانی ئەو کێتبە

ئەو کتێبە بریتیە لە سەرگوزەشتەی کاری لۆبی هەشتاکان و نەوەدەکان، کە کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە کاتێکی وەك ئێستادا پێویست بوو. بە دوای زانیاری کۆندا بۆ خاتری نوسینی ئەو کتێبە، چەندین یاداشت و وتاری کۆنم بەسەر کردەوە. لەگەڵ هەر یەکەکەشیاندا، خەونی ئەو سەردەمەم دەهاتەوە بەر چاو. بەڵام بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆژگار و بارودۆخی سەردەمی نوسینی وتارەکان، زەحمەتە بۆ خوێنەر کەوا بایەخی میژوویی و هۆکاری نوسینی وتارەکان بنرخێنێ. زۆر گرنگە کەوا لەگەڵ خوێندنەوەی هەر وتارێکی ناو ئەو کێتبە، کات و سات و باری

دەروونی سەردەمی نوسینی هەریەکەیان بێنیتە بەرچاو، تاوەکو پڕ بە پێست مەبەست و ناوەڕۆکەکەیان هەڵبسەنگێنێ. بۆیەش، لە دەستپێکی هەر بەشێکدا، کورتە باسێکی سەردەمی نوسینی وتارەکان پێشکەش کروان.

## وتار و چەمکەکان

بەشەکانی ئەو پەڕتووکە بژاردەیەکن لە وتارەکانی چاپی یەکەمی پەڕتووکە گشتگیرەکە. ئەوانەی لێرەدا چاپکراینەوە تایبەتن بە پرۆسەی لۆبیکردن و بەرگریکردن لە مافی مرۆڤی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتی کورد. زۆربەیان بیرەوەی جموجۆڵ و چالاکیەکانی کۆمەڵگای کوردین لە بەریتانیا کە بە مەبەستی وەدەستهێنانی پشتگیری سیاسی و مرۆڤایەتی ئەنجامدراون. تەرکیزی بابەتەکان لەسەر ڕووداوەکانی سەردەمی کۆتایی هەشتاکانەوەیە هەتا سەرەتای نەوەدەکان، بە تایبەتی لە کارەساتی هەڵەبجە و کەمپەینی ئەنفالەوە بۆ سەردەمی کۆڕەو.

بیرەوەریەکان هی شایەدحاڵێکن، کە لە پەنجەرەیەکی بچووکی مێژووەوە و لە ڕوانگەیەکی شەخسیەوە دەڕوانێتە زنجیرەی ڕووداوە گرنگەکانی ئەو سەردەمانە. بە چاوی شیکەرەوە دەڕوانێتە چۆنیەتی هەڵسوڕانی سیستەمی ڕۆژئاوایی، و گۆڕانی سیاسەتی زلهێزەکان، و ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری دوژمنەکان لەسەر چارەنوسی خەڵکی کوردستان و ستراتیژیەتی حیزبە کوردیەکان.

لە سەردەمی کەمپەینی جێنۆسایدی ئەنفال و لە دوای کارەساتی هەڵەبجە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە قەیراندا دابوو، و چالاکی پێشمەرگە رووی لە کزی بوو. ئەوکات بزوتنەوەکە پێویستی بە جۆشدان و بەرز کردنەوەی ئاستی فشاری دیپلۆماتی بوو. وتاری دوای ئەو پێشەکیە (دووەم)، بە ناونیشانی (خەباتی دەرەوەی وڵات: چی بکەین و لە کوێوە دەست پێ بکەین)، لەسەر داوای سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی نوسراوە، و مەبەستیش تێیدا ڕێکخستن و بە موئەسسەسە کردنی کاری لۆبی و کۆمەکی کوردیە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و تەواوی هەندەران.

لە بەشی سێیەمەوە هەتا هەشتەم بریتین لە یاداشت و بیرەوەریەکانم، لە سەردەمی کارەساتی هەڵەبجەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩١. ووردەی ئەو چالاکیانەی تێدایە کە وەك بەشدار یان رێکخەر کارم تێیاندان کردووە. لە بەشی سێیەمدا باس لە دروستبوونی رێکخراوەکانی زانستی و پزیشکی کراوە، کە رۆڵی کاریگەریان لە کاری لۆبی دیووە. رۆڵی مێژوویان لە پەیدا کردنی بەڵگەی زانستی بۆ سەلماندنی کاری دڕندانەی ڕژێمی سەدام لە دژی خەڵکی کوردستان و پەناهەندەی هەندەران بینیوە. وەك بێلایەنێك، زۆربەی کارەکانم لە بواری لۆبیکردن و کۆمەك پەیداکردن لە رێگەی ئەو رێکخراوە زانستی و پزیشکیانەدا ئەنجامداوە. لەگەڵ هاوڕێ لۆبیستەکانم لە ژێر ناوی (کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد، KSMA)، لە دەرگای دامەزراوە سیاسی و ئاینی و زانستی و رۆژنامەوانیەکانمان داوە و دەنگی کورد و هاواری ئاوارەکان و قوربانیەکانی کیمیابارانمان بە سەرکردەکانی ئەو موئەسسەسانە گەیاندوە.

بەشی چوارەم باس لە رووداوەکانی پێش شەڕی کوەیت و پێش راپەڕین و دوای راپەڕین دەکات، و ووردەی ئەو رۆژە تاریك و چارەنوسسازانە بەسەر دەکاتەوە کە بوونە هۆی وەرچەرخانی رێڕەوی ڕژێمی سەددام و میللەتانی کەنداو و میللەتی کورد و باقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. باس لە پیلانی زلهێزە رۆژئاواییەکان دەکات لە دژی سەددام و بەر لە شەڕی کوەیت، ئەوجا کەمتەرخەمی ئەو هێزانە بەرامبەر بە خەڵکی عێراق و کوردستان نیشان دەدات، بەرلەوەی باس لە هەژاندنی سیستەمی رۆژئاواییەکان لەلایەن کۆمەڵگای کوردی هەندەرانەوە بکات.

بەشی پێنجەم و شەشەم زیاتر بیرەوەریەکانم و ووردەی ئەزموون و هەوڵە لۆبیەکانمانە بۆ مسۆگەر کردنی پشتگیری سیاسی و کۆمەکی مرۆڤایەتی بۆ ئاوارە کۆڕەوەکان. لەو بەشەدا، باسی گرنگترین دەستکەوتی لۆبیکردنی کۆمەڵگای کوردی بەریتانیا کراوە، کە بووە مایەی وەرچەرخانی چارەنووس و دوارۆژی کوردی باشوور، و داهێنانی سەردەمی نوێ. بووە مایەی دامەزرانی ناوچەی ئارام و رزگارکراو و دواییش دامەزرانی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان. دیدەنی گەورە سیاسەتمەداری جیهانی (مارگرێت ثاتچەر) و سەرۆکی کەنیسەی ئەنگلیکان (ئارچبیشۆپی کانتەربەری) بووە هۆی گۆڕانی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانی و ئەمەریکی بەرامبەر بە کورد، و هەتا ئیمرۆش حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەو دوو وڵاتە پەیوەندیان بە سەرکردەکانی کوردی هەر رووی لە گەشە کردنە. هیچ گومانی تێدا نیە کەوا دامەزرانی ناوچەی ئارام و ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەنجامێکی کارەساتی کۆچڕەوەکان بوو

بە پلەی یەکەم، و بەرهەمی خەباتی کوردی هەندەران بوو بە پلەی دووەم، و موبادەرەی وڵاتە هاوپەیمانەکانی شەڕی کوەیت بوو بە پلەی سێهەم، ئەوجا دەستکەوتی حیزبە سیاسیەکان بوو بە پلەی چوارەم. بەشەکانی حەفتەم و هەشتەم، بیرەوەری کاری کۆمەکە، کە لە دیوی ئێران و عێراقەوە و لە ڕوانگەی شایەدحاڵێك و ئەنجامدەرێکی کۆمەکەوە، دیمەنی بارودۆخی ئاوارەکان پێشکەش کراون.

ووتارەکانی نۆیەم هەتا دوازدەم ئەو راپۆرت و توێژینەوە و شیکاریانەن کە لە سەردەمی دوای شەڕی کوێت بۆ لۆبیکردن و بەرگریکردن لە روانگەی کوردیەوە بە زمانی ئنگلیزی بڵاوکرانەوە و لەبەر گرنگی و پەیوەندیداریانەوە بە چالاکی لۆبیکردن و پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی مێژوویی، لێرەدا وەرگێڕدراوە.

لە کۆتاییدا، سوپاس و پێزانینم پێشکەش بە هەموو ئەو هاندەر و پشتگیریکەرانە دەکەم کە لە پێگەیاندنی ئەو کتێبە هاوکاریان کردووم. سوپاسی تایبەت بۆ (فەرهاد)ی برام و ئامانج عەبدوڵڵا و ئەحمەد سەبیح بۆ هاوکاریان لەکاتی نووسین و لەچاپدانی بەرگی یەکەم. سوپاسی ئەندامانی خانەوادەکەمان دەکەم بۆ ئەو هەموو سەبرەی کە لە مەودای ساڵاندا نیشانیان داوە. لەو کاتەی کە لۆبیکردنی بێ ووچان و کاری کۆمەڵایەتی بەردەوام و پرۆسەی نوسینی وتارەکان، لە سەر حیسابی ژیانی خێزانیمدا، بەشە شێری کاتی بردوم.

**١٥ ی ئاب/ئۆگەستی ٢٠٠٧**



# (دووەم)

# سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوە

# خەباتی دەرەوەی وڵات

# ئۆکتۆبەری ١٩٩٠

### کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە

هەتا جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران بەردەوام بوو، رۆڵەی کورد ئامادەی خۆبەختکردن نەبوو بۆ رژێمێکی دوژمن، و بەهۆیەوە بە دەیان هەزار لاوی کورد لە "خیدمەی عەسکەری" رایان دەکرد. بەشێکی ئەوانە چەکیان هەڵگرت و بوونە پێشمەرگەی حیزبە جیاکان، یان لە ناوچە ئازادەکان بە چاوەڕێی گۆڕانی بارودۆخ دەمانەوە، و بەشێکی زیاتریش لەوانە رووی لە هەندەران کرد. بەوە، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری حیزبە کوردیەکان رووی لە بەهێزی دابوو. بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگەکە، رژێمی عێراق دەستی بۆ ئەنجامدانی کەمپەینی ئەنفال و گوشاری جێنۆسایدی دژ بە کورد بەتاڵ بووبوو. ئیتر بە هێزێکی درندە و رێکخراوەوە، بە شێوەیەکی سیستەماتیك، کەوتە قەڵاچۆ کردنی ژیان لە تەواوی شاخ و دێهاتی کوردستان. بە سەدان هەزار گوند نشینی کوردستانی راگوێزایە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکان (القرى المجمعه). بە دەیان هەزار خێزانی زیندەبەچاڵ کرد، دارستانی سوتاند، ماڵ و باخ و لەوەڕگە و ژینگەی دێهاتەکانی کاول کرد، و بەوانە بناغەی شەڕی پارتیزانی پێشمەرگەی هەڵتەکاند. ئیتر پارسەنگی هێزەکان لە شاخەکانی کوردستانی باشووردا، لە نێوان رژێم و هێزی پێشمەرگەدا سەرتاپا سەراوبن بوو بوون.

لە هاوینی ١٩٨٨ بەولاوە، سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبە بچووکترەکانی تر، بە خۆیان و پێشمەرگەیانەوە، پەڕینەوە دیوی ئێران. لێشاوی پەناهەندە بەرەو هەندەران زیادی کرد. زۆربەی سەرکردەکان، پەیتا پەیتا بەرەو وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپایی و ئەمەریکایی و شوێنی تر کۆچیان کرد. هاوکات ڕژێمی سەددام لەو پەڕی توانا و هێزی سەربازی و سیاسی دابوو، و چەنگی لە حوکم باشتر گیر ببوو، و پشتگیری دیپلۆماتیی نێودەوڵەتیشی هەر لە بەرزیدا بوو.

کوردستان شوێنێکی کەئیب بوو، کوردی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان خۆیان بە لێقەوماو دەزانی، تووشی نائومێدی بووبوون و هەستیان بە هەرەسهێنانی شۆڕش دەکرد. لە دیوەخانەکاندا، خەڵکەکە خەریکی بەخۆ داچوونەوە و دەربڕینی ناڕەزایی بوون. سەرکردەکان لە گێژاوێ دابوون و خۆیان بە بێ چارە و بێ بەرنامە دەبینی. هەیان بوو دانی بە سەرلێشێواوی دادەنا، و هەشیان بوو هانای بۆ شیعارات و فاکتەری گەشبینیی دەبرد. خەڵك و جەماوەر و ڕۆشنبیر و بگرە ئەندامانی حیزبەکانیش بڕوایان بە سەرکردەکان کز بووبوو. کەوتبوونە ڕەخنە و گلەیی، ئۆباڵی تراژیدیای (هەڵەبجە) و (ئەنفال)یان دەخستە ئەستۆی هەڵە سیاسیە مەزنەکانی سەرکردە کوردەکان. هەیان بوو داوای گۆڕینی سەرکردەکانی دەکرد، و هەشیان بوو داوای سەرلەنوێ دروستکردنەوەی حیزبی پانوبەرینی تازەی دەکرد، بە سەرکردەی نوێوە.

لەو سەردەمەدا، سەرەڕای ئەزموونی دەیان ساڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، حیزبە کوردیەکان لە سەر شانۆی نێودەوڵەتیدا زۆر بێ کەس و بێ دۆست و بێ ساحێب و بێ بەرنامە بوون. لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و ستراتیژی سیاسیان، حکومەتی (مارگرێت ثاتچەر)ی بەریتانی و (ڕۆنالد ریگەن)ی ئەمەریکی، نە لە نزیك و نە لە دوورەوە، خۆیان لە کەمە نەتەوەیەکی وەك کورد نەدەگەیاند. لە نێو دەیان وەزیر و زیاتر لە ٤٥٠ ئەندام پەرلەمانی حیزبی کۆنزێرڤەتیڤی دەسەڵاتداری بەریتانی، تاقە ئەندامێکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە نزیکەوە بە کوردەوە نەبوو. بە هەمان شێوەش، ئەندامانی کابینەی ئیدارەی ئەمەریکی و کۆنگرسمان و سەناتۆری سەر بە حیزبی کۆماری دەسەڵاتدار نەیاندەویست کورد بناسن. لە بەرامبەر ئەوانەیشدا، ژمارەی کوردی هەندەران زۆر کەم و کەمکاریگەر بوون. زۆربەیان خەریکی خوێندن و کاسبی بوون، یان خەریکی حیزبایەتی ناوەکی (لەنێو کۆمەڵگای کوردی) بوون. هاوکات ململانێی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هەروەك عادەت بەردەوام تێکدەر بوو. ژمارەی ئەو سەرکردە حیزبیە زمانزان و شارەزایانەی

کە لە سیستەمی ئەوروپی و ئەمەریکی شارەزا بوون، زۆر کەم بوون و بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بۆیەش لۆبی کوردی پێویستی بە هیممەتی هەموو لایەك بوو.

هەندێك لە لۆبیستە حیزبییەکان فولتایم بوون، بەڵام من و زۆربەی بێ لایەنەکانی تر ڤۆلەنتیر بوین و خاوەنی پیشەی رۆژانەی خۆمان بووین. لەو کاتەدا، من خوێندکاری ماستەر و دوایش دکتۆرا بووم. لە بەر بێ دەرامەتی رێکخراوەکان، هەموومان لە سەر مەسرەفی خۆمان کاری لۆبیمان ئەنجام دەدا. شایانی باسە کەوا لە سەرەتادا، هیچ کام لە ئێمە شارەزایی و پسپۆڕیمان لە هونەر و زانستی لۆبیکردندا نەبوو، و تەنیا لە هەوڵ و هەڵە و هیممەتی رۆژانەی خۆمانەوە فێر دەبوین. لەگەڵ ئەوەشدا، و بەبێ کۆمەك و دارایی، کاری بەرچاو و کاریگەرمان ئەنجام دەدا، و لەگەڵ رۆژگاردا، بایی ئەوەندە ئەزموونمان پەیدا کردبوو کە بتوانین رێنمایی خەڵك بکەین و راوێژکاریی پێشکەش بە سەرکردە کوردیەکان بکەین.

لەو سەردەمەدابوو، هەریەك لە بەرێزان (مام جەلال تالەبانی) و (کاك مەسعود بارزانی) لە سەردانی بەریتانیادا زنجیرە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ ئەندامە ئاکتیڤەکانی کۆمەڵگای کوردی ئەنجامدا. لەسەر داوای خۆیان، لە ١١ی ئابی ١٩٨٩ لە هوتێلی (ساڤۆی-ستراند)ی لەندەن بە هاوەڵی هۆشیار زێباری چاوم بە بارزانی کەوت، و لە ٢٠ی فێبروەری ١٩٩٠ لە ماڵی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) چاوم بە مام جەلال کەوت. هەردوکیان داوای هاوکاریان کرد بۆ پەیوەندیکردن و کاری لۆبیکردن لە پەرلەمان و میدیا و سیستەمی حوکمڕانی بەریتانی. دوابەدوای ئەو دیدەنیانە، راپۆرتێکم بۆ بەرنامەی لۆبیکردن لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا پێشکەش بە هەردوو سەرۆك، و سەکردەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی کرد. لە نزیکەوە ئاگادار بووم کەوا لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی، و دوایی هی یەکێتیدا، راپۆرتەکەیان تاوتوێ کرد بوو، و چەندین بڕیاری بنەڕەتیان لەسەر لۆبیکردنیان لە بەریتانیا دابوو.

ئەو وتارە ئەو راپۆرتەیە کە لە دواتر (لە ساڵی ١٩٩٠)دا، لەبەر گرنگی بابەتەکە و وەك سەرەتایەك بۆ لیکۆڵینەوە، کردمە وتارێك و بە پێشەکیەکەوە لە گۆڤاری (پەیڤ)دا بڵاوم کردەوە. گۆڤاری پەیڤ لە (مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی)ی لە شاری لەندەن بڵاو دەکرایەوە. راپۆرت و وتارەکە بۆ مەبەستی پێناسەکردن و بەدامەزراوەکردنی کاری لۆبی کوردی لە دەرەوەی وڵات بوو، کە لە پرینسیپ و پراکتیزەدا بۆ کاری لۆبی ئیمرۆکەش بایەخی لە دەست نەداوە.

ئەو شارەزایی و ئەزمونانەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا کۆمەڵگای کوردی هەندەران پەیدای کرد، لە رۆژی تەنگانەدا بە کەڵکی بزوتنەوەکە هات. لە گەرمەی کۆچڕەودا، کوردی هەندەران و شارەزایانی لۆبیکردن، ئەزموون و تۆڕی پەیوەندیەکانیان خستە گەڕ و بە سەرکەوتوانە توانیان سیستەمی وڵاتە زلهێزەکان بهەژێنن.

## خەباتی دەرەوەی وڵات:

## چی بکەین و لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

ئیمڕۆ (ساڵی ١٩٩٠) لە سەرتاپای کوردستاندا، لە دوای زنجیرە کارەساتێك لە گشت پارچەکانیدا، کۆمەڵانی خەڵکی کورد کەوتونەتە گێژاوی بیرکردنەوە و لێدوان و گفتوگۆ، بۆ وەڵام دانەوەی چەندین پرسیاری گرنگ و بەرچاو:

- بۆچی شۆرشی کورد نەیتوانیوە بە سەرکەوتوویی و راست و ڕەوانی درێژە بە خەباتی خۆی بدات، یان شۆڕشگێرانی کورد بۆ خەباتی ئایندەیان نەیانتوانیوە سوود لە هەڵەی رابردوو وەربگرن؟
- بۆچی سەرکردەکانی شۆرش سوودێکی ئەوتۆیان لە هەلومەرج و بارودۆخی ناکۆك و شلەژاوی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان وەرنەگرتوە، بە تایبەتی لە ساڵانی شەڕی هەشت ساڵەی کەنداو؟
- بۆچی ئێمەی کورد دووچاری رۆژێکی ڕەشی وەك ئیمڕۆ بوین؟ بەکام رێگە لەو زۆنگاوە ڕزگاریمان دەبێت؟ دەبێ چی بکەین و لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

هەر پرسیارێك لەوانە دەیان لق و پۆپی لێ دەبێتەوە. هەڵبەتە وەڵام دانەوەیان خۆی لە خۆیدا کارێکی قورس و ئاڵۆزە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە، بە سەرێکی سارد و دڵێکی گەرم. تاوتوێ کردنی بار و دەرخستنی راستیەکان پێویستی  بە بیرکردنەوە و نوسینی ئازاد، و ورەی بەرز و کاری بە جورئەتە. پێویستی بە بەرپاکردنی زنجیرە لێدوان و گفتوگۆیەکی کراوە و داهێنەرانەیە. ئەو لێکۆڵینەوە و هەوڵ و تەقەڵلایانەش ئەرکی تەنیا تاقمێکی تایبەت نیە و بە کەسێك و دووکەسیش ئەنجام نادرێن. بەڵکو ئەوانە ئەرکێکی هاوبەشی تێکڕای ی کوردە بە گشتی، و

ئەرکی رۆشنبیران و خاوەن بیر و قەڵەم بەدەستانی کوردە بەتایبەتی. ئەنجامدانیشیان پێویستی بە هاوکاری و بەشداری کردنی هەموو لایەك و هەموو لایەنێکە، بە حیزبیەکان و رێکخراوە ناحیزبیەکانەوە.

## رەخنە

ئێمەی کورد بە گشتی حەز لە رەخنەی ئاشکرا ناکەین، رەخنەی نوسراوە و رادەربڕین لە بڵاوکراوەکاندا بە دڵی فراوان لە دۆستیش وەرناگرین، ئەگەرچی لە پەنای ژووری کۆبونەوە و لە دیوەخانەکاندا هەموو جۆرە رەخنەیەك قبوڵ دەکەین. هەربۆیەش، تەنیا لایەنە دژ بەیەکەکان، بە مەبەستی بریندارکردن و ڕیسوا کردن، کەموکوڕی و هەڵەی یەکتر بڵاو دەکەنەوە. جا باشترین رێگریی لە رەخنەی تێکدەر ئەوەیە کە دەرگای رەخنەی داهێنەری ئاشکرا لەبەردەم هاوخەباتەکان بکرێتەوە.

وەك دەستپێشکەریەك، بۆ جۆشدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، چاوێك بە بارودۆخەکەدا دەخشێنم و پێشنیاز و بۆچوونەکانم دەردەبڕم، بەبێ ئەوەی بکەومە موجامەلەکردنی ئەو لایەن و ئەم لایەن. بەبێ ئەوەی لە راستی و تاڵی واقیعەکە بترسم، یان دوودڵ بم لە تاوتوێ کردنی ئەو بابەتانەی کە لە مێشکی زۆربەی رۆشنبیراندا دەخولێتەوە. مەبەست لێرەدا تانە و توانج لە هیچ لایەنێك نیە، بەڵکو بۆ دروستکردن و داهێنان و هاوکاریە. لەو هەنگاوە سەرەتاییەدا، دیمەنێکی بچووکی وێنە مەزنەکە دەکەمە نموونە و دەیخەمە بەر شیکردنەوە. لەبەر پێکچوونی پێداویستەکانی خەبات لە گشت پارچەکانی کوردستاندا، کوردستانی باشور (عێراق) دەکەمە نموونەی بابەت. سەرەڕای زۆری و بڵاوی شوێن و شێوازەکانی خەبات، خەباتی دەرەوەی وڵات دەکەمە چەقی لێکۆڵینەوە، و کەمپەینی ناو بەریتانیاش دەکەمە نمونەی خەباتی لۆبیکردن لە دەرەوەی کوردستاندا. خەباتی وڵاتانی تر و ناوەوەی وڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ خەڵکی شارەزاتر و خاوەن ئەزمونی مەزنتر لێ دەگەڕێم.

## هەڵکشان و داکشان

ڕووداوە تراژیکەکانی سێ ساڵی رابوردوو (١٩٨٧-١٩٩٠) بارو دۆخێکی نوێی نائاسایی و ناهەمواریان هێنا کایەوە. شلۆقی و شلەژان و سەرلێشێوانی بزوتنەوەکە گەیشتوونەتە

رادەیەکی ئەوتۆ کە هەرگیز بە خۆمانەوە نەدیوە. ئاشکراشە کە میللەتەکەمان بەوە رانەهاتووە و نەخشەی ئامادە کراویشی نەبووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی تەنگوچەڵەمەی لەو شێوەیە، و بۆ خۆڕاگرتن و مانەوە بە زیندوویی. وەنەبێ ئەو کارەساتانەی ئەنفال کۆتایی کارەساتان بن، بەڵکو بە گوێرەی بەڵگەکان و پارسەنگە لاسەنگ بوەکەی سیاسەتی زلهێزەکان و وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وا پێدەچێ کە ئەگەر سەرەتای کارەسات نەبێ، دەتوانم بڵێم ناوەڕاست و جەرگەی کارەساتە، و لەوە خراپتریشیان بەدواوەیە. لە هەمووشیان جەرگبڕتر بریتینە لە بێ ئامادەیی سەرکردەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایندە و چارەنوسی نەبینراو.

لەکۆنەوە، بگرە لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە، بزووتنەوە و خەباتی کورد لە سەر شێوەی زنجیرەی کورتی چەند ساڵی بووە. هێلی بەیانی (کێرڤی) سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکانی بزوتنەوەکە بەردەوام رووی لە بەرزی بووە هەتاکو گەیشتۆتە ئاستێك، ئینجا کتوپڕ هەرەسی هێناوە و نزیك بۆتەوە لە سفر، و هەندێ جار کەوتۆتە ئاستێکی نزمتر لە خاڵی دەستپێکردنەوە. سەرەنجام، زنجیرەی رووداوەکان کۆتاییەکانیان بە کارەساتی دڵتەزێن بووە. هەر لە مێژووی سەدەی بیستەمدا چەندین نمونەی زیندومان دەست دەکەوێ، وەك زنجیرەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و کۆماری مەهاباد و شۆڕشی ئەیلوڵ و بگرە دوا شۆڕشیش. دیارە کە سیناریۆی گەشەکردن و لاواز بوون، سەرکەوتن و رووخان، بەرزی و نزمی لە گشتیاندا هەیە. بەڵام دەڵتەزێنترینی ئەم دیاردانە لە دووبارە بوونەوەی هەمان هەڵە، هەمان سیاسەت، هەمان تاکتیك و هەمان هەرەسە.

لە کۆڕی باسدا، ئیمڕۆ خەڵکەکە خەریکی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بارو دۆخ و ئاڵوگۆڕی بۆ چوونە جیاجیاکانە. خەریکی پێدا چوونەوەی کۆن و تاوانبار کردنی سەرکردەکان، و پێشبینی کردنی رووداوی داهاتوون. بۆچوون و پێشنیازەکانیان بە گشتی سێ جۆرن:

١- بەشێکی ڕەشبین، وایدادەنێن کەوا شۆڕشی ئەوجارە بە شێوەیەکی نادیار هەرەسی هێناوە و کار لە کار ترازاوە و هەموو دەستکەوتێك لەدەست چووە. ئەوانە هێز و پتەویی پارت و رێکخراوەکان بە قەوارەیەکی بەتاڵ دادەنێن، و جموجۆلیشیان بە پەلەڕوحە و پەلەقاژە لە قەڵەم دەدەن، بۆ مەبەستی دڵنیا کردنەوەی ئەندام و لایەنگیر و هەوادارانیان.

٢- بەشێکی تر کە دان بە مەزنیی کارەساتەکە دادەنێن، و بە ئومێدن کە لە ماوەیەکی کەمدا، لە ئەنجامی گۆڕانکاری نێو دەوڵەتی و پارسەنگی زلهێزەکان، کورد دەسکەوتی گەورەی بەر بکەوێ. هەڵگری ئەو بیروڕایە ئۆباڵی پاشەکشە و بەسەرهاتی کورد دەخەنە پاڵ تێك چوونی پارسەنگی سیاسی جیهانی. دیارە ئەو بەشە، سەرکردەی سیاسی کوردی بە خاوەن موبادەرە، یان یاریکەری بەتوانای ناو گەمەی نێو دەوڵەتی، دانانێن.

٣- تێکەڵێکی نایەکسان هەن کە بیروڕایان بریتیە لە ئاوێتەی دوو بەشەکەی سەرەوە. ئەوانە بارو دۆخ هەڵدەسەنگێنن و ڕۆڵی هەرلایەك دیاری دەکەن. بڕوایان بە گۆڕان هەیە و بڕواشیان بە گرنگی گۆڕانکاری ناوەخۆ و دەست وەشاندن و جموجۆڵی خودی کورد هەیە.

## ڕۆڵی سەرکردەکان

لەنێو کۆڕی هەمان باسدا، سەبارەت بە ڕۆڵی سەرکردە و خاوەن دەسەڵاتەکانی ناو پارت و ڕێکخراوەکان لە دروستکردنی حالەتی ئیمڕۆ، دووجۆرە بۆچوون هەن:

أ- ڕای یەکەم ئۆباڵی کارەسات دەخەنە ملی سەرکردەکان و لاچوونیان دەکەنە مەرجێکی گرنگی گۆڕانکاری. بەڕای ئەوانە، سەرکردەکان نەیانتوانیوە لە نێو گۆڕانکاریە چەندایەتی و چۆنایەتیەکانی جیهاندا بنجوبنەوانی کێشەکان تێبگەن. بۆیە پلانەکان و پێشبینیەکانی سیاسیەکان لەسەر بناغەی شیکردنەوەی زانستیانەی ڕیالیستی دانەڕێژراوە، و تەنیا بۆ ژیانی ڕۆژانە بووە. سەرکردەکان تاوانبار دەکەن بەوەی کە نەیانتوانیوە دەرفەتی شەڕی کەنداو (١٩٨٠-١٩٨٨) بۆ قازانجی کورد بقۆزنەوە. جگە لەوەش تاوانی ململانێی ناوەکی و براکوژی دەخەنە ئەستۆی سەرکردەکانی هەموو حیزبەکان، و بەهۆکارێکی سەرەکی دواکەوتن و کارەساتیان لە قەلەم دەدەن.

ب- ڕای دووهەم زیاتر دوژمنانی کورد و پاڵپشتە زلهێزەکانیان لە ئاست بەسەرهاتی کورددا تاوانبار دەکەن. پیلانی زلهێزە خاوەن بەرژەوەندیەکان و بازاڕگێڕەکانیان بە سەرچاوەی هەموو کارەساتێك دەزانن. تاوان لە سەر سەرکردەکانی کورد لادەبەن و وای دادەنێن کە سیاسی کورد ئەوەی لەسەری بووە بەگوێرەی توانا بە شێوەیەکی

گونجاو ئەنجامی داوە. هەر بۆیەش وایدادەنێن کە ئەگەر هەر تاقمێکی تر سەکردایەتی کوردی کردبایە بە هەمان ڕێڕەودا دەچوو. بۆیەش هەڵگرانی ئەو رایە بە ئومێدن کە هەمان سەرکردەکانی ئێستا بە کاری گۆڕانکاریەکان هەڵبستن و کەمپەینی لێکۆڵینەوە بگرنە ئەستۆ.

ج - بێگومان رای نێو ئەو دوو رایانەش دەبێ هەبێ، کە هەردوو خاڵ کۆ دەکاتەوە سەر یەکتر و بەشێکی تاوان دەخاتە ملی سەرکردە و بەشێکی تریش دەگەڕێنێتەوە بۆ باری سیاسی و پارسەنگی زلهێزەکان.

کەواتە پوختەی راو بۆچوونەکان لەسەر یەك خاڵ رێکدەکەون، ئەویش کەوا "گۆڕانکاری پێویستە".

## گۆڕانگاری

بەڵێ، گۆڕانکاری لە گشت لایەنەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد پێویستە. پێویستە هەموولایەك ئامادەی ئەو گۆڕانانە بن، لە گەورەوە هەتا بچووك. مەبەست لە گۆڕانیش لە بانگەواز و شیعار و تیۆری بێ پراکتیك نیە، بەلکو گۆڕانێکی بنەڕتی دروستکەرە لە سەرتاپای خەبات و سیستەمی رێکخراوەییدا، لە جۆری بیرکردنەوە و فەلسەفە و بەرەو پیرەوە چوونی تەنگ و چەڵەمەکاندا. گۆڕانێك کە لەگەڵ ئاستی خەبات و گیروگرفتەکان هەنووکەییەکان بگونجێ و بەردەوام کاریگەر و پێشخەر بێ و بەردەوامێتی بداتە بزوتنەوەکە.

نابێ گۆڕانکاری کتوپڕ و لەناکاو و بێنەخشەی زانستی بێ، دەنا زیانەکانی لە سوودەکان زیاتر دەبن. پێویستە بە گوێرەی پلان و نەخشەی مەدروس بێ، و هەنگاو بە هەنگاو بزووتنەوەکە بەرەو ئامانجێکی ڕیالیستی دیاریکراو ببات. گۆڕانێك کە ڕەنگە ساڵەهای ساڵ بخایەنێ. لەو چەند زنجیرە بزووتنەوەیەی دەیان ساڵی رابوردوودا، میللەت فێری خەباتی پارتیزانی بووە، وسیستەمی رێکخراوەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە دروستبوون. پارت و رێکخراوەکانیش جۆری بەڕێوە چوونیان وەك نیمچە حکومەتێکە. خەڵکێکی زۆر لە ژێر سایەیان ژیانی راهێناوە، جا چی بە شێوەی ئەندام بێ یان لایەنگیر یان هەوادار، چی پێشمەرگە بێ و چی خێزانی پێشمەرگە. رێکخراوەکان بوونەتە پاڵپشتی ژیان و سەرچاوەی داهات و و بەڕێوە چوونی هەزاران کەس. لە

دوور و نزیکیشەوە خەڵکانێکی زۆر، لەناو شار و دێهاتەکانی کوردستان و هەندەران، ئومێدو ئاواتی دوارۆژیان بەو رێکخراوانە بەستۆتەوە.

کەواتە لە کاتێکی وەك ئێستادا، لەناکاو و کتوپڕ، بەبێ داهێنانی سیستەمێکی ئەلتەرنەتیڤ و شوێنگر، هەڵوەشانی ئەو پارت و رێکخراوە سیاسیانە، یان لادانی تاقمی سەرکردەکانیان، دەبێتە مایەی ڕوخاندنی سیستەم و سەرچاوەی ژیانی چەندین. ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە کارەسات. بەڵام ئەگەر بەرنامەیەکی نەخشە کێشراو پەیڕەوی بکرێ، ئەو کات گۆڕینی سیستەمی خەباتی کلاسیکی پارتیزانی بە ئاسانتر ئەنجام دەدرێ.

## کەمپەینی لۆبی لە دەرەوەی وڵات: پرۆژەیەك

لە پێناو بەرپا کردنی زنجیرەیەکی نەپچڕاو لە لیکۆڵینەوە و ئاڵوگۆڕی فیکری و هەنگاوی پراکتیکی بۆ چارەسەرکردنی کەموکوریە جیاکانی خەباتی نوێمان، لێرەدا پێشنیار لەسەر خەبات و کەمپەینی لۆبی لە دەرەوەی وڵات دەخەمە روو و بە گوێرەی ئەزموونی کورتی دووسێ ساڵیم لەو گۆڕەپانەدا جەخت لە سەر چەند لایەنێکی گرنگ دەکەمەوە. بێگومان کەم و کوڕی زۆر تێدایە، بەڵام وەك سەرەتایەك، قابیلی گۆڕان و گەشە پێدانە لە رێگەی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە.

## بنکەیەك بۆ نوێنەرایەتی کورد

بۆ میللەتێکی ٢٠-٢٥ ملیۆنی وەك ئێمە، جێی داخە کە ئەزموونی خەباتکەرانی پێشوو لە دەرەوەی وڵات بە شێوەی پێویست لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ناگواسترێتەوە. پێویستە ئەزموون و پەیوەندیەکان و ئەنجامدانی کاروبارمان رۆژ بە رۆژ روویان لە زیادی بێ، بەڵام لە جیاتیان ئاستەکانیان هەردەم روو لە بەرز و نزمیدایە، و بەشێکی هەوڵەکان بەفیڕۆ دەڕوات و کەڵکیان لێ وەرناگیرێت. نەبوونی نوێنەری ناسراو و دیاریکراو بۆ تەنسیقی زانیاری و جموجۆڵی لۆبیکردن فاکتەرێکی مەزنی لاوازی لۆبی کوردیە. ئەوە وای کردووە کەوا خەڵکی بێگانە لە کاتی پێویستدا "نوێنەری" کورد نەدۆزنەوە، یان لە جیاتی یەك، دەیان نوێنەریان لێ بچێتە پێش و هەریەکەیان وێنەیەکی جیاوازی کوردستانیان پێشان بدەن. دامەزراندنی (بنکە)یەك (مکتب، مەقەڕ، بیرۆ، یان هەر ناوێکی تر)، وەك تاقە سەرچاوەی تەنسیق، لەو

پەرِی پێویستیدایە. بنکەیەك کە بە نوێنەری کورد بناسرێت و لە لایەن کورد و بێگانەوە بڕوای پێ بکرێ، و ئەزموونی تێدا کەڵەکە بێ و لێی نەفەوتێ. واتە، تۆڕی پەیوەندی و ئەزموونەکانی بە نوسراوی لە دەستەو نەوەیەك بۆ یەکێکی تر بگوازرێتەوە.

دەبێ کاری "بنکە" لەسەر بنەمای جۆرە دەستوورێك دابرێژرێت، بە جۆرێك کەوا تەواوکەری جموجۆڵی رێکخراوەکانی تر بێ. دەبێ ئەو رێکخراوانەش متمانە بە بنکەکە ببەخشن بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی ڕەسمی باڵی سیاسی کوردی. تەرکیزی کاروباری بنکە دەبێ بخرێتە سەر ئەو ئەرکانەی خوارەوە: پەیوەندی و راگەیاندن (دیعائی، میدیا)، لۆبی لە نێو پەرلەمان و حکومەت و رێکخراوە ناحکومیەکان، پەیدا کردنی داهات و کۆمەك و کاری دیکەی جۆراوجۆر.

پێویستە ئەو دامەزراوەیە لە سەر شێوەی دەزگا (موئەسسەسە)یەکی ئەنترناسیونالی بێ، وەك کۆمپانیایەك خاوەن سیستەم و فەرمانبەر بێ و لقی لە هەموو وڵاتە گرنگەکان هەبێ، بۆ نموونە: لە بەریتانیا، ئەمەریکا، ئوستراليا، ئەلمانیا، سوید، فەرەنسا، وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئێران و وڵاتە عەرەبیەکان (وەك سوریا، و میسر). هەڵبەت، خەبات لەوانە وەکی یەکتر نیە، وە گرنگی وڵاتە ئەوروپاییەکانی رۆژاوا لە دوای لە ساڵانی دوای ١٩٩٢دا لە ئێستا زیاتریش دەبێ. بۆیەش بە پێی گرنگی وڵاتەکەش، ئیمکانیاتی ماددی بۆ لقەکانی تەرخان بکرێت.

پێویستە ناوێکی هەمیشە نەگۆڕ بۆ "بنکە" و دەزگای لۆبی دابنرێ، بۆ ئەوەی هەموو کارەکان لە ژێر هەمان ناودا ئەنجام بدرێن. دەکرێ ناوەکەشی بە گوێرەی وڵات بگۆڕێ، بەڵام باشترە کە دەلالەت لە ناوەرۆکی کاروبارەکەی بکات. بۆ هەر بنکەیەك، پێویستە کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیکردن لە نوێنەری رێکخراوە جیاجیاکان، بە تایبەتی سیاسیەکان، پێك بهێنرێت. ئەرکی کۆمیتەکە بریتی دەبێ لە دیاریکردنی رێڕەو و سیاسەتی بەرێوەچوون و پەیوەندیەکانی بنکەیە و سەپەرشتیکردنی فەرمانبەران.

کادر، وەك فەرمانبەرێکی مووچەخۆری فولتایم، لە لایەن کۆمیتەی سەرپەرشتیکردنەوە، دەست نیشان دەکرێت. هەر بنکەیەك، پێویستی بە دامەزراندنی ٢-٤ کادری شارەزا و لێزان و لێهاتوو و (محترف) هەیە. ئەگەر ئەو جۆرە شارەزایانە پەیدا نەبن، ئەوا دەبێ خەڵکی

لیهاتوو فێر بکرێن. شەرت نیە کادر کورد بێ، بەڵکو ڕەنگە باشتر بێ ئەگەر خەڵکی وڵاتەکە خۆی بێ. شەرتێکی هەرە بنەڕەتی ئەوەیە کەوا دەبێ کادر زمانی ئەو وڵاتە بە ڕەوانی بزانێ، و شارەزای زاراوە و شێوەی دوان و گفتوگۆی رۆشنبیرانە و دیپلۆماسی بێ، چونکە سەرکەوتویی کەمپەینی لۆبیکردن بە زمانزانی و لێهاتوویی کادرەکانەوە بەندە.

نابێ کادر توندڕەوی (تطرف)ی ئاینی و سیاسی و عەقیدەیی هەبێ، و دەبێ نە زیادەچەپڕەو و نە زیادەڕاستڕەو بێ. بەڵکو دەبێ بۆ بەرژەوەندی کورد بتوانی لەگەڵ چەپ و راست، لەگەڵ دۆست و دوژمنە فەلسەفیەکەی خۆی، دابنیشێ و بدوێ. واتە ئەرکی سەر شانیەتی کەوا دۆست و لایەنگیر و پەیوەندی شەخسی لەنێو چەپ و راستدا پەیدا بکات.

مەرج نیە کادر سۆز (عەطف)ی بۆ کورد هەبێ، چونکە ئەو کارەی پێی هەڵدەستێ لە رێگەی سۆز و عەتفەوە ئەنجام نادرێ، بەڵکو ئەوە ئەرکی فەرمانبەریەتیەتی و بە پێی ئەو کارە مووچەی دەدرێتی. ئەگەر کەمتەرخەم بوو، سەرکۆنە دەکرێ و بەڵکو دەردەکرێ. بێگومان دەبێ بڕوای بە قەزیەکە هەبێ و لە رابوردووشدا هەڵوێستی دژبە بەرژەوەندی کوردی نەبووبێ. کەواتە پوختەکەی دەبێ پرۆفێشنالێکی متمانە پێکراو بێ نەك (هاوی)یەکی هەوادار. کاروباری کادیرانی بنکە لە چەند دەزگایەکی بنەڕەتی و نابنەڕتیدا خۆی دەبینێتەوە. لەوانە: - میدیا (رۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، رادیۆ ...هتد)؛ پەرلەمان (ئەندامی هەڵبژێردراو، لۆردەکان، حکومەت، ئۆپۆزیسیۆن ... هتد)؛ پیتاك و پارە کۆ کردنەوە (لە ڕیکخراوی خەیری، دروستکردنی پرۆژەی بە سوود بۆ بنکە و ...هتد)؛ و هی تر (ڕێکخراوی نامیری، کەنیسە، کەسایەتی ناسراو و ئەکادیمی و نوسەر ... هتد)

دیارە کە هەموو ئەو کارانە بۆ تاقە کادرێك زۆرن. دوو کادر کەمترین ژمارەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە گرنگانە و بۆ بەرفراوان کردنی ئەزموون و گواستنەوەیان.

## لۆبی لەنێو میدیا و رۆژنامەکان

شێوازی هەڵسوڕان و پەیوەندی بەرهەمهێنان لە بازاڕی میدیا و رۆژنامەگەریدا، وەك هی بازرگانی و پیشەسازیە. خەڵکی میدیا، بە هەموو شێوەکانیەوە، لە بازاڕدا بە دوای دوو

کەرەستەدا دەگەڕێن، یەکەمیان (هەواڵ) و دووەمیان (چیرۆك)ە، و کە دۆزیانەوە بەبێ دوودڵی دەیانکڕن.

هەواڵ بریتیە لە "گۆڕانی لەناکاو" لە گشت بابەت و بوارێك. بۆ نموونە، کوژرانی تاکە کەسێك لە وڵاتێکی ئارامی وەك سویسرادا، هەواڵێکی گرنگە. کەچی هەواڵی گرنگ لە شەرێکی خوێناوی وەك عێراق و ئێراندا بریتیە لە نەکوژرانی سەرباز. درامای گۆڕانی لەناکاو، بەتایبەتی لە جۆری تراژیدیا و کارەساتدا، کڕیاری زۆرە. پاش ماوەیەك لە دوای تێپەڕ بوونی هەواڵی کارەسات، ئاستی ئاگاداری و گرنگیی هەموو هەواڵێك بەرەو کزی دەڕوات، هەتا نامێنێ. ئەو جۆرە کزیە بۆ قەزیەیەکی مەزنی وەك مەسەلەی کورد دەست نادات. رۆڵی هەرە گرنگی بنکە و کادری بەرپرسی میدیا لەوەدا بەدەر دەکەوێ. دەبێ لە رێگەی دروستکردنی چیرۆکەوە نەیەلن ئاستی ئاگاداری خەڵك لە بزوتنەوەکە دابەزێ.

چیرۆك بە زۆری لە دوای هەواڵدا پەیدا دەبێ، هەندێك جار بە بێ هەواڵ دروست دەکرێ. هەڵبەت دوستکردن و فرۆشتنی چیرۆك بە بێ هەواڵی دراما کارێکی ئاسان نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆك کڕیاری خۆی و نرخی خۆی هەیە و بۆ کاری لۆبیکردن زەروریە، چونکە لە دوای لەبیرکردنی هەواڵ، تەنیا لە رێگەی چیرۆکەوە بەردەوامێتی بە کەمپەین دەدرێ.

## میدیا: کارگەی بەرهەمهێنانە لە بازاڕیکی کرواەدا

تا ئێستا تێڕوانین و بۆچوونی کورد لە میدیای رۆژ ئاوا لەسەر شێوەی (بەپیرەوە چوون)ی رۆژنامەنووسان بووە. واتە لە رێگەی پەیوەندی شەخسیەوە و بە رێگەی جیاجیاوە، حیزبەکان هەوڵیان داوە رۆژنامەنووسەکان رابکێشن و رازیان بکەن تاوەکو بایەخ بە دۆزەکەمان بدەن. جا ئەو رازیکردنە لە رێگەی تکا، داواکاری، مەسرەفکردن و شێوازی دیکەی هاندان بووە. هاوکات، گۆشە و ئاوازی چیرۆکەکانی کوردیش لەسەر هەمان خورشید و خاوەر و بە هەمان وەتەری عاتیفی دووبارە کراوەتەوە. ئیتر لە کارەساتەکان و دابەشکردنی کوردستان و دڕندەیی دوژمنەکانمان و پیاوچاکی میللەتمانەوە دەست پێدەکەن و بەرەو هەمان کۆتایی بۆی دێنە خوار. ئەوانە هەموویان ڕەنگدانەوەی ئاستی تێنەگەیشتنمانە لە بازاڕی رۆژنامەگەری.

ئەو شێوازە کۆنە پێویستە بگۆڕدرێ. دەبێ لەمەودوا سەیری میدیا وەك بازاڕێك یان بیزنیسێك بکەین، کە بیزنیسمان و خاوەن پیشەی شارەزا بۆ مەبەستی قازانج و پارەپەیداکردن بەڕێوەی دەبەن. کەرستەی خاو و کەلوپەلی بیزنیسەکە بریتینە لە زانیاری هەواڵ و مادەی چیرۆك و وتارەکان. کارگەکانیشیان بریتینە لە چاپخانە و ئێزگەکانیان، و دوا بەرهەمەکەشیان بریتینە لە بڵاوکراوەکانیان. واتە بەو شێوەی کە کارگە بە بێ کەرەستەی خاو هەڵناسوڕێت، میدیاش بە بێی هەواڵ و چیرۆك هەڵناسوڕێت. هەتا چۆنایەتی کەرەستە خاوەکان چاکتر بێ، ئەوا بایەخ و کاریگەری بەرهەمەکەیان زیاتر دەبێ و بازاڕیشیان گەرمتر دەبێ. هەروەك کارگە و کۆمپانیاکان، بەرهەمی میدیاکان لە ڕێگەی تۆڕی ئەژانس و رۆژنامەنوسان و دوکان و بازرگان و بازاڕگێڕەوە دەخرێنە بازاڕەوە. فرۆشیاری کەرستەی خاویش (واتە سەرچاوەی زانیاری) لە ڕێگەی ئەوانەوە زانیاریەکەی دەگەیەنێتە بەکارهێنەر (موستەهلیك). کەواتە میدیا پێویستی بە ئێمەیە بەقەدەر پێویستی ئێمە بەو، وە پێویستە شێوازی مامەڵەمان لەسەر ئەو بناغەیە بێ. واتە، لە جیاتی (چاو تێبڕین) دەبێ (هاوکاری)یان بکەین، لەجیاتی (داوا) دەبێ (یارمەتی)یان بدەین. لەجیاتی داوایان لێبکەین (تکایە یارمەتیمان بدەن)، دەبێ لێیان بپرسین (ئایا چۆنتان یارمەتیان بدەین هەتا یارمەتیمان بدەن). خۆ ئەگەر هەواڵ و چیرۆکەکەمان پڕ بایەخ بوو، ئەوا رووی پەیوەندیەکە وەردەگێڕین و پێیان رادەگەیەنین کەوا کەرستەیەکی گرنگمان هەیە، ئایا کامتان دەیکڕن پێش خەڵکی تر.

پوختەکەی، دەبێ سیاسەتمەداری کورد وەك (پرۆفیشنال بۆ پرۆفیشنال) پەیوەندی لەگەڵ میدیاکان بکەن. راستە رۆژنامەنوس هەیە دۆستی کوردە، بەڵام کە کار دەگاتە سەر ساغە، سۆزی دۆستایەتی رۆڵێکی ئەوتۆ نابینێ، چونکە ئەو سۆزە رزق بۆ رۆژنامەنوس پەیدا ناکات، لەبەر ئەوەی نە دەکڕدرێ و نە دەفرۆشرێ.

لە بنکەی لۆبی کوردیدا، پێویستە کادرێك تەنیا بۆ کاری میدیایا تەرخان بکرێ، هەتا بە ووردی لە بازاڕەکە بکۆڵێتەوە و شارەزایی لە سیستەمەکە پەیدا بکات. رۆژنامەی چەپ و ناوەڕاست و راستڕەوەکان لێك جیا بکاتەوە و لەگەڵ هەریەکەیان بە زمانێکی تایبەت بدوێ. دیارە کە کارگە جیاکانی ناو بازاڕی میدیا رێڕەو و سیاسەتی جیاجیایان هەیە. جۆری بەرهەم و خوێنەر و گوێگریان جیاوازە. سەرچاوەی زانیاری و کەرەستە خاوەکانیان و قالب و پێوانەی بەرهەمەکانیان جیاوازە. رۆژنامەوان و سەرنوسەرەکانیان بە گوێرەی فەلسەفە و عەقلیەت و سیاسەتی جیاواز رووداو و زانیاریەکان شێ دەکەنەوە و دایاندەڕێژن و بڵاویان دەکەنەوە.

بۆیە، ناکرێ کادری میدیا تەنیا وتارێك دابڕێژێ و بەبێ دەستکاری بیخاتە بەردەم تەواوی ڕۆژنامە جیاجیاکان.

بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چیرۆك لە ڕۆژنامەکان و ڕادیۆکان ئاسانترە وەك لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکان. بەڵام کاریگەری تەلەفزیۆن لەوانی تر زۆر زیاترە. هەڵبەت، مەجالی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە هەمو ئەو مینبەرانەدا تەسك و دیاری کراوە، و بایەخی هەواڵیش بە کات بەستراوەتەوە و زوو بەسەر دەچێ. هاوکات، بڵاوکردنەوەی چیرۆك شوێنی بڵاو کردنەوەی زۆرترە و مەوداکەی زۆر فراوانترە و کاتەکەشی زوو بەسەر ناچێ. پێویستە کادری میدیا ئەو کون و کەلەبەرانە شارەزا ببێت، چونکە لە چەندین لاوە مەجالی ئیستیغلال کردنیان هەیە. بۆ نموونە: لە تەلەفزیۆنەکاندا چەندین بەرنامە هەن بۆ ئەو مەبەستە، و لە ڕۆژنامەکاندا چەندین لاپەرەی تایبەتمەند هەن، بۆ نموونە: هەواڵی ناوەوە، ژیان، کۆمەڵ، ڕاپۆرت، بەشی نامەی هاوڵاتی، وتاری ڕۆژنامە و هی تر. ئیتر ئەوانە و چەندین گۆڤار و هەفتەنامە و مانگانە و بەرنامەی تایبەتی ڕادیۆ و هی تر.

هەڵبەت، لە دوای ماوەیەك لە کارکردن، کادری میدیا شارەزایی لە بنجوبنەوانی بازاڕی میدیا پەیدا دەکات، بە هۆی ئەزمون، ئاستی توانستی (کەفائەتی) ئەنجامدانی کارەکانی بەرز دەبێتەوە. خۆ ئەگەر بنکە بە نوێنەری فەرمی کورد و سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراوی هەواڵ و چیرۆك دانی پێدا بنرێ، ئەوا دیسان کاری کادری میدیا و کاری ڕۆژنامەنووسانیش ئاسانتر دەبێ. ئاشکراشە کە هەتا کورد خاوەنی تاقە بنکە (نەك چەند بنکەیەك) بن، ئەوا بڕوا پێکراویەتی و قورسایی گوتار و هەواڵ و چیرۆکەکانیان مەزنتر دەبێ.

## پەرلەمان

پەرلەمانیش سیستەمێکی تێکەڵ و ئاڵۆزە،بەڵام ئەویش وەك میدیا، بازاڕێکی سەربەخۆیە و کەرستەی خاوی پێویستە. ئەو کەرەستە خاوەش بریتیە لە زانیاری و پڕۆژەی سیاسی و پڕۆژەی ئابوری، کە لە لای خاوەن دۆزێکی وەك کوردیدا دەست دەکەوێ. لە ناو پەرلەماندا، باشترین کڕیاری کەرستەی خاوی ئێمە لە ئێستادا لایەنی ئۆپۆزیسیۆنەکانن. لە ناو ئۆپۆزیسیۆنیش چەپڕەوەکان کڕیاری بێ پرسیارن، و هەرچی باڵی ناوەڕاست و ڕاستڕەوەکان کڕیارە دوودڵەکانن. بێگومان ئەوەش وا ناگەیەنێ کە ئەندامی پەرلەمانی حیزبی دەسەڵاتدار

(لایەنی حکومەت) کرپار نین. بەڵکو ڕەنگە کرپاری کاریگەرتریش بن. هەموو ئەندامێکی پەرلەمان، لە گەورەوە تا بچوکیان، گرنگن.

لە پەیوەندیەکانیان و پشتگیریەکانیاندا مەبەستی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمان بە پلەی یەکەم بۆ خزمەت کردنی کورد نیە. بەڵکو مەبەستی سەرەکیان بەکارهێنانی قەزیەکەیەمانە لە دژی حکومەتی خۆیان و بۆ ئیحراج کردنی حیزبی دەسەڵاتدار. ئەگەر کەرستەکەی ئێمە بە کەڵکی ئەو مەسەلەیە نەیەت، ئەوا زەحمەتە لێمانی وەر بگرن، یان بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاری بهێنن.

لە کاری ناو پەرلەماندا فاکتەری گرنگ بریتیە لە چۆنێتی دارشتن و پوختەکردن و پێشکەش کردنی قەزیەکە، و شێوازی پەیوەندی کردنن بە ئەندامانی پەرلەمان. فاکتەری هەرە گرنگ، لە کۆمەڵگای پەرلەمان و میدیادا، بریتیە لە بەستنی پەیوەندی شەخسی و تایبەت لەگەڵ بڕیاردەرەکان. کەواتە کادری ئاکتیڤی ناو پەرلەمان (کادری پەرلەمان) دەبێ زمانزان و لێهاتو و دیپلۆماسی بێ، و زوو شارەزایی لە سیستەمی پەرلەمان و چۆنێتی بڕیار و حوکمڕانی و کار وەرسوڕاندن و هەڵسوکەوتی ئەندامان پەیدا بکات.

پێویستە کادری ناو پەرلەمان بێوچان پەیوەندی بە گشت ئەندام پەرلەمانەکانەوە بکات و پەیوەندی شەخسییان لەگەڵدا ببەستێ و قەزیەی کوردیان بۆ روون بکاتەوە. ئەو کارە سوود بەخشە چونکە هەتا ئەگەر ئەندام پەرلەمانێك حەزی بە بەشداری جموجۆڵی کوردانیش نەکرد، ئەوا هیچ نەبێ لە زمانی کوردەوە ئاگاداری رووداوەکان دەبێ و لە کاتی کاتی دەنگدان یان کۆکردنەوەی ئیمزا، زانیاریەکی هەیە لەم بارەیەوە.

لە پەرلەمانی بەریتانیدا، ٦٤٦ ئەندامی پەرلەمان و ١٢٠٠ لۆرد هەن (ژمارەی لۆردەکان لە کەم و زیاد بووندانە). ئەگەر کادیری ناو پەرلەمان هەر رۆژەی ئەندامێك، واتە هەفتەی پێنج ئەندام، ببینێ ئەوا نزیکەی حەوت ساڵی دەوێت تا هەموویان دەبینێ. کەواتە کاری ناو پەرلەمان مەزن و قورسە و پێویستی بە کەمپەینێکی پڕ ئەرك و بەردەوامە. لەوەدا شارەزایی و ئەزمونی کادری ناو پەرلەمان زۆر گرنگن، نەك تەنیا بۆ تێگەیشتنی سیستەم، بەلکو بۆ تێگەیشتنی جۆری بیرکردنەوەی هەر یەك لە پەرلەمانتارەکانیش. پێویستە پوختەی کاری رۆژانەی کادری پەرلەمان بە نوسراوەیی بپارێزرێت و لە یەکێکەوە بگواسترێتەوە بۆ هی تر.

## ئەندام پەرلەمان و زانیاریەکان

ئەندامی پەرلەمانی هەر وڵاتێك لە زۆر رێگەوە دەتوانی زانیاریەکانمان بەکار بهێنێ. بۆ نموونە، شێوە گرنگە کلاسیکیەکانی پەرلەمانی بەریتانی ئەمانەن: پرسیاری پەرلەمانی (Parliamentary Questions)، کۆکردنەوەی واژووی ئەندامان بۆ بڕیاردان ( Early Day Motion)، سیمینار و کۆبوونەوە (Parliamentary meeting)، پێشنیار و قەراردان (Resolution)..هتد. جا دەبێ کادری لۆبیکەری ناو پەرلەمان ئەو کارانە بۆ ئەندامی پەرلەمان ئاسان بکات.

پەیوەندیکردن لە زۆر رێگەوە بە ئەندامی پەرلەمان دەکرێ. بەڵام لە هەمویان گرنگتر، کە تاکو ئێستا خراوەتە پشت گوێ و کورد بە چاکی بەکاری نەهێناوە، بریتیە لە پەیوەندی راستەوخۆ لە رێگەی مەکتەبی ئەندامەکان لە خودی هەڵبژارگەکانیان (ناوچەی هەڵبژاردنەکان، Constituency- المنطقه الانتخابیه). ئەو رێگەیە شێوە پەیوەندیەکی زۆر کاریگەرە. بە هۆی کوردێك یان دۆستێکی نیشتەجێی هەڵبژارگەیەکدا، "داوا" لە ئەندام پەرلەمان دەکرێ بۆ ئەوەی بە کارێکی دیاریکراو هەڵبستێ. ئەو داوایە وەکو جۆرە فەرمانێکە، و بە گوێرەی دەستوری دیموکراسی، ئەرکی سەرشانی ئەندامی پەرلەمانە کەیە بە کارەکە هەڵبستێ.

کادری ناو پەرلەمان دەتوانێ کارئاسانی بۆ ئەو جۆرە پەیوەندیانە بکات و رۆڵی کارگێڕ و هەڵسوڕێنەر و رێکخەر ببینێ. دەتوانێ نامەیەکی ستاندەردی کورت و پڕمانا دابڕێژێ، و دەیان کۆپی لێ دەر بکات و بۆ کورد و دۆستەکانی کوردی هەڵبژارگە جیاجیاکانی سەرانسەری وڵاتەکەی بنێری. ئەوانەیش تەنیا بە یەك کاری ئاسان هەڵدەستن. تەلەفۆنێك بۆ بەلەدیە (Town Hall)ی ناوچەکە دەکەن و ناوی ئەندامانی پەرلەمانەکەیان بە ناونیشانەوە وەردەگرن، و نامە ستاندەردەکەی کادرەکە دەخەنە پۆستە. خۆ ئەگەر نیشتەجێیەکە بۆی کرا، دەتوانێ لە نوسینگەی هەڵبژارگەکە چاوی بە ئەندام پەرلەمانەکە بکەوێ. بەو دیدەنیە فشارەی لۆبیەکەی کاریگەرتریش دەبێ، چونکە بە گوێرەی عورف و یاسا ئەندام پەرلەمانەکە ناچار دەکات کە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات و وەڵامەکەشی بگەڕێنێتەوە. خۆ ئەگەر ئەندامی پەرلەمانەکە سەربە حیزبی دەسەڵاتدار بوو، وە پایەیەکی بەرزیشی هەبوو (بۆ نموونە وەزیر

یان جێگری وەزیر)، ئەوا وەڵامەکە (بە نامە بێ یان بە دەم) هەروەك دەربڕینی رای حکومەتە و دەتوانرێت سوودی لێ وەر بگیرێت. دەکرێ ئەو نامەیە بگەیەنرێتە ئۆپۆزیسیۆن و میدیا، وە فشاری لۆبی مەزنتری بە دوادا بێت، و چیرۆکی نوێی لێ دروست بکرێت. بە هەمان شێوە، کادری پەرلەمان دەتوانێ نامەیەکی شەخسی بە راستەوخۆیی بنێرێ بۆ یەکێك لە وەزیرەکان و داوای روون کردنەوەی هەڵوێستی حکومەتی لێ بکات وە یان داوای جموجۆڵێکی تایبەتی لێ بکات. هەر وەڵامێکی کە دەستی دەکەوێ، ئەوا دیسان بەواتا هەڵوێستی رەسمی حکومەتە. بە هەمان رێگە هەڵوێستی حزبەکانی تر و وەزیرەکانی سێبەر (واتە ئۆپۆزیسیۆن، Minister Shadow) یش وەردەگیرێت و دەکرێ بەکار بهێنرێت بۆ فشاری لۆبی.

کەواتە، کادری ناو پەرلەمان، نەك تەنیا نابێت بەتەنیا بێ لە کار کردن، بەڵکو بەهۆی بنکەوە دەبێ پەیوەندی بە خەڵك و دۆست و رێکخراوە ناپەرلەمانی و پەرلەمانی و ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی ناو حکومەتان و هەروەها بنکەکانی دیکەی کورد لە وڵاتانی ترەوە هەبێ. واتە بنکە وەك کۆمپانیایەکە، بە تۆرێکی تێك هەڵچووی تێك هەڵکێشراوی رێکوپێك، کادریش وەك داینەمۆ و ناوەرۆکێکی بنەڕەتیی، هەموو لایەنەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و رۆڵی زیندووی تیادا ببینێ. کاتی رووداو یان کارەسات، هەموو تۆڕەکە دەخاتە جولە و هەژان. ئەوەیش گرنگی و رۆڵی کادرو بوونی بنکە دەردەخات.

نموونەیەکی دیکەی کاری تێکرا و پڕ تەنسیق لە نێو بنکە جیاجیاکان، بریتیە لە کار کردنە سەر پەرلەمانی ئەوروپی و کاونسلی ئەوروپی. دەبێ هەر بنکەیەکی لۆبی کوردی ئەندام پەرلەمانی ئەوروپی (MEP) وڵاتەکەی بەگەڕ بێنێ و هەمان جۆرە زانیاری بداتێ، و موتابەعەی جموجۆڵەکانی تۆڕی بنکەکان بە کاریگەریانە بکات. گرنگی کارکردن لە ناو پەرلەمانی ئەوروپیدا لە دوای ١٩٩٢دا زیاتریش دەبێ.

## داهات و کۆمەك

ئەوە گرنگترین بابەتە. هیچ کارێك و کارگەیەك و رێکخراوێك بە بێ سەرمایەکی تێر و تەسەل زۆر کاریگەر نابێت. شایانی باسە کە ئەو کاتەی خولەکی کار دەکەوێتە خولانەوە، پەیدا کردنی سەرمایە ئاسانتر دەبێ، و رەنگە بایی خۆبەڕێوەبردن پەیدا بکرێ. بۆ نموونە، لە سەرەتای دروست بوونیەوە، رێکخراوی (کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد - KSMA - Kurdish

Scientific and Medical Association) بە حاڵ بە هۆی ئابونەی ئەندامان بەڕێوە دەچوو، کەچی ئێستا گیرو گرفتی پارەی نەماوە. ئەو ڕێکخراوە لە بواری لۆبیکردندا بە قەدەر حیزبەکان و بگرە زیاتریش لە ناو بەریتانیادا کاریگەر بووە.

پەیوەندیە جۆرواجۆرەکانی بنکەی لۆبیکردن سەرچاوەیەکن بۆ پارە پەیدا کردن. لەڕێی ئەزمونی کۆمەك پەیدا کردندا بۆ قوتابیانی زانکۆ و بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد، هەندێ دەرگا شارەزا بووین. بەڵام بێگومان ڕێ و شوێن و دەرگای پارە و کۆمەك پەیداکردن بۆ ڕێکخراوێکی سیاسی جیاوازە، و ڕەنگە زەحمەتتریشە. سەرچاوەکانی پارە و کۆمەك بۆ بەرێوە چوونی بنکە، جۆراوجۆرن، بۆ نمونە:

أ- **ئەندامێتی:** ئەگەر خەڵکی کورد و دۆستی کورد متمانە بە بنکە بکەن و وەك نوێنەرێکی شەرعی کورد دانی پێدا بنێن، و کاری دروستکەر و دیاری پێوە ببینن، ئەو بێگومان دوو دڵی لە یارمەتیدانی ناکەن.

ب- **ڕێکخراوە دۆستەکان** دەتوانن خەرجی قورسی لەکۆڵ بکەنەوە. بۆ نموونە لە ڕێی کارئاسانی بۆ بڵاوکردنەوە و پرۆپاگەندە و پۆست و دۆزینەوەی خەڵك و پیتاك و زۆر شتی تر.

ج- **ڕێکخراوە خێرخوازەکان**: بێگومان لە نێو ئەو هەزاران ڕێکخراوە خێرخوازە جیاجیایانەی وڵاتانی ڕۆژ ئاوا، چەند لایەنگرێکی وا پەیدا دەکرێن کە دەستوورەکانیان ڕێگەی یارمەتیدانی دۆزێکی وەك هی ئێمە بدەن. کادری داهات پەیداکردن دەتوانێ ڕاپۆرت و نامەی داواکاری ئەوتۆ دابڕێژێ کە لەگەڵ دەستووری ئەو ڕێکخراوە خێرخوازانە بگونجێ. ئەوەش دەکەوێتە سەر شارەزایی و لێزانیی و لێکۆڵینەوە جیددیەکانی کادرەکە. زۆربەی ڕێکخراوە خێرخوازەکان یارمەتی کاروباری سیاسی نادەن بەڵام ڕاپۆرتی کادر و شێوەی داڕشتنی نامەکانی، ڕەنگە بتوانێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکات.

ح- **پەرلەمان و کۆمیتەکانی پەرلەمان**: زۆر جار ئەندامی پەرلەمان یان کۆمیتەیەکی پەرلەمان بە کاری گرنگ هەڵدەستن بە بێ بەرامبەر، یان هەر خۆیان پارە بۆ بۆنەکە بە هۆی پەیوەندی تایبەت و ناوبانگیان دەدۆزنەوە.

خ- **حکومەتەکان**: بە تایبەتی حکومەتە سۆشیالیست و سۆشیالدیموکراتەکان بە زۆر کاری یارمەتیدەر هەڵدەستن، و کارئاسانی لۆجیستی (ڕێگاوبان و خەرجی کۆنگرە و شتی تر) دەکەن و خەرجی لەسەر کورد کەم دەکەنەوە.

د- **کۆمپانیای جیاجیا** وەك رادیۆ و تەلەفزیۆنیش سەرچاوەیەکن، کە گرانت (منحە)ی تایبەت دەدەن بۆ ناردنی رۆژنامەگەری سەربەست (Free-lance journalists) بۆ ئەنجامدانی کاری جیاجیا، بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوی گرنگ. خەرجی رێگاوبان و خواردنیان دەدەن یان لە کۆتاییدا بەرهەمەکانیان لێ دەکڕن.

هـ **سەرچاوەی هەمەجۆری تر**: بۆ نمونە، کەنیسە و بەلەدیەی ناوچەکان، پارت و رێکخراوە کوردی و ناکوردیە دۆستەکان، پرۆژەی بازرگانی بە سەرپەرشتی هەڵسوڕاندنی بنکە، یان سلفەی بانك و...هتد.



ئیتر ئەوانە و چەندین رێگا و دەرگا و شێوازی تر هەن کە ڕەنگە بیرم بۆیان نەچووبێت و کادری بنکە لە رێگای ئەزمون و خەباتی رۆژانەییەوە شارەزایان دەبێت. ئەو سەرچاوانەی کە دراو نادەن ڕەنگە بە جۆری دیکەی کۆمەك یارمەتیدەرن، یارمەتیەکانیشیان خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی کەمپەینە لە رووی راگەیاندن، و لە روی مەعنەویەوە.

**پەیڤ، ژمارە (١٢/١٣)، ١/١٠/١٩٩٠، لاپەڕە ١٢٥٩-١٢٧٥**

# (سێیەم)

# لە هەڵەبجەوە بۆ شەڕی کوەیت

ئەو کاتەی کە وەك پزیشکێکی پەناهەندە گەیشتمە بەریتانیا، شێتکی وام لە بارەی هونەر و زانستی لۆبی نەدەزانی. لە دوای شارەزا بوونی دەوروبەر و تێکەڵاوی کۆمەڵگای کوردی، وەك کوردێکی بێلایەن بەشداریم لە جموجۆڵ و چالاکیەکان دەکرد. زۆربەی چالاکیەکانیش بریتی بوون لە کۆبوونەوە و سێمیناری سیاسی و حیزبی، کە لەلایەن حیزبەکانەوە یان رێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکانەوە (وەك هی قوتابیان) ئەنجام دەدران. متمانە و کاری هەرەوەزی نێوان حیزبەکان لەوپەڕی کزی دابوو. ئەو کاتەش گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ڕژێمی عێراق بەردەوام بوو (بەرەبەری کۆتایی بوو)، بۆیە بەرەی (جود، الجبهه الوطنیه الدیمقراطیه) و بەرەی یەکێتی (جوقد) بەجیا و لە دژی یەکتر کاریان دەکرد و هەریەکەیان ئالقەی پەیوەندی و چالاکی خۆی هەبوو. لە نێو بەرەی جودیش دا، حیزبەکان حەزیان بەیەکتر نەدەکرد و ئەندامەکانیان ڕکابەری یەکتریان دەکرد. لە دوای تێك چوونی گفتوگۆکەی یەکێتی و ڕژێمیش، ماوەیەکی زۆری برد هەتا ئەندامانی یەکێتی و بەرەی جود (پارتی دیموکرات و کۆمۆنیست و سۆشیالیست و گەل و چەند حیزبێکی غەیرە کورد) لەیەکتر نزیك بوونەوە. ئیتر بە قەدەر ئەوەی کە کورد لە کوردستان بندەستە و لێقەوماو و پارچە پارچە بوو، بە قەدەر ئەوەش کوردی هەندەران هەمە جەمسەر و ناتەبا و ناکۆك بوو، و چالاکیەکانی کەم تەنسیق بوو.

بۆ یەکەمجار، مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی لە ساڵی ١٩٨٥ بە هیممەتی چەند دڵسۆزێکی رۆشنبیر و بێلایەن هاتە دروست بوون. مەڵبەند رۆڵێکی مەزنی لە کۆ کردنەوەی کۆمەڵگای کوردی بینی، لە دەورەی چەقێکی بێلایەن، چەقی دۆزی کوردی و خەباتی هەرەوەزی بۆ خزمەتی کەڵتور و مێژوو و کۆمەڵ و چارەنووسی کوردی. مەڵبەند رۆڵی باڵوێزخانەی کوردی لە بەریتانیا دەدیت و لە باڵوێزخانەیەك زیاتر خزمەتی بە کۆمەڵگاکە دەکرد. بەڵام چالاکیەکانی مەڵبەندیش، هەروەك رێکخراوەکانی دیکە، بە گشتی لەنێو خودی کۆمەڵگاکە بوو، واتە روویان لە ناوەوە بوو، و کورد لەگەڵ کورد دەیکرد. لە زۆربەی حاڵەتدا ئەندامانی

حیزبە کوردیەکان تێیدا خەریکی پێشبڕکێ بوون بۆ دەست بەسەردا گرتنی ئیدارەی مەڵبەند، و بەکار هێنانی جیهازەکەی بۆ مەبەستی حیزبایەتی. ئەو پێشبڕکێیە لە پرۆسەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی مەڵبەندا ڕەنگی دەدایەوە، کە تەنگژاوی و شەڕی ئەعساب و لیستەو لیستەکاری و یەکتر برینداركردن لەوپەڕیدا بوو.

هەرچی لۆبی بەرەودەر بوو (واتە کورد لەگەڵ بەریتانیەکان)، بەر لە کارەساتی هەڵەبجە، زۆر کز و لاواز و کەم تەنسیق و کەم کاریگەر بوو. دیسانەوە لە ڕێگەی حیزبەکانەوە ئەنجام دەدران، و هەریەکەش لەو حیزبانە پەیوەندیە دەرەکیەکانی دەپاراست و بەشداری یەکتریان پێ نەدەکرد. ئەو حاڵە بەردەوام بوو هەتا لێك نزیك بوونەوەی پارتی و یەکێتی و دامەزرانی بەرەی کوردستانی، و هەتا کاتی دەستپێکی کەمپەینی جێنۆسایدی ئەنفال و ڕۆژی قەومانی کیمیابارانی هەڵەبجە. لەوێ بەولاوە، چالاکیەکانی لۆبی کوردی شێوازێکی نوێ و تەوژمێکی پەیدا کرد. هەر دڵسۆزێك کە بۆی بڕەخسابایە بەشداری لە چالاکیەکان دەکرد و هەریەکەیان بە گوێرەی توانا و لێهاتوویی و ئەزمون و پسپۆڕی خۆی کاری لۆبی جۆراوجۆری ئەنجام دەدا. هەر لە خۆپیشاندان و ڕێپێوان و شەونخونی و کۆکردنەوەی کۆمەك و دەیان جۆری دیکەی هەڵمەت.

خەباتی لۆبی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی پێویستی بە پاڵپشتیەتی زانستی بوو بۆ ئەوەی بە بەڵگە و زانیاری و راوێژکاریی زانستی پشت ئەستوور بێ. دەمێك بوو، لەگەڵ دۆست و ئاکتیڤیستەکانی لەندەن ئەو بابەتەمان تاوتوێ دەکرد، بەڵام هەتا سەردەمی کیمیابارانی هەڵەبجە کارێکی ئەوتۆمان لەسەر ئەو بیرۆکانە نەکردبوو.

## گرووپی پشتگیری زانستی و پزیشکی کوردی و بەریتانی

لە مارتی ١٩٨٨، لە دوای کارەساتی هەڵەبجە، پێویستیمان بە زانیاری پزیشکی و زانستی بوو بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بە زانایانە باس لە داتا و دەردی قوربانیەکانی کیمیاباران بکەین و بە رۆژنامە و میدیا و حکومەت و خەڵکی بەریتانی بگەیەنین. لە لایەکی تریشەوە کۆمەکی پزیشکی و زانیاری و ئامۆژگاری پزیشکی و زانستی پێشکەش بە لێقەوماوەکان بکەین. هەتا ئەو سەردەمە ئەو کارانە بە پەرشوبڵاوی و تاکەکەسی ئەنجام دەدران و رۆژنامەکانیش متمانەیان بە بەڵگە و گووتەکانمان نەبوو چونکە دارِژتنی زانیاریەکانمان سیاسیانە بوو نەك زانستیانە.

بە هاوکاری کۆمەڵێك دۆستی شارەزا و لۆبیزان و ئەکادیمیستانی بەریتانی، ڕێکخراوێکی پشتگیری کردنی کوردی و بەریتانیمان پێك هێنا. مەبەستیش لەوە کاری لۆبیکردن بوو، بۆ ئەوەی زانا و پزیشك و ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و خەڵکی شارەزا، بە یەکەوە کاری هەمە جۆر ئەنجام بدەن بۆ پەیدا کردنی بەڵگەی زانستی بۆ ڕیسوا کردنی حکومەتی عێراق. بۆ ئیحراجکردنی حکومەتی بەریتانی و ئەمەریکی، و بۆ فشارکردن و پەیدا کردنی پشتگیری و کۆمەك بۆ پەناهەندە و قوربانیەکانی ئەنفال.

ئەو ڕێکخراوە، لە سەرەتادا لە ژێر ناوی (گرووپی پشتگیری زانستی و پزیشکی کوردی و بەریتانی، (Kurdish British Scientific & Medical Support Group) (KBSMSG) بوو. ئەندامە ئینگلیزەکان، (ئەلیزابێث سیگمۆند) و (ویلیەم سیگمۆند) و (ئەڵیستەر هەی) و (جولیان پاری ڕۆبینسن) و (ڕێڤەراند ئەلان ڕەیس) بوون. ئەوانە و چەندین ئەندامی ئاکتیڤی بێ لایەنی کۆمەڵگای کوردی (وەك ئیبراهیم باراڤی و کەمال قەیتولی)، شان بە شانی ئەوان چەند کادرێکی حیزبی شارەزا و زمانزان، کاری لۆبی ئەنجام دەدرا. ڕۆڵی هەڵسوڕێنەر (سکرتێر)ی ڕێکخراوەکەش بە من سپێردرابوو. وورده وورده گرووپەکە وای لێهات کارەکانی پڕ تەنسیق دەبوو و هەیکەلی ڕێکخراوێکی وەر دەگرت. لە ٣ی سێپتێمبەری ١٩٨٨، کۆ بوونەوەیەکی ئەندامانمان ئەنجامدا و تێیدا کۆمیتەیەك بە فەرمی دەستنیشان کرا. پرۆفیسۆر کەمال مەجید کرایە سەرۆك و من سکرتێر و جەعفەر قادر بووە خەزنەدار. کەمال قەیتولی و کەمال میراودەلی و فەرەیدوون ڕەفیق حیلمی بوونە ئەندامی کۆمیتە. ئەو کۆمیتەیە بووە ناوکێك بۆ دواتر دامەزرانی کۆمەلەیەکی زانستی و پزیشکی هەمیشەیی کە تا ئیمڕۆش هەر چالاکە.

## کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کوردی

لە دوای ماوەیەك لە کاری لۆبی بەرچاو و سەرکەوتوو، خەڵکەکە ڕۆڵی گرووپی KBSMSG یان بەرز دەنرخاند. وە بە هۆی تەشەنە کردنی تۆڕی پەیوەندیەکانمان، وورده وورده سەرو سیمای ڕێکخراوەکە رووی لە دامەزراندن دەکرد. دەستوورێکمان بۆ ڕێکخراوەکە دارێژت، کە کاتێکی زۆری بردین، چونکە  لە سەر هەر ووشەیەك و زاراوەیەك و ڕاناوێك دەیان

گفتوگۆی لەسەر دەکرا. دەستوورەکە تا ئێستاش لە کاردایە و گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە.

لە مانگی شوبات/فێبروەری ١٩٨٩، دەعوەتنامەمان بۆ پزیشك و ئەکادیمیەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی نارد و بە شەخسیش داوامان لە دڵسۆزان دەکرد کە بە دوو دەنگی ڕێکخراوەکەوە بێن. نامەی پشتگیریمان لە خەڵکانێکی زۆر بۆ هات، و لە ڕۆژی ١٨ی مانگی ئادار/مارتی ١٩٨٩، لە دوای تەواو کردنی ڕێپێوان و خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە شاری لەندەن بە بۆنەی ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە، ئەندامەکان لە هۆڵی مەلبەندی ڕۆشنبیری کوردی لە ستۆکوێل، لە کاتژمێر ٦ هەتا ٩ی ئێوارە، کۆبووینەوە. بە ئامادە بوونی سی (٣٠) پشتگیریکەر و ئەندام، وە بەشداری مێوانانی وڵاتانی تر (وەك نەجات مەحوی کە لە ئەڵمانیاوە هاتبوو)، کۆنفرانسی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان ئەنجامدا و ناوەکەیمان کردە (Kurdish Scientific and Medical Association ،KSMA) (کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد) دیسانەوە، ڕۆڵی هەڵسوڕێنەر و سکرتێری ڕێکخراوەکەم پێ سپێردرایەوە. فوئاد هەناری بووە سەرۆك، و کەمال قەیتولی بووە جێگری سەرۆك، و جەعفەر قادر بووە خەزنەدار، و سەرکەوت کەریم وەك ئەندامێکی کۆمیتە.

ئەو کاتە، فوئاد هەناری لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بە گشتی زۆر نەناسرابوو بڵام خۆم لە ڕێگەی خزم و دۆستانەوە دەمناسی. دۆستێکی کۆنی باوکم بوو و پیاوێکی زۆر ڕێز لێگیراو بوو و لە خانەوادەیەکی ناسراوی کۆیە بوون. چووم سەردانی لە ماڵەکەی، لە کۆیلاند لە خوارووی لەندەن، و مێژووی چالاکیەکان و سروشتی ڕێکخراوەکەم بۆ باسکرد. ئەوجا داوام لێکرد کە تەنیا ناو و نازناویمان پێ ببەخشێ و ببێتە سەرۆکێکی فەخری، وە بەپێی توانا و ئەزموونیشی هاوکارمان بێ بەو مەرجەی کە فشاری ناخەینە سەر. دڵنیاشم کرد کە خۆم بەردەوام دەبم لەوەی کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەم و بە کاری هەڵسووڕاندن و ئەنجامدانی چالاکیەکانی لۆبیکردن هەڵبستم. لە یەکەمجاردا دکتۆر فوئاد دوودڵ بوو و نەیدەویست بە ئاشکرا دەربکەوێ. لە دوای گفتوگۆکانمان، ڕازی بوو و دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کات گوڕێکی ئەوتۆی تێکەوت کە ڕۆڵەکانی لە سیمبۆڵی تێپەڕین و ڕۆڵی سەرکردەی لە چالاکیە جیاوازەکان دەبینی و بووە یەکێك لەوانەی کە جێپەنجەی لە چەسپان و گەشەپێدانی ڕێکخراوەکە بینی.

لەگەڵ کەڵەکە بوونی ئەزموونەدا، هەتا دەهات کاری KSMA کاریگەرتر دەبوو، و پشتگیریکەر و ئەندامانی روویان لە زیادی بوو. لەو ساتەوە هەتا ئێستاش (٢٠٠٧) ئەو رێکخراوە، لەسەر هەمان دەستوور و پەیرەو و پرۆگرام رۆیوە و بەردەوام رۆڵی ئاکتیڤی لە پشتگیری و کۆمەکی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای کوردی هەندەرانی بینیوە، و تەواوی رێکخراو و پارتە کوردیەکان شایەدیان بۆ ئەو رۆلە مێژوویەی داوە. لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات و ڕوداوی گرنگ و گۆڕانی بارودۆخی کوردستان، تەرکیز و ئەولەویاتی KSMA هەر لە گۆڕاندا بووە. لە سەردەمی هەڵەبجە و ئەنفالەوە هەتا کۆڕەو، کارەکان بریتی بوون لە لۆبی و بیرەوەری ساڵانەی هەڵەبجە و پەیدا کردنی کۆمەك. لە دوای رزگار بوونی هەرێمی باشووری کوردستان، تەرکیزی چالاکیەکان چووە سەر پێکەوە بەستنەوەی زانا و پزیشکانی هەندەران بۆ پشتگیری حکومەتی کوردی و سیستەمی خوێندنی باڵا و تەندروستی و لایەنی تر. بۆ نمونە لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١، KSMA یەکەم کۆنفرانسی زانستی و پزیشکی کوردی نێودەوڵەتی ئەنجامدا کە (١٢٦) زانا و پزیشك بەشداریان تێدا کرد. ئەوانە لە چەندین وڵاتی جیا جیا بۆی هاتبوو. لەوانە نادری نادرۆف لە کازاخستان، و ئازاد خانەقا و ئەحمەد جلوسی و نەجیب خەفاف و وریا کەریم لە ئەڵمانیا، و ئەحمەد عوسمان و فوئاد دەرویش لە ئەمەریکا و چەند میوانێکی تر لە وڵاتانی سکاندەنافی و ئەوروپی هاتبوون.

## پشتگیری زانکۆکان و خوێندنی باڵا

KSMA رۆڵێکی باڵای لە پشتگیری زانکۆکان و قوتابیانی خوێندنی باڵا و راهێنانی سەرکردە ئەکادیمیەکان بینیوە. لە سەردەمی هەشتا و نەوەدەکان، راوێژکاری و پشتگیری پێشکەش بە قوتابیان و پەناهەندە خاوەن پیشەکانی هەندەران دەکرد، و خەڵکی پرۆفێشنالی لێك دەبەستەوە. لە نەوەدەکانیش، لە دوای رزگار بوونی بەشێکی هەرێم، KSMAهەوڵی داوە زانکۆکانی کوردستان بە هی دەرەوە ببەستێتەوە، و کۆمەکیان بۆ پەیدا بکات، و زەمالەی خوێندن بۆ قوتابیان وەدەست بێنێ. دەیان مامۆستا و زانا و لێکۆڵەرەوە لە رێگەی KSMAەوە نێردرانە کوردستان بۆ بەجێگەیاندنی خزمەتی جۆراوجۆر. لەبەر گرنگی و مەزنیی ئەرکی پشتگیری خونێدنی باڵا لە کوردستان، و زیاد بوونی ژمارەی زانکۆ و پەیمانگاکان و خوێندکارەکان، پەیدا کردنی کۆمەك پێویستی بە تەرکیزی چەند کەسێکی خۆبەخش (ڤۆڵەنتیر) هەبوو کە وەك کۆمیتەیەکی بەجیا و وەك چەقی ئەو خەباتە کار بکەن. بۆیە لە هاوینی ١٩٩٢دا کۆمیتەیەکی تازەمان پێکەوە نا بەناوی (کۆمیتەی پشتگیری زانکۆی

سەلاحەددین). کۆمیتەکە بریتی بوو لە هەمان ئەندامە ئاکتیڤەکانی KSMA و چەند ڤۆڵەنتیرێکی دیکەی دەرەوەی.

دوابەدوای دامەزراندنی زانکۆی دهۆک و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی، و چەند پەیمانگایەکی نوێ، من و فوئاد هەناری لە هاوینی ساڵی 1992 سەردانی کوردستانمان کرد، لەوێش شایەتحاڵی فراوانکردنە رادەبەدەرکەی خوێندنی باڵا بووین سەرباری سنووردارbوونی توانا لۆجیستی و مرۆییەکان. ئیرادەی گەشەپێدانی خوێدنی باڵا حاشاهەڵنەگر بوو و کەمتواناییەکش بەهەمان شێوە.

لە گەشتی گەڕانەوەماندا، بە تورکیادا، من و هەناری بە درێژیی بیرمان لەو بارودۆخە نوێیە دەکردەوە کە بینیمان. هەردووکمان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە ئاستی تەحەداکە پێویستی بە هەڵمەتێکی فراوانتری پشتیوانیکردن هەیە و لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا، کە خزمەت بە هەموو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای کوردستان بکات نەک تەنها زانکۆی سەلاحەدین. لەم گەشتەدا، بڕیارماندا تۆڕێکی نوێ و تایبەتمەند دابمەزرێنین بۆ دابینکردنی ئەم پێویستییە.

فوئاد هەناری ڕازی بوو سەرکردایەتی ئەم دەستپێشخەرییە بکات، بەندەش لە رێگەی شەخسی و لە رێگەی کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کوردەوە هاوکاری بم. هەر زوو دوای گەیشتنمانەوە بۆ لەندەن، لە مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی کۆبووینەوە و دوای وردبینییەکی زۆر، ناوی لیژنەی پشتیوانی زانکۆی سەڵاحەدین گۆڕدرا بۆ 'لیژنەی پشتیوانی لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە کوردستانی عێراق (
Committee for the Support of Higher Education Institutions in Iraqi Kurdistan (SCHEIK).

کۆمیتەی شیك بە هیممەتی فوئاد هەناری و محمد خێلانی و شیروان غەفور و چەند دۆستێکی دڵسۆزی ماندوونەناس، کاری شایانی ئەنجامدا. چالاکییەکانی لە ناردنی پارە، ئامێری پزیشکی، کتێب و پێداویستییە سەرەکییەکانەوە دەستی پێکرد تا ئاسانکاریکردن بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە پیشەییەکان و جۆری دیکەی پشتگیری دامەزراوەیی. منیش لای خۆمەوە توانیم بڕێکی بەرچاو لە ئامێری پزیشکی و کتێبی خوێندن لە نەخۆشخانەی خۆم لە نۆتینگام دەستەبەر بکەم، لەنێویاندا کابینەیەکی گەورە و قورس بۆ تاقیگەی

مایکرۆبایۆلۆجی. محەمەد خێلانی و چەند هاوکارێکی ڤانێکیان بەکرێ گرت و ئامێرەکانیان کۆکردەوە و بردیان بۆ لەندەن، بۆ ئەوەی بە بارهەڵگر بگوازرێنەوە بۆ کوردستان. نموونەی لەو جۆرە هەوڵە خۆبەخشانە زۆر بوون و زۆرجار تۆمار نەدەکران و بە هێمنی ئەنجام دەدران، نەک بەهۆی سەرچاوە یان ئاسوودەیی، بەڵکو بەهۆی پابەندبوون و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هاوبەشەوە.

یەکێك لە دەستکەوتە مێژووییەکانی شیك و KSMA بریتی بوو لە وەدەستهێنانی دانپێدانانی ئەنجومەنی گشتی پزیشکانی بەریتانی (General Medical Council) بە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی سەلاحەددین و دواتر هی سلێمانی و دهۆك. بەو دانپێدانانە (یەکسانکردنە) دەرگای خوێندنی پسپۆڕی و کارکردنی دەرچووەکانی ئەو کۆلیجانە لە وڵاتی بەریتانیا کرایەوە. ئەوە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر وورەی تازە پزیشکەکان و دامەزراوە تەندروستیەکانی کوردستان. لەو ساتەوە هەتا ئیمڕۆ، ژمارەیەکی زۆری پزیشکی دەرچووی ئەو کۆلیجانە گەیشتوونەتە بەریتانیا سوودیان لەو دەستکەوتە وەرگرتووە.

هەریەکەمان لە لای خۆیەوە بە گوێرەی توانا هەوڵی خۆی دەدا، جا لە ڕێگەی KSMA بوایە یان SCHEIK، یان ڕێکخراوی تر و یان بە کاری تاکەکەسی. دیارە کەوا مەزنترین سەرمایەی بزوتنەوەی کوردی لە دەرەوەی وڵات بریتیە لەو کوردە پرۆفیشنەلانەی کە بە خۆبەخشانە خەمخۆری وڵاتن و لەڕێگەی پیشەو کاری پسپۆڕی خۆیانەوە و لەڕێگەی شارەزاییان لە سیستەمی وڵاتە بیانیەکاندا، بێوچانا لە خزمەتی وڵاتدا کاردەکەن. خۆشبەختانە، ئیمڕۆ کوردستان توانای دارایی زۆر بوە و دەرگای جیهانی بۆ کراوەتەوە. ئێمەش، وەك KSMA یان SCHEIK یان بە تەنیاکەسیی، ئەو دەرفەتە نوێیانەمان قۆستۆتەوە بۆ زیاتر ڕاهێنانی سەرکردە ئەکادیمیەکانی کوردستان و هێنانە دەرەوەی زۆرترین ژمارەی مامۆستا و خوێندکار و فەرمانبەری مەسئول لە خوێندی باڵا. بۆ نموونە، هەر لە زانکۆی نۆتینگهام، شوێنی کاری ئێستام، توانیومانە بە دەیان زەمالەی قوتابیان و چەندین کۆڕسی ڕاهێنانی سەرکردە ئەکادیمیەکان ڕێك بخەین و ئێستا بە هۆی ئەو هەوڵ و هیممەتانەوە تۆڕی پەیوەندیەکانی زانکۆکان لە ئاستێکی بەرزدایە.

لە ژێر چەتری KSMA، لە ساڵی ٢٠٠٤/٢٠٠٥ دا، گۆڤاری (زانین)، یەکەم گۆڤاری زانستی ئەلەکترۆنی ساڵانەی بە زمانی ئنگلیزیمان، دەرکرد. ئەوەش بە هیممەتی دەستەیەك لە

ئەکادیمیانی کوردی کوردستان و هەندەران بوو. بێجگە لە نووسەران و راوێژکاران، (دیلان رۆشانی) دەستێکی باڵای لە دیزاین و دانانی گۆڤارەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بینی. منیش وەك سەرنووسەر (Editor-in-Chief) سەرپەرشتی دەرکردنی دوو ژمارەم کرد کە لە (www.zaninonline.org)دا بەدی دەکرێن. ئەو گۆڤارە، کە لە رووی چۆنایەتی زانستیەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، دەستپێشخەریەك بوو بۆ کۆکردنەوەی هیممەتی زانا کوردەکانی کوردستان و هەندەران، بەو هیوایەی کە لە دوارۆژدا زانکۆکانی کوردستان لە ئامێزی بگرن و بیکەن بە مینبەری لێکۆڵینەوەی زانستی کوردستان. دیارە کە جارێ زووە و هێشتا کوردستان ماڵی تەرتیب نەبووە و زانکۆکان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەکانی کوردستان بەوە رانەگەیشتوون کە لێکۆڵینەوەی زانستی لە رکێفی سیستەمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی و سیستەمی کۆنی عێراق دەربهێنن. ئەگینا سەرکردە ئەکادیمیەکان تموحی ئەوەیان هەیە کە ئاستی ئەکادیمی بەرز بکەنەوە و لە ئایندەدا بیگەیەننە ئاستی جیهانی.

## نموونەی چالاکیە زانستی و پزیشکیەکان لە ساڵانی هەشتاکان

گرۆپی KBSMSG، کە دوایی بوە رێکخراوی KSMA، هەماهەنگیان لە نزیکەوە لەگەڵ مەلبەندی رۆشنبیری کوردی و بەرەی کوردستانی و رێکخراوی تر دەکرد. یەکێك لە پرینسیپەکانی رێکخراوەکهمان ئەوە بوو کەوا هەتا ئەو رۆژەی کوردستان رزگاری دەبێ، و هەڵبژاردنی ئازادی تێدا دەکرێ، ئەوا حیزبە جەماوەریەکانی کوردستان تەنیا نوێنەری بزوتنەوەکەن. ئەوانە بۆشایی دەسەڵاتیان پڕ کردوەتەوە و پێشڕەوێتی بزوتنەوەیان گرتۆتە دەست. بۆیە ئەگەر هەر رێکخراوێکی بێ لایەنی پیشەیی بیەوێ خزمەت بە بزوتنەوە و پێشمەرگە و پەناهەندە و ئاوارە و کۆمەڵگای کوردەواری بکات، ئەوا پێویستە تەنسیق لەگەڵ حیزبەکان بکات و لەگەڵ نوێنەرەکانیان پەیوەندی ببەستێ، هەتاوەکو کار لە یەکتر تێك نەدەن و هەماهەنگ بن و تەنسیقی چالاکیەکانیش بە رێکی بکەن. کاری لۆبی بەبێ ئەو جۆرە هەماهەنگیە کەم کاریگەر و کەم سوودە.

## کۆمەکی پزیشکی کوردی

یەکێك لەو رێکخراوانەی کە هەماهەنگیمان لەگەڵیاندا هەبوو، رێکخراوی (کۆمەکی پزیشکی کوردیی، Kurdish Medical Relief) بوو، کە سەرۆکەکەی (لۆرد ئەیڤبەری) بوو،


سکرتێرەکەی پارێزەر (ماری دایەنس) بوو، و ئەندامە چالاکەکانی بریتی بوون لە (مونیرە موفتیزادە و ڕزگار ئەمین، و ماری ئۆشەی). ئەوانە، بە پشتگیری ڕێکخراو و ئەندامانی کۆمەڵگاکە، هەوڵی بێوچانیان لە بواری پەیدا کردنی داهات و ناردنەوەی کۆمەك و ئامۆژگاری یاسایی بۆ پەناهەندەکان دەدا. سەرچاوەی داهاتەکانیشیان بریتی بوون لە گرانتی خێرخوازی و پارەی بەخشراو کە ئەندامانی کۆمەلگای کوردی بۆیان کۆ دەکردەوە. بۆ نموونە، ڕۆژێکیان، لە ٤ی فێبروەری ١٩٨٩، زیاتر لە پازدە کەس لە ئەندامانی گرۆپی KBSMSG و KMR کەوتینە هەڵمەتی پارە کۆکردنەوە لە ناو شەقامە قەرەباڵغەکانی لەندەن. هەریەکەمان لافیتەیەکی ئاوارەکانی کوردی هەرگرتبوو و قۆقیلەی راگرتبوو. بەندە لە بەردەم دەروازەی مێترۆی کۆڤێند گاردن وەستابووم لافیتەیەکی قوربانیانی هەڵەبجەم لەملەوە شۆڕ کردبووەوە و قۆقیلەکەم رادەوەشاند و پڕ بەدەنگم هاوارم دەکرد کە سەددام پیاوکوژە. لەو ڕۆژەدا بە کۆی گشتی هەمووومان، سێ (٣) هەزار پاوەندمان کۆ کردەوە. بە هۆی ئەو جۆرە کارانە، ڕێکخراوی KMR ڕۆڵێکی مەزنی دەدیت لە هەڵگرتنی بەشێکی مەسرەفی لۆبیکردن و کۆمەکی پەناهەندەکانی بەریتانیا و پەناهەندەکانی کورد لە تورکیا.

## کۆمیتەی بیرەوەری هەڵەبجە

بۆ ئەنجامدانی کاری لۆبی و هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و چالاکوانانی دیکە، کۆمیتەیەکمان دروست کردبوو بۆ پەیوەندیکردن بە خەڵکی بەریتانیەوە. ئەو کۆمیتە لە سەرەتا بە ناوی (گرۆپی سۆلیداریتی کوردی و بەریتانی) کاری دەکرد و دوایی ناویمان کردە (کۆمیتەی بیرەوەری هەڵەبجە Remember Halabja Committee) کە هەتا یەکەم ساڵیادی هەڵەبجە (لە مارتی ١٩٨٩) کارەکانی بەردەوام بوو. من نوێنەری KBSMSG و یەکێك لە مونەسیقەکانی کۆمیتەکە بووم. هۆشیار زێباری و سیامەند بەننا نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون (لە هەندێ لە دانیشتنەکاندا، هۆشیار زێباری ڕۆڵی سەرپەرشتیکەریشی دەدیت). کاوە فەتاح بێسارانی نوێنەری کۆمۆنیستەکان بوو، و خدر مەعسوم و سەباح سەعید نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوون. سەمیر فەیلی ناوەناو دەهات بۆ نوێنەرایەتی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، و جەبار فەیلی نوێنەری پارتی گەل بوو. لە هەندێ لە کۆبوونەوەکاندا، دۆستی شارەزای بەریتانیشمان لەگەڵدا بوو، بەڵام هاتنی ئەوانە دەمنادەم بوو.

کارە بەرچاوەکەی ئەو کۆمیتەیە، کۆبوونەوە سەرکەوتووەکەی ساڵیادی هەڵەبجە بوو کە لە کۆشکی پەرلەمانی بەریتانیا لە ١٦ی مارتی ١٩٨٩ ئەنجام درا و تێیدا چەندین گەورە کەسایەتی بەناوبانگی بەریتانی بەشداریان کرد و پشتگیریان بۆ کورد و قوربانیەکانی هەڵەبجە دەربڕی. لەو کەسایەتیە بەناوبانگانە؛ بیشۆپ ترێڤەر هەدڵستن (گەورە قەشەی کەنیسەی سانت جەیمس لە پیکادیلی – لەندەن)، لۆرد کیلبراکن (کۆنە رۆژنامەنوس)، لۆرد ئەیڤبەری (سەر بە حیزبی لیبرال)، بروس کێنت (سەرۆکی کۆمیتەی دژبە چەکی ئەتۆمی)، جۆرج رۆبەرتسن (ئەندام پەرلەمانی سەر بە پارتی کرێکاران و وەزیری سێبەر)، داڤید فیلیپ و داڤید ماکداول (نووسەر بوون لە کۆڤاری ماڤی کەمایەتیەکان، ماینۆریتی رایتس گرۆپ)، و ئەلیستەر هەی (پرۆفیسۆر و پسپۆڕی چەکی کیمیایی).

هەر ئەو کۆمیتەیە، لە رۆژی ١٨ی مارتی ١٩٨٩ بە کاری رێکخستنی خۆپیشاندان و رێپیوانێکی مەزن (بە ناوی رێپیوانی بیرەوەری، March of Remembrance) هەستا. لە کاتژمێری یەکی پاش نیوەڕۆ لە (هاید پارك کۆڕنەڕ) خەڵکێکی زۆری کورد و بەریتانی کۆبوونەوە. وەك رێکخەر و هەڵسووڕێنەری رێپیوانەکە، کاری رێکخستنی خوتبەی قسەکەرەکان بەمن سپێردرابوو. خاوەنگوتەکان جێرمی کۆربین (ئەندام پەرلەمانی سەر بە پارتی کرێکاران، و پرۆفیسۆر ستیڤن رۆوز (پرۆفیسۆری ناوداری ئۆپن یونیڤێرسیتی) و ئەنجیلا کەنینگ (سەر بە کۆمیتەی دژ بە چەکی ئەتۆمی) و تیریزا دین (سەر بە کاونسلی ئاشتیخوازی بەریتانی) بوون. لە دوای پێشکەشکردن و تەواوبوونی خوتبەکان، ئەوجا کەوتینە رێگا بەرەو پارك لەین و دوایی نایتسبریج، هەتا گەیشتینە بەرامبەر باڵوێزخانەی عێراقی لە (ساوث کێنزینکتن). لەوێش هەتا کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بە هاتوهاوار و دەربڕینی نارەزایی کۆتاییمان بە خۆپیشاندانەکە هێنا. هەر ئەو پاش نیوەڕۆیە (١٨ی مارتی ١٩٨٩)، هەندێ لەو ئەندامانەی KBSMSG لە خۆپێشاندان و رێپێوانەکەوە بوون، بەرەو مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی چووین، کە لەوێ (لە کاتژمێری ٦ی ئێوارە) یەکەم کۆنفرانسی دامەزراندنی رێکخراوی کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کوردی دەستی پێکرد.



# REMEMBER HALABJA

On March 16, 1988, over 5,000 Kurds died in agony from Iraqi chemical attacks on Halabja. In August 3,000 more were gassed. Rural Kurdistan has been made desolate. The survivors are facing a harsh life as unwelcome refugees in Turkey and Iran, or a living death under internment by the vindictive Iraqi regime.

Iraq continues its campaign of genocide with chemical weapons unabated because the 'civilised' world has failed to impose even elementary sanctions against a dictator who has consistently violated the Geneva Protocol and basic human rights. Despite "compelling and convincing evidence" (Sir Geoffrey Howe), Britain has doubled its trade with Iraq.

Again the interests of the Arab oil lobby have prevailed over humanitarian values. Principles must be mightier than greed – chemical weapons must not proliferate. Saddam must not get away with it. Please help us:

**HALABJA DAY MEETING**
**Thursday March 16, 6.15pm.**
**Committee Room 4,**
**Houses of Parliament**

**PROTEST MARCH**
**Saturday March 18, 12 noon**
**Speakers Corner,**
**Hyde Park, London.**

**Write to your MP, your MEP and the United Nations.**
**Organised by the Remember Halabja Committee.**

Sponsors include IRAQI KURDISTAN FRONT, Lord McNair, Bishop Trevor Huddlestone, George Robertson MP, David Atkinson MP, Sir Russell Johnston MP, David Alton MP, Claire Short MP, Robin Corbett MP, Keith Bradley MP, Ken Livingston MP, Dafydd Thomas MP, Dennis Canavan MP, Win Griffiths MP, Harry Cohen MP, Alan Beith MP, Rt Hon. Dr John Gilbert MP, Jeremy Corbyn MP, Richard A. Balfe MEP, CND, National Peace Council, END, United Nations Assoc., Working Party on Chemical and Biological Weapons, Chemical Weapons Action Group, Defence for Children International, Fourth World and many others.

**Donations can be made to Remember Halabja Committee, 13 Stockwell Rd., London SW9. For further information please 'phone (01) 274 6251.**

ئەم پۆستەرە وەك رێكلام لە رۆژنامەكاندا بڵاوكراوە و لەسەر دیوارە زەقەكانی سەرانسەری لەندەن چەسپێندران. چاوەڕوان دەكرا رۆژی دواتر پۆستەرەكان لاببەین. بەڵام هاوكارەكانم چەسپێكی (سەمغێكی) بەهێزیان بەكارهێنابوو، ئەمەش وایكردبوو لێكردنەوەیان مەحاڵ بێت. لە رۆژی دووشەممە ٢٠ی ئازاری ١٩٨٩، پەرلەمانتار جۆرج رۆبەرتسۆن ئاگاداری كردمەوە كە بانكی ناتوێست سكاڵای فەرمیان لە ئۆفیسەكەی تۆمار كردووە و داوایكرد كە دەستبەجێ لێبكرێنەوە. من بە شێوەیەكی شەخسیی چوومە چەندێك لەو شوێنانە و بۆم دەركەوت كە چەندین پۆستەر لەسەر دیواری دەرەوەی بانكی ناتوێست دانراون و لابردنیان لەڕادەبەدەر قورسە .

BRITISH MEDICAL JOURNAL 23 FEBRUARY 1991 iii

**KURDISH SCIENTIFIC AND MEDICAL ASSOCIATION**

**HALABJA DAY, 3rd Anniversary**

**Symposium on Chemical and Biological Weapons**
**8th March '91 1.30pm-6pm, Clinical Lecture Theatre,**
**Northwick Park Hospital, Watford Road, Harrow, Middlesex.**
**Tube Station: Northwick Park**

Speakers: Dr. Alistair Hay, Consultant Chemical Pathology, Leeds University. "Chemical Weapons".

Professor Steven Rose, Professor of Biology, Open University. "Biological Weapons".

Dr John Castello, Consultant Physician, Kings College Hospital, London. "Clinical Aspects & Management of Victims".

Dr. Delawer Ala'Aldeen, Kurdish Scientific and Medical Association. "Use of Chemical Weapons in Kurdistan".

Dr. Julian Perry-Robinson, Senior Fellow, Science Research Unit, Sussex University. "Chemical and Biological Warfare in International Law".

All welcome. Contribution of £5 on admission is appreciated.

**K.S.M.A., BCM Box 5952, London WC1N 3XX. Tel: 071-274 9254.**

(15592–4)GP

کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد بەردەوامبوو لە ڕێکخستنی بیرەوەری ساڵیادی هەڵەبجە و ساڵانە لە هەفتەنامەی بەناوبانگی پزیشکی British Medical Journa, BMJ بڵاوی دەکردەوە (ئەوەی سەرەوە یەك لەوانەیە).

ئەو بەڕێزانەی خوارەوە (لە راستەوە) بریتین لە گوین رۆبەرت و جولیەن پاری رۆبینسن و ئەلیستەر هەی)



## کەمپەین بۆ ئاوارەکانی کیمیابارانی بادینان

لە کۆتایی ئاب و سەرەتای سێپتیمبەری ساڵی ١٩٨٨دا، زیاتر لە چل و سێ (٤٣) هەزار پەناهەندەی ناوچەی بادینانی کوردستانی باشوور، لە دوا قۆناغی کەمپەینی ئەنفالدا، لە ترسی کیمیاباران رایان کرد و پەنایان بردە بەر حکومەتی تورکیا. لەوێش، پەناهەندەکان گواسترانەوە سێ کەمپی (دیاربەکر) و (ماردین) و (موش). هاوکات، بۆ پشتگیری ئاوارەکان، کۆمەڵگای رەوەندی کوردی و لۆبیستەکانی بەریتانیا، بە مەبەستی هاوکاری و پاراستنی پەناهەندەکان، کەوتنە هەڵمەت بۆ ڕیسوا کردنی حکومەتی عێراق، و فشار خستنە سەر حکومەتی تورکی. دیار بوو لەو کاتەدا تورکیا نیازی گەڕاندنەوەی پەناهەندەکانی هەبوو. فشاری دەخستە سەریان و داوای گەڕانەوەی لێ دەکردن، بەو بیانگەیەی کە حکومەتی عێراق لێبوردن (عەفو)ی دەرکردووە. دەمنادەم دیپلۆماتی عێراقیان بانگهێش دەکرد بۆ ئەوەی سەردانی کەمپەکان بکەن و خەڵك دڵنیا بکەنەوە و رایان کێشنەوە ناو عێراق. تورکیا (٢٥٠٠) لە پەناهەندەکانی ماردینی بردە سەر سنووری ئێران و لەوێ بەڕەڵای کردن. ئێرانیش لە سەرەتادا رێگەی نەدان بەڵام دوایی بە پەناهەندە قەبوڵی کردن. تورکەکان رێگەی رێکخراوە کۆمەکیە مرۆڤایەتیە نێودەوڵەتیەکانیان نەدەدا بچنە ناو کەمپەکان بۆ یارمەتیدانی پەناهەندەکان. لەجیاتیان داوای بڕی سێ سەد ملیۆن دۆلاریان دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان بە کارەکان هەڵبستن. کەسیش ئەو پارەیەی بە تورکیان نەدەدا.

لە رۆژی گەیشتنی ئاوارەکانەوە بۆ تورکیا ئێمە، لۆبیستەکانی بەریتانیا، هەڵساین بە دەیان کاری بەرچاو، لە نامە و نامەکاری و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی و پەیوەندیکردن بە حکومەت و ئەندامانی پەرلەمان و ڕیکخراوە کۆمەکیەکان. لە ٣١ی ئاب بە هاوکاری (جێرمی کۆربین) و ناوداری تر، خۆپیشاندانێکمان لە بەردەمی باڵوێزخانەی عێراق ئەنجامدا و لەوێش پلانی زنجیرە کارێکی لۆبیمان دا.



Testimony to genocide: Kurdish families flee their homes, under chemical siege by Saddam Hussein's army.

خۆپیشاندان و دەربرینی نارەزایی کوردی بەریتانیا (لە ۱۹۸۸/۹/۳) لە دژی کیمیابارانی بادینان.
رۆژنامەی گاردیان.




Kurds protesting yesterday at the UN's London office against the use of chemical weapons by Iraq PHOTOGRAPH: DAVID KAMP

## داگیر کردنی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتوەکان

لە کاتژمێر دە و نیوی رۆژی ٢ی ئەیلول/سێپتێمبەری ١٩٨٨، نزیکەی پازدە کەس دەبووین کە هەڵمان کوتایە سەر بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری لەندەن و ژووری بەڕێوەبەرەکەیمان داگیر کرد. ئەوە موفاجەئە بوو بۆ کارمەندەکان و یەکسەر داوای پۆلیسیان کرد، بەڵام کە لە نیەتمان دڵنیا بوون، بەڕێوەبەرەکە داوای لە پۆلیس کرد لە دەرەوە بوەستێ و تەدەخول نەکات. داواکانی ئێمەش ئەوە بوو (خافیر پیرێز دی کویلیار)ی سەرۆکی ئەوسای نەتەوە یەکگرتوەکانەوە تەدەخول بکات و ژیانی کوردە ئاوارەکان لە هێرشی حکومەتی عێراقی ڕزگار بکات. هاوکات میدیای بەریتانی و پەیامنێرانی کەناڵەکان هەوالیان پێ گەیەندرا بوو، و هەندێکیان هاتنە ژوورەوە و دیمانەیان لەگەڵماندا ساز دا. بەرهەم سالح گووتەبێژی گرووپەکەمان بوو، بەڵام زۆربەیشمان بەشداریمان لە گەیاندنی پەیامەکان دەکرد. بە درێژایی ئەو رۆژە هەواڵی ئەو رووداوە و پەیامی ڕیسوا کردنی ڕژێمی عێراق و داوای کۆمەککردنمان، لە تەواوی کەناڵەکان پەخش کران و لە رۆژنامەکاندا بڵاوبوونەوە.

ئەو کوردانەی کە هاتنە ژوورەوەی ئۆفیسی یوئێن بریتی بوون لە شێرکۆ فەتحوڵڵا، سەباح سابیر، کەمال قەیتولی، محەمەد مەعروف، هاوڕێ نەمەڵی، حوسام، کاوە فەتاح بێسارانی و دوو کوردی دیکەی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق. چەند کوردێکی تریش لە دوای گەیشتنی پۆلیس گەیشتنە جێ و لە دەرەوە لافیتەیان هەڵواسی و دەستیان کرد بە خۆ پیشاندان. هۆی دواکەوتنیشیان ئەوە بوو کە لەو بەیانیەدا لە بەردەمی (سەنتەری رۆشنبیری عێراقی) خۆپیشاندانیان ئەنجامدابوو و لەوێوە بە گروپ هاتبوونە لامان. بەڕێوەبەری ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیامی ئێمەی بە دي کویلیار (کە لەو کاتەدا لە سەردانی پۆرتوگال بوو) گەیاند، و بەر لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە وەڵامەکەی بە فاکس بۆ هاتەوە. تێیدا، دی کویلیار سۆزی خۆی بۆ دەردی ئاوارە و قوربانیەکان دەربڕی و بەڵێنیدا کە کار لەسەر داواکەمان بکات. بەوە، کاتژمێر پێنج و نیو ئۆفیسەکەمان بەجێ هێشت.

## ڕازو گلەیی لە سۆڤیەت

بە پێشڕەوی (جێرمی کۆربین)ی ئەندام پەرلەمان، وەفدێکمان پێك هێنا لە دوو پەرلەمانتار (جێرمی کۆربین و هاری کۆهین)، و (ئەلیستەر هەی) ئەندامی ڕێکخراوی بەریتانی دژ بە چەکی کیمیایی، و (لووسی بێك) ئەندامی کاونسلی ئاشتیخوازیی نەتەوەیی، و (مێگ بێرێسفۆرد)ی کۆمیتەی دژبە چەکی ئەتۆمی (CND)، (ئان بێنێت)ی گرووپی کوەیکەریی ئاشتی، و بە بەشداری ئەندامانی ئاکتیڤی کوردی (لەوانە بەرهەم سالح و کاوە فەتاح و بەندە). ئەو وەفدە سەردانی چەندین شوێنی گرنگی کرد، لەوانە سەردانی ولیەم وۆڵدگرەیڤ لە ١٣ی سێپتێمبەری ١٩٨٨، وە سەردانی باڵوێزخانەی سۆڤیەتی لە ٢٣ی سێپتێمبەری ١٩٨٨. سەردانەکەی لای وۆڵدگرەیڤ زۆر سەرکەوتووتر بوو لە هی کونسولی سۆڤێتی چونکە ڕوسیەکان ڕەخنەی ئێمەیان قەبوڵ نەدەکرد و ئێمەش لەناو خۆماندا تەبا نەبووین.

کە چووینە باڵوێزخانەی سۆڤیەت، لەدوای قسەکانی جێرمی کۆربین، بەرهەم ساڵح بە کونسوڵی گوت کەوا" زاناکانی سۆڤیەتی لە کارگەی (عەکاشات)ی کیمیایی بۆ بەرهەمهێنانی (زیندەوەرکوژی- Pesticide) کار دەکەن و ڕژێمی عێراقیش بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی سوودیان لێ وەردەگرێ." کونسوڵیش لەوە تووره بوو و کەوتە بەرپەچدانەوەی قسەکان، بەڵام بەرهەم سووڕ بوو لە سەر پەیامەکەی. کونسوڵیش داوای لە بەرهەم کرد کە قسەکانی بنوسێتەوە و بە ناوی خۆی و ڕێکخراوەکەی مۆری بکات.

جێرمی کۆربین و لووسی بێك پشگیریان لە قسەی بەرهەم کرد، بەڵام کاوە فەتاح (ئەندامێکی ئاکتیڤی پارتی کۆمۆنیستی عێراق) هەڵیدایە و گوتی: "سۆڤیەت دۆستێکی هەمیشەیی گەلی عێراق و گەلی کوردە. پەیامەکەی هاوڕێکەم (واتە بەرهەم ساڵح) تەنیا تەعبیر لە رای خۆی و ڕێکخراوەکەی دەکات و ئێمە پشتگیری لەو قسانەی ناکەین". بە بێ ئەوەی باس لە ڕێکخراوی خۆی بکات، کاوە لە قسەکانیدا بەردەوام بوو و گوتی "من لەو بڕوایەدا نیم کە سۆڤیەت یارمەتی ڕژێمێکی وەك سەددام بدات بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی، بەڵام ئێمە هاتووین گلەیی خۆمان دەردەبڕین لە بێ دەنگی سۆڤیەت لە تاوانەکانی سەددام. وە داوا دەکەین کە ڕژێمی سەددام سزا بدرێ و ئابلۆقەی لەسەر دابنرێ و عەزل بکرێ." بەو قسانەی کاوە، کونسوڵی سۆڤیەت دامرکایەوە و هەناسەیەکی بۆ هەڵکێشا. منیش بەوە نارەحەت بووم و نۆرەی قسەم وەرگرت.

لە یەکەمدا گوتم

"من وەك زانا و پزیشکێك هاتووم و بێ لایەنم. وە سەیری بابەتەکەش لە لایەنی ئێتیك و مۆڕاڵی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی سیاسیەوە سەیر دەکەم. شەڕی سەددام لە دژی کوردان شەڕێکی کلاسیکی نیە، بەڵکو شەڕی جێنۆسایدە، و هەر دەوڵەتێکی یارمەتی عێراق بدات بە هەر شێوەیەك (عەسکەری یان ناعەسکەری) ئەوا بەشدارە لە بەهێز کردنی ڕژێمی عێراق و بەردەوام کردنی کەمپەینی جێنۆسایدەکە. جا بۆیە سۆڤیەت بەشدارە لە تاوان، هەتا ئەگەر بە راستەوخۆ لە دروستکردنی چەکی کیمیاییش بەشداری نەکردبێ یان هەتا ئەگەر زاناکانی بۆ مەسەلەی یارمەتی کشتوکاڵی چوبنە عێراق. وە مەسەلەی عەکاشات مەسەلەیەکی زیندوو و بەرچاوە و مایەی ئینکارکردن نیە. ئێمە ئەوە سێ کوردین لە مەجلیسەکەتاندایین، وە ئەگەر دەنگدان ڕێگەی بچیتێ، ئەوا من دەنگ بۆ بەرهەم ساڵح دەدەم و پشتگیری لە قسەکانی دەکەم. خەڵکی کوردستان بە چاوی دۆست سەیری سۆڤیەتیان کردووە، بۆیە مەسئولیەتەکەی سەرشانی سۆڤیەت بۆ هانای کورد مەزنترە لە هی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، کەچی لە رووی واقیعدا هەڵوێستەکان بە پێچەوانەیە. بۆیە داواتان لێ دەکەین کە ڕۆڵێکی ئاکیتڤتر ببینن و یارمەتی ڕژێم نەدەن و لە رووی تاوانەکانیدا سلبیانە چاودێر نەبن، بەلکو سزای پێویستی بدەن."

ئەوجا بەرهەم گوتی پێویستە سۆڤیەت پەیوەندیەکەی لەگەڵ عێراق بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی سەردانی ناوچە کیمیابارانکراوەکان و کارگە گومان لێکراوەکان بکات و خەڵکی وڵاتی خۆیان و دونیا لە راستیەکان ئاگادار بکەنەوە. کونسوڵ گوتی قسەکانتان و داوکانتان بە جیدی وەردەگرم و دەیانگەیەنمە سەرۆکەکانم و وەڵامتان بۆ دەگێڕمەوە. کە هاتینە دەرەوە، کاوە زۆر تووڕە بوو لە قسەکانی من و بەرهەم، دەیگوت نابێ موعامەلەی سۆڤیەت وەك وڵاتە غەربیەکان بکەین، دەنا سۆڤیەت لە خۆمان تووڕە دەکەین. لە وەڵامدا گوتم ئێمە هاتوین گلەیی لە سۆڤیەت و لە هەموو ئەندامانی مەجلیسی دائیمی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەین نەك بەسەر شان و باڵیاندا هەربڵێن و مەدحیان بکەین.

## دەنگی کەنیسە بۆ دڵنیایی ئاوارەکان


بیشۆپ ترێڤەر هەدڵستن

یەکێك لە کارە سەرکەوتوەکانمان، کە پێشتر بۆ کورد نەکرابوو، ئەوەبوو کەوا قەشەی ناودار (بیشۆپ ترێڤەر هەدڵستن)، کە ناوبانگێکی جیهانی هەبوو لە پشتگیری کردنی بزوتنەوەی ڕەشەکانی (باشووری ئەفریکا)، رازی بوو بەوەی کە لە کەنیسەی (سانت جەیمس) لە ناوچەی (پیکادیلی) لە شاری لەندەن نوێژ و دوعا بۆ لێقەوماوان و ئاوارەکانی دیاربەکر و ماردین و موش بکات. دەمێك بوو ئەو قەشە ٧٦ ساڵیەم لە ڕێگەی چەند دۆستێکی ئینگلیز و ئەفریکایی ناسیبوو و ئەویش هەردەم بزوتنەوەی کوردی بە هی باشووری ئەفریکا بەراورد دەکرد. لە کاتژمێر ٨ی ئێوارەی ١٤ی سێپتیمبەری ١٩٨٨ بوو کە خۆمان و کۆمەڵێك دۆستی ئینگلیز، وەك ئەلیزابیث سیگمۆند و بیل سیگمۆندی مێردی، چووینە کەنیسە.


دوعاکردن بۆ قوربانیانی کیمابارانی بادینان و پەناهەندەکانی دیاربەکر و ماردین و موش. لەگەڵ بەندە، لیز سیگموند و ئالەن رایس

هەژیر تەیموریان، کە ئەوکات پەیامنێرێکی (بی بی سی) بوو، لەگەڵ موزەفەری شافیعی کە ئەویش لە بەشی فارسی هەمان ئێسگە کاری دەکرد، وایان کرد کەوا نوێژ و دوعاکانی ئەو رۆژە بە زیندوویی لە رادیۆی (بی بی سی بە شی فارسی) پەخش بکرێ. ژمارەیەك لە کریستیانی بەریتانی و نزیکەی سی (٣٠) کوردی کۆمەڵگای بەریتانیا و چەند منداڵێکی کورد، بە جلی کوردیەوە مۆمیان داگیرساند. دوو لەو منداڵانە پەیامێکیان بۆ منداڵە ئاوارەکان بە ئینگلیزی خوێندەوە. دوایی، بیشۆپ ترێڤەر هەدڵستن گوتارێکی هەست جولێنەری خوێندەوە، و ئەوجا (رێڤەراند ئەلان ڕەیس) دەستی بە نوێژی کریستیانەیان کرد و لەگەڵ خەڵکەکە دوعایان بۆ ئاوارەکان کرد. ئەلیزابیث چەند ووشەیەکی دڵنیا کەرەوەی بۆ پەناهەندەکانی ناو تورکیا خوێندەوە، و منیش بۆیم وەرگێرا. پێشتریش دوعایەکی موسڵمانانەم بە کوردی ئامادە کردبوو و لە بەردەم میکرۆفۆنی کەنیسەکەدا خوێندمەوە. تێیدا، هەوڵمدا وورەی ئاوارە گوێ گرەکان بەرز بکەمەوە بە هۆی پەیامی دڵنیاکەرەوە، بەو واتایەی کە ئەوان تەنیا نین و کۆمەڵگای کوردی و خێرخوازی جیهانی لەگەڵیاندانە. کۆتایی مەراسیمەکانیشمان بە سرودی ئەی رەقیب کۆتایی پێ هێنا. سەر لە بەیانی ئەو رۆژە، هەواڵ گەیەندرابوە کەمپەکانی پەناهەندەکانی ناو تورکیا و ئەوانیش بە تەوسەوە گوێبیستی دوعاکان بوون.

## ئاوارەکانی ماردین و نانی ژەهراوی

لە ٨ یۆنیۆی ١٩٨٩دا، بەکرێ گیراوانی رژێمی عێراقی خۆیان گەیاندە کەمپی ماردین و بە هۆی ژەهراوی کردنی نانی کەمپەکە، توانیان دووهەزار و حەفتا (٢٠٧٠) پەناهەندەی ئەوێ ژەهرخورای بکەن. لەوانە ٦٦٧ منداڵ و ٧٤٠ ئافرەت و ٦٦٣ پیاو بوون. پەنجا لەو کەسانە یەکەم رۆژ گەیاندرانە نەخۆشخانە. ئەو کردارە، لە رۆژنامەی (ئیندیپێندەنت)دا بڵاو کرایەوە. بە گوێرەی وەسفی نەخۆشیەکان، بۆمان دەرکەوت کەوا نیشانەکان لە کاریگەریی ژەهری دەماری (ئۆرگانۆفۆسفۆرەس) دەچن، بۆ نموونە، زگ چوویی، ڕشانەوە، زگ ئێشە، شەلەلی کاتی، زمان لەنگ بوون، بێ توانایی رۆیشتن، بێ تاقەتی و چاو زەعیفی، هی تر. بەڵام بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە، پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەبوو. ئەوسا، تورکیا رێگەی لێکۆڵینەوەی لەو جۆرەی نەدەدا. بێجگە لەوەش، کە پۆلیسی تورکی و مەسئولەکانی

کەمپەکە زانیان هەواڵەکە بڵاو بۆتەوە، دەرگای کەمپیان داخست و رێگەی هاتوچۆی خەڵکیان بڕی. بۆ ئەوەی بەڵگەکانیش شوونبزر بکەن، تەواوی پاشماوەی نانە ژەهراویەکەیان لەناو کەمپەکە کۆکردەوە، و نانەوای کەمپەکەش (کە بە ڕەگەز عەرەبی ماردین بوو و پەناهەندەکان شکیان لێ دەکرد) لەو ناوە نەما.

حکومەتەکانی بەریتانیا و ئەمەریکاش لەوکاتە نەیاندەویست کەس لەو بابەتە بکۆڵێتەوە. بەڵام بۆ کاری لۆبیکردن و بەرگریکردن لە مافی پەناهەندەکان، پێویستیمان بە بەڵگە بوو. ئەو کاتە هەڵگری پاسپۆرتی پەناهەندەیی بووم و تورکیا ڤیزەی پێ نەدەدام. بۆیە، داوام لە (گوین رۆبەرت)ی رۆژنامەوان و (جۆن فۆران)ی پزیشکی خێرخواز (سەرۆکی ئینتەرناشنەل مێدیکەل رِیلیف) کرد کەوا بچنە شاری ماردین و خوێنی چەند نەخۆشێك ونموونەی نانە ژەهراویەکەمان بۆ بهێنن.



THE INDEPENDENT

Kurdish refugees 'poisoned'

Ankara — Hundreds of Iraqi Kurds in a refugee camp in south-east Turkey, who are apparently suffering from food poisoning, may have eaten food that was intentionally contaminated, Turkish officials conceded, writes Tim Kelsey.

The Kurds who have been in Mardin camp near the Iraqi border since they fled from poison-gas attacks in Iraq last October, say that 3,000 refugees were poisoned after eating bread laced with rat poison, and that 50 are critically ill. They allege Iraqi agents were responsible for adulterating bread delivered to them on 8 June. The governor of Mardin, Aykut Ozen, said he believed the outbreak was caused by mouldy dough, but he could not dismiss other claims. He said some of the bread has been sent to Ankara for analysis.

١٢ ی حوزەیرانی ١٩٨٩

گوین رۆبەرت پەیوەندی بە کەناڵی (ئای تی ڤی) بەریتانیەوە کرد و توانی رازیان بکات بەوەی مەسرەفی هاتوچۆی خۆی و جۆن فۆران بگرنە ئەستۆ. منیش سرنج و کەلوپەلی خوێن وەرگرتن و قوتوی گواستنەوەم بۆ دابین کردن. ئیتر ئەوانە لە رۆژی ١٣ی یۆنیۆ فڕین و گەیشتنە ماردین. لەوێ شوفێری تەکسیەك بردنی بۆ نزیك ئۆردوگاکە، بەڵام نەیانتوانی بچنە ژوورەوە، و دەشترسان میتی تورکی زەفەریان پێ ببا وەیان گرفتیان بۆ پەیدا بکات. دوایی توانیان کامیرا و کەلوپەلی سامپڵ وەرگرتن بگەیەننە ناوەوەی کەمپەکە. یەکێك لە

پەناهەندەکان وێنەی نەخۆشەکان و بارودۆخی ناو کەمپەکەی گرت، و برین پێچێکی پەناهەندە، خوێنی هەشت نەخۆشی وەرگرتبوو. جۆن فۆران و گوین رۆبەرت، توانیان هەر هەشت سامپڵی خوێن و سامپڵی نانە ژەهراوی کراوەکە (کە پەناهەندەکان شاردبوویانەوە) بگەیەننە بەریتانیا.

لەگەڵ گەیشتنی سامپڵی خوێن و نانەکان، دابەشمان کردە چوار بەش، و ناردمانن بۆ بۆ تاقیگەکانی بایۆکێمستری لە زانکۆی (ساوثهامپتن)، و (گیلفۆرد) و نەخۆشخانەی (سانت لوکس) و تاقیگەی (پۆیزن یونیت) لە (گایز هۆسپیتەڵ). ئەو سەنتەرانە ناوبانگی جیهانیان لە پشکنین و لێکۆڵینەوەی ژەهردا هەیە، و لە هەریەکەشیاندا پشکنینی تایبەت بە ژەهری میتاڵی دەمار (وەك جیوە، قورقوشم، باریۆم، کەپەر، مایکۆتۆکسین و هی تر) ئەنجام دران. لە رووی زانستیەوە، بەڵامانەوە گرنگ بوو کەوا هەر دیاردەیەك کە یەکێك لە سەنتەرەکان بەدی دەکرێت، لە سەنتەرێکی بێ لایەنی جیاکراوە دوپات بکرێتەوە. لە دوا سات لە پشکنینەکان دەرکەوت کە نەخۆشەکان دووچاری مادەی گازی دەمار بووە و لە (سیرەم)ی خوێنیاندا بەدەر کەوتوە. ئەگەرچی بەڵگەکان راستەوخۆ دیار بوون، بەڵام زانا ژەهرناسەکان ویستیان دڵنیا بن و بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك هەر خەریکی تاقی کردنەوە و بەراوردکردنی خوێنی نەخۆش و خەڵکی تەندروست بوون. لە سەرەتای ئابی ١٩٨٩ دا دوا هەواڵمان پێ گەیشت کەوا زانایەکان دڵنیا بوون و راپۆرتی کۆتایی پشکینیەکانیان پێ بەخشین.

ئەو رۆژە، گوین رۆبەرت یەکسەر چووە دیدەنی سەرۆکی بەشی هەواڵەکان لە کەناڵی (ئای تی ڤی) و ماوەی چەند کاتژمێرێك لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ. دەرهێنەری بەشی هەواڵ لە کەناڵەکە رازی بوو کە لە ١٤ی ئابدا هەواڵی ژەهر خواردنەکە و وێنە و فلیمی نەخۆشەکان (هی مانگی تەمموز) و دیمانەی تایبەت لەگەڵ زاناکان و ئەنجامی پشکنینەکان پەخش بکات. دوایی من و ئەندامانی KSMA کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیمان بۆ گوین رۆبەرت و جۆن فۆران و ئەلیستەر هەی لە کاتژمێری ٢ی پاش نیوەڕوی ١٤ی ئاب رێك خست، تاوەکو لەگەڵ پەخش کردنی ئای تی ڤی دا، هەواڵەکان لە زۆربەی رۆژنامە و کەناڵەکانی دنیا پەخش بکرێت و هەواڵەکەش بە باشترین شێوە دەنگ بداتەوە. کۆنگرەکەمان لە ناو سەنتەری لەندەن، لە هۆڵی (Quaker International Centre) دامەزراند، و دەستەیەك لە رۆژنامەنووسانی جیهانی و کامیرای کەناڵەکان هاتن. لەوانە، رۆژنامەی (حوریەت) و (دەیلی نیوز)ی تورکی، و ئەسۆشیەتد پرێس، و ئەژانس فرانس پرێس، و دەیلی تەلەگرافی تێدا بوو. لە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ (بەر لە

کۆنگرەکە بە کاتژمێرێك)، هەواڵەکە بۆ ماوەی ٣ دەقیقە لە کەناڵی (ئای تی ڤی) بڵاو کرایەوە. کە ئەو رۆژنامەنوسانەی هاتنە کۆنگرەکە، هەواڵەکەیان گوێ لێ ببوو.

هەر ئەو رۆژە، رادیۆ و تەلەفزیۆنی تورکی بابەتەکەیان لە ناو تورکیا پەخش کرد، و حکومەتی تورکی ئینکاری ئەو رووداوەی دەکرد و گۆتەبێژەکەی دەیگوت تەنیا چەند کەسێك تووشی (تەسەموم)ی خواردن بوون و ژمارەکان لەوە کەمتر بوون کە لە راپۆرتەکەدا هاتوون، وە خەڵکەکە زوو چاك بوونەوە. لە ١٥ی ئاب دا، رۆژنامە بەریتانیەکان (وەك ئیندیپێندەنت و دەیلی تەلەگراف) وردەکاری زیاتریشیان لەسەر هەواڵەکان بڵاو کردەوە، و بە هۆیەوە فشار لەسەر حکومەتی تورکی و عێراقی بەرەو زیاتریش دەچوو.

دوای ئەوە، ئەنجامی پشکنینەکانمان لە هەفتەنامەی زانستی جیهانی (لانسێت، Lancet)دا بڵاو کردەوە. بڵاو کردنەوەی ئەنجامەکان لە گۆڤاری لانسێتدا کارێکی زۆر زەحمەتە، و ماندووبوونی زۆری گەرەکە و کاتێکی زۆریش دەخایەنێ، و ئەگەر بەڵگەکان لە ئاستێکی بەرزی زانستیدا زۆر متمانە پێکراو نەبن گۆڤارەکە بڵاویان ناکاتەوە. بەڵام ئەو کارە زەحمەتە ئەوەندە دەهێنێ کە بۆی هەوڵدەین چونکە بە هۆیەوە بڕواپێکراویەتی ئەنجامەکان زیاتریش دەبێ. کە لە ٣ی شوباتی ١٩٩٠دا، وتارە زانستیەکە لە لانسێتدا بڵاو بووەوە، ئەوە بە مەزنترین دەست کەوت دەژمێردرا، چونکە بە هۆیەوە بابەتەکە دیسان لە جیهاندا دەنگی دایەوە و جۆشێکی نوێیدا بە کەمپەینەکەمان. هەواڵەکە سەرلەنوێ لە چەندین رۆژنامەی گشتی (وەك گاردیان و تایمز و ئیندیپێندەنت، هیرالد تریبون و رۆژنامە لۆکالەکانی وڵاتە ئەوروپیەکان) بڵاو کرایەوە. شایانی باسە کەوا گۆڤاری هەفتەنامەی لانسێت بەبێ ڕەقابەی حکومەتی عێراقی دەگەیشتە هەموو پەرتوکخانە و نەخۆشخانە و زانکۆکانی عێراقی، بۆیە خەڵکێکی زۆر لە ناوەوەی عێراقیش بەو کارەیان زانی. بە هەمان شێوە، گۆڤاری (میدڵ ئیست هێڵث) کە پوختەی بڵاوکراوەکەی لانسێتی هەڵگرتبوو و دیمانەی لەگەڵ من ئەنجامدابوو و زانیاری زیاتریشی لە سەر کارەساتەکەی تێدا نوسرابوو، ئەویش بە بێ ڕەقابە گەیشتە دەستی پزیشکانی عێراقی و راستی رووداوەکان لە ناو عێراقدا بڵاو کردەوە.

ئەنجامی پشکنینی خوێنی پەناهەندەکان و
بەڵگەی ژەهراویبوونیان بە ژەهری دەمار،
لە گۆڤاری لانسێت بڵاوکرایەوە
٣ شوباتی ١٩٩٠

## Poisoning of Kurdish refugees in Turkey

SIR,—Poisoning by an unknown agent was reported in June, 1989,[1] to have affected some 2070 Kurdish refugees (667 children, 740 women, 663 men) living in Mardin camp in Turkey (total population 15 157). The refugees had fled from Iraq in 1988 to escape government forces harrying them with chemical and conventional weapons. The symptoms were diarrhoea, abdominal cramps, vomiting, disturbance of speech, disorientation, inability to walk on a straight line, general weakness, and temporary paralysis of the limbs; recovery was slow. The symptoms suggested some neurotoxic agent(s). Samples of blood and bread (thought to have been the vehicle for the poison) were brought back to the UK by J. F. and by Mr Gwynne Roberts, a television journalist.

Blood was taken from 20 very sick men, women, and children (aged 2–50) five days after the occurrence of symptoms. Only 8 samples could be transported to the UK. Blood was put in sterile heparinised plastic tubes and kept at ambient temperatures for five days before analysis. Qualitative analysis for neurotoxic heavy metals was done in the clinical biochemistry departments of the University of Southampton, St Luke's Hospital, Guildford, and in the poison unit, Guy's Hospital Medical School. Thallium, mercury, lead, copper, and barium were sought by inductively coupled plasma-source mass spectrometry. One laboratory reported lead, mercury, and barium in one sample of bread and in two blood samples; the other two laboratories could not confirm those findings in the same, or other, samples. Screening for trichothecene mycotoxins in bread was done after extraction and elution on charcoal-aluminium columns.[2] No mycotoxins were detected. Screening for nitrogen/phosphorus compounds was done by gas chromatography and gas chromatography/mass spectrometry.

Cholinesterase activity was assessed in two blood samples by measuring the changes in absorbence at 405 nm (EPOS 5060 analyser) resulting when the chromogen 5,5′-dithiobis(4-nitrobenzoic acid) reacts with the thiocholine iodide produced by the action of the enzyme on a highly diluted sample of acetylthiocholine iodide. The assay was calibrated with acetylcholinesterase of known activity. The two samples evinced severe inhibition, the lower limit of normal for cholinesterase being about 9·0 kU/l:

| | *Cholinesterase activity (kU/l) in blood:* | | |
|---|---|---|---|
| *Sample* | *Untreated* | *Treated with prallidoxime* | *Treated with bread extracts* |
| Test 1 | 7·0 | 17·0 | .. |
| Test 2 | 4·8 | 15·4 | .. |
| Control 1 | 20·4 | 25·8 | .. |
| Control 2 | 15·1 | .. | 15·2 |
| Control 3 | 25·6 | .. | 23·0 |

To ensure that high ambient temperatures had not reduced the cholinesterase activity a standard solution of pure enzyme was kept at 25°C for five days. The enzyme activity in this sample did not differ from that of a freshly thawed standard. To exclude genetic or nutritional causes for the low enzyme activity, a cholinesterase reactivator, prallidoxime (4 μg per 500 ml blood), was introduced to reactivate the cholinesterase in the two samples and in the controls. Prallidoxime will also remove organophosphates attached to the activity site of the cholinesterase causing an increase in enzyme activity. A three-fold increase in activity was recorded in the samples whereas the increase was only 20% for the controls.

Gas chromatography of the test blood samples revealed only one significant peak, indicating a nitrogen/phosphorus compound. This was identified as 2-hydroxyethylbenzthiazol, a product of ethylene oxide (a sterilising agent) and benzthiazol (a vulcanising agent), and was almost certainly present in the syringes used to collect the samples. In control samples a large concentration of 2-hydroxyethylbenzthiazol (200 μg/ml) had no detectable effect on cholinesterase activity either immediately or after five days' incubation at room temperature.

A sample of bread was extracted into diethyl ether and the solvent was evaporated to dryness. Some of the residue was then added to two reference blood samples. There was only a very small and not significant decrease in cholinesterase activity.

We would have liked to have had more blood samples but the 8 analysed were smuggled out at great risk, and the Turkish authorities would not allow independent medical investigators into the camps.

The symptoms reported were consistent with poisoning by a neurotoxic agent, but there were very many possibilities so the three laboratories were asked to look for particular agents. The finding of heavy metals in some samples by one laboratory could not be repeated by the other two, which suggested that metals, if present, were not at concentrations sufficient to cause the symptoms. Valuable material was used up in the screening process, and it was only as a last resort that the two remaining specimens were tested for cholinesterase inhibition. The findings point to a potent nerve agent (organophosphorus) as the cause of the poisoning.

Commercially available organophosphorus pesticides are an improbable source of the poisoning because of their low toxicity. Their foul smell and taste would make it difficult for anyone to consume sufficient to cause the symptoms reported. Organophosphorus pesticide metabolites are quite easy to detect but none were found by the UK National Poison Unit. Nerve gases cannot be ruled out. They would cause some of the symptoms

reported, but some equally toxic organophosphate may have been responsible. Organosphosphorus chemical warfare agents inhibit acetylcholinesterase and do so rapidly. The rate of recovery is determined by the degree of poisoning and by what caused it, and enzyme activity can remain depressed for weeks.

Inhibition of acetylcholinesterase would explain the symptoms reported by most of the patients in Mardin, and the rate of recovery. The fact that no traces of an organophosphate agent were found might be explained by the time delay between poisoning and blood collection. Bread had been singled out as the most likely source of the poisoning but we can find no evidence to support this claim. The bread sample we received may not have been representative or a toxic organophosphate originally present in the bread may have been inactivated. No detailed investigation in the camp was done and the source of the cholinesterase inhibiting agent remains unknown.

These refugees had fled from chemical attacks on their homes in northern Iraq in August, 1988. They now claim to have been the victims of another mass-poisoning attempt. The evidence available does suggest something very sinister. It is unlikely that we are talking about a common commercially available chemical, so the chance of accidental poisoning is remote. Most of the victims have recovered, and the UN High Commission for Refugees now has access to Kurdish refugee camps in Turkey. If this poisoning was, as we strongly suspect, deliberate, it has serious implications for the international community.

We thank Dr J. Henry and Dr B. Widdop (National Poison Unit, Guy's Hospital); Dr A. Walker and Dr A. Taylor (St Luke's Hospital, Guildford); and Dr T. Delves and Mr C. Fellows (Southampton University) for help and advice.

Kurdish Scientific and Medical Association,
London WC1 — DLAWER ALA'ALDEEN, JOHN FORAN

Poison Unit,
New Cross Hospital, London — IVON HOUSE

Department of Chemical Pathology,
Old Medical School,
University of Leeds,
Leeds LS2 9JT, UK — ALASTAIR HAY

1. *Independent* June 2, 1989.
2. Thomas R, Romer J. The use of small charcoal/alumina clean-up columns in the detection of tricothecene mycotoxins in foods and feeds. *J Assoc Off Analyt Chem* 1986; **69:** 699–703.

THE INDEPENDENT Saturday 3 February 1990

# Iraqis accused of poisoning Kurds

By **Hugh Pope** in Ankara and **Harvey Morris**

PANIC spread through the crowded tenements where 11,500 Iraqi Kurdish refugees live outside the south-eastern Turkish town of Diyarbakir as hundreds fell ill after eating contaminated bread with their evening meal late on Thursday night. Turkish officials blamed bad yeast for the mass poisoning, but Kurdish groups said the bread was deliberately spiked.

The incident coincides with a letter in today's *Lancet* in which a group of toxicologists who studied a similar mass poisoning in the Turkish camps last year said there was strong suspicion that the earlier case had been deliberate.

In Diyarbakir, about 2,000 refugees, most of them women and children, were ferried to hospitals, vomiting, fainting and complaining of stomach cramps and swelling limbs. By late on Friday, 150 were still being treated, although few serious cases remained.

Although the Turkish officials blamed yeast contamination, Ekrem Mayis, the Diyarbakir Kurds' leader, accused Iraqi agents of putting toxic chemicals into the bread at the camp's bakery. Refugees said there had been unusual yellow spots in the bread as in a similar poisoning incidents in another Kurdish camp at Mardin last year.

Mr Mayis said Baghdad wanted to force refugee Kurds to disperse or to take the road back south to Iraq, where a steady stream of refugees has headed in recent months, despairing of an improvement of their lot in Turkey.

Today's letter to *The Lancet* was signed, among others, by Dr John Foran, who together with the British journalist, Gwynne Roberts, visited the heavily-patrolled Mardin camp where 2,070 refugees were poisoned last year, and smuggled out blood and bread samples. Intensive examination of the samples by a number of specialist establishments in Britain, using gas chromatography and mass spectrometry, pointed to the "a potent nerve agent (organophosphorus) as the cause of the poisoning".

The letter, which is also signed by Dlawer Ala'aldeen of the Kurdish Scientific and Medical Association, Ivon House of the Poison Unit at New Cross Hospital in London and Alistair Hay of the Leeds Department of Chemical Pathology, concludes: "The evidence available does suggest something very sinister.

"It is unlikely that we are talking about a common commercially available chemical, so the chance of accidental poisoning is remote . . . If this poisoning was, as we strongly suspect, deliberate, it has serious implications for the international community."

شایانی ئاماژەیە کە گۆڤاری لانسێت، کە پەیوەست بوو بە بواری زانستی پزیشکی، بە بێ سانسۆردەگەیشتە سەرجەم کتێبخانەکانی نەخۆشخانە و زانکۆکانی عێراق. لە ئەنجامدا زۆرێک لە ناوخۆی عێراق، پزیشک و ئەکادیمی و خوێندکار، ئاگاداری بەڵگەکان بوون. هەر لەو ماوەیەدا، (تەندروستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کە پوختەیەکی بابەتەکەی لانسێتی بڵاوکردەوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردم و ڕوماڵی زیاتری کارەساتەکەی بەڕێوەبرد. ئەو بڵاوکراوەش، گەیشتە دەست پیشەگەرە پزیشکییەکانی عێراق و یارمەتیدەر بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان سەبارەت بەو شتانەی کە لە ناوخۆی عێراقدا ڕوودەدەن.

**Middle East HEALTH**

MARCH 1990
VOLUME 14 NUMBER 3

## Doctors back refugees' chemical attack claims


KURDISH refugees who fled to Turkey in fear of chemical attacks in Iraq, appear to be victims of deliberate mass poisoning.

Last June over 2000 Kurdish refugees at the Mardin refugee camp in Turkey suffered mysterious poisoning. Blood samples from eight affected people have been analysed at three laboratories in the UK.

In a letter to *The Lancet* (February 3 p287-8) doctors who analysed the samples say the results strongly indicate that some form of nerve agent was involved, possibly as a contaminant of food. They 'strongly suspect' that the poisoning was deliberate.

Symptoms included diarrhoea, vomiting, stomach cramps, speech disturbances, disorientation, weakness and temporary paralysis. Those worst affected took many weeks to recover.

*Kurdish refugees seek medical help in Turkey.*



The samples were first screened for heavy metals and for mycotoxins but with negative results. Then the remaining samples were tested for cholinesterase activity and both showed severe inhibition of the enzyme, pointing to a nerve agent of some kind.

Iraq used nerve gases in conditions of open warfare in The Gulf War. Now, it seems, they have found a new use:to contaminate the food of unprotected civilians.

Doctors faced with people affected by these agents may use atropine and oximes to treat the symptoms, according to Dr Dlawar Ala'Aldeen of the Kurdish Scientific and Medical Association and one of the authors of the *Lancet* paper.

As a first line of treatment and if symptoms are severe, involving convulsions, large doses of atropine should be given up to 2mg intravenously every five minutes until the effects begin to subside.

But is should never be used in the absence of such poisoning as it can have fatal side-effects.

A second line of treatment is to try to reactivate the enzyme by giving an oxime. But this has only limited effect. The enzyme inhibition caused by nerve agents is usually irreversible. Moreover, they can have serious side-effects.

In some cases valium has proved helpful given as 5mg intravenously every 10 minutes up to a total of 15 mg. But treatment is mainly supportive, providing artificial ventilation where possible and removing secretions from the bronchial tubes when necessary. Symptoms disappear slowly as the body makes new enzyme,which can take several weeks.

But since the decision to use atropine and oxime rests on knowing beyond reasonable doubt that a nerve agent is responsible it is important to establish this as soon as possible.

Doctors faced with this situation should take as many blood samples as possible, says Dr Alastair Hay of Leeds University Chemical Pathology Department, another of the *Lancet* authors. Whole blood or serum can be used but it should be frozen or kept as cool as possible until cholinesterase activity can be measured.

Dr Hay also suggests that doctors try to obtain samples of the agent itself if the food or other substance used to introduce it can be identified.

## بەردەوامی پێدانی لۆبی لە ڕێگەی میدیاکانەوە

## بە هەواڵ و چیرۆك و فشاری بەردەوام

هەڵبەت، لە کاتی شێنەییدا، ئاسان نیە کە ئاستی ئاگاداری خەڵك و حکومەتەکان لە قەیرانی میللەت و بزوتنەوەکەدا بە بەرزی بەردەوامی پێ بدرێ. بۆیە، لە هەوڵی لۆبیکردندا، ئێمە بەدوای هەر عوزرێکی بچوك یان مەزن دەکەوتین بۆ ئەوەی دەنگ و سەدای کورد بەردەوام بێ و فشاریش لەسەر دۆست و دوژمنەکانمان درێژەی پێ بدرێ. سیاسیەکان خۆشحاڵ دەبن بەوەی کە لەدوای ماوەیەك لە کرژی و ئیحراج بووندا، کات بەسەر ڕووداوەکان تێ بپەڕێ و پێشێل کردنی مافی میللەتی بندەستەیان لەبیر بکرێ. بەڵام لە دوای ون بوونی هەواڵ، ئێمە خەریکی پەیدا کردنی چیرۆکی هەواڵ بووین و لەوەشدا سەرکەوتنمان بەدەست دەهێنا.

هەرکاتێکی کە هەواڵێکی پزیشکی یان زانستی نێگەتیف لە کوردستان یان لە عێراق دەگەیشتە جێ، بە زووترین کات هەوڵمان دەدا کە بە باشترین و کاریگەرتریان شێوە بۆ ڕیسوا کردنی ڕژێم بەکاریان بهێنین. هەڵبەت، ڕۆژنامەکان مینبەرێکی باش بوون و سەدایان هەردەم زۆر بوو،

THE INDEPENDENT Tuesday 6 September 1988

# Iraqi death threats halt Kurds' escape

**From Tim Kelsey**
in Yuksekova,
south-eastern Turkey

THE IRAQI military is blocking the transfer of some of the 150,000 Kurdish refugees camped along the Turkish border to safer havens inside Turkey by threatening to kill any Turks who escort *peshmerga* fighters and their families along the border road, which twists at places into Iraq.

Sahobatin Harput, the governor of the provincial town of Hakkari, yesterday said that efforts to move the refugees from the exposed south-eastern border area to more secure resettlement camps, thereby reducing the possibility of Iraqi attacks, were practically at a standstill because of the Iraqi threats.

Villagers at the border said that Iraqi soldiers across the stream that divides the two countries had shouted warnings that they would die if they helped any *peshmerga* to safety. As a result, Turkish lorry drivers were refusing to drive refugees to camps further west and coach companies in the nearby city of Van were refusing to supply vehicles. The governor admitted that only 25 trucks had so far been found. "Things are moving very slowly," he said. "We are moving only about 500 people a day out of danger."


The Iraqis have been making incursions into Turkish territory over the past few days and there are unconfirmed reports that Iraqi and Turkish forces clashed at the border on Sunday.

Two thousand refugees have been moved eastwards to camps near Yuksekova on the Iranian border, but they have not yet received supplies or medical equipment from the Turkish Red Crescent. But there is no starvation and basic medical supplies are available.

A group of opposition MPs from the Social Democratic and Populist party on a fact-finding mission in the area have expressed concern that most of the refugees are still without shelter and will suffer badly as winter approaches. Yesterday it rained in a camp near here and refugees spent the night underneath bushes, trying to comfort their freezing and under-nourished children. The MPs support the government's efforts to help but questioned why no international relief agencies had been approached for help. "This is an international problem," said one of the MPs, Hikmet Cetin. "The government must ask for help in dealing with it. I don't know why they refuse to do so."

Reports reaching here from Iraq indicate that the problems facing the Kurds are becoming acute. Masoud Barzani, leader of the Kurdish Democratic Party, which most of the refugees support, is said to be surrounded by Iraqi troops in the border area near the Turkish town of Semdinli. There are also rumours among the refugees that the Iraqi government has established "concentration camp" compounds near the border for any Kurds caught trying to flee.

Some refugees have formally applied for asylum in Turkey. Others have chosen to go to Iran. Turkish officials hope that most of them will ultimately choose to settle in Iran. They are stressing that the influx of Kurds poses a potential security risk to the Turkish military, who are only in the south-east in force because of the presence of Turkish Kurdish guerrillas, the PKK. Tehran has said that it is prepared to accept all the refugees. Four thousand have so far travelled over the border into Iran, to be met by Iranian Revolutionary Guards in Semdinli.



Turkish commandos stand guard over a group of Kurds who gave up their guns after crossing into Turkey to escape Iraqi troops.

For all the tension that the Kurds have created in this part of the country, one of the striking features remains the level of help they have received from the local people. Many of the population here have relatives in northern Iraq and the majority speak Kurdish as their mother tongue.

Everybody is concerned to find out exactly what is happening in northern Iraq. It was for that reason that the better part of the town of Hakkari crowded into the local cinema to hear the conclusion of the opposition MPs on the use of chemical weapons against the Kurds. The MPs said there was proof of their use. The local governor later went one step further. "A medical team," he said, "found two dead Kurds. They took parts of their bodies for an autopsy. There is no doubt that the Iraqis have been using chemical weapons."

بەڵام ئەگەر هەواڵەکان، یان سەرچاوەی هەواڵەکان یان شێوەی دارژتنیان میسداقیەتی نەبێ، ئەوا ئاسان نیە کە رۆژنامەکان ئیهتیمامیان پێ بدەن و بڵاویان بکەنەوە. کە هەواڵێکی پزیشکیش لە زمانی تاکە کەسێکی یان سیاسیەکی کوردەوە بڵاو دەکرایەوە، ئەوا دیسان میسداقیەتی زۆر نەدەبوو. بەڵام کە هەواڵەکە، بە بەڵگەوە و بە زمانی زانستی لە گۆڤارێکی رێز لێگیراوی جیهانیەوە بڵاو دەبووەوە، ئەوا سەدایەکی زۆرتر و کاریگەریەکی پتری دەبوو.

بۆ نموونە، هەواڵمان بۆ هات کەوا خەڵکێکی زۆر لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان لەناکاو تووشی نەخۆشی تیفۆ (گرانەتا) بوونە. ئەو ژمارە زۆرەی کە باسیان لێوە دەکرد، کەم بە کاری سروشتی رووی دەدا. پێشمەرگە و پزیشکەکانی ناوچەکە شکیان لە رژێمی عێراقی بوو، بەوەی کە رەنگە ئاوی ئەو ناوچەیەی بە ئەنقەست بە میکرۆبی تیفۆ پیس کردبێ. بۆ بەکارهێنانی ئەو هەواڵە لە کاری لۆبیدا، هەوڵمدا لە رۆژنامە گشتیەکان بڵاوی بکەمەوە، بەڵام هیچ کامێکیان هەواڵەکەیان بە جیدی وەرنەگرت. منیش هەواڵەکەم بە خاتو (جودیث پارێرا)ی رۆژنامەوان گەیاند و ئەویش لە گۆڤاری زانستی (نیو ساینتیست)ی بەناوبانگ، لە ٢٢ی سێپتێمبەری ١٩٨٨ دا، بڵاوی کردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەش دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوە، و ئەوجا رۆژنامە گشتیەکان وەریان گرت و خۆیشیان بڵاویان کردەوە، هەروەك ئەوەی (سەندەی تەلەگراف) لە ٢٥ی سێپتیمبەردا.



# New evidence of Iraqi germ war

by Con Coughlin

NEW EVIDENCE has emerged that Iraq is using biological weapons in its attempts to crush rebel Kurdish areas in the north of the country.

Relief workers believe an uncontrollable outbreak of typhoid fever in the Kurdish city of Sulaimaniya has been caused by a special bacteria cultured by Iraqi scientists in laboratory conditions.

Scores of Kurds have died from typhoid in north Kurdistan since Iraq launched its offensive against Kurdish guerrilla groups and relief workers fear the virus could soon reach epidemic proportions.

Iraq has repeatedly denied using chemical weapons against the Kurds despite the fact that hundreds of Kurdish refugees who have fled to Turkey have been treated for injuries consistent with being attacked by chemical gas.

Now Kurdish doctors, mounting a relief operation in Sulaimaniya, are convinced Iraq has introduced biological weapons into its arsenal of banned weapons.

Major outbreaks of typhoid from contaminated water usually involve several different strains of bacteria, and usually include other organisms, such as cholera.

But according to Dr Dlawer Alaaldeen of the Kurdish British Medical and Scientific Support Group, quoted in this week's edition of *New Scientist*, all the bacteria so far isolated in Sulaimaniya are from a single typhoid strain.

If Iraq is using biological weapons it will be the latest in a long line of banned weapons it has used to curb the Kurdish rebellion.

Kurdish villages in the Sulaimaniya and Irbil regions have been bombarded with mustard gas since April 1987 and the Iraqis also put thallium into food.

The Sunday Telegraph 25/9/1988

THIS WEEK

# Kurds claim Iraq bombed city with typhoid



*Hundreds died in this gas attack on Halabja last March*

لێرەدا، گۆڤاری بەناوبانگی جیهانی (نیو ساینتیست) هەواڵی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی تیفۆی لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان بڵاوکردەوە

IRAQ may be using biological weapons in its attempt to reassert control over rebel Kurdish areas in the north of the country, according to Kurdish doctors. Dr Dlawer Alaaldeen of the Kurdish British Medical and Scientific Support Group (SMSK) says that an uncontrollable outbreak of typhoid fever in the city of Sulaimaniya may be caused by bacteria that have been cultured in the laboratory.

Normally, any major outbreak of typhoid arising from contaminated water will involve several different strains of the bacteria, and often other organisms such as cholera. But in Sulaimaniya, all the bacteria isolated so far have been of a single typhoid strain, Alaaldeen said last week.

Typhoid has long been included in the world's biological arsenals. Although it can be controlled by vaccination and antibiotics, it may still be effective against communities without sophisticated facilities for health care.

The organism, *Salmonella typhi*, grows rapidly on simple media and can be prepared easily. Just one kilogram of freeze-dried typhoid culture would contaminate a city's water supply.

Iraq has used chemical weapons regularly against the Kurds, who have been demanding autonomy from Iraqi rule for almost 30 years. The most horrifying instance was in Halabja last March when around 6000 people were killed, probably by a nerve gas called tabun.

The gas acted rapidly, leaving no marks on bodies. Some reports said hydrogen cyanide was used, but it is more likely that hydrogen cyanide was produced by a reaction between impurities in the tabun and ground water.

In April 1987 and again last April, several Kurdish villages in the regions of Sulaimaniya and Irbil were bombarded with mustard gas. After the attacks in 1987, 368 Kurdish civilians sought medical help in the main hospitals of the major cities—Sulaimaniya, Kirkuk and Irbil. The authorities instructed the hospitals to refuse treatment, unless the victims first signed a statement to say that it was Iran that had attacked them with gas. Later, all 368 were arrested and sent to prison in Irbil where they were executed, say the Kurds.

Last December, according to Kurdish sources, Iraq put thallium into food destined for Kurdistan. Several Kurds have been treated recently in London for thallium poisoning.

Iraq's main chemical weapons plant is at Samarra, 60 kilometres northwest of Baghdad. It occupies 25 square kilometres inside a 160-square-kilometre exclusion zone. The equipment, designed for a pesticide plant, was bought mainly from firms in West Germany (Quast and Karl Kolbe), the Netherlands (KBS and Melchennie) and Italy (Montedison).

At first, Iraq bought the chemicals required as feedstock for the weapons plant from Europe through its State Enterprise for Pesticide Production (SEPP). But when European countries imposed export restrictions in 1985, Iraq built its own plant at Falluja on the banks of the Euphrates. A new research complex to develop more sophisticated chemical weapons has also been built at Salman Pak, southeast of Baghdad.

At Samarra, Iraq is believed to produce around 60 tonnes a month of sulphur and nitrogen mustard, 4 tonnes of tabun and 4 tonnes of the more deadly nerve gas, sarin. Records of chemical purchases by SEPP suggest that Iraq is also planning to produce the nerve gas VX, which is several times more toxic than sarin and much less degradable.

Iraq's development and use of this substantial chemical arsenal has met with relatively little censure, despite its direct violation of the 1925 Geneva Protocol, which bans the use of gases in war. Iraq has signed and ratified the protocol.

Iraq has not signed the 1972 treaty banning the production of biological weapons. Now that the Gulf war is over, the Kurdish population fears that Iraq will use it increasingly as a testing ground for any new chemical and biological weaponry. □

کە کۆنفرانسێك یان کۆبوونەوەیەکی زانستی گرنگ ئەنجام دەدرا، رۆژنامە و میدیاکان زۆرجار گرنگیان پێ دەدا، و ئەوانەش دەبوونە هۆیەك یان فرسەتێك بۆ دەنگدانەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگاداری گشتی. لە مانگی مایۆی ١٩٨٩ دا، وەك نوێنەری KSMA و پسپۆڕێکی بابەتی چەکی کیمیابارانی کوردستان، بانهگێشت کرام بۆ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە شاری جنێف (لە کامپی نەتەوە یەکگرتووەکان). نوێنەری دەیان وڵات و رێکخراوی پسپۆڕی و زانستی بەشداربوون و داتای زانستی تازەیان لەسەر کاریگەری کیمیایی و رێگاکانی چارەسەر و بەرگری نەخۆشی تێدا بڵاو کرایەوە. لەوێ، داتای کیمیا باران و برین و هۆی مردنی قوربانیەکانم پێشکەش کرد. لەوێ گرنگ بوو کەوا لە ڕوانگەی زانیارێکی کوردەوە داتاکان پێشکەش بکرێن. ئەو ڕوانگەیەش لە بڵاوکراوەکانی دواتردا جێگیر بوون. راپۆرتی کۆنفرانسەکەم لە گۆڤاری (پزیشك و شەڕ، Medicine and War) بڵاو کردەوە.

MEDICINE AND WAR, VOL. 5, 197–204 (1989)
*CONFERENCE REPORT*

# ICHP Conference: Towards Disarmament—Combatting the Use of Chemical and Biological Weapons and Exchanging Information on Diagnosis and Treatment of Victims of these Weapons

DLAWER ALA'ALDEEN MSc MBChB DTM&H
*Physician, and Secretary, Kurdish Scientific and Medical Association, BCM Box 5952, London WC1N 3XX*

The main objectives of an international conference in May 1989 on chemical and biological weapons (CBW) were: (1) To discuss and exchange information and experience of the protection and treatment of victims of the use of CBW; the investigation of allegations of use of CBW; the development of ways of collaboration between experts and the United Nations on issues of CBW; and the mobilization of public opinion against CBW. (2) To constitute a special committee out of the conference that could continue the work of the conference on the above issues and co-ordinate the viewpoints of experts and concerned bodies; further, this committee could offer its services to the Secretary-General of the United Nations, investigate allegations concerning the use of CBW, and report its findings to the Secretary-General and to the Conference on Disarmament in Geneva.

KEYWORDS Chemical warfare Gulf War Halabja Biological weapons

لە رۆژی ٤ی فێبروەری ١٩٩٠دا، لە رۆژنامەی گاردیاندا خوێندمەوە کەوا (دکتۆر سەعید)ی وەزیری تەندروستی عێراقی سەردانی بەریتانیای کردووە بۆ ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و کڕینی شتومەکی بەریتانی. ئەوەم بە فرسەت زانی بۆ ئەوەی چیرۆکێکی لۆبی لێ دروست بکەم و وە بۆ فشار لە دژی عێراق و بۆ ئیحراج کردنی حکومەتی بەریتانی بەکاری بهێنم.

لە ئەوەلدا، نامەکەم بۆ (ولیەم وۆڵدگرەیف)ی کۆنە جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانی نوسی و بە پۆستە بۆیم نارد. تێیدا ناڕەزایی کۆمەڵگای کوردیم دەربڕیبوو لەوەی کە چۆن دەبێ وەزیری حکومەتێکی وا، کە خەڵکی سیڤیلی کیمیاباران کردووە، لە لایەن وەزیرێکی بەریتانیەوە پێشوازیی لێ بکرێ. بۆ ئەوەی کە فشاری زیاتر بخەمە سەر وۆڵدگرەیف و بۆ ئەوەی نامەکەشم پشت گوێ نەخات، هەمان نامەم لە رۆژنامەکەدا بڵاو کردەوە. ئەو کاتە، لە بەر مەترسی کوشتن یان بۆ پاراستنی سەلامەتی خزم و کەسم لە ناوەوەی عێراقدا، نەدەکرا ناوی خۆم لە رۆژنامەکەدا ئاشکرا بکەم، بۆیە لە ژێر ناوی (زانیار پزیشك) بڵاوم کردەوە (وێنەی نامەکەم و وەڵامی وۆڵدگرەیف لە خوارەوەیە)، ئەگەرچی ناوە راستیەکەم، لە نامە ئەسڵیەکەی بۆ وۆڵدگرەیفم نارد، بەکار هێنابوو.

وەڵامی وۆڵدگرەیف لە ١٩٩٠/٢/١٣دا نوسراوەتەوە و تێیدا دەڵێ کەوا" دکتۆر سەعیدی وەزیری تەندروستی عێراقی لەسەر داوای (دێیڤید میلەر)ی وەزیری تەندروستی بەریتانی سەردانی بەریتانیای کردووە. لە مانگی مایۆی ١٩٨٩دا میلەر سەردانی عێراقی کردبوو و دەعوەتنامەکەی پێشکەش کردبوو". ئەوجا دەڵێ "بەلای منەوە عەزل کردنی عێراق هیچ سوودێکی نیە. تەنیا بە هۆی بەردەوامکردنی دیالۆگ لەگەڵ عێراقیەکان، و پەیوەندی بەستن دەتوانین کار لە ڕەفتاری عێراقیەکان بکەین. دەتوانین بە هۆی پەیوەندیکردن لە ئاستی وەزیرەوە بیرو بۆچوونی خۆمان بە راشکاوانە لە سەر زۆر بابەت باس بکەین، کە مافی مرۆڤ یەك لەوانەیە. منیش لەگەڵ دکتۆر سەعید ئەو بابەتەم لە ٦ی فێبروەری باس کرد. بەریتانیا هەردەم ناڕەزایی دەربڕیوە لە دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤی کورد و بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە. ئێمە رۆڵی پێشڕەومان دیت لە تەبەننا کردنی مادەی ٦١٢ و ٦٢٠ی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە تێیدا حکومەتی عێراقی لەسەر بەکار هێنانی چەکی کیمیایی مەحکوم کراوە. ئێمە لە ساڵی پاردا پشتگیریکەری مادەیەکی گرنگی مافی مرۆڤ بووین لە کۆمیشنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، کە تێیدا ڕەخنە لە پێشێل کردنی

مافی مرۆڤ لە لایەن عێراقیەکانەوە گیراوە. عێراقیەکان دەبێ بزانن کە بەریتانیە بە راستیەتی کە نیگەرانە و دەبێ لە بواری مافی مرۆڤەوە بەردەوام بەرەو پێشەوە بچێ."

THE INDEPENDENT Friday 9 February 1990

## Visit of the Iraqi health minister

*From Mr Zanyar Pizishk*

Sir: The Iraqi Minister for Health has come to Britain as a guest of the Department of Health and is being escorted on an official tour of some of Britain's hospitals and nursing colleges. He will be meeting ministers and officials including Mr William Waldegrave, Minister of State at the Foreign Office. We cannot but express a sense of outrage that an emissary of the Iraqi regime, with its proven record of violation of human rights and its documented use of chemical weapons against its own people, should be accorded an official welcome in this country.

Only last Saturday you carried a report of the mass poisoning of 2,000 Kurdish refugees in southeast Turkey allegedly at the hands of Iraqi agents who contaminated the bread supply at the Diyarbakir camp. This incident represents the latest in a succession of horrific attacks on Iraqi Kurds, beginning with the use of chemical weapons against the population of Halabja in Iraqi Kurdistan in March, 1988.

Rather than extend the hand of friendship to the Iraqi minister, the British government and health organisations should officially demand that the regime cease the production and barbaric use of such weapons against the Kurdish minority.

Yours faithfully,
ZANYAR PIZISHK
Kurdish Scientific and
Medical Association
London, WC1
7 February

نامەیەك بۆ ولیەم وۆڵدگرەیف بۆ دەربڕینی نارەزایی لە دژی پێشوازی کردنی وەزیری تەندروستی عێراقی. نامەکە بە نازناویکی دەستکرد (زانیار پزیشك) لە رۆژنامەی ئیندیپێندەنتیش بڵاو کرایەوە

وەڵامی وۆڵدگرەیف، جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانی بۆ نامەکەی نارەزایی

Foreign and Commonwealth Office
London SW1A 2AH

*From The Minister of State*

13 February 1990

Dear Mr Ala'Aldeen,

Thank you for your letter of 6 February about the visit to Britain by the Iraqi Minister of Health, Dr Sa'id. David Mellor, then Minister of Health, invited Dr Sa'id to come to Britain during his visit to Iraq in May 1989.

I do not think there is anything to be gained from trying to isolate Iraq. It is only by maintaining a dialogue with the Iraqis, and by building upon the positive elements in our relationship, that we can hope to have some influence on their behaviour. Contact at Ministerial level enables us to raise frankly our concerns about various issues, including Iraq's human rights record. I did so when I saw Dr Sa'id on 8 February.

Britain has consistently deplored Iraq's human rights record, particularly its treatment of the Kurdish population and use of chemical weapons. We played a leading role in the adoption of UN Security Council Resolutions 612 and 620, which condemned Iraq's use of chemical weapons. We co-sponsored last year a Resolution critical of Iraq's human rights abuses at the UN Commission on Human Rights. The Iraqis can be in no doubt that there is very real concern in this country about the need for a sustained improvement in their human rights records.

The Rt Hon William Waldegrave

Dlawer Ala'Aldeen Esq
Secretary
Kurdish Scientific and Medical Association
BCM Box 5952
LONDON
WC1N 3XX

# (چوارەم)

# لە شەڕی کوەیتەوە بۆ کۆڕەو

## وەرچەرخانی چارەنوس

دەکرێ ١٩٩٠ بە ساڵی وەرچەرخانی چارەنوسی ڕژێمی سەددام، و١٩٩١ یش بە ساڵی وەرچەرخانی چارەنووسی کورد (بەتایبەتی کوردانی عێراق) لە قەلەم بدرێ. لە کۆتایی شەستەکانەوە تا کۆتایی هەشتاکان، هەتا دەهات حیزبی بەعس و خێزانی سەددام و خودی سەددام چەنگیان لە حوکم چاکتر گیر دەبوو. لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا، دەسەڵات و پشتگیریکەر و لایەنگیریان رووی لە زیادی بوو، و زلهێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاواش پشتیان گرتبوو. لە سەرەتای حەفتاکان، سەددام یاری زیرەکانە و دڕندانەی ئەنجامدا بۆ خۆچەسپاندن لە دەفەی دەسەڵاتی ناو حیزبی بەعس و حوکمڕانی عێراق. لە شەڕی ئۆپۆزیسیۆنیشدا، هەر قۆناغەی حیزبێك یان کۆمەڵێکی پاکتاو دەکرد.

لە ساڵی ١٩٧٠، سەددام هودنەیەك و پرۆسەیەکی گفتوگۆی چوار ساڵیی لەگەڵ کورد دەست پێکرد، و پارتی دیموکراتی کوردستانی کردە جۆرە شەریکێکی حوکمڕانی. لەو ماوەیەدا تەرکیزی خستە سەر تەرتیبی ماڵ. لەناو حیزبەکەی، کەوتە خوێن ڕشتن و تەسفیەی حیسابات، هەتا بووە سەرۆکێکی بێ رکابەر. کە لە ١٩٧١-١٩٧٢، پەیوەندی بە سۆڤیەت بەهێز کرد و بە هۆیەوە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی بەلای خۆیەوە راکێشا. بەرە (جەبهە)یەکی لەگەڵ دروستکردن (بە براگەورایەتی بەعس) و کۆمۆنیستەکانی بەکارهێنا بۆ پێچەقاندنی ڕژێم و لێدانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، و دواتر بۆ لیدانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی. لەو ماوەیەدا، چەند کەسێکی ناوداری پارتی کوشت و چەندین پیلان و هەوڵی کوشتنی مەلا مستەفای بارزانی دا. لە ١٩٧٤-١٩٧٥، ژرێم خۆی بۆ شەڕی کورد تەرخانکرد و لە ئەنجامدا، بە مانۆری سیاسی و سازشی مەزن بۆ ئێرانی دوژمنی، توانی هەرەس بە شۆڕشەکە بهێنێ.

لە کۆتایی حەفتاکان سەددام کەوتە گیانی کۆمۆنیستەکان، و هەتا قڕکردن تەفروتونای کردن. لەوە بەولاوە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراقدا خۆی نەگرتەوە. دوای ئەوانە، وەك ئامادەباشیەك بۆ شەڕی ئێران، سەددام کەوتە قەڵاچۆکردنی ڕێکخراوە شیعەکان. لەگەڵ هەڵگیرسان و بەردەوامبوونی جەنگیشدا، لە جیاتی لاوازبوون، ڕژێم توانی کونترۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی لەعێراقدا بکات. جارێ سوننە هەتا ئیمرۆشی لەگەڵدا بێ هێزی ئۆپۆزیسیۆنی لێ دروست نەبوو. شیعەش دەربەدەر بوون و لەناو عێراقدا کاریگەریان نەما. بەڵام بزوتنەوەی کوردی لەماوەیەکی کەمدا سەری هەڵدایەوە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، بەرەو کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، بەردەوام رووی لە گەشەکردندا بوو.

دیارە کە چیاکانی کوردستان و رۆحی هەڵگەڕانەوەی کوردان و ناڕەوایی شەڕەکەی سەددام لە دژی ئێران و ئاسانبوونی راکردن لە عەسکەری، دۆخێکی داهێنابوو کە بۆ سەددام زەحمەت بێ بە ئاسانی و بە چەکی کلاسیکی بزوتنەوەی کوردی سەرکوت بکات و کوردستان کۆنترۆڵ بکات. بەڵام لەو سەردەمەی کە سەددام ڕێگەی بۆ خۆشبوو و توانی چەکی کیمیایی دروست بکات و دواییش لەبەر چاوی دونیادا لە دژی ئێراندا بەکاری بهێنێ، ئەوکات مەترسی ئەوە پەیدا بوو کەوا ڕەنگە سەددام بتوانێ زەبرێکی کوشندەی وا لە بزوتنەوەی کوردی بدات کە قەت پێشتر نەکرابێ.

هیشتا شەڕی عێراق و ئێران تەواو نەبووبوو کە (مەلیك فەهد)ی سعودی داوای لە سەددام کرد کە ڕێگاچارەسەرێك بۆ کێشەی کوردی دابنێ. سەددامیش لەوەڵامدا گوتی خەمت نەبێ ڕێگاچارەیەکی ئەبەدیان بۆ دەدۆزمەوە. ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ سەردەمی بەجێ گەیاندنی ئەو بەڵێنە بوو، واتە ئەنجامدانی کەمپەینی ئەنفال و بەکار هێنانی چەکی کیمیایی بوو، کە بەهۆیانەوە سەرچاوەکانی ژیانی لە گوندو چیاکانی کوردستاندا قڕکرد، و زیاتر لە سەد هەزار کوردی زیندەبەچاڵ کرد و پێشمەرگە و خەڵکی دیکەی بۆ ئەودیوی سنوور ڕەتاند. ئەو رۆژانە تاریکترین سەردەم بوون لە تەواوی مێژووی کوردیدا. لەو سەردەمە دابوو کوردی کوردستان و هەندەران لە ناخۆشترین باردا دەژیان، و لە زۆرکەس وابوو کە مانەوەی سەددام لە دەفەی حوکمڕانیدا بۆ ماوەی ژیانی خۆی و کوڕەکانی مسۆگەرە.

سەرەڕای ئیفلاس بوونی ڕژێم لە رووی داراییەوە، و ڕزینی سیستەمی حوکمڕانی و کەلوپۆ بوونی ملیۆنێك عێراقی، سەددام ئاهەنگی سەرکەوتنی لە شەڕەکاندا دەگێڕا، و رووی ڕژێمەکەی هەر بەرەو لوتکە بوو. هەوڵی پەیدا کردنی چەکی ئەتۆمی دەدا، بۆ ئەوەی دوارۆژی ڕژێمەکەی و سەرۆکایەتی (ئوممەی عەرەبی) و ئەندامێتی (ئەنجومەنی هەمیشەیی نەتەوە یەك گرتوەکان) مسۆگەر بکات. سەددام ئەوەندە لە خۆی بایی ببوو، کەوتبوە دەعیە و هەڕەشە و هەڵوێستی بێباکانە لە بەرامبەر عەرەب و ئیسرائیل و وڵاتە رۆژئاواییەکان.

## (١٩٩٠) - ساڵی یەکلایی کردنەوە

لە ساڵی ١٩٩٠، سەددام هەستی بە موئامەڕەیەکی نێودەوڵەتی دەکرد، گوایا بە پیلانی ئیسرائیل و بەریتانیا و ئەمەریکا. پێدەچوو پەرژینەکەی کەلێنی بکەوتێ و کۆشکەکەی بنکۆڵ بکرێ. کەلێنی یەکەم بە مەسەلەی لەسێدارەدانی (فەرزاد بازۆفت) دەستی پێکرد.

### فەرزاد بازۆفت

بازۆفت رۆژنامەنووسێکی بە ڕەگەز فارسی و بەرەگەزنامە ئێرانی بوو، و بۆ رۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر)ی بەریتانی کاری دەکرد. هێشتا نەبووبووە بەریتانی و لیسەپاسی پەناهەندەیی هەڵدەگرت. بازۆفت تموحی رۆژنامەوانی زۆر بوو، بۆیە بە دوای کەرەستەی وتاری بەهێزدا دەگەڕا. خۆی و کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسانی بەریتانی لە سەر دەعوەتی حکومەتی عێراقی لە سێپتیمبەری ١٩٨٩دا چوونە عێراق. لەوێ بە ئاگاداری عێراقیەکان و بە هاوەڵی (دافنی پاریش)، کە سیستەرێکی بەریتانی بە ڕەگەز ئایرلەندی بوو، چووە شاری (حیللە) بۆ سەردانی ناوچەی کارگەیەکی ساروخ دروستکردن. گوایا پێشتر بەکرێگیراوی ئیسرائیلی کارگەکەیان تەقاندۆتەوە و (٧٠٠) کەسی عێراقی تێیدا کوژرابوون و دەوروبەرەکەش بە مادەی ئەتۆمی پیس بووە. لە ١٥ی سێپتێمبەردا، بازۆفت بە خۆی و (٣٤) وێنەی کارگەکە و چەندین سامپڵی خۆڵی نزیك کارگەکەوە لە فرۆکەخانەی بەغدادا گیرا. لە نۆڤەمبەردا، بازۆفت هێنرایە سەر شاشەی تەلەفزیۆن، و دانی بە "سیخوڕی بۆ ئیسرائیل" پێدانرا. سەرەڕای هەوڵ و تەقەلّلایەکی نێودەوڵەتی بێ پایان، لە رۆژی ١٠ی مارتی ١٩٩٠دا، لە ژوورێکی داخراودا، بازوفت دادگاییکرا و حوکمی لەسێدارەدانی درا، و لە کاتژمێری شەش و نیوی سەرلە بەیانی ١٥ی ئاداردا، حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێکرا. سەرۆك وەزیرانی بەریتانی ئەودەم (مارگرێت

ثاتچەر) زۆر تووڕە بوو و یەکسەر باڵوێزی بەریتانی لە عێراق کێشایەوە و هەموو سەردان و هاتوچۆکانی وەزیرەکانی بۆ عێراق کانسل کرد. چەندین حکومەتی ئەوروپاییش ناڕەزایی و تووڕەیی خۆیان لەو کارە نامرۆڤانە دەربڕی. لە دوای ڕزگارکردنی عێراق، رۆژنامەی ئۆبزێرڤەر بەدوای فایلی بازۆفتدا گەڕا و دیمانەی لەگەڵ کۆلۆنێلی موخابەرات (کازم عەسکەر) کرد، کە لە لێپرسینەوەی بازۆفتدا بەشدار بوو. کازم عەسکەر دانی بە بێتاوانی بازۆفتدا نا و گوتی کەس لە ئێمە هیچی لە دەست نەدەهات چونکە سەددام بڕیاری لە سێدارەدانی دابوو.

## سوێند و هەڕەشە

لە ٢٨ی مارتی ١٩٩٠، واتە دوو هەفتە لە دوای لە سێدارەدانی بازۆفت، بەریتانیا پێنج کەسی عێراقی دەستگیر کرد، بەو تاوانەی کەوا هەوڵیان داوە سویچی (کرایترۆن)ی دەستکردی ئەمەریکی، بە قاچاخ ببەنە عێراق. ئەو جۆرە سویچە، تایبەتە بە تەقاندنەوەی بۆمبی ئەتۆمی. لە ٣١ی مارتی ١٩٩٠ دا، رۆژنامەی (واشینگتن پۆست)ی ئەمەریکی بڵاوی کردەوە کەوا لە پارسالدا (لە ١٩٨٩)، حکومەتی ئەمەریکی رێگەی لە هەمان کاری قاچاخی عێراقی گرتوە، بەڵام نەیهێشتوە هەواڵەکە بڵاو ببێتەوە. سەددام بەوە پەست بوو، و لە رۆژی ٢ی نیسان/ئەپریلدا چوە سەر تەلەفزیۆن و سوێچێکی کرایترۆنی بەدەستەوە گرت و بە پێکەنیەوە دەیگوت ئەو جیهازەیان گرتوە کە خۆمان دەتوانین دروستی بکەین. ئەوجا سەدام هێرشێکی توندی پڕ لە هەڕەشەی بردە سەر ئیسرائیل و گوتی کەوا زەبری چەکی کیمیایی عێراقی بەقەدەر هی ئەمەریکا و سۆڤیەتە. سوێندی خوارد کەوا "ئەگەر ئیسرائیل هەر کارێکی دژوار لە دژی عێراق ئەنجام بدات ئەوا عێراق تۆڵە دەستێنێتەوە و نیوەی ئیسرائیل ئاگر تێبەر دەدات". لەو هەڕەشانەدا ئیشارەتی بۆ نوێترین جۆری چەکی کیمیایی دوانەیی (وەك ڤی ئێکس)ی عێراقی کرد. ئەو هەڕەشە ناموتەوازینانەی سەددام بوونە هۆی پەیدا بوونی کرژی و ڕەخنەیەکی زۆر لەدژی رژێمەکەی.

لە پێنجەم رۆژی نیسانی ١٩٩٠ دا، حکومەتی ئەمەریکا دیپلۆماتێکی عێراقی لە واشینگتن دەرکرد بەو تاوانەی کە پیلانی کوشتنی چەند پەناهەندەیەکی عێراقی دارشتوە. لە ٧ی نیسان سەددام، لەتۆڵەی ئەو کردارەدا، دیپلۆماتێکی ئەمەریکی لە عێراق دەرکرد و بە ئاشکرا ڕەخنەی توندی لە شەخسی سەرۆك بوش گرت.

## زلەتۆپی بول

هاوکات لەگەڵ ئەو رووداوانەش، بە کوژرانی (گێرالد بوڵ) بەدەستی جاسوسێکی ئیسرائیلی، مەسەلەی (پرۆژەی زلەتۆپی بابل) ئاشکرا بوو. گێرالد بول زانایەکی تۆپ (مەدفەع) دروستکەری کەنەدی بوو، و لە سەرەتای شەڕی عێراق و ئێرانەوە کاری نهێنی لەگەڵ ڕژێمی عێراقی دەکرد و چەندین تۆپی تۆکمە و پێشکەوتووی بۆ داهێنابوون. گێرالد بوڵ زۆر تەموح و زیرەك بوو، و بۆ مەبەستی زانستی و ناوبانگیی شەخسی و پارەپەیدا کردن، هەتا دەهات تۆپی زل و زەبەلاحتر و کاریگەرتری دروست دەکرد. لە دوا پرۆژەیدا، دەستی بە دروستکردنی زلەتۆپ (Supergun، المدفع العملاق) کرد کە ناوی (پرۆژەی بابل)یان لێنابوو.

بە گوێرەی وەسفەکان، بۆڕی لوولە تۆپەکە (١٥٠) مەتر درێژ و (٢١٠٠) تۆن قورس و بە تیرەی هەزار میلیمەتر بازنەیی خڕ بوو. ئەو زلەتۆپە توانای ئەوەی هەبوو کە گوللە تۆپێکی (٦٠٠) کیلۆگرامی هەتا مەودای هەزار کیلۆمەتر ڕەت بکات، یان قەوارەیەکی بە قورسایی دوو تۆن بنێرێتە دەرەوەی بەرگە هەوا (ئەتمۆسفیر)ی دەورەی زەوی. هەر بۆ تاقیکردنەوە، گێرالد بول نمونەیەکی بچوکی (سێیەکی) ئەو زلەتۆپەی بە سەرکەوتوویی درەستکرد و لە چیای حەمرین دایسەپاند و بەکاری هێنا. شایانی باسە، زۆربەی کەلوپەلی زلەتۆپەکە لە وڵاتی بەریتانیا و هەندێکی لە ئیسپانیا و سویسرادا دروستکرابوون. دوایی عێراقیەکان داوایان لە گێرال بول کرد کەوا پرۆژەی تۆپی (سکۆد میسایل)ی (عەبباس)ی دوورەمەدایان بۆ پێش بخات. گێرالد بول بەوە رازی بوو و کەوتە دەستپێکردنی، بەڵام ئیسرائیلیەکان لە پەنای کۆرەگەیەکی بەر دەمی ماڵەکەی (لە شاری برۆکسل) خۆیان بۆ دانوساند و پێنج گوللەیان لە پشتی سەری دا، و بەوە پرۆژەکانیان ئیفلیج کرد. عێراقیەکان و ئەندامانی کۆمپانیاکەی گێرالد بول بۆ ماوەیەك لە کارەکانیان بەردەوام بوون هەتا ئەو کاتەی، لە نۆڤەمبەری ١٩٩٠دا، حکومەتی بەریتانی ڕێگەی لە گواستنەوەی بۆڕیە زلەکانی زلەتۆپەکە گرت. بەوە کۆتایی بە بەرنامەکانی بول هات و ئەندامانی کۆمپانیاکەی گەڕانەوە کەنەدا.

## قەرد بۆ قەردخۆر

لەدوای دوو دەیە لە گەشەکردن و زاڵ وون، تا دەهات دونیای سەددام بچوکتر دەبووەوە. سەددام بڕوای بە گۆڕانی بارودۆخی سەردەم نەدەکرد، و خەریکی پێشبڕکێ بوو لەگەڵ زەمەن

بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی. پشتگیری عەرەبەکانی بۆ "قادسیەکەی" و هەوڵە ئەتۆمیەکانی بە ئەرکی سەرشانی "برا عەرەبەکانی" دەزانی. لە مەودای شەڕی ئێراندا، ڕژێمی سەددام ساڵانە پازدە ملیار دۆلاری لە سعودیە و کوەیت قەرد دەکرد، هەتا بڕەکەی گەیشتە سەدو بیست (١٢٠) ملیار. هەشتا (٨٠)ی لە سعودیە و چل (٤٠)ی لە سەر شێوەی نەوت لە کوەیت وەرگرتبوو. سعودیە ئامادەبوو لە قەردەکانی خۆش بێ و بیکاتە "دیاری" بۆ خەڵکی عێراق، بەڵام کوەیت دەرنەگەی داگرتبوو و داوای تەواوی قەردەکەی دەکردەوە.

سەددام وای دەردەخست کە دەیەوێ لە بودجەی عێراق، کە ساڵانە نزیکەی سێزدە (١٣) ملیار دۆلار بوو، نۆ (٩) ملیار لە دروستکردنەوەی ژێرخانی عێراق سەرف بکات و چوار (٤) ملیاریش بۆ قەرزدانەوە بێ. بەڵام بە ئیعلانی ڕەسمی، مەسرەفی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٨٩دا بیستوچوار (٢٤) ملیار دۆلار بوو، و قەردەکەشی هەشتا (٨٠) ملیار بوو. دیارە کە پارەی سعودی و کوەیتی بە قەرز دانەدەنا، بەڵکو بە حیسابی ئەو لەبەرامبەر خوێنی عێراقیەکان بوو، چونکە لە جیاتی تەواوی "ئوممەی عەرەبی" شەڕی "فارسە مەجوسەکانی" پێکردووە.

## تەبخەی گورگ بۆ ڕێوی

سەددام دەیزانی کەو خەریکە تەبخەیەکی نێودەوڵەتی وا لەدژی ئەنجام دەدرێ، و لەوانەیە بیانگەیەکی بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بەوزوانە زەفەری پێ ببەن. وایدەزانی ئیسرائیل بەتەمای لێدانیەتی و ئەمەریکیەکان و بەریتانیەکانیش ڕێگەی بۆ خۆش دەکەن، و ڕێگەی هێنانی تەکنۆلۆجیای نوێی لێ دەگرن، وە عەرەبە دراوسێکانیش (بە تایبەتی کوەیت) یارمەتیان دەدەن بەوەی کە ئابووری عێراق بنکۆڵ دەکەن. بۆیە، سەددام ویستی دەسپێشکەری بکات و کرژیەکی وا دروست بکات کە دراوسێکانی مەمنون بن و بە کەم رازی بن.

لە کۆبوونەوەیەکی لوتکەی وڵاتە عەرەبیەکان، لە بەغدا لە مایۆی ١٩٩٠، سەرکردەکان دانیان بەوە دانابوو کە کوەیت نەوتی زیاتر لە بەشە دیاریکراوەکەی خستۆتە بازاڕ و نرخی نەوتی هەرزان کردووە و بودجەی خۆی نیواونیو زیاد کردووە، هاوکات ئامادەش نیە یارمەتی عێراق بدات. سەددامیش لەو کۆبوونەوەیە دەیویست کە پشتگیری هەندێ لە سەرکردەکان بۆ خۆی راکێشی و کوەیت کەنارگیر بکات، بەڵام لەوێ بۆی دەرکەوت کە عەرەبە سەر بە ئەمەریکیەکان بەشدارن لە تەبخە نێودەوڵەتیەکە. بۆیە لە یەکێك لە پەیامەکانیدا لەو

کۆبوونەوەیە گوتی کە "ئیعلانی شەڕ و پرۆسەی شەڕکردن هەر بە لەشکر و کوشتن و بڕین نیە، بەڵکو بە ڕێگەی ئابووریش ئەنجام دەدرێ".

کوەیت لەو کاتەدا خەریکی موغازەلە و دڵ ڕازیکردنی ئێران بوو و لە عێراق بێ باك بوو. لە مانگی یۆنیۆدا بوو کە (مەجلیس قیادەی سەورە) بڕیاریدا کە داوای بڕی دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن (٢٤٠٠ ملیۆن) دۆلار لە کوەیت بکات لە بڕی ئەو "نەوتە عێراقیە"ی کە لە زارکی (ڕەتگە)ی بیری (ڕومەیلە) دەری دەهێنێ، بەو بیانگەیەی کە ڕومەیلە هی عێراقە و چەندین ساڵە کوەیت نەوتەکەی دەبات. هەڵبەت ئەوە موفاجەئە بوو بۆ کوەیت و بووە مایەی تەنگاوبوونی عەرەبەکان. لەو کاتە بەولاوە، کوەیتیەکان بڕیاریاندا بە هیچ شێوەیەك یارمەتی عێراق نەدەن و سعودیە بڕیاریدا پشتگیری لە هەڵوێست و ڕەفتاری کوەیت بکات لە دژی ڕژێمی سەددام. لە ٩ی یۆلیۆ/تەمموزدا (شا فەهد) و (ئەمیری قەتەر) لە تەلەفۆنێکی نێوانیاندا هێرشیان بردبووە سەر ڕەفتاری سەددام، بەو تاوانەی کە خەریکە تووشی شەڕی ئیسرائیلیان بکات.

هەر ڕۆژەی سەددام بیرۆکەیەکی تازەی بۆ دەهات و پەیامێکی نوێی دەنارد و تاکتیکێکی نوێی بەکار دەهێنا. دوای داواکردنی نەوتی ڕومەیلە، ئەوجارە داوای خاکی ڕومەیلەی دەکرد لە بڕی پارەی نەوتەکەی. لە ١٧ی تەمموزدا، لە بیرەوەری کودەتای بەعس، سەددام گوتی کەوا "ئەگەر بە قسەکردن نەتوانین خۆمان بپارێزین، ئەوا بە کاری پێویست مافی خۆمان وەردەگرین". مەبەستشی لەوە ئەنجامدانی کاری سوپایی بوو، و دیارە بیری لەوە کردبووەوە کە ڕومەیلە داگیر بکات و بگرە لەگەڵیشیدا هەردوو جەزیرەی (بوبیان) و(وەربا)ش بگرێ، کە عێراق دەمێك بوو بە هی خۆی دەزانین و داوای دەکردنەوە. لە ١٨ی یۆلیۆ/تەمموزدا حکومەتی کوەیت وەڵامی سەددامی بەوە دایەوە کەوا کوەیت بڕوای بە خۆیەتی و لە هەڕەشەی ئەو جۆرە ناترسێ.

## لەشکرکێشی بۆ زیادکردنی نرخی نەوت

لە نێوان ١٧ی تەمموز و ٢١ی تەمموز، سەددام بڕی سی (٣٠) هەزار سەربازی ناردە سەر سنووری کوەیت، کە بووە هۆی کرژتر بوونی دۆخەکە. هەموو لایەك ئەو جموجۆڵەی سەددامی بە پەیامێك زانی کەوا دیارە مەبەستی ئەوەیە، بەر لە کۆبوونەوەکەی (ئۆپێك)ی

٢٧ی تەمموز لە شاری (جنێف)، فشار بخاتە سەرکۆمەڵگای جیهانی بۆ خاتری بەرزکردنەوەی نرخی نەوت. لە جنێف، وەفدی عێراقی پێی لەسەر زیاد کردنی نرخی بەرمیلی نەوت لە ١٨ دۆلارەوە بۆ ٢٥ دۆلار داگرت. دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بڕیار لەسەر نرخی ٢١ دۆلار درا، ئەویش لەبەر ئەوەی سعودیە بە لەوە بەرزتر رازی نەدەبوو. وە بڕیاریش درا کەوا رۆژانە، لە ٢٢ ملیۆن و پێنجسەد هەزار بەرمیل نەوت زیاتر هەڵنەهێنجندرێ. ئەوەی سەددام ویستی و شەڕی بۆ دەکرد دەستی کەوت، بۆیە دەبوایە دەست لە کوەیت هەڵبگرێ و لەشکرەکەی بکشێنێتەوە. بەڵام نەخێر، بە گوێرەی سەتەلایتە ئەمەریکیەکان، سەربازەکانی عێراقی هەر لە جێگەی خۆیان بوون و ژمارەشیان رووی لە زیادی بوو. ئیتر بارودۆخ هەر بە کرژی مایەوە. چەندین سەرکردەی عەرەب کەوتنە ناوبژیکردن لە نێوان عێراق و کوەیت، بەڵام سەددام توانی دەسخەڕۆیان بدات.

## دەسخەڕۆدانی براعەرەبەکان

(حوسنی موبارەك)ی سەرۆك کۆماری (میسر) چوە بەغدا و راستەوخۆ لە سەددامی پرسی ئایا نیازی داگیر کردنی کوەیتی هەیە؟ سەددامیش لە وەڵامدا گوتی "نەخێر، بەڵام ئەوە بە کوەیتیەکانی مەڵێ". "هەتا کاری دیپلۆماسی لە گەڕدا بێ و گرفتەکان چارەسەر بکات، پێویست بە کاری عەسکەری ناکات". حوسنی موبارەکیش لەوێوە چووە کوەیت و کتومت ئەو ووشە دڵنیا کەرەوانەی پێ گەیاندن.

دیارە کەوا بەریتانیا و ئەمەریکاش لەو بڕوایەدا نەبوون کە سەددام دەستپێشکەری بکات و بوێری هەڕەشە ناماقوڵەکانی ئەنجام بدات. مارگرێت ثاتچەر، ئەمیری کوەیتی هان دەدا کە نەرمی بۆ سەددام نەنوێنێ و لە رووی هەڕەشەکانیدا خۆ راگر و بێ باك بێ چونکە کوەیت "بێکەس نیە". (یاسر عەرەفات)، وەك عادەتی کۆنی، خۆی بۆ ناوبژیکردن هێنایە پێش و چوە کوەیت. ئەمیری کوەیت حەزی بە دیدەنی عەرەفات نەدەکرد، بەڵام سەعد عەبدوڵلا کۆنە دۆستی بوو. کاتی خۆی، لە "ئەیلولی ڕەش" (ایلول الاسود، ساڵی ١٩٧٠) عەرەفات بە هێزی ئوردونی دەورە درابوو و کوژرانی موحەقەق بوو، لەوکاتەدا سەعد عەبدوڵلا چەند کەسێکی دیپلۆماتی بۆ نارد و بە جل و عەبای ژنان عەرەفاتیان لە فەلەستین هێنایە دەرەوە و ڕزگاریان کرد. عەرەفات ئەو چاکەیەی هەر لە چاو بوو. لە سەردانەکەی ئەوجارەیدا، عەرەفات چاوی بە سەعد عەبدوڵلا کەوت، و خەریك بوو دڵی نەرم دەکرد بۆ ئەوەی کوەیت لەگەڵ سەددام

سازش بکات. لە ناوەڕاستی قسەکانیاندا بوون کە کارمەندێکی کۆشکەکە هات و وەلی عەهدی بانگ کردە لایەك و گوتی تەلەفۆنێکی بە پەلە هەیە دەبێ وەری بگری. ئەوە مارگرێت ثاتچەر بوو لە سەر تەلەفۆن و بە وەلی عەهدی گوت نەکەن بە قسەی عەرەفات هەڵبخەڵەتێن و نەرمی بنوێنن، چونکە سەددام ناتوانی دەستتان بۆ ببات، و بەریتانیا و ئەمەریکا لەگەڵتانە. وەلی عەهد ئەو قسانەی بە عەرەفات گووت و بە دەستی بەتاڵ ناردیەوە لای سەددام.

## گەمەی ئەمەریکا و سەددام

سەددام دڵنیا بوو لەوەی کە لەمانگی ئابدا ئەمەریکا لەشکری دەهێنێتە ناو کوەیت بۆ پاراستنی وڵاتەکە، هەروەك کاتی خۆی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم (لە ١٩٦١) بەریتانیا لەشکری ناردە هەمان وڵات بۆ پاراستنی. ئەو زانیاریەشی لە سەرۆك وەزیرانی پاکستان (بێنەزیر بۆتۆ) دەست کەوتبوو. بۆتۆ بەر لە دوو هەفتە، بۆ ناوبژیکردن، سەردانی عێراق و کوەیتی کردبوو. کە ئەمەریکیەکان ئەو نهێنی درکاندنەی بێنەزیریان بیستەوە (لە دوای داگیر کردنی کوەیت) تووڕە بوون، و (ڕۆبەرت ئۆکلی) باڵوێزی ئەمەریکیان لە ٨ی ئابدا ناردە لای (ئیسحاق خان)ی سەرۆك کۆماری پاکستان، و داوایان لێکرد کە بێنەزیر لە پۆستەکەی دەربکات. پێنج کاتژمێر لەدوای ئەو سەردانەی باڵوێز بۆ لای ئیسحاق خان، بێنەزیر بۆتۆ لە سەرۆك وەزیرایەتی لادرا.

لە ٢٥ی تەمموزی ١٩٩٠، ئەپریل گلاسپی (باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق) بە تەنیا چووە کۆشکی سەدام بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت. لەو ژوورە داخراوەدا، بەپێی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٩٠، بە سەددامی گوت:

> "ئیمە سۆزمان لەگەڵ داواکانت هەیە سەبارەت بە زیاد کردنی نرخی نەوت، کە ئەوەیش بوەتە هۆی کرژیتان لەگەڵ کوەیت"..... "حکومەتی ئەمەریکی هیچ بۆ چوونێکی سەبارەت بە گرفتی نێوان (عەرەب و عەرەب) نیە، وەک ناکۆکی سنووری ئێوە لەگەڵ کوێت. وە جەیمس بەیکەر داوای لێ کردوم کە پێتان رابگەیەنم کەوا ئەمەریکا، هەروەك ساڵانی شەستەکان، پەیوەندی بە کێشەی نێوان عێراق و کوەیتەوە نیە". من لە کۆتایی شەستەکاندا لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا بووم لە کوێت، ئەو ڕێنماییەی کە لەم ماوەیەدا هەمانبوو ئەوە بوو کە نابێت هیچ بۆچوونێک

لەسەر ئەم بابەتە دەربڕین و ئەو پرسە پەیوەندی بە ئەمریکاوە نییە ئاڕاستەی وتەبێژە فەرمییەکانمان کردووە کە جەخت لەسەر ئەم ڕێنماییە بکەنەوە."

ئەو وشانەی گیلاسپی کە بە وردی هەڵبژێردرابوون یان بە شێوەیەکی مەترسیدار ناڕوون بوون، زەردەخەنەیەکیان بەسەر دەموچاوی سەددامدا هێنا. لە پاشماوەدا ڕوون بووەوە کە سەددام وەک گڵۆپی سەوز لەقەلەمی داوە. لەوە دەچێ هەتا ئەو کاتەش سەددام بیری لە داگیر کردنی تەواوی کوەیت نەکردبێتەوە، بە پێشبینی ئەمەریکی و موخابەراتی ڕۆژئاواییەکان، لەوە دەچوو کە سەددام بیەوێ ڕومێلە و جەزیرەکانی بوبیان و وەربا وەك نێچیرێکی ئاسان بە ئەسیر بگرێ و لە برِی ئەنجامدانی چەکی ئەتۆمی و پوچەڵ کردنەوەی پیلانە دەرەکیەکاندا بیانگۆڕێتەوە. ڕەنگە ئەمەریکا ئەوەی پێناخۆش نەبووبێ، هەتا بە هۆیەوە هێرش بکاتە سەر عێراق و هێزی سوپایی و چەکی کیمیایی و توانای لەشکرەکەی هەڵتەکێنی، و ئەگەر بۆی کرا ڕژێمەکەیش بە دیکتاتۆرێکی تر بگۆڕێ.

## ئیهانەکردنی سەدام و دوابڕیارەکەی

لە ٢٨ی تەممووزدا قەولبوو وەفدی عێراق و کوەیتی لە شاری (جەددە) یەکتری ببینن، بەڵام سەددام ئومێدی بەو دانیشتنە نەبوو و دەیزانی هیچ لە دۆخەکە و بابەتەکان ناگۆڕێ. سەددام کۆبوونەوەکەی دوا خست بۆ ٣١ی تەمموز، و لەو نێوانەشدا ژمارەی لەشکرەکەی سەر سنووری کوەیتی گەیاندە سەد هەزار. سەددام خەریك بوو دڵنیا دەبوو لەوەی کە ئەو فشارانە دەبنە هۆی ئەوەی کوەیت سەرجەم داواکاریەکانی عێراق جێبەجێ بکات. لیستی داواکانی عێراقیش بریتی بوون لەوەی کە چیتر کوەیت نەوتی زێدە هەڵنەهێنجێ، لە قەردەکان خۆش بێ، و بیرە نەوتەکانی ڕومێلە بداتەوە عێراق، و برِی دوو ملیار و نیو دۆلار لە تۆڵەی زەرەری پێشتر بداتە عێراق.

لە ٣١ی تەمموز، سەددام وەفدێکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتی (عێزەت دووری) و بە ئەندامێتی (سەعدون حەمادی) و (عەلی حەسەن ئەلمەجید) ناردە کۆبوونەوەکەی جەددە. کوەیتیش (سەعد عەبدوڵڵا سالم ئەلسەباح)ی نارد. وەفدی عێراقی، سەرەڕای جەربەزەیی و دەمشڕی ئەندامەکانی، لە سەرەتادا نەرم بوو و لەوە دەچوو تەعلیماتی سەددامیان پێ بووبێ کە بۆ ڕێك کەوتن هەوڵدەن. عێزەت دووری داوای لێخۆشبوونی قەردەکان و زیادکردنی نرخی

نەوتی کرد، و چاوەڕێی وەڵام بوو. بەڵام سەعد عەبدوڵڵا زۆر بە ووشکی و مەغرورییەوە گوتی کوەیت ئەمەریکا و بەریتانیا و سعودیەی لەپشتە، و ئامادە نیە بلۆفی عێراق قەبووڵ بکات. تەنیا عەلی حەسەن ئەلمەجید، وەك عادەتی خۆی، بە ڕەقی وەڵامی دەدایەوە، دەنا وەفدی عێراقی پشووی درێژ بوو. لە تەواوی ئەو رۆژەدا گفتوگۆکان بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشتن.

لە رۆژی دووەمدا (لە بەیانیەکەی یەکی ئاب)، کۆبوونەوە دەستی پێکردەوە، و عەلی حەسەن ئەلمەجید گوتی عێراق لە دژی مەترسی ئێرانی بەرگری لە کوەیت کردووە، بۆیە شایستەی قەرەبوو کردنەوەیە. سەعد عەبدوللا گوتی "بۆ ناچی لە ئاوی دەریا بخۆیتەوە؟" بەوە، گفتوگۆکە بووە دەمەقاڵێ، ئەوجا بووە شەڕە بازوو. دوو شاندەکە لەیەك هەڵسانەوە سەرپێ، بە نیازی تێك بەربوون و پێکدادان. ناوبژیکەر و پاسەوانە سعودیەکان لێکیان کردنەوە و دایان نیشاندنەوە. لە گەرمەی ئەو شەڕ و ناوبژیەدا بوون کە عەلی حەسەن گووتی عێراق لەبەر شەڕی عەرەب وا فەقیر بووە، و بایی ئەوەندەی نیە کە خواردنی میللەتەکەی مسۆگەر بکات. سەعد عەبدوڵڵا گوتی: "بۆ ناچن ژنەکانیان بنێرنە دەرەوە، بۆ سەر جادەکان، هەتا پارەیان پێ پەیدا بکەن". ئەوانەی لەو ژوورە دانیشتبوون هەموویان زانیان ئەوە ئیشارەتە بۆ ئەو حیکایەتەی کە گوایە دایکی سەددام بە حەرامی سکی بە سەددام پڕ بووە.

دانیشتنەکە بەوە کۆتاییهات و شاندی عێراقی گەڕایەوە بەغدا و سەرگوزەشتەی کۆبوونەوەکانی بۆ سەددام گێڕایەوە. سەددام گەیشتە ئەوپەڕی تووڕەیی و هەڵچوون و گوتی " نابێ ئیمشەو ئەمیر لە سەر جێگای خۆی بنوێ". هەر لەوێ بڕیاری کۆتایی بۆ هێرشکردندا، بەڵام لەجیاتی ئەوەی لەشکرەکەی هەتا بیرە نەوتەکانی ڕومەیلە و جەزیرەکانی بوبیان و وەرپا بنێری، هەتا کۆشکی ئەمیری ناردن. شایانی باسە کە تەنیا چوار کەس لەو بڕیارەی سەددام ئاگادار بوون: خۆی و عەلی حەسەن ئەلمەجید، و حوسێن کامیل ئەلمەجید و سەبعاوی ئیبراهیم. تەنانەت وەزیری بەرگری هەتا دوای داگیر کردنی کوەیت ئاگادار نەکرابوو.

## داگیر کردنی کوەیت

گەردی بەیانیەکەی، لە نێوان کاتژمێری دووی سەرلەبەیانی رۆژی ٢ی مانگی ئابی ١٩٩٠، کوەیت و باقی دونیا بە راچلەکاوی لەخەو هەڵسان و هەواڵی گەیشتنی هێزە زەمینی و ئاسمانیەکانی سەددامیان بۆ ناو شاری کوەیت پێ گەیشت. سەد هەزار سەرباز و سێ سەد

دەبابە بە خێرایی کەوتنە پێشبڕکێ بۆ کوەیتی پایتەخت و لە مەودای سێ کاتژمێردا، گەیشتنە سەر کۆشکی ئەمیر، کە ئەویان پێش چەند دەقیقەیەك رایکردبوو. ئەمیر و تەواوی بنەماڵەکەی و وەزیرەکان بە لیمۆزینەکانیان، بە خوڵام و شوفێرەوە، رایانکردە سعودیە، تەنیا زڕبراکەی ئەمیر (فهد الاحمد الصباح) نەبێ کە لە کۆشکی (دەسمان) کەوتە بەرگری، و هەر لەوێ کوژرا. هێزە شازدە هەزار سەربازیەکەی کوەیت توانای هیچ بەرگریەکی نەبوو و لە مەودای چەند کاتژمێرێکدا هەموو کوەیت کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەددام، و خەڵکەکەی کەوتنە ژێر مەرحەمەتی داپڵۆسینی ڕژێمی عێراق، و ماڵ و مولکیان کەوتە بەر تاڵانی تاڵانکەران.

ئەمیری کوەیت وەك پەناهەندەیەك هانای بردە بەر پاڵپشتە ئەمەریکی و بەریتانی و عەرەبەکانی. بەخۆی و بە شای سعودیەوە، بەڵێنی هەڵگرتنی خەرجیەکانی لەشکر و پرۆسەی ڕزگار کردنی کوەیتیان (بە زیادەوە) دا. ئەوە بوو سەرۆك بوش هاتە فریای کوەیت و توانی هێزێکی سێچارەگە ملیۆنی لە ٣٥ دەوڵەتی هاوپەیماندا پێك هێنا. لەوانە، زۆربەیان کۆنە برا و کۆنە پشتگیر و کۆنە هەواداری سەددام بوون. تەنیا فەلەستینیەکان و ئوردون و یەمەن پاڵیان بە لایەنی دۆڕاو دا، ئەوانی دیکە بازیان دایە سەر قافلەی سەرۆك بوش. (جەیمس بەیکەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی ڕۆڵێکی مەزنی لە پێك هێنانی ئەو هاوپەیمانیەدا بینی. وەك پارێزەر و وەك بیزنیسمانێك، کەوتبوە گفتوگۆ، و توانی چەندین وڵاتی دوژمنی تەقلیدی ئەمەریکی بهێنێتە سەر خەت، و لە برِی بەشداریشیان بەڵێنی پاداشتیان پێ بدات. هەیانبوو پارەی پێ درا (وەك میسر و زۆربەی وڵاتە هەژارەکان)، هەیانبوو بەڵێنی کۆنتراکتی دروستکردنەوەی کوەیتی پێ درا (زۆربەی وڵاتە پیشەسازیەکان). هەشبوو (بۆ نموونە میسر) دەرگای کوەیت و سعودیەیان بۆ کرایەوە بۆ ناردنی سەدان هەزار کرێکار و خاوەن پیشەی تر لە شوێنی کرێکار و خاوەن پیشە عێراقی و فەلەستینی و ئوردونی و یەمەنیەکان (لە دوای ڕزگار کردنی کوەیت چوارسەد هەزار کەسی عێراقی و فەلەستینی لە کوەیت دەرکران و میسری و بیانی ئاسیەوی جێگەیان گرتنەوە). هەشیانبوو کە ئەمەریکا چاوپۆشی لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤی کەمە نەتەوەکانیانی کرد (بۆ نموونە لە چین و سۆڤیەت و وڵاتە دیکتاتۆرەکانی تر) کە پێشتر ئەمەریکا ئەو پاساوانەی بەکاردەهێنا فشار و بەرامبەرکێی سیاسی.

ناوی ئەو وڵاتانەی بەشداریان لە شەڕی ڕزگار کردنی کوەیت کرد، بریتی بوون لەوانە:

- ئەمەریکاییەکان: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (بە تەنیا زیاتر لە ٥٧٥ هەزار سەرباز و کارمەندی ناردبوو)، ئەرجەنتین، هیندۆڕاس، کەنەدا.
- ئەوروپییەکان: بەریتانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، هۆڵەندا، دانیمارك، ، فەرەنسا، نەرویج، پۆڵۆنیا، بولگاریا، یۆنان، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، پورتوگال، ئیتالیا
- ئەفریکاییەکان: مەغریب، میسر، نیجەر، سێنیگال
- ئاسیاییەکان: تورکیا، سوریا، کوەیت، سعودیە، ئیمارات، قەتەر، عومان، یابان، هیندوستان، پاکستان، بەنگلادیش، کۆریای خواروو.
- ئوستڕالیا و نیوزیلاند.

## ڕزگارکردنی کوێت و هاندانی ڕاپەڕین

لە پازدەمین ڕۆژی مانگی یەنایەر (کانونی دوەم)ی ساڵی ١٩٩١دا سەرۆکی ئەمەریکا (جۆرج بوش)ی یەکەم، بەیانی بەرپا کردنی (ئۆپەراسیۆنی زریانی بیابان، دێزەرت ستۆرم، عملیە عاصفە الصحراء) دەرکرد بۆ دەرپەڕاندنی لەشکری ڕژێمی سەددام لە (کوەیت)ی داگیرکراودا. لەو بەیانەدا سەرۆك بوش ڕووی پەیامی کردە خەڵکی عێراق و ڕاستەوخۆ هانی دان کە "**چارەنوسی خۆیان و وڵاتیان بگرنە دەست، و لە ڕژێم ڕاست ببنەوە و سەددام وەلاوە بنێن**". ئەو سێ مانگەی بەدوای ئەو بەیان و بانگەوازەدا هاتن، پڕ لە ڕووداو و کارەساتی چارەنووس ساز بوون بۆ هەموو عێراقیەك، بە کوردی باشوورەوە.

لە پاشنیوەڕۆی ١٦ی یەنایەر، (فڕۆکەیەکی B52) لە ئەمەریکاوە هەڵسا و لە کاتژمێر دوو و نیوی سەرلەبەیانی ١٧ی یەنایەر (بە تەوقیتی بەغدا) گەیشتە سەر شاری بەغدا. ئەوەش بە ڕەسمی بە کاتی دەسپێکردنی شەڕ حیساب کرا. لەو کاتەوە، هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك بە بێ ووچان و بێ وەستان، کەوتنە بۆمباباران و هەڵتەکاندنی ژێرخانی عەسکەری و ستراتیژی عێراق. دوایی، لە ٢٤ی فێبروەری، بە لەشکرێکی زەمینی لەبن نەهاتوو و لە هێرشێکی خێراو کوشندەدا، کوەیتیان لە ماوەیەکی قیاسیدا، بەر لە یەکی ئادار، ڕزگار کرد. لە سەد کاتژمێری یەکەمدا، سەدوحەفتا هەزار سەربازی عێراقی ئەسیر کران.

لەشکری هاوپەیمانەکان گەیشتبووە ناوەوەی عێراق و هێشتا سەددام نەیدەزانی گەیشتوون. تاریکاییەکی (تەعتیمێکی) رۆژنامەوانی مەزن لەسەر هەواڵەکان دانرابوو و بۆ ماوەی سێ رۆژ راستیان بە کەس نەدەگوت. سەددام فەرمانی بە لەشکرەکەیدا بۆ کشانەوە، و لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕەزامەندی خۆی دەربڕیبوو بە شەڕ راگرتن، بەڵام هێزەکانی ژێر فەرماندەی جەنەڕاڵی ئەمەریکی (نۆرمان شوارتزکۆپف) بەردەوام بە دوویانەوە بوون و لێیان دەدان.

لەشکری شکاو و سەر لێشێوای عێراقی، لە راکردن بەولاوە هیچی دیکەی لە دەست نەدەهات. لە پشتیەوە رووی لولەی تۆپ و دەبابەکانی هاوپەیمانانی تێکرابوو، لە ئاسمانەوە بۆمبای فڕۆکەکانی بەسەردا دەباری، و لە دیوی عێراقیشدا ڕژێمێکی زالم و دڕندە و پەشۆکاو چاوەڕێی بوو. لەو ساتەدا، پێشبینی لەوە دەکرا لەشکری ئەمەریکی هەتا بەغدا بە دوای عێراقیەکان بکەوێ و ڕژێم بڕوخێنێ. هاوکات، چاوەڕێی ئەوەش دەکرا خەڵکی ناڕەزای شارە شیعە و کوردیەکان فرسەتی شکستی ڕژێم بقۆزنەوە و راپەڕن بۆ ئەوەی عێراق لە ڕژێمی سەددام ڕزگار بکەن.

هەڵوێستی سەرۆك بوش و پڕۆپاگەندەی ئەمەریکی وای دەگەیاند کەوا ئەمەریکا پشتگیری لە ڕوخاندنی ڕژێم دەکات. سەددام خۆیشی، بەر لە هێرشەکە، دەیزانی کە ئەمەریکیەکان مەبەستیان لادان و ڕوخانیەتی، بۆیە لە لای (جۆرج حەبەش) گوتبووی "دەزانم ئەوانە بەدوای کوەیتەوە نین، بەلکو بە دوای منەوەن، منیش چاوەڕێ ناکەم کە بمخۆن، بەڵکو پێش ئەوەی بمخۆن دەیانخۆم". لە رۆژی ٢٤ی شوبات/فێبروەری ١٩٩١دا، واتە لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشی زەمینی، (سەلاح عومەر ئەلعەلی) کۆنە ئەفسەری لەشکری کۆماریی عێراق لە رادیۆی (دەنگی عێراقی ئازاد) دا بانگەوازێکی هاندەری خوێندەوە و تێیدا گووتی: "ئەی رۆڵەکانی دیجلەو فورات، تەنیا رێگەی لەبەردەمتانە بۆ ڕزگاربوون لە مردن و هێرشی بێگانە و بۆ بەرگری لە خاکی وڵات، ئەوەیە کە لە دژی دیکتاتۆر و عەسابەی تاوانکاران راپەڕن.....". بنکەی رادیۆی دەنگی عێراقی ئازاد لە سعودیە بوو و بە پارە و سەرپەرشتی راستەوخۆی (سی ئای ئەی، CIA) بەڕێوە دەچوو، وە بانگەوازەکانی ڕەنگدانەوەی ویستی سی ئای ئەی و ئیدارەی ئەمەریکی بوون. ئەو جۆرە بانگەوازە، هەندەی تر زەمینەی بۆ بەرپابوونی ئاگری راپەڕین خۆشکردبوو، و کار لەسەر فتیل مابووەوە.

## ڕاپەڕین

فتیلی ڕاپەڕین لە ڕۆژی یەکەمی مانگی ئادار (ڕۆژی دوای مۆرکردنی ئاگربەستی عێراق و هاوپەیمانەکان)، لە سەر دەستی سەربازێکی شیعەی بەسراییەوە گڕی گرت. ئەو سەربازە، بە سواری دەبابەیەکی T-72، داخی دۆڕان و شکست و ئیهانە کراویی لەشکرەکەی بە پەیکەر و سیمبۆلەکانی ڕژێمدا دەربڕی. سەربازەکانی ئەوناوەش، بە بێ ئەوەی بیر لە دەرەنجامی ئەو کارە بکەنەوە، دەستیان کردە چەپڵە لێدان و هۆسەی عەرەبی، لە دژی سەددام و ڕژێمەکەی. بەوە مەشخەڵی ڕاپەڕین گڕی گرت و لەمەودای چەند کاتژمێرێکدا تەواوی شاری بەسرا هەڵسایە سەرپێ. خەڵکی بە هەلهەلە و هوتاف، هاتنە دەرەوە و هێرشیان بردە سەر زیندان و بنکەکانی دەزگا ئەمنیەکان و حیزبی بەعس. زیندانیەکانیان ئازاد کرد و دەستیان بەسەر چەك و تەقەمەنیەکی زۆر داگرت. ئەوە بووە مایەی هەڵگیرسانی شەڕێکی سەختی خوێناوی لە نێوان خەڵك و فیرارە عەسکەریە ڕقهەڵساوەکانی بەسرا لە لایەك، و چەکدارە بەعسیەکانی سەر بە ڕژێم لە لایەنی بەرامبەردا. بەسرا ڕزگار کرا، و هەواڵ گەیشتە هەموو لایەك. لە شاری (نەجەف) شەڕێکی سەخت لە دەوروبەری مەرقەدی ئیمامی عەلی هەڵگیرسا، و ناوچەکە بە مەرقەدەکەوە کەوتنە دەستی ڕاپەڕیوەکان. بەوە ڕاپەڕین، لە مەودای چەند ڕۆژێکدا، تەوای ناوچە شیعەکانی باشووری عێراقی گرتەوە. شاری (ناسریە) و (کوت) و (عەمارە) و (سەماوە) و (کەربەلا) و (حیللە) و (دیوانیە) و قەزا و ناحیە و گوندەکانی ئەو ناوچانە لە دارودەستەکانی ڕژێم پاك کرانەوە.

جموجۆڵی ڕاپەڕینی کوردستان لە چوارەم ڕۆژی مانگی مارت، لە شاری ڕانیەوە دەستی پێکرد. لە ٦ی ئادارخەڵکی ڕانیە هەڵیان کوتایە سەر بنکەی حیزبی بەعس و بەوە مەشخەڵی ڕاپەڕینیان هەڵگیرساند. لەمەودای دە ڕۆژدا (هەتا ١٤ی ئادار)، تەواوی شارەکانی پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی ڕزگار کران. لە هەریەکەشیاندا، خەڵکی شار بە منداڵ و ئافرەت و لاو و پیرەوە کەوتنە هەڵلای بەدووکەوتنی بەرپرسەکانی ڕژێم و ڕاوی بەعسیە چەکدارەکان. ڕۆڵی پێشمەرگە و حیزبە کوردیەکان زۆر سەرەکی نەبوو، بەڵکو کاریان زیاتر هی ڕێکخستن و هاندان بوو. بە بەراوردی لەگەڵ خوارووی عێراق، شەڕەکانی شارەکانی کوردستان (بێجگە لە کەرکوك)، سوك و کەمخوێن بوون. شاری کەرکوك، بە زەحمەت و بە شەڕی خوێناوی پێشمەرگە لە ڕۆژی ٢٠-٢١ی ئاداردا ڕزگارك را. لە دوای سەرکەوتن، خەڵکی شارەکان کەوتبوونە تالانکردنی بنکەکانی ڕژێم و ئاهەنگ گێڕان و پیرۆزباییکردنی یەکتر بۆ ڕزگاربوون.

## عەمامەی راپەڕین

سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی راپەڕین و هەڵوەشانەوەی خێرای سیستەمی دەوڵەت لە شارە ڕزگارکراوەکاندا، موفاجەئەیەك بوو بۆ خەڵکی عێراق و ئەمەریکیە چاودێرەکان. بەڵام ڕەفتاری راپەڕیوە شیعەکانی باشوور کارێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، و بووە هۆی هەڵوێست گۆڕینی سەرۆك بوش و هاوپەیمانە عەرەبەکانی.

لە سەرەتادا، راپەڕین بە شێوەیەکی خۆڕسك و عیشوائی هاتە کایەوە، بەڵام لە دواییدا پاسداری ئێرانی و ئەندامانی (فەیلەقی بەدر) و ڕێکخراوە عێراقیە سەر بە ئێرانیەکان جڵەوی رووداو و سەرکردایەتی شەڕەکانیان گرتە دەست. پێشڕەو و پاشڕەوە راپەڕیوەکانی باشووری عێراق وێنەی (ئایەتوڵڵا خومەینی) و (موحەممەد باقر الحکیم) و (باقر الصدر) و مەرجەعە ئاینیەکانیان بەرز کردبووەوە، و بەو ڕەفتارە عەمامەیەکی ئێرانیان خستە سەر کەللەی راپەڕین. ئەمەریکیەکان واقیان وڕما بوو و ترسیان لێ نیشت کەوا خەریکە بە دەستی خۆیان عێراق دەکەنە دیاریەکی پێچراوە و دەیخەنە باوەشی ئێرانێکی توندڕەوی ئەنتی ئەمەریکی. خەریك بوو ڕژێمی سەددام دەڕوخا بەر لەوەی ئەمەریکا ئەلتەرناتیڤێکی "پرۆئەمەریکی" بۆ حوکمڕانی عێراق ئامادە بکات. هەڵبەت بیرکردنەوەکەیان لە دژی ویستی خەڵکی عێراق بوو، بەڵام بە هەڵەدا نەچوو بوون.

## کۆنفرانسی بەیرووت

لە ٩ی مانگی ئاداردا، بە فڕۆکەیەکی تایبەت، بە پارەی سعودی و بە ڕێکخستنی سوری، هەشتا کەسی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی (حیزبی و بێ لایەن) لە لەندەنەوە فڕین بەرەو بەیرووت، بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسی "دۆزینەوەی ڕژێمی ئەڵتەرناتیڤ". بەندەش یەکێك بوو لەو چالاکوانەی کۆمەڵگای مەدەنی بێلایەن کە لەگەڵ ئەو هەشتا کەسەدا بانگهێش کرابوون. لە تەهران و دیمەشق و ئەنکەرە و ڕیازیشەوە فڕۆکەی تایبەت سیاسەتمەدار و سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتی عێراقیان هێنا بوو.

پێش ئەوەی لە لەندەنەوە سواری فڕۆکە بین، زۆربەی هەرەزۆرمان قات و جلی رۆژئاواییمان لەبەر بوو و تەنیا چوار کەس عەمامەیان لە سەر بوو. (عومەر دەبابە) ی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەگەڵ (ئەبو غەسان)ی حزبی بەعسی عێراقی (سەر بە سووریا)، لە رێکخەر و هەماهەنگیکەرەکانی کۆنفرانسەکە بوون. ئەوانە تکای تایبەتیان لە شیعەکان کردبوو کە لەو سەفەرەدا بێ مەندیل بن، واتە عەمامە لەسەریان نەنێن تاوەکو ئەمەریکیەکانی پێ نەتۆقێنن. بەڵام تکایەکانیان بێ سوود بوو. گەشتەکەمان لە لەندەنەوە بۆ بەیرووت پێنج کاتژمێر بوو. لە سەرەتادا تەنیا چەند کەسێك مەندیلی لەسەر بوو، بەڵام پێش دابەزینمان، زیاتر لە بیست و پێنج نەفەر جلیان گۆڕی و عەمامەی ڕەش یان سپی شیعەیان لەسەر نا. کە لە فڕۆکەخانە دابەزین، کامیرای دونیا چاوەڕێی دەکردین، و وەك چاوەڕەوان دەکرا رووی تەواوی زوومەکان کەوتە سەر عەمەمە لەسەرەکان. لە ناو هۆڵی کۆنفرانسدا، زیاتر لە چوار سەد (٤٠٠) کەسی لێ بوو، زیاتر لە سەدیان عەمامەی لە سەر بوو.

عەبدولعەزیز ئەلحەکیم (برای محەمەد باقر ئەلحەکیم، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی – المجلس الأعلى للثورة الإسلامية) لە ئێرانەوە بە درەنگەوە گەیشت، و ئەویش کۆمەڵێك پیاوی ئاینی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لەگەڵ گەیشتنیدا، تەرکیزی تەواوی کامیرای کەناڵەکانی راگەیاندن چوە سەر ئەو. لەو کاتەدا لە (موەفەق ڕوبەیعی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوە)م پرسی ئایا بۆچی ئیلتیزامتان بە پێشکەش کردنی رووکەشێکی باشتر بۆ کامیراو رای گشتی ئەمەریکی و ئەوروپایی نەکرد؟ لە وەڵامدا گوتی "ڕاستە نەدەبوایە برادەرانمان وا بکەن، بەڵام ئەوە حەقیقەتی عێراقە، ئیمرۆش نەیبینن سبەینێ دەیبینن و دەبێ ئەمەریکیەکان قەبولیان بێ و تەعامولی لەگەڵدا بکەن". زۆر لە پیاوە ئاینیە شیعەکان بە فارسی لە نێوان خۆیاندا دەدوان و کاریگەری زمانی فارسی بەسەرعەرەبیەکەشیانەوە دیار بوو. ئێرانچیەتی مەجلیسی ئەعلا بە ئاشکرا دیار بوو. بۆ نموونە، لە لەندەنەوە عومەر دەبابە کەوتە مشتومڕ لەگەڵ چەند کەسێکیان کە دەیانگوت نابێ (هەژیر تەیموریان) بەشداری لە کۆنفرانسەکە بکات و نابێ سواری فرۆکە بێ. هەژیر کوردی ئێرانە و رۆژنامە نووسێکی لێهاتوی بەناوبانگە و لە دژی ڕژێمی ئێرانی لە تەلەفزیۆن و رادیۆی بەریتانی و لە رۆژنامەی (تایمس)دا بیرو بۆچوونەکانی بڵاو دەکردەوە.

شایانی باسە کە وڵاتی سعودیە بڕە پارەیەکی زۆری بۆ ئەو کۆنفرانسە تەرخان کردبوو و دابوویە سوریەکان بۆ ڕێکخستنی لە بەریتانیا. لەنێویاندا عەبدولحەلیم خەدام بەرپرسی بڕیاردەر بوو، و لەجیاتی ئەوەی کە کۆنفرانسەکە لە بەریتانیا ببەستێ، بردیە لوبنانێکی هەرزان و کاول، کە لەژێر دەسەڵات و سوپای داگیرکەری سووری بوو. ئەو کاتە لوبنان لە کرژترین باردا دەژیا و بەیرووت ناخۆشترین ژینگە بوو. تەواوی باڵەخانە و تەلارەکانی وەك بێژینگیان لێ هاتبوو لە جێ گوللەی شەڕی ناوەخۆ. سوپای داگیرکەری سووریاش لە سەری هەموو کۆڵانێکدا سەیتەرەی دانابوو. لە فڕۆکەخانەوە ئێمەیان بە پاسەوانێتی سەربازی سووری بردە هوتێلی (بریستل) کە بە سەربازی سووری دەورە درابوو. ئیتر سوریا و ئێران مەجرای کۆنفرانسەکەیان بەلایەکی دیکەدا برد. لەناو کۆنفرانسەکەشدا، هەر لە یەکەم دانیشتنەوە هەتا کۆتایی، سیاسیەکان هەر خەریکی مشتومڕ و کێشمەکێش و بگرەوبەردە و شەڕە هەڵوێست بوون.

لە کۆنفرانس، خەڵکەکە بە ناوی چوار ڕەوت (تەییار) بانگ دەکران. تەییاری کوردی (بەرەی کوردستانی، بەبێ حیزبە ئیسلامیەکان)، تەییاری قەومی (حیزبی بەعس و ناسریەکان، و هی دیکە)، تەییاری ئیسلامی (حیزبە ئیسلامیە عەرەبی و کوردیەکان)، و تەییاری دیموکراتی (پارتی کۆمۆنیست و ڕێکخراوە عیلمانیە عەرەبەکانی دیکە). دواییش، تەییاری حیزبەکانی سەر بە سعودیەش هاتن، کە بریتی بوون لە گرووپەکانی وەك (مجلس العراق الحر) و (جماعە العشائر) و (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان). کە مام جەلال تاڵەبانی لە ١١ی ئاداردا لە ئەنکەرەوە هاتە کۆنفرانس، (حیزبی تورکومان) و (حیزبی ئیسلامی تورکومان)ی لەسەر داوای تورکیا لەگەڵ خۆی هێنابوو.

ئیتر لێژنەی کاری هاوبەش (لجنە العمل المشترك) کە سەرپەرشتی کۆنفرانسەکەی دەکرد ١٧ ڕێکخراوی تێدا بوو. لە کاتی دامەزرانی پانێلی خاوەنگوتەکان، لە هەموو دانیشتنێکدا دەبووایە ١٧ کەس ڕووبەڕووە باقی ئامادەبووانی کۆنفرانس دابنیشن، لە هەموو جارێکیشدا، خاوەن عەمامەکان لە چەقی مەنەسەکەدا بوون. لە یەکەم دانیشتندا، (عەزیز موحەممەد)ی سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی لە نێوان عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و شیعەیەکی دیکەی سەر بە عەمامە دانیشتبوو، خۆیشی سەیری بە حاڵی خۆی دەهات.

لە پانێلێکدا، ئەندامێکی مەجلیسی ئەعلا قسەی کرد و گوتی "پێرێ لە عێراقەوە چومە ئێران و لەوێوە هاتمە لوبنان" ...... "لە بەسرەوە راپەڕین (ئینتیفازە) هەڵگیرساوە هەتا نەجەف و کەربەلا"، وە باسی قارەمانێتی ئەهلی شیعەی کرد بە بێ ئەوەی باس لە راپەڕینی کوردستان بکات. ئەوجا کۆتایی بە قسەکانی هێنا و گوتی (اهل العراق يحبون علي و حسن و الحسين، و يرفضون الرضوخ الى الطامعين من خارج العراق و المحتلين). لەگەڵ قسەکانیشیدا، کە دەمنادەم ناوی پێغەمبەری دەهێنا، تەواوی هۆڵەکە پڕ دەبوو لە دەنگی زیاتر لە سەد شیعەی دیکە کە بە یەکەوە و بە لەحنێکی ئێرانیانە دەیانگوت (الهم صلي على سيدنا محمد و ال محمد). شیعەکان زۆر لەخۆیان دڵنیا بوون و نەرمیان نیشان نەدەدا. لەگەڵ سوننەکان و عیلمانیەکان رەق و بێباك بوون. عەرەبی عیلمانیش زۆر بێحاڵ و ناتەبا بوون. کەسایەتیە بەرچاوەکانیان (سەعد ساڵح جەبر) و بەعسیەکانی سەر بە سووریا و حیزبی کۆمۆنیست بوون.

وەك عادەت، لایەنەك کوردیەکان (بەرەی کوردستانی) لە هەموویان تەباتر و رێکتر بوون بەڵام ئەوانیش خەریك بوو کەلێنییان بکەتە بەینێ، چونکە عومەر دەبابە (کە ئەرکی بانگهێشکردنی کەسایەتیە کوردەکانی پێ سپێردرابوو) تەرکیزی زیاتر خستبوە سەر دۆست و برادەر و هەوادارەکانی یەکێتی و هەندێ ئەندامانی حیزبەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی و چەند کەسایەتیەکی چالاکوانی مەدەنی بێلایەن. لەو ناوەدا، هەتا رۆژی پێش سەفەر هیچ ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بانگهێش نەکردبوو. ئەوکاتە دکتۆر فوئاد مەعسوم پێڕاگەیشت و چەند کەسێکی پارتی بەگەر ناوەکاندا، لەوانە هوشیار زێباری. بۆیەش رێژەی ئەندامانی پارتی لە کۆنفرانسەکەدا زۆر کەمتر بوون و بگرە دەگمەن بوون بە بەراوورد لەگەڵ لە سەرجەم لایەنەکانی دیکە.

لە ناو هۆڵەکە و لە پەنای پەردەکانیشدا، شەڕە هەڵوێست و توڕەو تەنگاوی کەشی کۆنفرانسەکەی کرژ کردبوو. لە رۆژی دووهەمی کۆنفرانسەکەدا، لە دانیشتنی نێوان عەبدولحەڵیم خەددام و مام جەلال و سەعد ساڵح جەبر و دوو کەسی دیکە، سەعد ساڵح جەبر (کە سەر بە سعودیە بوو و بە ئاشکرا نوێنەرایەتی رەوتی سعودی دەکرد) بۆڵەبۆڵی کردبوو و هێرشی بردبوەوە سەر "لایەنە سەر بە ئێرانەکان". هەرلەوێ مام جەلال توڕە بوو بوو و هێرشەکی توندی بردبووە سەری و گوتبووی: "دەزانم تۆ باسی کێ دەکەی، تۆ مەبەستت پارتی دیموکراتی کوردستان و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی و حیزبی دەعوەیە، ئەوانە

خەباتگێڕن و نیشتیمان پەروەرن و شەهیدیان داوە و قۆندەرەکانیان لە خەڵکی وەك ئێوەی سەر بە سعودیە شەریفترە". سەعد ساڵح پاشەکشەی کردبوو و گوتبووی من مەبەستم لە پارتی دیموکراتی کوردستان نیە. لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا، من و موەفەق ڕوبەیعی و سەعد ساڵح جەبر و عەزیز محەمەد بەیەکەوە راوەستابووین. سەعد ساڵح جانتایەکی بچوکی بەسەر شانیەوە هەڵواسیبوو. مۆفەق ڕوبەیعی گوتی جانتاکەت جوانە و براندێکی گرانە. سەعد ساڵح جەبر لە وەڵامدا، بە نارەزاییەکەوە، گوتی " بەڵێ ئەوە پڕیەتی لە پارەی سعودی و هێناومە لەسەرتانی دابەش بکەم!".



لەگەڵ شاعیری بەناوبانگ محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری لە کۆنفرانسی بەیرووت. لە جەواهیریم پرسی ئایا سەرجەم راستە کە ئەو کڵاوانەی لە سەریان دەنێی (کە لە سەریان نوسراوە کوردستان) لە لایەن مام جەلالەوە بۆت دێت. لە وەڵامدا گوتی: "نعم هذه کلها کلاوات جلال!"



لە گەڵ کاك نەژاد و کاك عەزیز محەمەد لە کۆنفرانسی بەیرووت لە رۆژی ١١ی مارتی ١٩٩١

## سەرکوتکردنی راپەڕین

لەو کاتانەدا دەرکەوت کە ئەمەریکیەکان سەددامێکی لاواز و دۆڕاویان پێ باشتر بوو لە ڕژێمێکی توندڕەوی ئیسلامی شیعی سەر بە ئێران. هێشتا هێرشی هاوپەیمانەکان بەردەوامبوو، و راپەڕین لە سەرەتایدابوو،کە سەرۆك بوش چوە سەر تەلەفۆن و فەرمانی بە (جەنەڕاڵ شڤارتزکۆف)دا بۆ ئەوەی هێرشی لەشکری هاوپەیمانان رابگری و چیتر بەرەو بەغدا هەڵنەکشێ. بەوەش بۆڕی هەناسەدانی بۆ ڕژێم کردەوە. هاوکات لە رێکەوتننامەکەی نێوان براوە و دۆڕاوی شەڕدا، کە لە سەفوان مۆر کرا، شڤارتزکۆف رێگەی بە عێراقدا هەلیکۆپتەرە جەنگیەکانی بەکار بهێنێ. بەوە، رێگەی دا رووی تفەنگی پاسەوانی کۆماری (حەرەس جمهوری) و ڕەشاشی هەلیکۆپتەرەکانیان لە خەڵکە راپەڕیوەکان بکەن. سەددام ئەو لایتە سەوزەی بەس بوو، و لە مەودای کەمتر لە دوو هەفتەدا مەشخەڵی راپەڕینی لە سەرتاپای عێراق کوژاندەوە، و تەواوی شارە ڕزگارکراوەکانی خواروی عێراقی گرتەوە. لەو پرۆسەیەدا، توانی زیاتر لە سەد هەزار عەرەبی شیعە بکوژێ. هێزی بەرگریکەری شیعەی خواروو، بە چەکی سوك و بە شێوەیەکی زۆر نا مونەزەم، ویستی بەرهەڵستی بکات، بەڵام ئەو ئاستە لە بەرامبەر تەوژمی بێ بەزەییانەی ڕژێمدا سوودی نەبوو. حکومەت هەڵیکوتایە ناو شارەکان، بە ڕەشبگیری خەڵکی لە ماڵ و نەخۆشخانە و مزگەوتەکان دەردەهێنا و بە بێ پرسیار و وەڵام دەیکوشتن.

## کۆڕەو

لەوکاتەدا، خەڵکی کوردستان لە بڕیار و ڕەفتاری سەرۆك بوش حەپەسا بوون و دەست لەسەر دڵ چاوەڕێی قەدەر بوون. بەڵام هێشتا سەرکردەکانی لایەنە کوردیەکان بڕوایان وابوو هێزی پێشمەرگە دەتوانی خۆی لە بەرامبەر هێرشی ڕژێمدا رابگرێت و شارەکان بپارێزێت، بۆیە کوردستان بە هەمان ئەو ئاسانیەی باشووری عێراق ناگیرێتەوە. زۆری نەخایەند، لە ٢٦ و ٢٧ی ئاداردا، هێرش و بۆمبابارنی ڕژێم هەڵیکوتایە سەر شاری کەرکوك. حکومەتی عێراق دەست بەسەردا گرتنی شارەکەی لە رۆژی پێنج شەممەی ٢٨ی ئادار راگەیاند، بەڵام لە راستیدا گرتنەوەی تەواوی کەرکوك هەتا رۆژی ٢٩ی مارتی خایاند. پێشمەرگە شەڕێکی خوێناوی لەدژی داگیرکەرەکان کرد، بەڵام ئەو بەرگریە بێسوود بوو و کوشتارێکی زۆری لێکەوتەوە. لەوێ بەولاوە حکومەتی عێراق بە بێ بەزەییانە کەوتە سەر گیانی خەڵکی سیڤیلی

شارەکانی دیکەی کوردستان، و لە مەودای حەفتەیەك زۆربەی شار و شارۆچکە سەرەکیەکانی کوردستانی گرتەوە. شاری هەولێر و دهۆك لە رۆژی ٣٠ تا ٣١ی ئادار، و زاخۆ لە یەکی ئەپریل/نیسان، و سلێمانی لە ٢ تا ٣ی نیسان، داگیر کرانەوە. لە هەر یەکەشیان، بە هۆی تۆپباران و هەڵفڕینی هەلیکۆپتەرەکان و هێرشی دەبابەکان، خەڵکەکە تووشی تۆقان و سەرلێشێوان و راکردن بوو. سوپای ڕژێم کەوتنە ناو شارەکان و ماڵبەماڵ لە چەك و چەکداران دەگەڕان، و لاوەکانیان لە ماڵ دەردەهێنا و ئەوەی لێی دڵنیا نەبوونایە بەبێ دوودڵی گوللەبارانیان دەکرد. ئیتر بەو جۆرە لێشاوی کۆڕەوی دووملیۆنی لە شارەکانەوە بەرەو دەشت و چیا و سنوورەکان دەستی پێکرد.

لەو کۆڕەوەدا، خەڵکی سیڤیل، لە ژێر ڕەحمەتی هەلیکۆپتەری ڕژێم و راونانی لەشکرەکەی، کەوتنە رێگە. هەر دایك و باوکێك، منداڵ و هەندێ خۆراك و خەزنەی پاشکەوتەکانی دەخستە سەرشان و بە پێ یان بە سواری، ملی رێگەی دەگرت. ئەوەی خاوەن ئوتومبیل بوو، ملی رێگەی قیرتاوی گرتبوو، و هەتا بەنزینی لێ دەبڕا دەڕۆیی. ئەوەی گوێدرێژی دەست دەکەوت، بە هەر لایەك بوایە قەدبڕ ملی لە شاخەکان دەنا. هەیانبوو لە دەشت و چیاکان دەگیرسایەوە، و زۆرینەش بەردەوام بوون هەتا سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا دەڕۆیشتن. لە رێگەدا، بە سەدان پیر و منداڵ و نەخۆش، لە سەرمان و لە برسان و لە ترسان و لە ماندووبونی رێگەدا، گیانیان لە دەستدا. تەرمی سەدان شەهید لە سەر رێگاکان، یان گۆڕستانی گوندەکانی سەرەڕێکان، بەبێ شوشتن و بە بێ مەراسیم دەنێژران. هاوکات، باران و قوڕ و سەرما و ڕەشەبای چیاکان، بار و ئەرکی ئاوارەکانیان قورستریش کردبوو. وورەی خەڵکەکە لەوپەڕی نزمیدا بوو. زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەکان ڕیزی هێزەکانیان بەجێ هێشتبوو، بگرە دەورەی سەرکردەکانیان بەتاڵ کردبوو و کەوتبوونە هیممەتی ڕزگار کردنی خێزانەکانیان. ئاوارەکان، لە مەودای چەند رۆژێکدا و بە ژمارەی لەبن نەهاتوو، گەیشتنە سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا. ئەو دوو وڵاتەش، هەر لە زووەوە هانایان بردە بەر کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و داوای کۆمەکیان دەکرد لەبەر ئەوەی ژمارە و پێداویستی ئاوارەکان لە توانای وڵاتەکانیاندا دەرچووبوو. تورکیا سنووری داخست و رێگەی نەدا پەناهەندەکان بپەڕنەوە. ئەو کارە بووە هۆی چڕ بوونی ئەزمەکە و هەندەی تر لە سەختی کارەساتەکەی زیاد دەکرد.

## هەڵوێستی ئەمەریکی و بەریتانی

بەڵام ئەو ئەرکە زۆر قورس بوو چونکە ئیدارەی ئەمەریکی بڕیاری دابوو کە دەست لە هاوکێشەی سیاسی ناوەکی عێراق نەدات و شەڕی نێوان ڕژێم و ئۆپۆزیسیۆن نەکاتە هی خۆی. خۆ یارمەتیدانی کورد لە پرینسیپەوە بە خەتێکی سور دانرابوو. هەتا ئەو کاتەیش، وەك لە رابوردوودا، کورد لە شانۆی سیاسەتی ئەمەریکیدا پەراوێز کرا بوو. حکومەتەکانی ئەمەریکی و بەریتانی و هاوپەیمانەکانیان نەیاندەویست کورد لەناکاو دەسەڵاتی دەست بکەوێ و بناغەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. سیاسەتی ئەو وڵاتانە بە درێژایی شەڕی سارد، لەسەر بنەمای پاراستنی یەکگرتوویی خاکی عێراق و حوکمڕانی سوننەی عەرەبدا دارێژرابوو. قازانجی ئابووری و سیاسی و عەسکەری بێ پایانیان لە ڕژێمی بەغدا و وڵاتە دراوسێکان (لە سەر حیسابی کورد) دەست کەوتبوو. بۆیەش، لەو سەردەمەدا هیچ کام لە حیزبی دەسەڵاتداری ئەمەریکی و بەریتانی پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ سەرکردەی کورد نەبوو. هەتا ئەو کاتە هیچ پەرلەمانتارێکی یان ئەندامێکی حکومەتی کۆنزێرڤەتیڤ ئامادە نەبوو کورد بناسێ.

لە کاتی کۆڕەودا، میدیا و رۆژنامە رۆژئاواییەکان کارێکی مرۆڤانە و پرۆفیشنەڵانەی بێهاوتایان ئەنجامدا. بەبێ دواکەوتن، زۆربەی کەناڵەکان پەیامنێریان گەیاندە سەر سنووری تورکیا و عێراق، وێنەی زیندوویان پەخش دەکرد، و وێنەی تراژیکی منداڵ و پیری کۆڕەویان نیشاندەدا. بەوە، دەهات کە جۆرج بوش و جۆن مێجەر بکەونە ژێر فشاری میدیاوە و دەهات بە هۆی ڕەفتاری سەددامەوە توشی ئیحراجی ببن.

## بوش: "خوێنی سەربازی ئەمەریکی بۆ کورد نارێژم"

سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش بەردەوام ئینکاری دەکرد کە داوای لە خەڵکی عێراق کردووە لە دژی سەددام هەڵبستنەوە، و بەرگری لە گوتەکانی دەکرد. تەنیا داوای کورد لە ئەمەریکا ئەوە بوو کە رێگە لە هەڵفڕین و هێرشەکانی هەلیکۆپتەری سەربازیی عێراق بگرێت، بەڵام ئەمەریکیەکان ئەوەیشیان پێ زۆرر بوو، چونکە وایان دادەنا کە ئەمەریکا و هاوپەیمانان بەوکارە مەجبوور دەبن بەردەوامێتی بە شەڕی کوەیت بدەن. سەرۆك بوش و ئیدارەکەی تەرکیزیان زیاتر خستبوە سەر رێکخستنی ئاهەنگی سەرکەوتنیان لە شەڕی کوەیت، و

دەیانەویست مێژووی شکستهێنانیان لە ڤیەتنامیان بسڕنەوە، و نەشیاندەویست کوڕەو و دیمەنی کارەساتباری کوردان ئەو بۆنەیەیان لێ تێك بدات. سەرۆك بوش وایدادەنا کە تەدەخول لە کوردستان کارێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە هاوکاری هاوپەیمانانە و پێویستی بەوەیە سەربازی ئەمەریکی بچێتە ناوەوەی عێراق و بە کاری بەرگری سەربازیی هەڵبستێ. لە کۆبوونەوەی نهێنیدا سەرۆك بوش گوتبوی ئامادە نیە خوێنی سەربازی ئەمەریکی بۆ کوردان بڕژێنێ. جۆن مێجەریش دەیگوت ئێمە ئومێدمان ئەوە بوو کە لەشکری عێراقی بە کاری لادانی سەددام هەڵبستێ نەك خەڵکی سیڤیلی عێراق. هەڵبەت بەهیچ جۆرێك هیچ لایەکیان نەیاندەویست هەڵوێستیان بگۆڕن و تەسلیمی فشارەکان ببن، بۆیە بوش و مێجەر بڕیاریان دا خۆیان لە میدیاکان دابڕن. ئەوە بووهەریەکەیان چوە پشوودانی جەژنی (ئیستەر) و خۆیان لە هەموو لایەك شاردەوە.

## ڕاپەڕینی کوردانی هەندەران

کوردانی هەندەران، چرکە بە چرکە بەدوای ڕووداو و هەواڵی ناوەوە بوون. ئەوەی لەدەستیان دەهات بۆ هاندانی میدیا و ڕۆژنامەکان بۆ خاتری پەخش کردنی وێنەی کارەسات دەیانکرد. هەوڵەکان بۆ فشار بوون، بۆ پاڵنانی سەرکردە هێزە هاوپەیمانەکان بوون (بە تایبەتی سەرۆك جۆرج بوش) بۆ ئەوەی هەر وەك چاودێر سەیری ئەو زۆنگاوە خوێناویە نەکەن، بەڵکو تەدەخول بکەن و ڕێگە لە ڕەشبکوژیی یان کۆمەڵکوژی کورد بگرن.

لە لەندەن، دەمێك بوو مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی ئاهەنگی نەورۆزی بۆ ڕۆژی یەکشەممەی (٣١ی ئادار) لە هۆڵی (هەمەرسمیث) ڕێکخستبوو. ساڵانە، سەدان کورد بە خێزانەوە بەشداریان لە ئاهەنگی نەورۆز دەکرد، بەڵام لە ڕۆژگارێکی وەك ئەو ڕۆژەدا، بەشداران کردیانە فرسەتی خڕبوونەوە و کۆبوونەوە. هەواڵەکانی کوردستان هەورێکی سامناك و کەشێکی خەماوی تازیە-ئاسایی لە هۆڵەکەدا پەیداکردبوو. هەر لە هۆڵەکەدا بوین کە هەواڵی یەکەم شەپۆڵی کۆڕەومان پێ گەیشت. بە گوێرەی هەواڵی بەرەی کوردستانی و (بی بی سی)، لە بەیانی ئەوڕۆژدا، هەولێر و دهۆك چۆڵ کران و خەڵکەکە لە ژێر ڕەحمەتی تۆپ بارانی ڕژێم و ڕوویان کردە دەشت و چیاکان.

ئامادەبوانی هۆڵەکە دەماودەم بڕیارماندا کە هەر لەوێوە، بەو شەو و تەنکەبارانە، بەرەو کۆشکی باڵوێزخانەی ئەمەریکی لە (گرۆڤنەر سکوێر، Grosvenor Square) بکەوینە رێ، بۆ خۆپیێشاندان و ئێشکی شەونخونی (ڤیجیل) لەبەردەم باڵوێزخانەدا. پێشی گەیشتنمان، لە چەندین لاوە پەیوەندی بە رۆژنامەنووس و پەیامنێری کەناڵەکان کرا. هەتا گەیشتینە باڵوێزخانەی ئەمەریکی، کامێرای زۆربەی کەناڵەکان لەوێ چاوەڕێ بوون. هەڵبەت، خەڵکەکە، بە ژن و پیاو و منداڵەوە، هەموویان بە جلی کوردی و جلی ئاهەنگەوە بوون و هەریەکەیان مۆمێکی داگیرساوی هەڵگرتبوو، بەڵام کەس لەوان پلانێکی دیاریکراوی بۆ کەمپەین و مەبەستی سەرەکی ئەو خۆپیشاندانە نەبوو. بۆیە، لە دوای یەکدوو کاتژمێر، خەڵکەکە بڵاوەی لێ کرد، بەو رێکەوتنەی کە لە رۆژی دواییدا (دوو شەممە، یەکی نیسان)، لە هۆڵی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی لە (ستانەری ستریت، لامبێث) کۆ ببینەوە.

لە دوای نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە، نزیکەی ٦٥ کەس بووین لە مەڵبەندی رۆشنبیری کۆ بووینەوە، و لەوێ کەوتینە بیرکردنەوە و پلاندانان. لەسەر ئەوە رێکەوتین کە چەند لاوێکی تەندروست لەبەر دەمی باڵوێزخانەی ئەمەریکیدا مان بگرن، و شیعاری "مانگرتن هەتا مردن" هەڵبگرن. هەر لە مەڵبەند، ٤٤ کەس ئامادەیی خۆیان نیشاندا و ناونووس کران. هەماهەنگیکاری مانگرتنەکە (فەرهاد عەبدولعەزیز عەلائەددین) و (سالار باپیر) بوون و خۆیشیان لە مانگرتوەکان بوون. شایانی باسە، حیزبە سیاسیەکان هەوڵیان دا جلەوی رووداوەکان بگرنە دەست، بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا رێگەیان لێگیرا و خەڵکەکە بە باشی زانی کە مان گرتن و خۆپیشاندان و لۆبیکردنەکان حیزبیانە نەبن و سیمای هیچ لایەنێکی سیاسیان پێوە نەبێ. بۆیە، هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی مانگرتنەکە، زمانحاڵی حیزبەکان رۆڵی بەرچاویان لەو جموجۆڵەدا نەبوو، چونکە ئەوەی دەکرا بە ناوی کۆمەڵگای کوردەواریەوە بوو.

هەر لەو پاش نیوەڕۆیەدا، زۆربەی خەڵکەکە لە مەڵبەندەوە بەرەو باڵوێزخانە بەڕێ کەوتن، و هەر لەو چرکەساتەی گەیشتنە ئەوێ هەتا ماوەی چواردە شەو و رۆژ (٣٦٠ کاتژمێر)ی بەردەوام، ئێشکگرتن و شەونخونی ومانگرتنی ئەو ٤٤ کەسە بەردەوام بوو. بەردەمی باڵوێزخانە ببوە مەقەر و دیدارگە و شوێنی کۆبوونەوە و پلان دانان و رێکەوتن و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی و جموجۆڵی هەمەجۆری دیکە. مان گرتوەکان پلاکی (پۆستەری) مانگرتنیان بە ملەوە بوو، و لە ئاو و چای شیرین بەولاوە هیچی دیکەیان نەدەخوارد. لە دوای چەند رۆژێك،

هەندێك لە مانگرتووەکان لاوازیان پێوە دیار بوو، و یەك دوانێکیان بە ئەمبولانس برانە نەخۆشخانە. من و فوئاد هەناری و ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد (KSMA)، دەمنادەم لە تەندروستی مانگرتوەکانمان دەپێچایەوە و پشکنینی پزیشکیمان بۆ دەکردن.

مانگرتنەکەی ئەو لاوانە مەزنترین کاریگەری هەبوو بۆ جۆشدانی لۆبیکردنمان. لە لایەکەوە چەقێکیان دروست کردبوو کە ببوە ژووری عەمەلیاتمان. میدیا و رۆژنامە نووسەکان بەردەوام لەوێ بوون هەواڵیان دەهێنا و دەبرد، هەردەم دواهەواڵی کوردستان و باقی جموجۆڵەکانی کوردی ئەوروپا لەوێ دەست دەکەوت. خەڵکی بەریتانی هەستیان بە جۆرێك بزووتبوو، زۆران دەهاتنە ئەوێ بۆ بەخشینی کۆمەك و پارە. مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی حیسابێکی کۆمەکی کردەوە بە ناوی (Kurdish Disaster Fund- کۆمەکی کارەساتی کوردی)، و هەر لەو چواردە رۆژەی مانگرتندا هەزاران پاوەندی ئیستەرلینی لە سەر جادەکان کۆ کرایەوە. ئیتر، مانگرتنەکە خێرێکی زۆری دایەوە، و بەردەوام بوو هەتا ئەو رۆژەی کە پشتگیری ئەمەریکی بە ڕەسمی مسۆگەر بوو. لە ١٤ی نیسان، فەرهاد عەبدولعەزیز عەلائەدین و سالار باپیر و شەفیق قەزاز نامەیەکی نوسراویان پێشکەش بە کونسولی ئەوکاتەی ئەمەریکی کرد. کونسول بەڵێنیدا کە پەیام و نامەکەی کوردان بگەیەنێتە لای سەرکردەکانی، و داوایکرد کۆتایی بە مانگرتنەکە بهێندرێ.


DR DLAWAR ALA'ALDEEN
Kurdish Exile


HUNGER STRIKE TO THE DEATH






شوێنی نامگرتنەکە، لەبەردەم
باڵوێزخانەی ئەمەریکی ببووە
چەقی دیمانە و ئاڵوگۆڕی زانیاری و
هەواڵ و پلاندانان بۆ لۆبیکردن






(پێنجەم)

# دیدەنی مارگەرێت ثاتچەر و وەرچەرخانی چارەنووس

ئەو شەوەی کە لە هۆڵی هەمەرسمیث و باڵوێزخانەی ئەمەریکی (یەکشەممەی ٣١ی ئادارلەسەر یەکی نیسان) گەڕامەوە ماڵ، بە هیچ جۆرێك نەمتوانی بخەوم. هەر خەریکی بیرکردنەوە و پلان دانان بوم بۆ رۆژی ئایندە. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا لە رۆژێکی ڕەشی وەك ئەو رۆژەدا، لە حالەتی تەنگانە و فریاکەوتن و لە ژێر فشاری کاتدا، چیمان پێ دەکرێ. خۆ دەبێ هەرچی ئەزموون و پەیوەندی ساڵانی رابووردوومان هەیە بیانخەینە کار. هەر بەو شەوە، ڕەشنووسی چوار نامەم ئامادە کرد، بەو ئومێدەی کە لە رۆژدا فاکسیان بکەم بۆ سەرۆك بوش، و (بارباره بوش)ی هاوسەری سەرۆك بوش، و جۆن مێجەر و (مارگرێت ثاتچەر)ی کۆنە سەرۆك وەزیرانی بەریتانی. لە نامەکاندا، سێ داوای روون و ئاشکرام کردبوو. یەکەمیان: رێگە لە سەددام بگیرێ بۆ ئەوەی بۆمبابارانی شارەکانی کوردستان بوەستێنێ و چیتر ئاوارەکان نەتۆقێنێ؛ دووەمیان: ئاوارەکان دڵنیا بکرێنەوە، و خواردن و دەرمانیان بۆ بچێ و ماڵ و جێی حەوانەوەیان بۆ دابین بکرێ؛ سێهەمیان: دەستی خەڵکی عێراق بەر بدرێ هەتا خۆیان لە حوکمی دڕندەکاری سەددام ڕزگار بکەن.

**دووشەممە، یەکی ئەپریل/نیسان**

کە رۆژ هەڵات، پەیوەندیم بە سێ دۆستی بێگانەی شارەزا کرد و داوای یارمەتیم لێکردن. لەوانە (جۆن فۆران)ی سەرۆکی رێکخراوی خێرخوازی (ئینتەرناشنەل مێدیکەل ریلیف)؛ و (ئۆلیڤەر مۆرس)ی رۆژنامەوانی ئینگلیزی، و (دێنیس کامیرون)ی رۆژنامەوانی ئەمەریکی. جۆن فۆران دەمێك بوو تێکەڵاوی کورد و عێراقیەکانی دەکرد و لە زۆر رووەوە یارمەتی دەداین. تازە ئۆلیڤەر مۆرس و دێنیس کامیرونم ناسیبوو، چەند رۆژێك لەمەوبەر داوای یارمەتیان لێکردم

بۆ ئەوەی بیانگەیەنمە کوردستان بۆ ئەنجامدانی کاری رۆژنامەوانی، و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە چەکی کیمیایی. ئەوانە بەهۆی بڵاو کراوەکانی پێشووم (لەسەر کیمیابارانی کوردستان) ناوی منیان بیستبوو و بۆ ئەوەش چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدابوم. لە شەوی پێشتریشدا، جۆن و ئۆلیڤەر و دینیس هاتنە هۆڵی هەمەر سمیث بۆ بەشداری کردنمان و پەیوەندیکردن بە تۆڕی کۆمەڵگاکەمان.

لە سەرەتادا، داوام لەو سێ دۆستە کرد یارمەتیم بدەن لە دانانی پلانێك کە بەهۆیەوە بەخێرایی دەنگمان بگەیەنینە سەرکردە بەریتانیەکان، و ئەگەر بۆمانکرا چەند سەرکردەیەکی سیاسی کوردی بگەیەنینە لای وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری یان خودی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی. ئامانجی هەوڵەکانمان ئەوە بوو ئەو دیوارە جیاکەرەوەیە بڕوخێنین و هەر چۆنێك بێت خۆمان بگەیەنینە سەرچاوەی بڕیاری بەریتانی. راستە، چەندین ئەندام پەرلەمانی پارتی کرێکارانی بەریتانی (ئۆپۆزیسیۆن)مان دەناسی، و لە رابوردوودا ئەوانە زۆر یارمەتیان دەداین، بەڵام یارمەتیەکانیان بایی ئەوە نەبوو کە ببێتە مایەی فشارێکی کاریگەری ئەوتۆ هەڵوێستی حکومەتی بەریتانی لەناکاو بگۆڕی.

هەر ئەو رۆژە (یەکی نیسان) لەگەڵ ئەو سێ دۆستە، کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ نوێنەرانی بەرەی کوردستانی سازدا، و لەسەر چەند هەنگاوێك رێکەوتین. بەڵام دیار بوو تەرکیزی ئێمە (من و رۆژنامەنوسەکان) و هی سیاسەتمەدارە کوردیەکان لەسەر هەمان خاڵ نەبوو. لەو رۆژەدا، هەندێ لە سەرکردەی حیزبە کوردیەکان خەریکی کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بوون و قسەیان بۆ کۆمەڵگای کوردی دەکرد. هەندێکی دیکەشیان، (ئینگلیزیزانەکانیان) خەریکی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بوون لەگەڵ کەنالە ئاسمانیەکان، و لە ستۆدۆیەکەوە دەچوونە یەکێکی دیکە، بەو ئومێدەی کە لە رێگەی فشاری میدیاوە بایی ئەوەندە حکومەتی بەریتانی و ئەمەریکی ئیحراج بکرێن کە هەڵوێستیان بێتە گۆڕان. شایانی باسە، کەوا لەو رۆژەدا، رۆژنامەنووس و کامیرای کەنالەکان خۆیان وێنەی کاریگەر و زیندوی کارەساتی کۆڕەویان پەخش دەکرد و هەر خۆیشیان بەدوای زمانحاڵانی کورددا دەگەڕان، بۆیە پێویست نەبوو کەوا سەرکردەی حیزبە کوردیەکان کات لە گەڕان بە دوای کامیراکاندا خەرج بکەن. دەبوایە تەرکیزیان بخستبایە سەر لۆبیکردن لە ناو پەرلەمان و حکومەت. هەڵبەت ئەوەشیان کارێکی ئاسان نەبوو، لەبەر دۆخی دژوار و سیستەمی ئاڵۆزی حوکمڕانی ئەو وڵاتانە. هەروەها، زۆربەی ئەو سەرکردە کوردانەی کە ئەوکاتە لە بەریتانیا بوون، ئینگلیزیان نەدەزانی

و شارەزای سیستەم و کاری لۆبیکردن نەبوون. ئەوانەی شارەزا و زمانزانیش بوون ژمارەیان کەم بوو، یان سەرکردەی حیزبی نەبوون. خەڵکێکی دیکەش هەبوون کە رۆڵی بەرچاویان هەبوو و کاری لۆبیان ئەنجام دەدا و حیزبی نەبوون. زۆربەی ئەوانە (خۆم ئاسایی) لە رێگەی رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیەوە کارەکانیان بەجێ دەگەیاند. من بەناوی (کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کوردی) کاری لۆبیم ئەنجام دەدا، ئەگەرچی هەوڵم دەدا لەگەڵ جموجۆڵ و هەڵوێستی بەرەی کوردستانیدا هەماهەنگ بم، چونکە کاری لۆبی بێ هەماهەنگیی ئەوان کەم سوودە و و ڕەنگە زیانیشی بەدوادا بێ.


لەگەڵ ئۆلیڤەر مۆرس و دینیس کامیرون هەوڵمان دا ژمارەی تەلەفۆن و فاکسی (جۆن مێجەر)مان دەست بکەوێ، تاوەکو بەناوی خۆم (وەك سکرتێری کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کوردی) یان بە ناوی یەکێك لە سەرکردە سیاسیەکانی بەرەی کوردستانی، نامەیەکی بۆ ڕەوانە بکەین و داوای دیدارێکی بە پەلەی لێ بکەین. لە یەکەم کەڕەتدا، تەلەفۆنی (دەیڤید هاوڵ)ی ئەندام پەرلەمانی پارتی کۆنزێرڤەتیڤ و کۆنە وەزیری کابینەی ثاتچەرمان دەستکەوت. بە یەکسەری تەلەفۆنم بۆ هاوڵ کرد، کە لەو ساتە لە کۆشکی پەرلەمان بوو. داوای یارمەتیم لێکرد بۆ گەیاندنی پەیاممان بە سەرۆکایەتی پارتەکەی و ڕەخساندنی فرسەتی دیدەنی جۆن مێجەر. هاوڵ سۆز و پشتگیری خۆی لە قوربانیەکانی کۆڕەو دەرخست و کەوتە هێرشکردن بۆ سەر رژێمی سەددام و سیاسەتی هاوپەیمانەکان. گووتی دیدەنی سەرۆکوەزیران لەوکاتەدا، کە چوەتە پشودانی جەژنی (ئیستەر)، ئەستەمە. ئەوجا داوام لێکرد مەوعیدێکمان بۆ دابنێ تاوەکو نوێنەرانی بەرەی کوردستانی بێنە لای بۆ چاوپێکەوتن و لێك گەیشتن، و لەوێشەوە بۆ ڕەخساندنی دیدارێك لەگەڵ وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری. ئەویش رۆژی پێنجی نیسانی دانا بۆ ئەو دیدەنیە لە ناو کۆشکی پەرلەمان. من ئەو مەوعیدەم گەیاندە ئەندامانی بەرەی کوردستانی و داوام لێکردن کە ئیلتیزامی پێوە بکەن چونکە بە نیاز نەبووم لەگەڵیاندا بچم لەبەر ئەوەی نە ئەندامی حیزبە سیاسیەکان بووم و نە لە بەرەی کوردستانیشدا رۆڵم هەبوو.

## نامەیەك بۆ بارباره بوش

ڕەشنووسی ئەو نامەیەی کە شەوی پێشتر بۆ (باربارە بوش، خانمی یەکەمی ئەمەریکا)م نوسیبوو، خستمە بەر چاوی جۆن فۆران و ئۆلیڤەر مۆرس و دێنیس کامیرون، بۆ راوێژ و دەستکاری. داوام لە دێنیس کامیرۆن کرد کە لە رێگەی پەیوەندیە رۆژنامەوانیە فراوانە

ئەمەریکیەکانیەوە، ژمارەی تەلەفۆن و فاکسی سەرۆك بوش و باربارە بوش م بۆ پەیدا بکات. ئەویش ژمارەی تەلەفونێ تایبەتی سەرنوسەری (واشینگتن پۆست) و (نیۆیۆرك تایمز)ی دامێ، و گوتی ئەوانە پەیوەندیان بە ئۆفیسی تایبەتی سەرۆك بوشەوە هەیە، ئەگەر بتوانی رازیان بکەیت ئەوا دەگەیتە جۆرج و باربارە بوش.

هەرلەوێ، تەلەفۆنم هەڵگرت و کەوتمە هەوڵدان. بەڵام سەرباری جەختکردن، نەمتوانی بەسەر سکرتێرەکانی سەرنوسەری ئەو دوو رۆژنامەیەدا باز بدەم، بەو بیانوەی کە هەردووکیان خەریکی کۆ بوونەوە بوون و نەیانتوانی بێنە سەر تەلەفۆن. پسوولەی مەسێج و ژمارەی تەلەفونی خۆمم بۆ بەجێهێشتن. لە دوای دوو سەعات، سکرتێری سەرنووسەری واشینگتن پۆست پەیوەندی کردەوە و ژمارەی فاکسی ئۆفیسی باربارە بوشی دامێ، و گوتی


THE WHITE HOUSE

WASHINGTON

April 18, 1991

Dear Sundis Ala'Aldeen,

Your thoughtful letter to Mrs. Bush is appreciated.

I know Mrs. Bush would want me to convey her appreciation to you for your thinking of her and sharing the deep concerns of the Kurdish Women's Association.

Sincerely,

Julie Cooke

Julie Cooke
Director of Projects
for Mrs. Bush

Sundis Ala'Aldeen
Kurdish Women's Association
BCM Box 5952
London WC1N 3XX
England

ژمارەی تەلەفۆنی تایبەتیان دەست ناکەوێت. یەکسەر، ئۆلیڤەر مۆرس نامە ئامادەکەی لێ وەرگرتم و لە دوای هەندێ دەستکاریکردن، چاپی کرد و بە ناو و ئیمزای (سوندوس عەلائەددین)ی هاوسەرم بۆ باربارە بوشی فاکس کرد. لە نامەکەدا داوام کردبوو کە بە زووترین کات وەڵاممان بداتەوە، بەڵام لەوەدا گەشبین نەبووم، چونکە خۆی لە پشوودااندا بوو، وە چاوەڕێی ئەوەشم لێ نەدەکرد کەوا لە دژی ویست و هەڵوێستی ئیدارەی مێردەکەی، پشتگیری لە قەزیەکەمان بکات. مەزەندەکەشم ڕاست دەرچوو، چونکە سێ هەفتەی پێ چوو هەتا وەڵاممان لە (جولیی کووک)ی بەڕێوەبەری پرۆژەکانی باربارە بوشەوە بە دەست گەیشتەوە. نامەکەی بەڕێوەبەری پرۆژەکانی باربارە بوش لە ڕۆژی ١٨ی نیسان ئیمزا کرابوو.

## پەیوەندیکردن بە جۆن مێجەر و مارگرێت ثاتچەر

دەمزانی دیدەنی، یان پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بە سەرۆك جۆرج بوش و سەرۆکوەزیران جۆن مێجەر زۆر زەحمەتە، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی چووبوونە پشوودانی جەژنی ئیستەر، بەلکو لەبەر ئەوەی بڕیاریان دابوو نابێ جارێ وازوو لە عێراقدا ڕژێم بگۆردرێ. ئێمەش نەماندەویست هەوڵەکانمان و کاتە ناسکەکەمان لێ بەفیڕۆ بڕوات. بەپەلە بەدوای یەکێکدا دەگەڕاین کە مەودای دەسەڵاتی بای ئەوەندە کاریگەر بێ کە بە شەخسی بتوانێ کار لە هەڵوێستی سەرۆکی ئەمەریکی و سەرۆکوەزیرانی بەریتانی بکات. ئیتر، لە هەموو حاڵەتێکدا، لە مارگرێت ثاتچەر زیاتر کەسی دیکە نەبوو. ئەگەرچی من بە جەخت و ئیسراوەوە بە دوای شوونی ثاتچەر کەوتبووم و و بە گەشبینیەوە نامەم بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام خۆشم و دۆستە ڕۆژنامەوانەکانشیم جۆرە گومانێکمان لە هەڵوێستی ثاتچەر هەبوو، چونکە پێشتر کە سەرۆکوەزیران بوو (هەتا ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩٩٠)، سیاسەتی خۆی و حکومەتەکەی زۆر ڕەق و ڕاسترەو و توندڕەو بوو. بۆیە پێشبینی لەوە نەدەکرا کە بە ئاسانی هەڵوێست بگۆڕی و قەزیەکەمان لە ئامێز بگرێ. لەو سەردەمەدا ثاتچەر پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ڕژێمی سەددام هەبوو، و لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەدا لە دژی ئێران پشتگیری لێ دەکرد، و ئامادە نەبوو بۆ خاتری پاراستنی مافی مرۆڤی کورد، پەیوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی وڵاتەکەی بخاتە مەترسیەوە. تەنانەت، لە سەردەمی کیمیابارانی هەڵەبجەشدا، ثاتچەر ئامادە نەبوو بەرگری لە کورد بکات یان گلەیی لە سەددام بکات. لە چەندین موناسەبەدا، بە شەخسی ڕێگەی لە هەوڵی کۆمەڵگای کوردی بۆ ڕیسواکردنی سەددام گرتبوو.

سەرباری ئەوانە، ثاتچەرم بە تەنیا کلیلی سەرکەوتن دەزانی، بۆیە سوورِ بووم لەسەر هەوڵەکانم. بە هیوا بووم لە ئەگەری بەدەنگەوە هاتنی ثاتچەر، لەبەر چەندین هۆ. لە دوای داگیر کردنی کوەیت (کە تا ئەوکاتەیش ثاتچەر هەر سەرۆکوەزیران بوو)، خۆی و سەددام کەوتبوونە شەڕە هەڵوێست و شەڕە جنێو. ثاتچەر تانەی لە سەددام دەدا و دەیگوت "لە پەنای کراسی ئافرەتان خۆی شاردۆتەوە". ئەوە ئاماژە بوو بۆ ئەو سەردەمەی کە سەددام رێگەی لە راکردنی بێگانەکانی ناو عێراق (بە ژن و منداڵەکانیانەوە) گرتبوو، وەك قەڵغان لە نزیك کارگەو ئامانجە عەسکەریەکان بە دەستبەسەریی دابنابوون. سەددامیش لە وەڵامدا، ثاتچەری بە "پیرێژنە شێت و شەپرێو" وەسف کردبوو. لە لایەکی دیکەوە، وازهێنانی ثاتچەر لە سەرۆکایەتی وەزارەت بە ویستی خۆی نەبوو، بەڵکو بە زۆردی و بە پیلانی هاورێکانی لابردرا و جۆن مێجەر (وەزیرێکی لاوی کابینەی ثاتچەر) بە هەڵبژاردنی ناوەکی ناو حیزبەکەی لە جێگەی داندرا. مێجەریش زوو کەوتە هەڵوەشاندنەوەی هەندێ لە سیاسەتە تایبەتەکانی کۆنە سەرۆکەکەی. ئیتر، ثاتچەر لە ناکاو لە لوتکەی دەسەڵاتەوە دابەزی و بوو بە رەعیە و چاودێرێکی نارِەحەت. لەگەڵ ئەوەشدا، ثاتچەر هەیبەت و قورسایی و دەسەڵاتی مەعنەوی خۆی هەر مابوو و خەڵك بە "شوفێری کورسی دواوە" یان دادەنا. خۆیشی حەزی دەکرد کە بەو جۆرە بدیترێ، بۆیەش ناوبەناو سەری دەردەهێنا و دەستی لە کاری جۆن مێجەرو حکومەتەکەی وەردەدا و ئیحراجی دەکردن.

ئیتر لە دانیشتنەکەماندا، داوام لە ئۆلیڤەر مۆرس کرد بە هەر رێگەیەك بێ، تەلەفۆنی شەخسی مارگرێت ثاتچەرم بۆ پەیدا بکات. مۆرس لاوێکی زیرەك و قسەزان و لێهاتوو بوو، وە تۆڕی پەیوەندیەکانی فراوان بوو، بەڵام پێشتر لە بەشی سیاسی ناوەکی بەریتانی کاری نەکردبوو، و خەڵکی دەوروپشتی حکومەتی باش نەدەناسی. لەگەڵ ئەوەشدا، مۆرس بەڵێنی دا بە جیددی بەدوای ژمارە و رێگە پەیوەندیەکانی ثاتچەر بگەرِێ و بە زووترین کات وەڵامم بداتەوە. نامەکەی بۆ ثاتچەرم نوسیبوو، سەرلەنوێ دامان رێژتەوە و ئۆلیڤەر لەگەڵ خۆی بردی و رۆیشت.

لە دواییدا، لە رێگەی (دەیل کامپل سێیڤەر)، ئەندام پەرلەمان و کۆنە دۆستێکی سەر بە حیزبی کرێکاران، ژمارەی تەلەفۆن و فاکسی ئۆفیسی جۆن مێجەرم بە ئاسانی دەستکەوت. تەلەفۆنم بۆ ئۆفیسەکەی کرد و (ستیف وۆڵ)ی سکرتێری تایبەتی مێجەر بۆ کاروباری دەرەوە، وەڵامی دایەوە. لە قسەکانیدا دیار بوو وۆڵ سۆزی هەبوو و دەیویست یارمەتیمان

بدات بەڵام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا بۆ حکومەتەکەیان ناشێ هەڵوێستێکی دژ بە سیاسەتی ئەمەریکی بنوێنێ. بەڵێنیدا ئەو نامەیەی کە بەتەمام بینێرم بە خودی جۆن مێجەری بیگەیەنێ. لەبەر کەمی و درەنگی کات، پێم ڕاگەیاند کەوا نامەکەم بە دەست دەگەیەنم نەك لە ڕێگەی پۆستەوە. بەو دەمە، نامەیەکی تازەم لە سەر ڕۆشنایی ڕووداوی نوێ و بە ڕاوێژکاری جۆن فۆران، داڕێژتەوە و چاپم کرد، و ئامادەم کرد بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی (لە سێشەممە، ٢ی نیسان)، بیبەمە ئۆفیسی جۆن مێجەر لە (١٠ی شەقامی داونینگ ستریت، 10, Downing Street).

## ڕۆژی سێشەممە، دووی نیسان

بەیانیەکەی ئەو ڕۆژە، لەماڵەوە (لە هێرن هیل، لەندەن) ڕاستەوخۆ چوومە داونینگ ستریت و لە کاتژمێری هەشت و چارەگ، چاوم بە (ستیڤ وۆڵ) کەوت و نامەکەم دایە دەستی و ئەویش بەڵێنی دا بە زووترین کات وەڵامم بداتەوە. دیسان وۆڵ جەختی لە هەستیاریی مەوقیفەکەیان کردەوە و گوتیشی ئەگەرچی جۆن مێجەر لە پشوودانە، بەڵام بەردەوام ئاگاداری دەنگوباسەکانە و لە کارەساتی کوردەکان دڵگرانە، بۆیەش ئەوەی لە دەستی بێت تەخسیری ناکات.

## وەڵامی ثاتچەر

ئۆلیڤەر مۆرس ژمارەی تەلەفۆن و فاکسی مارگرێت ثاتچەری دەستکەوت، و بەر لەوەی نامەکەم بنێرێ، پەیوەندی پێمەوە کردەوە تاوەکو بۆ دواپرسم پێ بکات، نەوەك لە بەر ڕووداوە خێراکان پلانمان گۆڕیبێ. منیش سوپاسم کرد و داوام لێکرد بە کە زووترین کات بە فاکس بۆ ثاتچەری بنێرێ. هەمان ڕۆژ، (ئەیبل هادن)ی سکرتێری ڕۆژنامەوانیی ثاتچەر، وەڵامی پێگەیشتن و پێزانینی داینەوە، و بەڵێنی دا وەڵامی سەرۆکەکەیمان (بە ئا یان بە نا) بە مسۆگەری بداتەوە. دیارە ئەو ڕۆژە ثاتچەر سەرقاڵ بوو، یان ویستی بیر لە بابەتەکە بکاتەوە، بۆیە وەڵامی نەداینەوە. من تا ڕادەیەك بەوە دڵگران بوو بووم و ترسم لەوە بوو ثاتچەر خۆی دوورەپەرێز بکات و دوودڵ بێ چونکە لە نزیکەوە کوردی نەناسیوە و دڵنیا نیە کە ئایا ئێمە ئیستیغلالی ئەو پەیوەندیە بە خراپی یان بە چاکی دەکەین. بۆیە، ئێوارەی ئەورۆژە سەرلەنوێ پەیوەندیم بە هادنەوە کرد و ماوەی بیست خولەك لە سەر تەلەفۆن پاشکۆی بابەتەکە و

نیازی خۆمانم بۆ شیکردەوە، و بەڵێنم پێدا کە داواکاریەکانمان هەر ئەوانەن کە لەنامەکەدا نوسراون، و هەوڵدەدەین لە چوارچێوەی ئێتیك و ئەخلاقیەتی سیاسی ئەو رێکەوتنە دەرنەچین. پرسیاری هادن زۆر راستەوخۆ بوو. گوتی ئێوە دەتانەوێ ثاتچەر چیتان بۆ بکات. منیش پێم راگەیاند کە: یەکەم، بێتە بەرامبەر کامیرا و هانی حکومەتی بەریتانی و ئەمەریکی بدات بۆ ئەوەی رێگە لە سەددام بگرن و کوردەکانی کۆڕەو بپارێزن. دووەم: پەیوەندی شەخسی راستەوخۆ بە جۆن مێجەر و جۆرج بوش بکات و داوایان لێبکات کە حیسابێکی تایبەت بۆ حاڵی کوردان بکەن و ئاوڕێکی جیددی لە کێشەی کوردی بدەنەوە، و بە راستەوخۆیی سەرکردە و نوێنەرای بزوتنەوەی کوردی ببینن. ئیتر دیار بوو ئەیبل هادن بەوە دڵنیا بوو و بەڵێنی دا قئەو پەیامە تازەیە بگەیەنێتە ثاتچەر، و خۆیشی هانی بدات کە بەبێ دوودڵیەوە پشتگیری لە کورد بکات. ئەو رۆژە تێپەڕی و وەڵاممان بۆ نەهاتەوە. زۆر لە قەلەق دا بووم چونکە زۆر هیوام بە هەڵوێستی ثاتچەر هەبوو و دەشمزانی کەسی دیکە بە قەدەر ئەو کاریگەر نابێ. بۆیەش، هەموو توانام لە هێنانی ئەودا بۆ ناو شانۆکە ڕەخساندبوو.

## چوارشەممە، سێی نیسان

کاتژمێر ٧ی سەرلە بەیانیەکەی، من و (دۆگلاس هاگ)ی جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانی لە دیمانەیەکدا لەسەر (سکای نیوز) کەوتبوینە بەرامبەر یەکتر. هاگ جەختی لەسەر مەوقیفی ڕەسمی وڵاتەکەی کردەوە و گوتی "کێشەی نێوان کورد و سەددام کێشەیەکی ناوەکیە، و بۆ بەریتانیا نیە کەوا تەدەخول لە کێشەی ناوەکی وڵاتێکی خاوەن سیادە بکات". منیش بە توڕەییەوە، ئۆبالی تاوانی سەددام و کارەساتی کۆڕەوم خستە ملی هاوپەیمانەکان و کەمتەرخەمی و بێ هەڵوێستەتی حکومەتی بەریتانی. گوتم: "ئەوە کارەساتێکی مرۆڤکردە و لە ئەنجامی شەڕی کوەیت و بانگەوازی سەرۆك بوش و سیاسەتی مێجەرەوە پەیدا بووە."

دوای ئەو دیمانە، بەڵێن وابوو کە بۆ نیوەڕۆ دیمانەیەکی تر لەگەڵ (بی بی سی) ئەنجام بدەم. پەیوەندیم بە ئۆلیڤەر مۆرس کرد و نیازی ئەوەم پێ راگەیاند ئەگەر ثاتچەر وەڵامی نەداینەوە، ئەوا من لە بی بی سی قسە دەکەم و دەڵێم ثاتچەر پشتگیری لە مافی مرۆڤی کورد کردووە و نارەحەتە بە سیاسەتی نامرۆڤانەی جۆن مێجەر و جۆرج بوش. گرنگ نەبوو بەلامەوە ئایا دوای ئەوە ثاتچەر زویر دەبێ یان، لە خراپترین حاڵەتدا، دێتە سەر تەلەفزیۆن و دەڵێ من ئەو

قسەیەم نەکردووە. بەڵام من پشت ئەستوور بووم بەوەی کەو ثاتچەر بۆی ناکرێ لەو رۆژە هەستیارەردا، کە تەواوی رای گشتی بەریتانی لەگەڵ ئاوارەکاندایە، بێتە دەرەوە و پشتگیری خۆی لە سیاسەتی دڵڕەقانەی حکومەتی بەریتانی دەربڕێ و نوێنەرێکی ئاوارەکان بە درۆ دەربخاتەوە. بۆیە، بە متمانەوە، داوام لە ئۆلیڤەر مۆرس کرد بە ناڕاستەوخۆیی ئەو پەیامە بگەیەنێتە ئەیبل هادن، هەتا ببێتە فشارێك لەسەر ثاتچەر. ئۆلیڤەر رای لەو هەڵوێستەم نەبوو، دەترسا لەسەرمان بکەوێ و حیسابیشی بۆ پەیوەندی و متمانەی نێوان خۆی و هادن دەکرد. بەڵام من پێم راگەیاند کەوا ئێمە لە حالەتی خنکان داین و کاتی ئەوەمان نەماوە گوێ بدەینە هەڵوێستی ناسك و ترسی دوارۆژ. بەبیرم هێنایەوە کەوا دوێنێ و ئیمڕۆ شاری سلێمانی کەوتۆتە ژێر گوشاری رژێم و لە مەودای چەند کاتژمێرێکدا خەڵکی سلێمانی وەك هی کەرکوك و هەولێر و دهۆك دەکەونە ئەو دەشت و چیا سارد و سەختەوە. بۆیە، هەڕەشەکەم لەجێگەی خۆیەتی و ئەگەر پێویست بوو، ئەو جۆرە هەڵوێستە دەنوێنم.

کاتژمێر دوازدەونیو بوو، کە ئۆلیڤەر مۆرس تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: "قسە پڕ لە هەڕەشەکانتم بە هادن گەیاند، و ئەویش لەدوای ماوەیەکی کەم پەیوەندی پێکردمەوە و دەڵێ ثاتچەر رازیە بۆ ئەوەی بتان بینێ، بەڵام نازانێ ئایا ئێوە بە چی سیفەتێك بۆ لای دێن". ثاتچەر گوتبووی کە نایەوێت سەرکردەی سیاسی کوردی ببینێ، چونکە خۆی لە حکومەت نەماوە و مەسئولیەتی دەسەڵاتی سیاسی بەجێ هێشتوە، وە ئەگەر لەگەڵ سیاسەتمەداری بێگانە دابنیشێ و هەڵوێست بنوێنێ، ئەوا بە تەدەخول حیساب دەکرێ، و بەوە خۆیشی و حکومەتی میجەریش ئیحراج دەبن.

منیش پێشنیازم کرد بەناوی شاندی "کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد" و شاندی " ئافرەتانی کورد" سەردانی دەکەین. ئۆلیڤەر دیسان ئەو پەیامەی بە هادن گەیاند، و زۆری پێنەچوو خەبەری هێناوە کە ثاتچەر بەو شاندە رازیە، و لە کاتژمێر سێونیوی پاشنیوەڕۆدا چاوڕێی سەردانمانە. بۆ زیادە تەئکید، هادن داوای دووبارە ناردنەوەی نامەکەمانی کرد بە مۆری سەرۆکی شاندە کوردیەکەوە. لەسەر رۆشنایی ئەو داوایانە، بەخێرایی نامەکەی پێشترم دەستکاری کرد و بە ناوی کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد (بە مۆری خۆم وەك سەرۆکی شاندەکە) و بەناوی ئافرەتانی کورد (بە مۆری سوندوس عەلائەددین ی هاوسەرم) بۆم فاکس کردەوە. کۆپی ئەسلیەکەشم لە ناو زەرفێك دانا تاوەکو (وەك عادەت و پرۆتۆکۆل) لە کاتی دیداردا بیدەمە دەست خودی ثاتچەر.

ئەوجا کەوتمە بیر کردنەوە ئایا کێ لەگەڵ خۆم ببەم. هەڵبەت لەبەر داواکەی ثاتچەر، نابێ سەرکردە سیاسیەکان ببەین. ئەوکاتەش رێکخراوێکی سیاسی تایبەت بە ئافرەتان لە بەریتانیا نەبوو. دەبوایە یەکێك ببەین کەوا بتوانێ بە ئینگلیزی، شانبەشانی ثاتچەر لەبەرامبەر کامیرای کەناڵەکاندا بدوێ. بیرم لەوە کردەوە هەندێ ئافرەتی لاو و منداڵی بچوك بە جلی کوردیەوە ببەم، بۆ ئەوەی رووکەشی مرۆڤانە و تایبەتمەندێتی کوردیان پێ بەدەر کەوێ. لە مەودای نیو کاتژمێردا، بە پەیوەندی تەلەفۆن، پێنج ئافرەتی خێزانە دۆست و خزمەکان و سێ منداڵیشیان ئامادەییان نیشان دا. ئەوانە: (شەهلا عومەر)ی براژنم و (ڕەنج قاسم عەلائەدین)ی کوڕی؛ و (دڵکەش) خان و دوو مندالەکەی (بانو بەختیار و میران بەختیار)؛ وە (هاژە) و (ئەستێرە) و (ناز)ی کچانی بەکر ڕەزا. ئەگەرچی نامەکان بە ئیمزای (سوندوس)ی خێزانم پێوە بوو، بەڵام خۆی لەبەر نەساغی نەیتوانی لەگەڵمان بێت. داوام لە ئافرەتەکان کرد کاتژمێر دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ، بەبێ دواکەوتن و بە جلی کوردی ڕەنگاوڕەنگەوە، لە (مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی)دا ئامادە بن.

لەو نێوانەدا تەلەفۆنم بۆ زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنی و رۆژنامەکان کرد، و داوام لە ئۆلیڤەر مۆرس و دێنیس کامیرون و جۆن فۆران کرد هەمان کار ئەنجام بدەن و خۆیشیان لە نزیك ماڵی ثاتچەر بمانبینن. ئیتر لە کاتی دیاریکراودا چوومە مەڵبەند بۆ دیدەنی وەفدی ئافرەت و منداڵەکان، بەڵام تەنیا شەهلا و ڕەنج ئامادە بوون و ئەوانی تر لەبەر دووری ماڵیان و ترافیکی سەرجادە، دواکەوتن. بە تەلەفۆن داوام لێکردن یەکسەر بچنە ماڵی ثاتچەر لە ناوچەی ڤیکتۆریا (17, Great College Street). پەیامێکیشم بۆ مارگرێت ثاتچەر نارد کەوا ڕەنگە چارەگەسەعاتێك دوا بکەوین.

کە گەیشینە ئەوێ، کامیرای زۆربەی کەنال و رۆژنامەکان لە بەردەم ماڵی ثاتچەر چاوەڕێمان بوون. ئافرەت و منداڵەکان بە تاکسیەك، لە کاتژمێر سێ و چل دەقیقە گەیشتینە بەردەم ماڵی ثاتچەر. هەڵبەت ئەو دواکەوتنە زیانبەخش بوو، چونکە کەناڵەکان دەیانەویست وێنە و فلیمی دیدەنیەکان بە زیندوویی لە کاتی دیاریکراودا پەخش بکەن. بەڵام ئەوە نەگونجا، و لەجیاتیان پەلەیان لە دیمانەی ثاتچەر کرد بۆ ئەوەی وێنەکان بە یەکسەری بگەیەننە ئێزگەکان بۆ پەخشکردنیان لە کاتی دەنگو باسی کاتژمێر (پێنج و چل)ی کەناڵی (ئای تی ڤی)، و کاتژمێر شەشی (بی بی سی).

## دیدەنی ثاتچەر

لەگەڵ گەیشتنمان، مارگرێت ثاتچەر دەرگەی ماڵەکەی کردەوە و بەرەو پیرمانەوە هات و یەك یەك تۆقەی لەگەڵدا کردین. یەکسەریش رووی کردە کامێراکان و کەوتە قسەکردن لەگەڵ میدیاکاران، و هانیدان ئەوەی لە دەستیان بێت بیکەن بۆ یارمەتیدانی کوردەکان. لە قسەکانیدا گوتی: "بڕیارم دا ئەو خەڵکە ببینم چونکە پێویستیان بە یارمەتیە و لێیان قەوماوە. ئەرکی هەموو کەسێکە کە یارمەتیان بدات، و پێویست بە چاوەڕێکردنی رۆتینەکان ناکات، و پێویست بە قسەکردن ناکات، پێویستە هەریەکەمان لە شوێن خۆیەوە بکەوێتە کۆمەککردن و یارمەتیدان". رووی لە چەند رۆژنامە نووسێك کرد و گوتی: "ئەی ئێوە پیاو نین، دەبڕۆن بکەونە کارکردن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن. ئەوانە نان و ئاو و گەرمایی و جێگەی حەوانەوەیان دەوێ".

پاشان ثاتچەر، ڕەنج و بانو و میرانی بە پێش خۆی داو گوتی بڕۆن چوکۆلات بخۆن. دیار بوو لەولاوە کاسەیەکی پڕ لە چوکولات دانرابوو. پێشوازی لە ئێمەش کرد، و بەرەو ژووری دانیشتنی بردین. یەکەمجار ثاتچەر رووی کردە ئافرەتەکان و لێی پرسین ئایا خزم و کەستان لەنێو ئاوارەکاندا هەیە؟ ئایا کەی خۆتان لەوێوە هاتوون؟ دڵکەش هەڵی دایەو "گوتی دووساڵە لەوێوە هاتوم و خۆم خەڵکی هەڵەبجەم". منیش بەبیر ثاتچەرم هێناوە کەوا هەڵەبجە ئەو شارەیە کە بە کیمیاباران بۆردومان کراوە. ئەویش گوتی: "بەڵێ دەزانم، لە ساڵی ١٩٨٨دا بوو، وانیە؟".

ئەوجا نامەکەی کە پێشتر بە فاکس دیبووی، دامە دەستی، و گوتم (سوندوس) نەیتوانی بێ بەڵام منی راسپارد کە لە جیاتی هەردوو رێکخراودا پێتی بگەیەنم. ئەویش هەر بۆ رێز لێنان، دووبارە خوێندیەوە، و گوتی: " ئەوە تراجیدیایە و نابێ لێی بێدەنگ ببین. زۆر بەزەییم بەو منداڵانە دەهاتەوە کە لە بەر سەرما دەلەرزین و لەو بەفرەدا بێ ئاگر و نان و ئاو بوون. پێویستە بە هەموو لایەکمان یارمەتیان بدەین".

ئۆلیڤەر مۆرس، کە بە دوامانەوە هاتبوە ژوورەوە، گوتی من بەریتانیمە و یارمەتیانم داوە، و ئیشارەتی بۆ هەندێ لە داواکانی ئێمە کرد. ئەوجا ثاتچەر رووی لەمن کرد و ویستی گوێ بیستی هەڵوێستی کوردی بێ.

منیش کەوتمە قسەو گوتم:

"خەڵکی عێراق لە فرسەتێك دەگەڕان لە ڕژێمی سەددام ڕزگاریان بێ، بۆیە ڕاپەڕینی عێراق تەقینەوەیەك بوو، بەبێ پلان و دەستێوەردان بوو. لە کوردستانیش، پێشمەرگە و حیزبە سیاسیەکان لە دوای ڕووداو کەوتنە ڕێکخستنی خەڵك و پڕ کردنەوەی ئیدارەی کوردستان. لە کاتی هێرشی لەشکری ڕژێم، پێشمەرگەکان خۆیان لە خەڵك جیا کردبۆوە، هەتاوەکو هێزەکانی سوپای عێراق لە خەڵکی بێ چەك نەدەن، بەڵام ئەو کارە سوودی نەبوو و چونکە لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێم کەوتە بۆمبابارنی ژن و منداڵ و پیری سیڤیل".

لێرەدا ثاتچەر هەڵی دایە و گوتی: "بەڵێ دەزانم، سەددام هەر بە خەڵکی لاواز دەوێری".

لە قسەکانم بەردەوام بووم و گوتم:

"ئەوەی کە سەددام لە ماوەی حەوت مانگدا لە بەرچاوی دونیا بە کوەیتی کرد، ئەوە ٢٣ ساڵە بە خاڵکی عێراقی کردووە. ئێمەی کوردی عێراق ئەوەندە ساڵە لەژێر ئەو زەبرە بووین. ئێستاش داوامان هەر بۆ (freedom and dignity) سەربەستی و سەربەرزیە، نەك بۆ جیابوونەوە لە عێراق، بە پێچەوانەی ئەو بیانوانەی کە بە هۆیانەوە خەڵکانێك پشتیان تێکردوین. ئێمە نامانەوێ عێراق پارچە پارچە بکەین، بەلکو تەنیا مافی خۆمان دەوێ، جا ئەگەر لە عێراق دەستمان کەوێ یان بە بێ عێراق. بۆیەش ئێمە موستەهەقی ئەو ئەشکەنجە و کوشتارە نین کەوا لەبەر چاوی دونیادا دیکتاتۆرێك وا بە میللەتێکی ئاشتیخواز دەکات، و لەماڵ و حاڵی خۆیان دەریاندەپەڕێنی و دەیانکوژێت".

ثاتچەر پرسی "ئایا تا چی ڕادەیەك کورد عێراقیە؟". لە وەڵامدا گوتم:

"تا ئەو ڕادەیەی کە سکۆتلەندیەك بەریتانیە. وەلائی کوردێك بۆ عێراق لە هی سکوتلەندیەك بۆ بەریتانیا کەمتر نیە، ئەگەر لە عێراقدا حیسابی هاوڵاتی پلە یەکی بۆ بکرێ". ثاتچەر پێکەنی و گوتی: "پێشتر بیرم لەو مەسەلەیە نەکردبووەوە!".

ئەوجا بەردەوام بووم لە قسە و گوتم:

"ئێمە داوای لادانی سەددامتان لێ ناکەین، وە داوای یارمەتی عەسکەریشتان لێ ناکەین. داوای کارێکی موستەحیل یان موعجیزەشتان لێ ناکەین. داواتان لێناکەین هەڵوێست لە دژی سیاسەت و بەرژەوەندی بەرزی بەریتانی یان ئەمەریکی دەربڕن. بەڵکو داواکانمان هەمووی لە چوارچێوەی رێکەوتن نامە و پرۆتۆکۆلی شەرعی جیهانیدایە. داواکانمان ئەوانەن: ئەو کوشتارەی خەڵکی سیڤیلی، خێزان و ژن و منداڵ و پیر، رابگرن، ونەهێلن کە حکومەت هەلیکۆپتەر هەڵسێنێ. ئەوەش بەگوێرەی رێکەوتن و پەیمانی شەڕ راگرتنی نێوان عێراق و هاوپەیمانەکانە کە لە داوی رزگار کردنی کوەیت مۆر کراوە. هەروەها بە گوێرەی قانونی مافی مرۆڤ و سەلامەتی خەڵکی مەدەنی (Civil Right)ی نەتەوە یەکگرتوەکان. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە خۆت بە شەخسی پەیوەندی بە سەرۆك وەزیران جۆن مێجەر و سەرۆك بوشەوە بکەیت. بە داخەوە جەژنی ئیستەر کاری لێمان ئاڵۆز کردووە و ئێستاش جۆن مێجەر و جۆرج بوش خۆیان لە میدیا و لە رێگا پەیوەندیەکانەوە شاردۆتەوە. ئێمە پێویستیمان بە تۆیە کەوا دەست بدەیتە تەلەفۆن و بە راستەوخۆ پەیوەندیان پێوە بکەیت و پەیامی ئێمەیان پێ بگەیەنی. ئەگەر خاوەن شکۆ و پایە بەرزێکی وەك تۆ نەبێت، ئەوان هەردوکیان هەوڵەکان پشتگوێ دەخەن. پێویستە فشار بخرێتە سەر تورکیا و ئێران بۆ ئەوەی سنوورە داخراوەکانیان لە رووی پەناهەندە کۆڕەوەکاندا بکەنەوە. یارمەتی خواردن و دەرمانیان بۆ دابین بکرێ، و دواییش بگەڕێندرێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان. ئەوەش بە حکومەتی بەریتانی و ئەمەریکی نەبێ بەکەسی تر ناکرێ. دەبێ حکومەتی بەریتانی و ئەمەریکی رێگاچارەسەرێکی درێژخایەن بۆ کیشەی کوردی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنێن. حەزیش دەکەین بە گوێرەی ئەزموونتانەوە، ئامۆژگاری خۆتان بۆ سەرکردەکانی کوردی پێشکەش بکەن، ئایا چی بکەن باشە بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران و بڕیاردەرانی بەریتانی و ئەمەریکی لە نزیکەوە تێیان بگەن؟ ئایا دەکرێ کارێکی وا بکەیت سەرکردەکانی پارتی کۆنزیرڤەتیف و حکومەتی بەریتانی بە راستەوخۆیی لەگەڵ سەرکردەی سیاسی کوردی دابنیشن، واتە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوە بڕەخسێنی؟"

ئاتچەر گوتی:

"خەڵکەکەتان (واتە ئاوارەکان) هەر دەبێ بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. شێتکی باشە کەوا ئێوە داوای جیا بوونەوە لە عێراق ناکەن، وە بێ گومان مرۆڤ تەنیا بەدوای سەربەستی و سەربەرزیە و لەوە زیاتری ناوێ. لەدوای ئەوەی کە ئێوە دەڕۆن، من دەکەومە پەیوەندیکردن بە حکومەت و سەرۆك وەزیران، و داوای ناردنی یارمەتیان لێ دەکەم، و داوا دەکەم زۆر بە توندی شەرتەکانی شەڕ راگرتن بەسەر سەددام داسەپێنین. ئێوەش بڕۆن (لیندا چۆکەر)ی وەزیری یارمەتیدانی دەرەوە ببینن و داوای کۆمەکی لێ بکەن. سەبارەت بە ئامۆژگاری کردنتان، ئێوە بەردەوام بن لە دیدەنی رووبەڕووی خەڵك و سیاسەتمەداران و قەزیەکەتانیان بۆ روون بکەنەوە".

سەرباری جەخت کردنم، ئاتچەر بەڵێنی نەدا پەیوەندی بە جۆرج بوشەوە بکات، بەڵام گوتی بزانم چۆن دەبێ و ئەوەی لە دەستم بێت بۆتانی دەکەم. ئەوجا زۆر بە گەرمی بەرەو دەرگا بەڕێی کردین. کاتێک بەناو مەمەڕەکەدا دەڕۆشتین، لەناکاو ئاتچەر لێی پرسیم:

بۆچی خەڵک وا دەزانێ کە کورد بە دوای چارەنووسی خۆنووسین یان جیاکاری و دابڕان لە بەغدا دەگەڕێت؟

تەماشام کرد و لە وەڵامدا وتم:

"خاتوو ئاتچەر، ئەگەر تۆ لەگەڵ کەسێکدا هاوسەرگیریت کردبا کە بەهەمان ئەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردبای وە سەددام مامەڵەی لەگەڵ کوردی کردووە، ئایا داوای جیابوونەوە (تەڵاق)ت نەدەکرد؟" پێکەنی و سەری بەرەو ئەودیوی هۆڵەکە (بەرەو چێشتخانەی ماڵەکە) کێشا و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "هەرگیز بەو شێوەیە بیرم لە دێنیس نەکردۆتەوە!" [دێنیس مێردەکەیتی).

لە نزیك دەرگای دەرەوە، ئاتچەر ویستی دیسانەوە لەگەڵ رۆژنامەوانەکان بدوێ، بەڵام (ئەیبل هادن) بەردەمی گرت و گوتی باشترە تەنیا کوردەکان بچنە بەردەم کامیرا. ئەوجا لەبەر دەرگا من کەوتمە قسەکردن لەگەڵ رۆژنامەوانەکان و باسی لێدوان و تێکگەیشتنەکەم کرد و ستایشی هەوڵەکانی خاتو ئاتچەرم کرد و جەختم لە گرنگی تەدەخولی حکومەتی بەریتانی و ئەمەریکی کردەوە. کە رۆژنامەنوس و کامیراکان رۆیشتن، داوای دیتنەوەی ئەیبل هادنم کرد و سەرم بە دەرگاکەی ماڵەکەدا شۆر کردەوە، لەو کاتەدا ئاتچەر لەسەر تەلەفۆن بوو و هەر

خۆی بەدەستی ئیشارەتی بۆ کردم، بەو مانایەی کەوا خەریکی لێدوانە لەگەڵ جۆن مێجەر. منیش چاوەڕێم کرد هەتا تەواو بوو، و لە بەر دەرگاکە لەگەڵ جۆن فۆران و ئۆلیڤەر مۆرس و دێنیس کامیرۆن راوەستاین و کەوتبووینە شیّ کردنەوەی قسەکان و رووداوەکان.

دوای کەمتر لە دە دەقیقە، ئەیبل هادن هاتە دەرەوە و پێی گوتین کەوا خاتو ثاتچەر جۆن مێجەری دەست کەوت و زۆربەی داواکانی ئێوەی پێ گەیاند. لەوکاتەدا، کە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگی رۆژی چوارشەممە بوو، جۆن مێجەر لە ناو ئوتومبیلەکەی بوو بەرەو گۆڕەپانی (چەلسی) دەچوو تاوەکو یاری فتبۆڵێنی تیمەکەی ببینێ. هەر لەناو ئوتومبێلەکەدا، ثاتچەر و مێجەر رێکەوتن لەسەر ئەوەی کەوا بە بێ دواخستن و هەر ئەو ئێوارەیە هەڵوێستی حکومەتی بەریتانی بگۆڕدرێ و یارمەتی فریاکەوتن بۆ تورکیا بنێردرێ. ثاتچەر بە مێجەری گوتبوو کەو ئەو کارەساتە دەستکردە لە کاتی هەڵبژاردنی داهاتووی (مانگی مایس)دا لەسەر پارتی کۆنزێرڤەتیڤ زۆر دەکەوێ، بۆیە پێویستە کەوا حکومەت بدیترێ کەوا گرنگی بە لایەنی مرۆڤایەتی ئەو قەزیەیە دەدات. گوتبوی کەوا دەبێ کۆنزێرڤەتیڤەکان پایەی بەرزی ئەخلاقی وەدەست بهێنن و لە هەڵبژاردندا شانازی پێوە بکەن.

هەرلەو گفتۆگۆیەدا، جۆن مێجەر دوو بەڵێنی بە ثاتچەر دا: یەکەمیان، کەوا بە بڕی بیست ملیۆن پاوەند یارمەتی تەرخان بکات و لە رێگەی لیندا چۆکەرەوە بینێرێت. بایی ملیۆنێك لەوانە، پەتوو و دەرمان بە یەکسەری (لەو شەوەدا) لە سەر پشتی فرۆکەیەکی عەسکەری بەرێ بکرێ بۆ سەر سنووری عێراق و تورکیا. دووەم بەڵێنی دا کە بەوەندە لێی نەگەڕێ و چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کۆڕەوی کوردەکان بدۆزێتەوە. مێجەر ئیشارەتی بۆ هەڵوێستی نێگەتیڤی ئەمەریکی کردبوو و وەعدەی دابوو کەوا لەگەڵ جۆرج بوش لەو بارەوە بدوێ.




دەرکەوتن و قسەکانی مارگرێت ثاتچەر بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری میدیاکاندا پەخشکرا و دۆخی نالەباری کوردەکانی زیاتریش خستە بەرچاوی نێودەوڵەتی.

هاوەڵی منداڵەکان، ڕەنج قاسم عەلائەدین، بانۆ بەختیار و میران بەختیار، هێمای تێچووی مرۆیی ئەو کارەساتە بوون.









## کاریگەری یەکسەر و تاسەر

پێش ئەوەی ماڵی ثاتچەر بەجێ بهێلم، داوام لە ئەیبل هادن کرد کەوا لە جیاتی ئێمە مەسەلەی پەیوەندی کردنی جۆرج بوش بە بیری خاتو ثاتچەر بهێنێتەوە و خەبەرم بداتەوە. لەوێوە بە ئوتومبیل، منداڵ و ئافرەتەکانم گەیاندەوە مەڵبەندی رۆشنبیری کورد و خۆشم چوومەوە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمەریکی هەتا هەواڵەکان بگەیەنمە برادەرانی شەونخون. هەتا گەیشتمێ، خەبەریان بۆ چووبوو، و لە کەناڵی سەرجەم تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکاندا وێنەی ثاتچەر لەگەڵ وەفدەکەمان پەخشکرابوو. ئەوە ببوە مایەی دەنگدانەوەیەکی جیهانی و گەشبینی زۆربەی کوردەکان. ئێوارە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کەناڵی (ئای تی ڤی) و (بی بی سی) و (سکای نیوز) کرد.

به رێکەوت، دیسان لەگەڵ (دۆگلاس هاگ) لە سەر کەناڵی (بی بی سی نیوزنایت) کەوتینەوە بەرامبەر بەیەکتر. ئەوجارەیان من پێویستیم بەوە نەبوو هیچ بەرگریەك لە مافی کورد بکەم، چونکە هاگ خۆی باسی کارەساتی مرۆڤایەتی و ئەرکی سەرشانی حکومەتانی باس دەکرد و دەیگوت کەوا سەددام چەند پیاوێکی خراپە!



## Thatcher urges 'mercy mission' of tents and food to fleeing Kurds

**Michael Simmons**

MARGARET Thatcher led forceful calls in Britain yesterday for immediate international action to help the Kurds. After receiving a deputation of Kurdish exiles at her home in Belgravia, she said it was not the time for "legal niceties".

The Kurds had appealed to her as "a mother and a grandmother" to use her influence with the Prime Minister and President Bush, but she carefully avoided any hint of conflict with the policies being outlined by her successor.

She declined to mention any need for renewed military intervention by the allied forces, or by anyone else.

"It should not be beyond the wit of man to get planes there with tents, with food, and with warm blankets," she said. "I think we should take very firm steps. We should go now — it is a real mercy mission."

Dr Dalwer Ala-Aldeen of the Kurdish Scientific and Medical Association said Mrs Thatcher had promised to do all she could to help. "She was very sympathetic, she was very understanding and she has been very well informed about the situation."

Mrs Thatcher said later that she had agreed to meet the Kurdish deputation after hearing radio reports describing the "pitiful state" of refugees in the mountains bordering Turkey.

## (شەشەم)

# دیدەنی ئارچبیشۆپی کانتەربەری و

# دەست بەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی عیراق

### پێنجشەممە، چواری نیسان و باری تازە

هەتا بەیانیەکەی رۆژی ٤ی نیسان داهات، دۆخەکە گۆڕابوە سەر بارێکی تر. جۆن مێجەر تەسریحی نوێی دەرکردبوو، و ئەندامانی کابینەکەی زۆر بە گوڕەوە پشتگیریان لە مافی مرۆڤی کورد دەکرد. ئەو بەیانیە، نامەیەکی سوپاسم بەناوی خۆم و کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کورد و بەناوی ئافرەتانی کورد بۆ مارگرێت ثاتچەر نوسی، و جەختم لەوە کردەوە کەوا ئێمەی کورد لەمەوداو بەدۆستێکی مەزن و سەرەکی دادەنێین، و بۆیە پەیوەندیەکانمان دەبێ بەردەوام بێ. داواشم لێکرد رێخۆشکەر بێ بۆ چاوپێکەوتنی سەرکردە سیاسیەکانی کورد و بەریتانی.

هەر لەو رۆژەدا بوو کەوا جۆن مێجەر ئەو نامەی کە لە رێگەی (ستیف وۆڵ)ەوە بۆم ناردبوو، دیتبوی و داوای لە خودی وۆڵ کردبوو لە ڕوانگەی رووداوە نوێیەکاندا وەڵامم بداتەوە. نامەکەی وۆڵ، لە رۆژی پێنجی نیساندا مۆر کراوە.

10 DOWNING STREET
LONDON SW1A 2AA

*From the Private Secretary*

5 April 1991

Dear Dr Ala 'Aldeen,

Thank you for your letter of 2 April to the Prime Minister about the situation of the Kurdish peoples in Iraq. I have been asked to reply.

We are deeply concerned about the position of the Kurdish minorities in Iraq, who are now being forced to flee from the brutal repression of government forces. We are taking action to meet the urgent humanitarian needs of the Kurdish peoples and are seeking to ensure pressure is brought to bear to stop the Iraqi regime's action against them.

The United Kingdom has already contributed some $6 million via the ICRC and UNDRO to meet humanitarian needs in the Gulf region. Yesterday, the Prime Minister announced that a further £0.5 million has been contributed to the ICRC's operations in Iraq and, also, we received the agreement of the Turkish authorities to permit the rapid dispatch of two British aircraft carrying humanitarian relief for the Kurdish refugees. The European Community has pledged some £21.5 million for humanitarian assistance in the Gulf, of which the UK's contribution is over £4 million. We will continue to play our full part in helping to meet the humanitarian needs of the Kurdish peoples.

In addition, we have taken further steps to ensure this urgent issue receives the attention it deserves. The Prime Minister has written to his European colleagues to ensure a full discussion at the European Council meeting on 8 April. He has also spoken to President Bush about our concerns. We have been in touch with the Turkish authorities in London and Ankara pressing them to open the Turkish border for Iraqi refugees.

We also played a leading role in the adoption of Security Council Resolution 687 on a formal ceasefire to the Gulf conflict. The terms we require Iraq to accept are stringent - and rightly so. Amongst other conditions, the Resolution provides for the elimination of Iraq's weapons of mass destruction. It imposes a strict embargo on the sale of arms. The terms are designed not only to ensure that Iraq cannot threaten its neighbours again, but also to prevent a repetition of the appalling events at Halabja.

Following the adoption of that Resolution, the Security Council is now urgently considering what action it can take over the position of the Kurdish peoples. We are working for the very strongest consensus in condemnation of Iraq's brutality towards its own people. We will demand that Iraq should cease its actions against civilians and help the dispatch of humanitarian relief to all parts of Iraq.

We are conscious of the need to do all we can to help the Kurdish people. We have explained why the coalition forces cannot interfere in Iraq's internal affairs. But we have also made clear that we will not shed any tears for Saddam Hussain should he fall from power and that we look forward to welcoming into the international community a democratic Iraq which respects the political and human rights of all its peoples.

Yours sincerely,

Stephen Wall

(J. S. WALL)

وەڵامی ستیف وۆڵ لە جیاتی جۆن مێجەر، بۆ نامەکەی لە ٢ی نیسان بۆم ناردبوو

## پەیوەندی ئارچبیشۆپی کانتەربەری

لە دوای دیدەنیە سەرکەوتوەکەمان لەگەڵ مارگرێت ثاتچەر، هێشتا ترسم لەوە بوو نەوەکا حکومەتی بەریتانی لە کۆمەك و هەڵوێستی سیاسیاندا دوودڵی بکەن، چونکە هیچ گەرەنتیەك نەبوو کە ئەمەریکیەکان جۆن مێجەر پەشیمان ناکەنەوە. لە لای دیکەشەوە نیشانەی کزبوونی فشارەکان (بە هۆی رووداوی دوێنێ) بە دیار کەوتبوون. بۆیە، وەك جاری پێشوو، بیرم لە یەکێك کردەوە کەوا کاریگەری مەعنەوی لەسەر خودی مێجەردا هەبێ. بۆیە تەرکیزی شەخسیم خستە سەر (دکتۆر جۆرج کەیری، Dr George Carey) سەرۆکی کەنیسەی ئەنگلیکان (ئارچبیشۆپی کانتەربەری- The Archbishop of Canterbury).

بۆ ئەو مەبەستە، تەلەفۆنم بۆ کۆشکی ئارچبیشۆپ لە (لامبێث پالاس) کرد، و داوای (جۆن لیتل)ی سکرتێری رۆژنامەوانی ئارچبیشۆپم کرد. جۆن لیتل پیاوێکی تەمەن شەست ساڵی بوو، و خاوەنی ئەزموونێکی سیاسی زۆر بوو، وە کاتی خۆی لە ئۆفیسی سەرۆکی پارتی کرێکاران ئیشی کردبوو و دوایی ببوە سکرتێری ئارچبیشۆپی پێشوو (رۆبەرت راونسی). لە دوای خانەنیشنی راونسی، لیتل لە پۆستەکەی بەردەوام بوو. جۆن لیتل ئاگاداری سەینوبەین و رووداوەکان بوو، بۆیە پێویستیم بە پێشەکیەکی زۆر نەبوو تاوەکو رازی بکەم بۆ ئەوەی پەیامم بگەیەنێتە سەرۆکەکەی. بەڵام گوتی ئارچبیشۆب زۆر سەرقاڵە و هەتا چوار هەفتەی دیکە کاتی دیمانەکانی پرە، و بۆیە رەنگە کاتی دیدەنی تۆی نەبێ. منیش لیتلم دڵنیا کردەوە هەر ئەوەندەی کات لێدەگرم کە هەیەتی، و تەنیا داواشم ئەوەیە کە بێتە بەردەم کامێرا و هانی حکومەت و خەڵکی بەریتانی بدات بۆ ئەوەی رێگە لە کوشتاری خەڵکی بێتاوان بگرن و یارمەتی ئاوارەکان بدەن و کۆمەکیان بۆ بنێرن، بە چاوی عەدالەت و سۆزەوە سەیری کێشەی کورد بکەن. لیتل داوای کرد لە نامەیەکدا پەیام و داواکاریەکانم بۆی بنوسم، تاوەکو نیشانی ئارچبیشۆپی بدات و دوایی وەڵامم بداتەوە. منیش یەکسەر، لە ماوەی سەعاتێکدا، نامەکەم نوسی و فاکسم کرد. تێیدا داواکاریەکانم ریز کردبوو و بەڵێنم پێدا کە ئێمە ناوی پیرۆزی ئارچبیشۆپ بە هیچ شێوەیەك نازرێنین.

لە دوای کەمتر لە سەعاتێك، جۆن لیتل پەیوەندی پێوە کردم و گووتی "قەداسەتی ئارچبیشۆپ" ئامادەیە لە رۆژی دوایی (واتە هەینی، پێنجی نیسان) لە کاتژمێر دوو و چارەگی

پاشنیوەڕۆ بتانبینێ. ئیتر ئەو ئێوارەیەی ٤ی نیسان و سەرلە بەیانی ڕۆژی پێنجی نیسان، کەوتمە پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامە و کەناڵەکانی میدیا و کاتی دیدەنیەکەم پێ گەیاندن.

## هەینی، پێنجی نیسان

### داگیر کردنی باڵویزخانەی عێراق

سەرلەبەیانی، کاتژمێر حەفتونیو، دەستەی چلوپێنج دڵسۆز و ئاکتیڤیستی کۆمەڵگای کوردی هەڵیانکوتایە سەر باڵوێزخانەی عێراق و بە هێزی بازوو بەسەر چوار پۆلیسی بەریتانی پاسەوانی باڵوێزخانە و چوار کارمەندانی دیپلۆماتی عێراقیدا تێپەڕین، و دەستیان بەسەر تەواوی باڵوێزخانەکە داگرت. پۆلیسەکان، دوانیان چەکدار بوون بەڵام چەکەکانیان بەکار نەهێنا و تەنیا بە هێزی بازوو توانیان ڕێگە لە سی (٣٠) لەو کوردانە بگرن. پازدەکەی دیکە، بە شەق و پێلەقە کەوتنە شکاندنی دەرگا و پەنجەرە و مێز و کابینەکانی ژووری باڵوێز. لە بەلەکۆنەی قاتی سەرەوەی خانوەکەشدا، ئاڵای عێراقیان سوتاند و کاغەز و فایلی ناو باڵوێزخانەکەیان فرێ دەدایە سەر جادەکە. ئەو ناوە پڕ بوو لە فایلە نهێنیەکانی ڕژێم. کوردەکان لە بەلەکۆنەکەوە هاواریان دەکرد و هوتافیان لە دژی ڕژێمی سەددام لێدەدا، و داوای کۆمەك و پشتگیریان بۆ ئاوارەکان دەکرد. ئەو سی کەسەی کە نەیانتوانی خۆیان بکوتنە ناو باڵوێزخانەکە، لە بەرامبەر باڵەخانەکەدا دەستیان بە خۆ پیشاندان کرد، و ووردە ووردە خەڵکی دیکەش دەگەیشتنە لایان.

لە مەودای نیو کاتژمێردا، پۆلیسی چەکدار ئەو ناوچەی داگیر کرد و دەورەی باڵوێزخانەکەی دا، و کەوتە گفتوگۆ بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەزمەکە. (کاوە فەتاح بێسارانی) زمانحاڵی گرۆپەکە بوو و بە تەلەفۆن لەگەڵ کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی دەدوا و داوای پشتگیری دەکرد. دوایی پۆلیس داوای لە (قاسم عەبدولعەزیز عەلائەددین) کرد کە بە ڕۆڵی ناوبژیکەر هەڵبستێ. ئەگەرچی قاسم یەکێك بوو لە ڕێکخەرەکانی داگیرکردنەکە، و لەگەڵ سەرۆکی پۆلیسەکان چووە ژوورەوەی باڵوێزخانە، بۆ ئەوەی داوا لە گرۆپی کوردە خۆپیشاندەرەکان بکەن کە خۆیان تەسلیم بکەن. لە بەرامبەر ئەوەدا، کوردەکان داوایان کرد ڕێگەیان بدرێت لەگەڵ میدیاکان بەرەو رووی یەکتر بێن و فرسەتی دەربڕینی پەیامەکەیان هەبێت. پۆلیس بەوە رازی

بوو و لە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ، پۆلیس بە ئاشتیانە چوە ناو باڵوێزخانەکە و یەکە بە یەکە خۆپیشاندەرەکانی کەلەپچە کرد و بۆ بنکەی پۆلیسی بردن. بە گوێرەی ڕێکەوتنەکە، لە ناو ڤانی پۆلیس کەلەپچەکانیان فڕێدا و وەك گیراوێکی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. ئەو شەوە، کوردە گیراوەکان لە پۆلیسخانە مانەوە، و ڕۆژی دوایی بە ناوبژیرکردنی (سایمن هیوز)ی ئەندام پەرلەمانی سەر بە حیزبی (لیبرال دیمۆکرات)ی بەریتانی، بەبێ تاوان بەڕەڵلا کران. دادوەرەکەی کە بڕیاری ڕزگار کردنی دان، زۆر بەزەیی و سۆزی بۆ کۆڕەو و دۆزەکەیان دەربڕی. ئەو ڕووداوە دەنگی دایەوە و بە زیندوویی و بە دووبارە لە هەموو کەناڵەکاندا پەخشکرا. هاوکات، کارەکەی کۆمەڵگای بەریتانیا زوو بڵاو ببوەوە و وایکرد لە چەند پایتەختێکی دیکەی ئەوروپی، وەك سۆفیا و پراگ و و بەرلین و ئەنکەرە هەمان ڕووداو دووپات بکرێتەوە. بە داخەوە لە تورکیا یەکێك لە خۆ پیشاندەرەکان تەقەی لێکرا و گیانی لەدەستدا.

ئەوکاتەی لەگەڵ چەندین هاوڕێی دیکە گەیشتمە لای خۆپیشاندەرەکانی بەرامبەر باڵوێزخانەکەوە، ئێمەش چاودێری ڕووداوەکان بوین و هەوڵمان دەدا نزیك ببینەوە، و بەلانی کەمەوە هەندێ لە فایلە فڕێدراوەکان کۆ بکەینەوە، بەڵام پۆلیس ڕێگەی لێگرتین و نەیهێشت لێیان نزیك ببینەوە. شایانی سەرنجە، پۆلیسی بەریتانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە دوای ئەو ڕووداوە، باڵوێزخانەکەی داگیرکردبوو، و بە بیانگەی گەڕان بە شوێن تەڵە و تەقەمەنی، شوێنەکەی دەپشکنی و تەسلیمی حکومەتی عێراقی نەکردەوە. دوای ئەوەش، دار و پەنجەرە شکاوەکانی باڵوێزخانەکە بە قوفل و زنجیر داخران و هەتا کاتی نووسینی ئەو پەڕتووکەش ئاوەدان نەکراوەتەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە ١٩٩١ بەو لاوە حکومەتی عێراقی بە ڕەسمی باڵوێزی نەگەڕاندەوە و پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە چاك نەبووەوە و ڕژێمیش پارەی لە باڵوێزخانە مەهجوورەکەی خەرج نەدەکرد.










داگیرکردنی باڵیۆزخانەی عێراق بە ڕاستەوخۆ لە سەرجەم کەناڵە هەواڵییە گەورەکاندا گواسترایەوە. ئەو کوردانەی سەرکەوتوو بوون لە شکاندنی باڵەخانەکە، ئاڵای عێراقیان سووتاند و وێنەی سەدام حوسێنیان دڕاند و فایلە نهێنییەکانی ڕژێمیان لە پەنجەرەی باڵیۆزخانەکانەوە فڕێدایە سەر شەقامی خوارەوە.

ئەوانەی لەناو باڵیۆزخانەکەدا بوون لە پەنجەرەی قاتی سەرەوە دەرکەوتن و لە ڕێگەی مێگافۆنی دەستیەوە هاواریان دەکرد و بە تەلەفۆن لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسەیان دەکرد.






ئەوانەی ڕێگەیان پێنەدرا بچنە ناو باڵیۆزخانەکەوە لە دەرەوە کۆبوونەتەوە و دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و سەمیر فەیلی وەک وتەبێژ دەدوا








قاسم عەلائەدین، یەکێک لە رێکخەران
بوو و بۆ نێوەندگیری لە نێوان
داگیرکەرانی باڵوێزخانە و پۆلیسدا چووە
ناو باڵەخانەکە.



دیاری و کاوە فەتاح و بەشداربوویەکی
دیکە لە کاتی هاوارکردنی دروشم دژی
سەدام حوسێن لەلایەن پۆلیسەوە
دەستگیرکران، لەکاتێکدا فایلەکانی
باڵیۆزخانەکان بەسەر شەقامەکەدا
بڵاوبوونەتەوە.






## له باڵوێزخانەوە بۆ لامبێث پالاس

بەر لە کۆتایی پێهاتنی خۆ پێشاندانەکەی بەردەم باڵوێزخانە، لەگەڵ (سوندوس)ی هاوسەرم ئەو ناوچەیەمان بەجێهێشت و لە کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ گەیشتینە پالاسی (لامبێث). بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێك لەگەڵ جۆن لیتل دانیشتین و بۆم دەرکەوت دوودڵی جۆن لیتل و ئارچبیشۆپ هەر ئەوە بوو کە دڵنیا نەبوون ئایا لە بەرامبەر بە کامیرادا چۆن ئیستیغلالی ئەو چاو پێکەوتنە دەکەم و ئایا دیدەنیەکە دەخەمە قالبێکی سیاسی. منیش دڵنیامکردن کەوا بە هیچ شێوەیەك توشی ئیحراجیان ناکەم و ناشمەوێ لە دژی حکومەتەکەیان هەڵوێست بنوێنن، یان پەیوەندیان لەگەڵ جۆن مێجەر تێك بدەن. تەنیا داوام ئەوەیە کەوا ئارچبیشۆپ بێتە بەرامبەر کامیرا و هەڵوێستە مرۆڤایەتیەکەی بنوێنێ، بەڵام لەدوای کامیرا داواکاری دیکەی لێدەکەم و ئەویش کەیفی خۆیەتی چی وەڵامێك دەداتەوە. لیتل بەوە دڵنیا بوو، ئیتر بەیەکەوە هەڵسایـن و چوینە لای ئارچبیشۆپ جۆرج کەیری. ئارچبیشۆپ لە ژوورەکەیدا بە پێوە چاوەڕێی دەکردین و زۆر بە رێز و پێکەنین و شەوقەوە پێشوازی لێکردین. یەکەم ووشەی ئەوەبوو کە من و هاوسەرم یەکەم کوردین ئەو لە نزیکەوە دەیانبینێ، و گوتی: "زۆر حەز دەکەم لە رێگەی ئێوەوە زیاتر لە نەتەوە و ئاینەکانی ناوچەکەتان تێبگەم". ئەوجا باسی سۆز وهەستی خۆی کرد سەبارەت بە کارەساتی کۆڕەو و گوتی: "وەك خۆت دەزانی من تازە پۆستی ئارچبیشۆپم وەرگرتوە و هێشتا ئەزمونم لەبواری تەدەخولی جیهانی لەوجۆرە و لەبەرامبەر کامیراکان زۆر نیە، بەڵام ئایا چی هەیە بە من بکرێ و بۆتانی بکەم". ئیشارەتێکی بۆ ژوورەکەی تەنیشتی کردو گوتی: "وا کامیرای کەنالەکان و رۆژنامەنوسەکان چاوەڕێی دیمانەی ئێمەن".

منیش گوتم: "لە بەرامبەر کامیرادا، تەنیا دەمەوێ وەك سەرۆکی رۆحی کەنیسەی ئەنگلیکان، هانی هاوڵاتیان بدەی نوێژ و دوعا بۆ خەڵکی کوردستان بکەن و لە کۆمەکدا تەخسیری نەکەن. بەڵام لە دوای دیمانەی کامیراکان، داوای ترم لێت هەیە ". بە سەر سوڕمانەوە پرسی ئایا داواکانی ترمان چین؟ منیش گوتم: " داوام ئەوەیە کەوا پەیوەندی بە رێکخراوی (کریستیان ئەید) و (مناڵپارێزان)ی بەریتانی و ئەوانی ترەوە بکەیت بۆ ناردنی کۆمەك بۆ کوردەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیا، وە پەیوەندی شەخسی بە جۆن مێجەری سەرۆکی حکومەت بکەیت بۆ ئەوەی بێجگە لە یارمەتیدانی ئاوارەکان، حکومەتەکەی بە ڕەسمی لەگەڵ سەرکردەی سیاسی کوردی دابنیشن تاوەکو لە نزیکەوە تێیان بگەن. وە قەناعەت بە حکومەتی بەریتانی بهێنێ کەوا پشتگیری کوردی و پاراستنی مافی مرۆڤی کوردی لەو رۆژگارەدا

لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە، و پێویستە بەریتانیا پێشڕەو بێ لە داهێنانی میکانیزمێکی نێودەوڵەتی تاوەکو جارێکی تر کورد توشی کارەسات و جێنۆساید نەبێتەوە. پێویستە سیاسەتی حکومەتی بەریتانی لە مەڕ کوردستان و کوردەوە لە ڕوانگەیەکی مۆدێرنەوە دابڕێژنەوە".


ئارچبیشۆپ گوتی: "لە قەناعەتەوە بڕوایم بە قسەکانت هەیە، وبۆیە پێیان رازیم. من دۆستایەتی شەخسیم لەگەڵ جۆن مێجەر هەیە و قەولە سبەینێ بە موناسەبەی نان خواردنی ئیستەر ببینم، وە زۆربەی ئەو باسانەی لەگەڵدا دەکەم. ناتوانم بەڵێن بدەم ئایا جێبەجێیان دەکات. ئەگەر بۆم کرا ئەوا وەڵامی مێجەرت پێ دەگەیەنم. بەڵام پێویستە ئەو بابەتە و ئەو بەڵێنانە بە نهێنی بمێنێتەوە، چونکە نابێ کەنیسە بدیترێ کەوا تەدەخولی سیاسەت دەکات."

دوای ئەوە تۆقەی لەگەڵ کردین و گوتی نەوەك لە دوای کۆنگرە رۆژنامەوانیە نەتانبینمەوە چونکە من کارم هەیە. ئەوجا من و سوندوس و ئارچبیشۆپ چوینە ژووری تەنیشت و بەرامبەر بە کامیراکان، هەریەکەمان قسەی خۆی کرد. ئارچبیشۆپ پشتگیری خۆی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤی کورد نیشان دا و داوای کۆمەککردن و ناردنی یارمەتی پارە و دەرمان و خواردن و پەتوو و خێمەی بۆکردن و داوای لە حکومەتی بەریتانی کرد ئەو کارەساتە دەستکردە لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانە سەیر بکات و چارەسەرێکی خێرای بۆ دابنێ. منیش لە قسەکانم بەرامبەر کامیراکان، وەك کوردێك، سوپاسی ئارچبیشۆپم کرد بۆ پشتگیری و نوێژ و دوعاکانی. داوام لە خەڵکی خاوەن ئیمانی بەریتانی کرد لە رۆژی یەکشەممەی داهاتوودا، نوێژ و دوعاکانیان بۆ کۆڕەوە کوردەکان تەرخان بکەن. گوتم یارمەتیدانی کورد لە رۆژی لێقەوماندا چاکەیەکی مێژوویە و کورد هەتا هەتایە لە بەرچاوی دەمێنێ.

لە دوای کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە، ئارچبیشۆپ هەڵسایە سەرپێ، و من وام زانی دەڕوات، کەچی گوتی ئایا دەتوانم دەعوەتتان بکەم بۆ قاوە خواردنەوەیەك، تاوەکو نیو سەعاتی تریش بەیەکەوە بین؟ بەوە من دڵنیا بووم کەوا دیارە عەقلی گرتی و دەیەوێ دۆستایەتی لەگەڵ کورد بە تێن بکات. داوای کرد کەوا بچینەوە ژوورەکەی خۆی بۆ تەواو کردنی قسەکانمان.

ئەوجا کورتەیەکی پێناسەی کورد و زمانی کوردی و کەلتووری کوردیم بۆ کرد. مێژووی رووداوەکانی ئەو دواییەم بۆ باسکرد کەوا کورد بووەتە قوربانی سیاسەتی هەڵەی رۆژئاواییەکان، میللەتیشمان لە ئازادی و مافی مرۆڤ چیتری داوا نەکردووە. لەگەڵ قسەکانم، هەندێ باسی ژمارە و حاڵ و وەزعی کریستیانەکانی کوردستان و عێراقم بۆ کرد و گوتم لە داهاتووشدا هەواڵی ئەوانت بۆ دەنێرم. خەبەرم دایە کە بە نیازم لەگەڵ رێکخراوی (مناڵپارێز)ی بەریتانی (Save the Children Fund)، لە رێگەی ئێرانەوە بچمە کوردستان، و بۆ کۆمەك کردنی ئاوارەکان. بەڵێنم دایە کە لە دوای گەڕانەوەم سەردانی بکەمەوە. ئەویش خۆشحاڵی خۆی نیشاندا و گوتی چاوەڕێی دیدارتانم.

کاتژمێر سێ و نیو بوو من و سوندوس لامبێث پالاسمان بەجێ هێشت. ئەو ئێوارەیە، پەیامی ئارچبیشۆب لە تەواوی کەناڵەکاندا پەخش کرا، و فشاری مەعنەوی و ئەخلاقی لە سەر حکومەتی بەریتانی و رای جیهانی هێندەی تریش رووی لە زیادی بوو.




دیدەنی جۆرج کەیری، ئارچبیشۆپی کاتنەربەری (سەرۆکی کەنیسەی ئەنگلیکان) پشتگیری خۆی لە قوربانیەکانی هێرشی سەددام دەربڕی و داوای کۆمەکی لە خەڵکی بەریتانی کرد بۆ کۆچڕەوەکان.



لەدوای ئارام بوونەوەی بارودۆخ، لە هاوینی ١٩٩١، خۆم و سوندوسی هاوسەرم چوینەوە سەردانی ئارچبیشۆپ، و کراسێکی کوردیمان بە دیاری پێشکەش بە هاوسەرەکەی کرد. هەر لەوێ، بە یارمەتی سوندوس، کراسەکەی کردە بەری و هاتە دەرەوە بۆ ئەو وێنەیە. (جۆن لیتل)ی سکرتێری تایبەتی ئارچبیشۆپ لەگەڵمان وەستاوە. جۆن لیتل لەدوای ئەو وێنەیە بە مانگێك کۆچی دوایی کرد.



## شەممە و یەکشەممە، شەش و حەفتی نیسان

لەو یەکدوو رۆژەی دوابەدوای تەدەخولی مارگرێت ثاتچەر و ئارچبیشۆپی کانتەربەری، رووداوەکان خێرا دەچوونە پێش. هەڵوێستی حکومەتی جۆن مێجەر سەدو هەشتا پلە گۆڕا، و بەو هۆیەشەوە حکومەتی ئەمەریکی کەوتە ژێر فشارێکی بێ پایانەوە. لە رێگەی ئەیبل هادنەوە، زانیمانەوە کەوا ثاتچەر و مێجەر هەردووکیان پەویوەندی شەخسیان بە جۆرج دەبلیو بوشەوە کردبوو، و باسی پاراستنی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵدا کردبوو، بەو ناوەی کە دەبێ حیسابێکی جیاوازیان بۆ بکرێ بە بەراوردی لەگەڵ عەرەبی شیعەی باشووری عێراق.

لە رۆژی شەشی نیسان، چل تەن پەتو و جلوبەرگ بە سواری فرۆکەیەکی مەدەنی (کۆمپانیای ئەنگلۆ ئێرلاین) لە فرۆکەخانەی (مارستن)ی ناوچەی (ڕامسگەیت)ی سەر بە (کێنت)، گەیاندرایە (ئەنکەرە) و تەسلیم بە رێکخراوی (مانگی سوور)ی تورکی کرا بۆ ئەوەی بگەیەندرێتە سەر سنوور. هەمان ئەو فرۆکەیە، لە هەمان رۆژدا گەڕایەوە فرۆکەخانەی (گاتویك) و دیسان چل تەن کۆمەکی دیکەی بردەوە. هاوکات، (تورگوت ئۆزال)ی سەرۆك وەزیرانی تورکیا سنووری بەردەوام داخستبوو، و داوای کۆمەکی دەکرد و داوای سەردانی بەرپرسە نێو دەوڵەتیەکانی دەکرد. نزیکەی بیست هەزار کۆڕەو لە سنووری تورکیا پەڕیبونەوە، بەڵام زیاتر لە نیو ملیۆنیان لە سەر سنوور بەبێ نان و چادر و پەتو، حاڵیان پەرێشان بوو، و کامیرای جیهانیش وێنەی کارەساتەکەیانی بەردەوام پەخش دەکرد. زیاتر لە ملیۆن و نیوێکی دیکەی ئاوارەکانیش بەرەو ئێران دەرۆیشتن، بەڵام خۆشبەختانە ئێران سنووری هەر بە کراوەیی هێشتبووەوە. لە رۆژی حەوتی مانگی نیسان، (جەیمس بەیکەر) کە لەو کاتەدا سەردانی چەند دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد، چوە تورکیا. بەڵام ئۆزال داوای لێکرد کەوا سەردانی شارە سنووریەکان بکات و دیمەنی ئاوارەکان بەچاوی خۆی ببێنێ. بەیکەر چووە سەر سنوور، و لەوێ توشی ئیحراجیەکی سیاسی و ئەخلاقی بوو. ئاوارەکانی ئەو سنوورە گلەییەکی زۆریان ئاڕاستەی جەیمس بەیکەر و جۆرج بوش کرد، و ئەوەیان بە چاویان داداوە کە ئەم کارەساتە لە ئەنجامی هاندانی نێو گوتارەکانی سەرۆك بوش بووە.

## گۆڕانی هەڵوێستی ئەمەریکی و دامەزرانی ناوچەی ئارام

لە رۆژانی شەش هەتا نۆی مانگی نیسان، جۆن مێجەرو کابینەکەی چەندین بیرۆکەیان تاوتوێ کرد و قەناعەتیان هات کەوا کێشەی ئاوارەکان مەزنترە لەوەی کە بە کۆمەکی خواردن و دەرمان و پەتوو چارەسەر بکرێ. بڕیاریان دا کارێکی وا بکەن کەوا ئاوارەکان لە ژێر چاودێری و پاراستنی هێزە هاوپەیمانەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ ناو ماڵ و حاڵی خۆیان. لە رۆژانی شەش و حەوتی مانگ، باڵوێزی بەریتانی و ئەمەریکی و ڕوسی و فەرەنسی خەریکی داڕژتنی بەیانێك بوون بۆ ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان سەددام مولزەم بکات کە پڕۆسەی جێنۆسایدی کورد رابگرێ و رێگە بە خەڵکەکە بدات بگەڕێنەوە ناو شارو دێهاتەکانیان. حکومەتی فەرەنسی، بە تایبەتی (ڕۆنالد دوماس)ی وەزیری دەرەوەیان و مەدام (دانیال میتیران)ی ژنی سەرۆك (فرانسوا میتیران)، هەر لە سەرەتاوە بە گەرمی داوای تەدەخولیان بۆ کۆمەکی کوردان دەکرد. جۆن مێجەر پێشنیازی کرد دەبێ ناوچەیەکی ئارام و هێمن لەناو خاکی عێراق بۆ کوردەکان مسۆگەر بکرێ و هێمنی ناوچەکە لەسەر رژێمی سەددامی فەرز بکرێ. ئەو بیرۆکەیە لە کەنالەکانی راگەیاندن و لە نێو سیاسیەکانی ئەوروپایی تاوتوێ کرا، بەڵام ئەمەریکیەکان جۆرە ساردی و بەرهەڵستیەکیان نیشان دا، بەو ناوەی کە ئەو کارە پێویستی بە تەدەخولەکی عەسکەری مەزن هەیە، وەك ئەوەیە کە جەبهەیەکی تازە لەگەڵ عێراق بکەنەوە.

جۆن مێجەر چووە کۆبوونەوەیەکی سەرکردە ئەوروپیەکان لە شاری برۆکسل، و لەوێ بە گەرمی پێشوازی لێکرا. مێجەر دەیویست سەربەخۆیی خۆیی و وڵاتەکەی لە کاریگەریەتی ئەمەریکی بسەلمێنێ، بۆیە پەیامێکی راگەیاند بەوەی کەوا بەریتانیا و ئەوروپا ناتوانن چاوەڕێی بیرکردنەوە و دوودڵیی ئەمەریکی بکەن چونکە خەڵك وا لە ئەشکەنجە و مەترسی مردندانە، بۆیە ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکیش بەشدار نەبێ، ئەوا بەریتانیا بە یەك قۆڵیی ئەو پرۆژەیە ئەنجام دەدات. ئەو پەیامە بە واتای فشارێکی مەزنتریش بوو لە سەر ئەمەریکیەکان. لەو رۆژەدا، سەرۆك جۆرج بوش لێدوانێکی تەلەفۆنی لەگەڵ جۆن مێجەر کرد و گوتی ئەمەریکا پشتگیری لە پلانەکەت دەکات و ئامادەیە پێشڕەوی بکات. ئیتر لە مەودای شەو و رۆژێکدا، هەڵوێستی ئەمەریکی لە بەرهەڵستیەوە گۆڕا بۆ پێشڕەوێتی پرۆسەکە، وەك ئەوەی کە شەمەندەفەری پرۆژەکە دەستی بە جوولەکردن کردبوو ئەوجا سەرۆك بوش بازی دایە ناو فارگۆنی پێشەوە بۆ لێخوڕینی.

## (حەفتەم)

# کۆمەك لە دیوی ئێرانەوە
# و
# پەڕینەوە بۆ کوردستانی عێراق

ئێران، هەروەك تورکیا، کەوتبوە بەر لێشاوی پەڕینەوەی ئاوارەکان. بەڵام ئەوان سنووریان کردبوەوە و خەڵکەکە لە چەندین خاڵی سنووریدا، لە خانەوە هەتا ناوچەی سنە و کرماشان، لە دیوی عێراقەوە دەپەڕینەوە. لەگەڵ پەڕینەوەیان، خەڵکە قارەمانەکەی کوردستانی رۆژهەڵات پێشوازی لێ دەکردن و نان و ئاو کۆمەکیان دەدانێ، و یارمەتیان دەدان بۆ دۆزینەوەی ماڵ و شوێنی حەوانەوە، و بە خۆڕا دەیانحەواندنەوە. ژمارەی پەناهەندەکان لە تاقەتی شارە کوردیە سنووریەکاندا دەرچوو بوو. حکومەتی ئێرانیش داوای هاوکاری نێو دەوڵەتی دەکرد، بەڵام لەبەر ساردی پەیوەندیە دەرەکیەکانی ئێران، حکومەتی ئەمەریکی و رۆژئاواییەکانی تر بەرەو پیریانەوە نەدەهاتن. هاوکات ئێرانیەکانیش خۆیان لە دونیا عەزڵ کردبوو، متمانەیان بە خەڵکی دەرەوە نەدەکرد، ڤیزە وەرگرتن کارێکی ئاسان نەبوو، و پەیوەندیشیان لەگەڵ میدیا و رێکخراوە کۆمەکی و مرۆڤایەتیەکان زۆر لاواز بوو. حیسابی جاسوس و بەکرێگیراویان بۆ ئەو رێکخراوانە دەکرد.

لەدوای ئەوەی کە حکومەتی بەریتانی و حکومەتەکانی تر هاتنە ناو پرۆسەکەوە، هەڵمەتی لۆبی ئێمەش لە فشاری سیاسیەوە گواسترایەوە قۆناغی کۆمەك. رۆڵی من و دۆستە لۆبیستەکانمان لە بەریتانیادا رووی لە کزیبوو. بۆیە، لەگەڵ هاوڕێکانم و زۆربەی کۆمەڵگای کوردی کەوتینە مشوری هاندانی رێکخراوە کۆمەکیەکان بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەندامانیان و کۆمەکیان بگەیەننە کوردستان. زۆربەی رێکخراوە خاوەن ئەزموونەکان نیازیان وابوو کۆمەك بۆ دیوی تورکیا بنێرن، بەڵام کەسیان هەوڵیان نەدەدا بۆ دیوی ئێران کۆمەك بنێرن کە، بە گوێرەی پێوانەکان، لە ملیۆنێك زیاتر کۆڕەو روویان لەو وڵاتە کردبوو.

لە زووەوە، لە سەرەتای کۆڕەوەوە، لە رێگەی (داڤید ماکداول)ی دۆستمەوە (نوسەرە لەسەر مێژووی کوردی)، پەیوەندیم بە رێکخراوی منداڵپارێزی بەریتانیەوە کرد. هەوڵمدا رازیان بکەم

کە خۆیان بگەیەننە ئێران. بەڵام ئەوان دەیانەویست یارمەتیان بدەم و لەگەڵیان بچمە دیوی تورکیا. من رازی نەبووم، و داوام لێکردن کەوا سەیرێکی حاڵی ئێران بکەن چونکە لەوانەیە ئاوارەکانی ئەو لایە ببنە قوربانی سیاسەتی دەرەکی ئێرانی و ڕەنگە هاوپەیمانەکان کۆمەکیان بۆ نەنێرن. (داڤید سیمۆن)ی ڕێکخراوەکە پێی راگەیاندم کەوا کەسێکی شارەزایان نیە لە ئێران چاوساغیان بێ و ڕێگەیان نیشان بدات، بەڵام ئەگەر من لەگەڵیاندا بچم ئەوا کۆمەك بۆ دیوی ئێران دەنێرن، و ئەگەر نەشچم ئەوا بە کوێرانە خۆیانی لێ نادەن چونکە متمانەیان بە سیستەمی ئێران نیە. ئیتر بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایە بڕیارم دا لەگەڵیان بچم، بەڵکو زنجیرەی کۆمەکی تریش بەدوایان دادێ.

## شەممە، ٦ی نیسان

پەیوەندیم بە باڵوێزخانەی ئێرانی کرد و پێم راگەیاندن کە لەگەڵ چەند کەسێکی بەریتانی ئامادەینە کۆمەك ببەینە ئێران ئەگەر ئەوانیش کارئاسانی ڤیزا و هاتوچۆمان بۆ بکەن. ئێرانیەکان ئامادەیی خۆیان نیشاندا، و سەرباری ئەوەی پاسپۆرتەکەم لە جۆری پەناهەندەیی بوو، لە مەودای دوو رۆژدا ڤیزەیان بەمن و دە کەسی پەیوەندیدارم دا. لەوانە، (پیتەر شارپ) ی راپۆرتەری کەناڵی (ئای تی ڤی)، و (چارلس ویلەر)ی راپۆرتەری (بی بی سی)، و دێڤید ماکداول و حەوت کەسی دیکەی ڕێکخراوەکەیش.

## یەکشەممە،٧ی نیسان

(ئان کلوید)ی ئەندام پەرلەمانی پارتی کرێکاران، کە ئەو کات وەزیری "سێبەر" (ئۆپۆزیسیۆن) بوو بۆ یارمەتیدانی دەرەکی، تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی "بیستومە بۆ ئێران دەچی. منیش بە نیازم بچم، و حەز دەکەم بەیەکەوە بڕۆین". دەمێك بوو لەگەڵ ئان کلوید دۆست بوین و ئەویان یاریدەدەرێکی دڵسۆز و جگەرسۆزی کورد و عێراقیە عەرەبەکان بوو. ئێمەش بەهۆی ئان کلویدەوە پشتگیری پارتی کرێکارانمان دەست دەکەوت. ئان کلوید بلیتی تەیارە و رۆژی سەفەرەکەی پێش خست تاوەکو بە هەمان ئەو تەیارە بڕوات کە ئێمەی تێداین. ئان کلوید نیازی وابوو کە خۆی بگەیەنێتە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی لە دیوی عێراق، واتە لە ئێرانەوە بە نهێنی بپەڕیتەوە. بۆیەش متمانەی بە ئێرانیەکان نەبوو، و زمانزان و شارەزایشی

لەگەڵ نەبوو، بۆیە داوای کرد کەوا لە چەند رۆژی یەکەمی سەفەردا بەیەکەوە بین و یارمەتی بدەم هەتا ئەوکاتەی دەگاتە لای حیزبە کوردیەکان لە دیوی عێراق.



لەگەڵ ئان کلوید، ئەندام پەرلەمانی بەریتانی، لە ناوچەی کەرەج

## سێشەممە، ٩ی نیسان

لەگەڵ پێنج کەسی سەربە رێکخراوی مناڵپارێزی بەریتانی چونیە فرۆکەخانەی هیثرۆ، لەوێ کامیرای کەناڵی بی بی سی و ئای تی ڤی چاوەرێیان دەکردین و دیمانەیەکیان لەگەڵ کردین. کە سواری فرۆکە ئێرانیەکە بووین، دەرکەوت بە لانی کەمەوە پازدە کەس دەبووین کە بۆ هەمان مەبەست و بۆ هەمان شوێن دەڕۆیشتن. هەندێك لەوانە لە وڵاتانی سکاندێنافیەوە هاتبوون.

لە تەهران مەسئولی سیاسەتمەدار و وەزارەتی تەندروستی و مانگی سووری ئێرانی چاوەڕێیان دەکردین. بە بێ پشکنین و بە پێشوازیەکی پڕ رێزەوە کار ئاسانیان بۆ کردین و یەکسەر بۆ

هۆتێلی (ئینتەر کۆنتینێنتال)یان بردین. ئێرانیەکان بەلایانەوە گرنگ بوو کەوا ئێمە مەسئولەکانیان ببینین، بۆ ئەوەی باسی شێوەی کۆمەکیان لەگەڵ بکەین، و دیمانەی رۆژنامەوانیان لەگەڵدا ساز بدەین. ئێمەش هەرهەمووما‌ن دەمانەویست لە مەسئولەکان ڕزگارمان ببێت و بە زووترین کات بگەینە سەر سنوور. ماوەی دوو رۆژ ئێمەیان هێنا و برد.

## پێنجشەممە، ١١ی نیسان

دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵ (دکتۆر هەق سەیدی) و (ئاغای عەلی زەرغامی) سەرۆك و جێگری سەرۆکی کۆمەڵی مانگی سووری ئێرانی، ئەنجامدا. ئاغای زەرغامی بە جەختەوە دەیویست کە بزانێ ڕێکخراوی مناڵپارێزی بەریتانی چەند پارە سەرف دەکات و چۆنی دەکات، وە سووڕ بوو لەسەر ئەوەی کە پارەی کۆمەکی دەرەکی، وەك هی ئێرانی، لە ڕێگەی خۆی و کۆمەڵەکەیەوە خەرج بکرێ. بە گوێرەی قسەکانی زەرغامی، هەتا ئەو رۆژە، حەفت سەد هەزار کەسی کۆڕەو پەڕیبوەوە دیوی ئێران، و لەوانە جێگە بۆ پێنج سەد هەزاریان زامین کراوە، و کۆمەڵەکەشیان (وڵاتەکەیان) خۆی بۆ ملیۆنێك پەناهەندە (دوو سەد هەزار خێزان) ئامادە کردووە. سەرۆك کۆمار، هاشیمی ڕەفسەنجانی ئەمری دەرکردبوو کەوا کارئاسانی فڕین و گومرگ و هاتوچۆی کۆمەك لە هەموو ئاستێکدا بکرێ. دیارە کەوا خەڵکی ئێرانیش کۆمەکی بەخشیوە و پەناهەندەش پارەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. پێداویستی سەرەکی کۆمەك بۆ دابین کردنی شوێنی حەوانەوە (وەك خێمە و پەتوو) و خواردن بوو، نەوەك دەرمان، وە نرخی شتومەکیش لە بازاڕەکانی ئێرانیدا بە ڕێژەی سەدی چل زیادی کردبوو و بەوە ئەرکی هەموو لایەك قورستر بووبوو. لە دوای فشار، و لە بەرامبەر دواخستنەکاندا، ئێرانیەکان بڕیاریاندا کە بە فڕۆکەیەکی تایبەت بمانبەن بۆ سەر سنوور.

## هەینی، ١٢ی نیسان

سواری فرۆکەکە بووین، بەرەو شاری (سنە، سەنەنداج). کە لە ئاسمان بووین، هەواڵ گەیشت و کاپتن خەبەری دایێ کە ڕەشەبا و بارانێکی سەخت لە شاری سنە باریوە، بۆیە بڕیاریاندا بمانگەیەننە ورمێ (ئەرومیە) و لەوێوە بۆ (خانە، پیرانشەهر). کە لە فڕۆکەخانەی ورمێ دابەزین، تەواوی شاندەکەیان بە چەند پاسێك بردینە ڕێستورانێك بۆ نانی نیوەڕۆ. بەو ڕەمەزانە، تەواوی بەرپرس و پاسەوانە ئێرانیەکانمان بە رۆژوو بوون (یان وەك بەڕۆژوو

رەفتاریان دەکرد)، و بە دیارمانەوە بوون هەتا نانخواردنمان تەواو کرد. دوایی، ئوستاندار (پارێزگار)ی ئەرومیە (ئاغای سەعادەت) وانەیەکی سیاسی و مرۆڤایەتی پێشکەش کردین و ئەوجا سێ لە پزیشکە پەناهەندەکانی کوردی عێراقی پێشکەش کردین، ئەوانیش حەمە نەجم جاف و لەتیفە موحەممەد ڕەشاد و عوسمان حەمە موراد بوون. ئەوانەی بانگ کردبوو بۆ ئەوەی کە وەك پەناهەندە و شایەدحاڵ، باسی سەختی بارودۆخی ئاوارەکان و باری تەندروستی و پێداویستی پەناهەندەکان بکەن.

ئەوجا بە پێنج پاس وەفدەکەمانیان بردە فرۆکە خانە، و هەلیکۆپتەرێك چاوەڕێی دەکردین بۆ ئەوەی بمانباتە سەر سنوور بۆ دیدەنی ئاوارەکان و وێنە گرتنیان. یەکێك لە هاوەڵەکانمان کە لەسەر هەمان مێزی نانخواردن و لەناو هەمان پاس بوو (خانمێکی ئەڵمانی سەر بەر ڕێکخراوێکی خێرخوازی)، دواکەوت، و لەبەر ئەو، پاسەکەی ئێمە بە هەلیکۆپتەرەکە رانەگەیشت. ئیتر هەر بەو پاسە ئەو چەند کەسەمان بەرەو نەغەدە بەڕێ کەوتین و لە دوای سێ سەعات و نیو گەیشتینە خانە. سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ بوو کە گەیشتینە سەر خاڵی سنوور، ئەو شوێنەی کە بەو قوڕ و بارانە خێزانی خاوەن منداڵ و پیر تێیدا دەپەڕینەوە دیوی ئێران.

## چانسی یەك لە ملیۆن

لە سەر سنوور، دیمەنی پەریشانی پەناهەندەکان زۆر غەمناك و دڵتەزێن بوو، بۆیە هەموومان بە دڵی پڕ خەم و پەژارەوە و بە تاساوی هەندێك وێنەمان گرت. لەدوای چارەگە سەعاتێك، وە لەبەر درەنگی کات، پاسەوان و شوفیرەکەمان داوایان کرد کە سواری ئوتومبیل ببینەوە و بەبێ چاوەڕێ بگەڕێینەوە بۆ ورمێ. هەر لە شاری خانە، لەسەر داوای نەفەریکمان، پاسەکە لە تەرمینال (گەراج) لایدا. دووسێ نەفەر چوون بۆ دەست شوشتن، و من و ئەوانی دیکە بە چاوەڕێوە لە پاسەکە دابەزین. دوایی، خەریکی دووبارە سواربوونەوەی پاسەکە بووین، کە پێم کەوتە ناو دەرگەی پاسەکە، لەو کاتەدا یەکێك لە دواوە بە دەنگێکی بەرز بانگی کردم. کە ئاوڕم دایەوە، (نەجات)ی خوشکم و (عەبدولمەجید)ی مێردی بوون کە ئەوانەیش لە ماوەی حەوت رۆژی رابوردوودا لە هەولێرەوە بە پێیان، بە خۆیان و سێ کۆرپەیانەوە، بەرەو سنوور کەوتبوونە رێگە. ئەوان و سێ خێزانی دیکەی خزموکەسمان (بە

منداڵەوە) هەر ئەو رۆژە پەڕیبوونەوە دیوی ئێران و خانەخوێیەکی خەڵکی (نەغەدە)یان دۆزیبوەوە، و بە نیاز بوون بچنە لایان بۆ حەوانەوە.



لە خانە (پیرانشەهر) بە رێکەوت توشم بە توشی خزم و کەسانم بوو، لەوانە (نەجات)ی خۆشکم و مێرد و منداڵەکانی و چەندین لە ئامۆزاکانم بوون. ئەوانە لە هەولێرەوە بە پێ بەرەو ئێران هاتبوون و هەر ئەو دەمە لە سنوور پەڕیبوونەوە و گەیشتبوونە خانە.

ئەو چەند رۆژنامە نووسەی کە لەگەڵمدا بوون، بڕوایان بە چاوی خۆیان نەدەکرد. کە لە بەریتانیا بووم، پێش ئەوەی سواری فرۆکە ببین، یەکێك لەو رۆژنامەنووسانە دیمانەیەکی سەرپێیی لەگەڵم کرد و لێی پرسیم ئایا خزموکەسم لە ناو ئاوارەکاندا هەیە، و ئایا بە نیازم بە دوای کەسیاندا بگەڕێم، وە ئایا چانسی دیدەنیان چەندە؟. بێ گومان وەڵامەکانم بە "نازانم" دایەوە، چونکە کەس لە دەرەوە پەیوەندی بە خزموکەسیەوە نەمابوو وە بە خەیاڵی کەسیشمان دانەدەهات کە بە رێکەوتێکی وا یەکتر ببینیەوە. ئەگەر فرۆکەکەمان چووبایە شاری سنە، یان ئێمە بە هەلیکۆپتەرەکەمان راگەیشتبانایە، ئەوا ڕەنگە قەت خوشکم و خانەوادەکەیم نەدەدۆزیەوە. ئەو جۆرە رێکەوتە یەك لە ملیۆنە، تەنیا لە فلیمی هیندی و میسریدا دەدیترێ!

# Helping hand for stranded botanist

By Jenny Rees

THE Royal Society is rush through an application fo fellowship from a Kurd assistant professor of bot waiting to take up a post Sheffield University. He stranded on the Iraqi-Turk border.

Dr Riadh Dinha, 38, his and two children were found on Monday by a Channel 4 News reporter, Andrew Veitch, with other Kurdish refugees at a camp in northern Iraq.

Mr Veitch approached Dr Dinha and was told: "I am a professor of botany and I graduated from Sheffield University. I am trying to get back there and I am waiting to hear from the Royal Society."

The television report was seen on Monday by Mr Terry Croft, manager of the Department of Animal and Plant Sciences at the university.

Mr Stephen Cox, of the Royal Society, said: "We received Dr Dinha's application before Christmas, but were not able to assess it because of the problem of communication with Iraq due to the war. Now that we have heard of his plight, we are rushing it through."

● Tim Butcher writes: Dr Dlawer Ala'Aldeen, 30, working in Iran with the British Save the Children charity, saw a familiar face in one refugee camp — his sister, who had walked more than 50 miles from Iraqi Kurdistan. He had not seen her since he left Iraq six years ago.



نەجات و کچە ساواکەی (چرا)
لە دوای حەوانەوەیان

(تیم بوتچەر) یەکێك بوو لە شایەتحاڵەکانی ڕێکەوتی پێك شادبونەوەم لەگەڵ خوشکم و خزمەکانم، وە لە ڕۆژنامەی دەیلی تەلەگرافدا هەواڵەکەی بڵاو کردەوە

## پرۆژەی کۆمەك

زۆربەی ئەو خەڵکەی لە گەلماندا گەیشتبوونە ئێران، هەریەکەیان بە پرۆژەیەکی تایبەت و بۆ ماوەی دیاریکراو لە ئێران مایەوە. هەر لەو سەفەرە، کە گەڕامەوە ورمێ، لەگەڵ لێپرسراوەکانی رێکخراوی مناڵپارێزی بەریتانی مامەوە بۆ ئەوەی بە یەکەوە یەکەم بنکەی رێکخراوەکە لە دیوی ئێران دابنێین و بە زووترین کات کاری کۆمەك کردنی پەناهەندەکان ئەنجام بدەین. لەگەڵ داڤید ماکداوڵ و جۆن سیمان و جۆن هیکس و ئەنتۆنی کاستێلۆ و ئادەم سمیث و دوو کەسی تر، چەند ژوورێکی ئوتێلێکمان لە ورمێ بە کرێ گرت و لەوێوە پلانی کۆمەکی پەناهەندەکانمان دانا. لەو ماوەیەدا، چەندین چاوپێکەوتنمان لەگەڵ لێپرسراوانی (مانگی سور)ی ئێرانی لقی ورمێ ئەنجامدا. ئەوان زانیاری شوێن و داتای پەناهەندەکانیان لەلا بوو، لەگەڵ جۆری ئەو کۆمەکانەی کە گەیشتوون یان پێویستن.

لە ماوەدای ئەو چەند هەفتەیەی کە لەو ناوە مامەوە، سەردانی زۆربەی هەرەزۆری شارە سنووری و کەمپەکانم کرد، هەر لە زێوە و خانەوە هەتا دەگاتە شارەکانی سەر بە ناوچەی سەردەشت و بانە و مەهاباد و بۆکان و سەقز و مەریوان و ئۆردوگاکانی نزیك کرماشان و سنە. بە سروشتی جوگرافی و رێگاوبانی کۆڕەو، خەڵکی ناوچەی دهۆك روویان لە سنووری تورکیا کردبوو. بەڵام هی هەولێر بەرەو خانە دەهاتن، هی کۆیە و دوکان و رانیە و قەڵادزە دەپەڕینەوە سەردەشت، وە خەڵکی سلێمانی دەپەڕینەوە سەقز و بانە و مەریوان و نەوسود، و خەڵکی گەرمیان و خانەقین دەپەڕینەوە و کرماشان و قەسری شیرین و ئیلام و شوێنەکانی خوارتری سەر بە پارێزگای باختەران و کوردستان. زۆربەی خەڵکی کەرکوکیش بە هەولێر کۆیە و سلێمانیدا رایان کردبوو و هەمان رێگایان گرتبوە بەر.





هەیانبوو لەو سەفەرەدا گیانی لەدەست دا، وەك لێرەدا خیزانێك تەرمی
جگەر گۆشەیەکیان دەشارنەوە.



هەندێ ئاوارە بە بێ ماڵ و حاڵ لە کۆڵانەکان و بن دیوارەکان و ناو دوکانەکان حەوابوونەوە، و ئەرزاقیان بە زەحمەت بەدەست دەکەوت چونکە ناونوس نەکرابوون.



## حەوانەوەی ئاوارەکان

بە پێی ئامارەکانی بەردەست (ئاغای پزیشیکان) و (ئاغای ئاردی) سەرۆك و کارگێڕی کۆمەڵەی مانگی سووری شاری (ورمێ)، هەتا ١٧ی نیسان ٤٥٠ هەزار ئاوارە پەڕیبوونەوە دیوی (ئازربایجانی غەربی). لەوانە، تەنیا ٣٠٠ هەزاریان لە سەرجەم ٢٢ کەمپدا حەواندرابوونەوە. ئەوانە بریتی بوون لە کەمپەکانی زێوە (سێگردکان) و نەغەدە و شنۆ و خانە و سەردەشت (مێرگەسەر و جیهاد سامان و بێشەب) و مەهاباد و میانداو و بۆکان و سەلماس و خوئێ. یازدە لەو کەمپانە لە کۆنەوە (لە سەردەمی ئەنفالی ١٩٨٨دا) دامەزرابوون، و یازدەکەی تریش تازە دەهات دابمەزرێن. سەدو پەنجا هەزار ئاوارەکەی تر بێ ماڵ بوون و هەتا دەهات هی تریش دەپەڕینەوە. تەنیا لە ناوچەی خانە، رۆژانە بیست هەزار کەس دەپەڕیەوە، و پەیتا پەیتا روویان لە شارەکانی تر دەکرد. بۆیەش لەوێ، ئاوارەکان هەتا نەغەدە و ورمێ و شنۆیە دەچوون بەبێ گرفت. بەڵام لە شارەکانی تر سوپای ئێرانی رێگەی پەرش بوونی لێ دەگرتن.

شێوازی گەیشتن و دامەزرانی ئاوارەکان لە زۆربەیاندا وەك یەکتر بوو. لە دوای پەڕینەوەیان، رێکخراوی (مانگی سور) و سوپا بە پیر ئاوارەکانەوە دەهاتن و دەیانبردنە ئۆردوگا کاتیەکان، و لە دوای چەند رۆژێکدا دەیانگواستنەوە ئۆردوگا دامەزراوەکان (ئەگەر شوێن پەیدا ببوایە). ئەوانە خانوبەرەیان تێدا بوو و چادری تۆکمەی عەسکەریشیان لە پاڵ دانابوون. لەوانەدا، ئاو و خواردن و تیمارخانەشیان تێدا بوو. پزیشکی ئێرانی و بەنگلادیشی و هەندێکی پەناهەندەی کوردی عێراقیشیان تێدا بوو. لە هەندێ شوێنی تر حکومەتی ئێران بە گواستنەوەی ئاوارەکان رانەدەگەیشت. بۆ نموونە، لەو ١٠٠-١٥٠ هەزار ئاوارەیەی لە شاری خانە بوون، تەنیا دە هەزاریان گەیشتبوونە ئۆردوگا کاتیەکان، و باقیەکەی لەناو شار مابوونەوە، یان بە نیازی شارەکانی تر بوون. ئەو جۆرە ئاوارە بێ کەسانە، هەریەکە و چارەی بۆ خۆی دەدۆزیەوەه. هەیان بوو بە نرخی گران خانوی بەکرێ دەگرت، یان لە ماڵێکی شارە سنووریەکان بە خۆڕایی و بە شێوەیەکی کاتی دەحەوایەوە. جێگەی شانازیە کە سەخاوەت و هەڵوێستی دڵێرانەی کوردی ئێران لەو رۆژە رەشەدا دووپات بووەوە. ئاوارەکان شایەتیان دەدا کە چۆن خێزانەکانی براکوردەکانی شارە سنوری و دوورە سنووریەکان، نوێنەریان دەنارده سەر رێگای ئاوارەکان و بە گوێرەی توانا ژمارەیەکیان دەبردنە ماڵەوە، نان و ئاو و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوەیان بۆ ماوەی چەند رۆژێك دەدانێ، هەتا ئەو کاتەی کە چارەیان بۆ دەدۆزرایەوە.

ئاوارە بێ ماڵ و حاڵەکان هەیان بوو لەژێر نایلۆنی پلاستیك، یان چادری تەنك، لەبەر ئەو سەرمایە بەحاڵ خۆیان دادەپۆشی. هەش بوو لە ناو دوکانە بەتاڵەکان و پەنای کەلاوە و دیوارەکاندا خۆی و منداڵەکانی دەپاراست هەتا ئەو کاتەی چارەیەکی بۆ دەدۆزرایەوە. بێجگە لە سەرما، بارانیش حاڵی زۆریانی شڕ کردبوو. لە رۆژی ١٨ی نیسان بە هاوەڵی (نەوزاد عەبدولحەمید) چوومە شاری سەردەشت، کە قەرەباڵغترین شاری سنووری بوو و چوار بەقەدەر دانیشتوانە بنەڕەتیەکەی ئاوارەی لێ بوو. ئەو رۆژە و شەوی پێشتریش بارانێکی زۆر باری بوو و ئەو ناوەی کردبوە قوڕو لیتاو. لە هەورازەکانی ناوشاردا، قوڕولیتاوەکە شۆڕ دەبوەوە و بەسەر نایلۆن و چادری ئاوارەکاندا دەڕۆیی و وەزعی لێ تێك دەدان. هەڵبەت ئەوانەی ژێر نایلۆن و سەرشەقامەکان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ناونوس نەکرابوون، بۆیەش لە دابەش کردنی نان و خواردنیش بێ بەش کرابوون.

سەرما گرفتی هەرە مەزنی خەڵکەکە بوو. لە سەری چیاکاندا، بەفر هەر دەباری، بەڵام لە شارەکاندا، با و بارانی بەهار بەردەوام بوو. لەوە نەدەچوو کە خواردن گرفتێکی مەزن بێ. لە هەندێ لە شارەکان نان (ئەستوك و سەمون) بە خۆڕایی دابەش دەکران، بەڵام خواردنی تر بە پارە بوو و زۆریش گران بوو. لەو کاتە، دیناری عێراقی بە ٢٢ تومەن بوو، کە بە واتای ئەودەم دینار زۆر هەرزان بوو و شتومەك بۆ عێراقیەکان زۆر بە گران دەوەستا. هەڵبەت، لەبەر قەرەباڵغی و زێدەبوونی کڕیار، لە شارە سنووریەکان هەموو شتومەکێك گران ببوو.

ئەو کاتەی کە گەیشتمە بانە و سەقز، حاڵی زۆربەی پەناهەندەکان لە شارەکانی تر باشتر بوو. کەس لە ژێر نایلۆن و ناو دوکانان نەبوو، بەڵام ئاوارەکان لە ناو ماڵ و مزگەوتەکان بە قەرەباڵغی دابین کرابوون. ئەو ئاوارانە لە هەڵسوکەوت و کۆمەکی حکومەتی ئێرانی لە ناو ئۆردوگا کاتیەکانی ئەو ناوچەیەدا رازی بوون. ئەوانە خورما و پەنیر و پەتاتە و میوەیان دەدرایە، بەڵام بە هەرخێزانێك تەنیا دوو پەتوویان درابویە، هەندێکیشیان سۆبەی عەلائەدینیان درابویە، بۆیە شەکوای هەرە مەزنیان لە سەرما بوو. لە یەکێك لە کامپە کاتیەکانی سەقز، سەدو هەشتا منداڵ (لە ژێر تەمەنی ١٤ ساڵ) لە دایك و باوك و خزمیان دابڕابوون و لە ئۆردوگاکاندا بەسەر خێزانەکانی تر دابەش کرابوون. نمایندەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (کاك سالار) لەو ئوردوگایە بوو و منداڵە بێ کەسەکانی ناونووس کردبوون و ناوەکانی ناردبووە ئێسگەی یەکێتی بۆ ئەوەی لە رادیۆدا ناوەکان بخوێندرێتەوە. لە

ماوەی چەند رۆژێکی پێشتر چەندین منداڵیان بە ساحێب کردبووەوە، یان بە دایك و باوکیان شاد کردبوونەوە.

لە شاری مەهاباد، لە ۲۱ی نیسان چاوم بە ئاقای شەلماشی کەوت و گوتی شارەکە ١٦ هەزار ئاوارەی لێیە و تەنیا نیوەیان لە ئوردوگاکان جێگایان بۆ کراوەتەوە، و ئەوانی تر لە ناو ماڵ و مزگەوتەکان دەژین. لەو سەفەرەدا، بە سواری لۆریەك چووبووم و لە قافلەکەماندا سەد تەن ئارد و بیست تەن خۆراکمان بردبوو. ئاقای شەلماشی لەگەڵمان هات و بارەکانیان لە ئۆردوگایەکی مەهاباد دابەزاند و ئەوجا خولێکی بەناو ئۆردوگاکە پێکردم. ئەو کامپە هەشت رۆژ لەمەوبەر دامەزرابوو، چەند پزیشکێکی عێراقی لەوێ کاریان دەکرد، و خزمەتی ئوردوگاکانی تریشیان دەکرد. دکتۆر ئەردەلان (تازە دەرچوی کۆلیج بوو) و سەلاح (خاوەن ئەزموون بوو) کە خۆیان پەناهەندە بوون، گوتیان کە لەو رۆژەدا ٦٠٧ نەخۆشیان دیتبوو، وە لەماوەی هەشت رۆژەکەی پێشتریشدا شەش هەزار نەخۆشیان چارە کردبوو، کە ۹٥ لە سەدیان تووشی زکچوویی ببون. دەرمانیش بۆ نەخۆشیە میکرۆبیەکان کەم بوو، بۆیە لەو چەند رۆژەدا، زیاتر لە بیست منداڵ بە نەخۆشی مردوون.

لە خانە و نەغەدە، چاوم بە دکتۆر ئەرسەلان و چالاك سەید عومەر و سەلاح ئاکرێیی کەوت و ئەوانیش هەمان هەواڵیان دامێ. واتە ئەوانیش رۆژانە ٦٠٠-٧٠٠ نەخۆشیان دەدیت و زۆربەشیان توشی نەخۆشی میکرۆبی (زکچوو و کۆخە و هەڵامەت و نەخۆشی بڵاوی دیکەی وەك کێچ و ئەسپێ)، یان نەخۆشی دڵ و زەخت و شەکرە و هی تر بوون. رۆژانە نزیکەی حەوت تا دەکەسیان لەلا دەمرد لەبەر بێ دەرمانی. شایانی باسە کە ئەوانەی لە ئۆردوگاکان دەمردن، دۆکیومەنتی (شەهادەی وەفات)یان پێدەدرا، بەڵام ئەوانەی بە رێگەوە، یان لە سەر جادەکان دەمردن، دۆکیۆمەنتی مردنیان نەدەدرایە.








ئەو ئاوارانەی کە گەیشتبوونە ئۆردوگا کاتیەکان، کەمە نان و پەتوو و سۆبەیان پێ دەدرا



**ئەنجامدانی پرۆسەی کۆمەك**

ئەنجامدانی کۆمەك کارێکی ئاسان نەبوو لە بەر زەحمەتی رێگاوبان، کەمی شتومەك، زۆریی پەناهەندە، کەمیی زانیاری و داتا و ئامار و هی تر. بەڵام لە هەموویان ناخۆشتر مەسەلەی بیرۆکراسیەت و گەندەڵیی و شێوازی تەعامولکردنی ئێرانی بوو لەگەڵ رێکخراوە کۆمەکیەکانی بیانی. ئەوانەش چاوەڕوانکراو بوون، بۆیە بەلامەوە ئاسایی بوو، بەڵام بە لای زۆربەی بیانیەکان ببووە مایەی دڵگرانیی. لەماوەی مانگی نیسان و سەرەتای مایس، چاوم بە نوێنەرانی دەیان رێکخراوی کۆمەکی جۆراوجۆری بیانی کەوت، کە دەهاتن و داوای زانیاری و ئامۆژگاریان لێ دەکردین، لەبەر ئەوەی کەسیان پێشتر لەوێ کاریان نەکردبوو و ئەزموونیان زۆر کەمبوو و متمانەشیان بە زانیاریەکانی کاربەدەستە ئێرانیەکان نەبوو.

یەکێك لە کارەکانم ئەوە بوو لەگەڵ وەرگێڕێك (موتەرجیمێك)ی فارسی و کارکەرێکی بەریتانی یاریدەدەرم (بە ناوی جۆن هیکس) بچمە فرۆکە خانەی ورمێ بۆ پێشوازی لە گەیشتنی ئەو فرۆکە تایبەتانەی کە کۆمەکی رێکخراوی مناڵپارێزی بەریتانیان دەگەیاند. لە فرۆکەخانەکە، چەندین جار کارمان لێ ئاڵۆز دەبوو لەبەر ئەوەی لەجیاتی دەسەڵاتێکی بەرپرس، چوار دەسەڵات هەبوون. کە ڕوخسەتم لە پۆلیسی فرۆکەخانە وەردەگرت، ئەوجا پاسدارەکان رێگەیان لێ ئاڵۆز دەکردم و ئیعتیرافیان بە پۆلیس نەدەکرد. ئەوجا ئەرتەش بازوویان دەردەهێنا و پاشان (ئیتیلاعات)ی ئێرانی داوای بەڵگە و دۆکیۆمەنتی کۆمەکەکانیان دەکرد. لە زۆربەی حاڵەتیشتدا فرۆکەکان بە درەنگی شەو دەگەیشتن و هەتا کاتژمێری سێ و چواری سەرلەبەیانی لە فرۆکەخانە دەماینەوە. دوای دابەزاندنی پەتو و جلوبەرگ و خواردن و کۆمەکەکانی تر لە فرۆکەخانەکان، وە لەگەڵ پەیدا کردنی کەل و پەل و خواردەمەنی دیکە لە بازاڕەکانی ورمێ، ئەوجا دەبوایە لۆری و ماشێنی زل پەیدا بکەین بۆ گواستنەوەیان. بۆ مسۆگەر کردنی گەیاندنی کۆمەکەکان بە ئۆردوگا دیاریکراوەکان، زۆربەی جار خۆمان (من و ئەندامە ئینگلیزەکان) سواری لۆریەکان دەبوین و لەگەڵیاندا هاتوچۆمان دەکرد. ئەو کارە هەندێك جار مەترسی تێدا بوو، لەبەر ئەوەی لۆریەکان بە درەنگی شەو یان گەردی بەیانی کۆمەکەکانیان دەگواستەوە، و لە دەیان خاڵی پشکنینی پاسدار و ئەرتەش و ئیتیلاعات و پۆلیسدا تێدەپەڕین، ئەوەش بێجگە لە مەترسی لابەلای دیکەش.


16 FOREIGN ★★

له کاتی بارکردنی فڕۆکەکە، ڕۆژنامەی ئیندیپێندەنت ئامادەبوو



یەکێك لە فڕۆکە بەریتانیەکان، کۆمەك و چادر و پەتووی گەیاندە فڕۆکەخانەی ورمێ. ئەو وێنانە بوونە هۆی گرفتی ئاڵۆز چونکە پاسدارانی فڕۆکەخانە ڕێگەیان پێدام بیانگرم بەلام ئیتیلاعاتی فڕۆکەخانە رازی نەبوو، بۆیە بووە گرفت لەنێوانی ئێرانیەکان، بەبێ ئەوەی گلەیی لەمن بکرێ.



## (هەشتەم)

# گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ دیوی عیراق

هەر لە سەرەتای نیسانەوە هەتا کۆتاییەکەی، ئاوارەکان هێشتا لە دیوی عێراقەوە دەپەڕینەوە دیوی ئێران. لە ئێوارەی دووشەممە،٢٢ی نیسان چوومە سەر سنوور، لە شاری خانە. سەرەڕای پەیدا بوونی مقۆمقۆی دانوستاندنی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراق، کەچی تابووری ئوتومبێلی ئاوارەکان کە روویان بەرەو ئێران بوون زیاتر لە بیست کیلۆمەتر درێژ بوو. حکومەتی ئێران تەنیا ڕێگەی پیادەکانی ئاسان کردبوو، بەڵام هاتنە ژوورەوەی ئوتومبیل ئاسان نەبوو، و ڕۆژانە تەنیا ڕێگەی ١٢ ئوتومبیلیان دەدا. هاوکات، خەڵکەکە باسیان لە گەڕانەوە دەکرد و تاك تاك ئوتومبیلی ئاوارەکانی پێشتر ڕویان بەرەو عێراق بوو و دەڕۆیشتنەوە.

زۆری پێ نەچوو، هەواڵی سەردانی شاندی بەرەی کوردستانی بۆ بەغدا، و بانگەوازی "لێبووردن (عەفو)ەکەی ڕژێم" بڵاو بووەوە. هەروەها باس لەوە دەکرا سەرکردەی حیزبە کوردیەکان خەڵکیان هانداوە عەفوەکە بە جیدی وەرگرن و بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان. دیارە خەڵکێکی زۆر لەوانەی کە نەپەڕیبوونەوە دیوی ئێران سوودیان لە عەفوەکە وەرگرتبوو و گەڕابوونەوە. لە دوای داگیر کردنەوەی شارە سەرەکیەکان، هەتا ١٣ی نیسان ڕژێمی عێراق هەر بەرەو ناوچەکانی دیکە دەکشا، بەڵام لەو ڕۆژەدا هێرشەکان وەستان و ئەو ناوچانەی کە نەگیرابوونەوە، لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت مانەوە. لە دیوی دهۆك، هەر لە ناوچەی (باڵندە)ی نزیك ئامێدی بەرەو خوار بۆ بلە و بارزان ئازاد بوو. لە هەولێر، لە (کۆڕێ)ی پشت (پیرمام)ەوە هەتا سنووری ئێران ئازاد بوو. ئەوجا لە شەقلاوەوە بەرەو هیران و نازەنین، و هەتا رانیە ئازاد بوو. لەوێوەش بەسەر جادەی سەرەکی هەتا (چوارقوڕنە) ئازاد بوو بەڵام لەوێوە مەترسی هەبوو، چونکە سەیتەرەی حکومەت لە بەردەمی (چنارۆك) لە پشتی (هەیبە سوڵتانەوە) دانرا بوو، و ڕێگاکەی دوکان هەتا دەگاتە سلێمانی لە دەستی حکومەت بوو. واتە، ناوچەیەکی ئازادی فراوان هەبوو بۆ حەوانەوەی خەڵك.

لەگەڵ تەدەخولی هاوپەیمانەکان و دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە پارێزگای دهۆك، وە لەگەڵ دەسپێکردنی مفاوەزات لەگەڵ حکومەت و مانەوەی ناوچەیەکی ئازاد لە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی، خەڵکە ئاوارەکە ئیختیاری ئەوەیان لەبەر دەست بوو کە بۆ شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بگەڕێنەوە یان بۆ ناوچەکای دەرەوەی دەسەڵات بەڵام لە دیوی عێراق (دەرەوەی شارە گەورەکان). ڕژێمیش وێنەی گەڕاوەکانی لە کەناڵەکاندا پەخش دەکرد و نیشانی دەدا کە چۆن دڵینا بوونەتەوە و خۆراك و ئەرزاقیان بەسەردا دابەشکراوە.

لە **پێنجشەممە، ٢٥ی نیسان** سەردانی خانەم کردەوە و سەرم سوڕما لە گۆڕانی باری دەروونی خەڵك و ئامادەباشیان بۆ گەڕانەوە، و هەتا ڕۆژی دوای ئەوە، نیوەی شارەکە چۆل ببوو و ئاوارەکان گەڕابوونەوە. لە **٢٦ی نیسان** چوومە شاری بۆکان، پێم سەیر بوو کە لەوێ باسی گەڕانەوە لەگۆڕێ نەبوو و کەس خۆی بۆ گەڕانەوە ئامادە نەکردبوو، وەك بڵێی کەس ئاگاداری هەواڵی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم نەبێ. بێگومان ئەوانە بێ خەبەر نەبوو، بەڵام دیاربوو کە ئەو جیاوازیە ڕەنگدانەوەی باری نالەباری ئاوارەکانی سەر جادەکانی خانە بوو، بە بەراوردی لەگەڵ حاڵباشتربی ناوچەکانی دیکەی وەك بۆکان. لە خانە و نەغەدەش، ئەو کەسانەی لە شوێنی باش حەوابوونەوە، پەلەیان لە گەڕانەوە نەدەکرد.

لە ڕۆژی **شەممە، ٢٧ی نیسان** چوومەوە خانە و لەگەڵ خێرخوازێکی ئەڵمانی بە ناوی (ئەلیگزاندەر شتێرنبێرگ)، چووینە سەر سنوور، کە ماوەی پێنج کیلۆمەتر لە خانە دوور بوو. لەوێ، خەڵك بە هەردوو ئاڕاستەدا دەڕۆیشتن، بەڵام زۆربەیان ڕوویان بەرەو عێراق بوو. حاڵەتی نەفسی گەڕاوەکان لە هاتووەکان زۆر جیاواز بوو. ئەوانەی کە دەهاتنە دیوی ئێران زیاتری لەو کەسانە بوون کە پارەیان لێ بڕا بوو بە ئومێدی حەوانەوەیەکی کاتیی بوون، و بە نیاز بوون لە ئایندەیەکی نزیکدا دیسان بگەڕێنەوە. ئەوانەیش کە ڕوویان بەرەو عێراق بوو، هەیانبوو بەپێ هەتا حاجی ئۆمەران دەچوو و لەوێشەوە بە ئوتومبیل هەتا ناو شارەکان یان ناوچە ئازادەکان دەڕۆیی. بۆ مەبەستی پەڕینەوە بۆ دیوی عێراق، دەبوایە ئاوارەکان وەرەقەی "فەرماندە" وەربگرن هەتا ڕێگەیان پێ بدرێ. ئیتر لەو ڕۆژە بەولاوە، پەیتا پەیتا رووی خەڵك زیاتری بەرەو دیوی عێراق بوو. لە ٢٨ی نیسان، (عەبدولخالق عەلائەددین)ی مامم بەدوای کوڕەکەیدا هاتە ئێران، و بەیانیەکەی لە هەولێرەوە بە ئوتومبیل هاتبوو و بە بێ گرفت لە سنوور پەڕیبوەوە و بۆ نانی نیوەڕۆ گەیشتە نەغەدە. لە ڕێگەیدا کاروانی ئوتومبیلەکانی دیبوو کە لە شەقلاوەوە هەتا دەگاتە هەولێر یەك لە دوو یەك بە سەبری ڕیزیان بەستبوو بۆ

گەڕانەوە. سەیتەرەکانی ڕژێمیش بەبێ لێپرسینەوە ڕێگەیان پێدەدان. لە شارەکانیش، بارئاسایی ببوەوە و لەشکر و ئاسایش و دەزگاکانی داپلۆسین کشابوونەوە مەقەرەکانیان.

لە دوای ئەو جموجۆڵەی ناو عێراق، حکومەتی ئێرانیش دەهات هەڵوێستی بگۆڕێ. لە ٢٢ی نیسانەوە، وەزارەتی ناوەخۆی ئێرانی دەستی بەسەر تەواوی کاری کۆمەك داگرت و کۆمەڵەی مانگی سووری بەلاوە نا. ڕوخسەتی هاتوچۆ و سەردانی کەمپەکانی بۆ بیانیەکان بە زەحمەت خست. دەستی بەسەر کارگۆی فرۆکە کۆمەکیەکان داگرت، و کارئاسانی پارەی بانکی راگرت. تەنانەت حکومەتی ئێران بە ڕەسمی کەوتبووە ڕەخنەگرتن لە ڕێکخراوە کۆمەکیەکان. ئەو هەڵوێستانەش دیار بوو لە تۆڵەی گفتوگۆیەکەی نێوان سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی و ڕژێمی سەددام بوون. هاوکات، سەرۆکی ئێران (هاشیمی ڕەفسەنجانی) سەردانی تورکیا و سوریای کرد و لە کۆبوونەوەکانیاندا ڕێکەوتنی نهێنی دژبە بزوتنەوەی کوردیان ئەنجامدابوو.

لە بەیانیەکەی **٢٨ی نیسان** لە شاری (شنۆ) چوومە تازیەیەك، لەوێ خەڵکێکی زۆرم دیت کە وەرەقەی فەرماندەیان وەرگرتبوو و بە نیاز بوون بگەڕێنەوە. بە هەمان شێوە، بەشێکی پەناهەندەکانی ناو شنۆیە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ گەڕانەوە. لە مزگەوتەکانی ناوچەکە، بانگەوازی حکومەتی ئێرانیان بڵاو دەکردەوە کە نابێ چیتر ئاوارە لە ناو ماڵەکاندا بمێنن، دەبێ یان بچنە ئۆردوگاکان یان بگەڕێنەوە دیوی عێراق. دیاربوو لە (نەغەدە) چەند خێزانێکی ئاوارەیان لەماڵان دەرهێنا بوو و بەزۆرەملێ بردبوویاننە ئۆردوگاکان.

### کۆمەك لەدوای گەڕانەوەی خەڵك

لەدوای ئەو وەرچەرخانەی هەڵوێست و بارودۆخ، دەهات رۆڵی ڕێکخراوە کۆمەکیە خێرخوازەکان کەمتر بێ. پێویستی خەڵك و حکومەتی ئێران بە ڕێکخراوە بیانیەکان کەمتر ببوو. بۆیە لەو ساتەوە، ڕێکخراوەکان بیریان لە شێوازێك دەکردەوە کە کۆمەك بنێرنە دیوی عێراق، بەڵام بۆیان نەدەکرا چونکە زۆربەیان دەیانەویست لە ڕێگەی ڕەسمی دەولیەوە ڤیزەی عێراق وەربگرن ئەوجا بچن، یان لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانەوە بچنە ئەو شوێنانەی کە بەر ناوچەی ئارام کەوتوون. بەڵام هاوپەیمانەکان لە ناوچەی پارێزگای دهۆك بەرەو خوارتر نەدەهاتن. ناوچەی خوارووی هەولێر و تەوای سلێمانی لە ژێرەوەی خەتی پانی ٣٦ دابوون، بۆیە بە ڕەسمی نەدەکەوتنە ژێر پارێزگاریی هاوپەیمانەکان.

لەبەر ئەوەش، هەوڵم لەگەڵ ڕێکخراوی مناڵپاریزی بەریتانیدا کە شێوازی کۆمەکیان بگۆڕن و بیر لە کارئاسان کردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان بکەنەوە، بۆ نموونە هۆی گواستنەوەیان بۆ پەیدا بکەن، خواردن و ئەرزاقیان بەر لەگەڕانەوەیان بدەنێ، لەسەر ڕێگاکاندا وێستگەی دەرمان وتیماریان بۆ دابنێن. هەروەها کۆمەك بنێرنە دیوی عێراق بۆ ناوچە ئازادەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت و دەرەوەی ناوچەی ئارام. یان کارێکی وا بکەن ڕێکخراوی کوردی هاوشێوە هان بدەن کە بەکارەکانیان هەڵبستن. هەڵبەت ئەوەیان کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە لەو کاتانەدا، ڕێکخراوی خێرخواز و کۆمەکی کوردی بێلایەن پەیدا نەبووبوون. ئەوانەی هەشبوون سەر بە حیزبەکانەوە بوون. بۆیە، خەڵکێکی زۆری ناوچەیەکی گەورەی کوردستانی باشوور بە بێ کۆمەك مابوونەوە.







دیمەنی چەند
پەناهەندەیەك
لەکاتی گەڕانەوەیان
بۆ دیوی عیراق



THE INDEPENDENT ON SUNDAY 28 APRIL 1991

# Mercy mission to the frontiers of despair

**Adam Sage** flies with a planeload of Kurdish aid — into a deadly morass

### THE RELIEF TIMETABLE

**FRIDAY APRIL 19**

**9.30am:** Flash Airlines flight FSH202 due to leave Stansted for Urumiyeh with 32 tons of relief supplies.

**SATURDAY APRIL 20**

**6pm:** Flash Airlines arrives in Stansted. Delay due to fuel shortage in Urumiyeh.
**8pm:** Flash Airlines departs for Urumiyeh.

**SUNDAY APRIL 21**

**4am (local):** Flash Airlines arrive Urumiyeh. Nobody to unload plane.
**2pm:** Iranian army unloads plane. One lorry drives to Piranshahr. Five lorries drive to Red Crescent warehouse in Urumiyeh city.

**MONDAY APRIL 22**

**noon:** Supplies sent to Piranshahr and Bukan.
**4pm:** Supplies arrive in Piranshahr.
**6pm:** Supplies arrive in Bukan.

**TUESDAY APRIL 23**

**onwards:** Supplies distributed to refugees

AMANI lay in the dirt of a public park in Piranshahr, her left hand pawing at a pile of dust. Her mouth opened as if to scream, but there was no sound. She was one year old. Her mother, Sahar, looked on silently and dry-eyed. There were no tears, just depression and bewilderment. A man pointed at Amani. "Our children are dying. Where is the help that the world gives us?"

The Iranians answer that the world has given little, and point out that they have been responsible for almost all the 1.5 million refugees in the border region. Aid agencies agree, and praise the Iranian authorities for their efforts.


On 19 April, the Save the Children Fund wanted to send supplies to Urumiyeh, the capital of West Azerbaijan, where there are 500,000 refugees. Flash Airlines, a Nigerian company, was chartered for a flight that was due to leave Britain at 9.30pm on the Friday. A day later, the goods were still at Stansted airport. The plane had dropped off supplies in Azerbaijan en route to London, but Urumiyeh airport had run out of fuel. It took until Saturday morning for the crew to find enough to get to Istanbul, and it was evening before they reached London. They took off again with 32 tons of tents, blankets, children's clothes and plastic sheeting. Ground staff forced the cargo door shut with a fork-lift truck.

Five hours later, at 4am local time, the DC-8 landed at Urumiyeh. The airport was deserted except for an official standing on the tarmac. There was no one to unload the supplies, he said. "The army are tired. They work very hard."

Inside the terminal, John Hicks, Save the Children's field manager, held his head in frustration and cursed. Every hold-up meant more disease and more deaths. The charity tried again at daybreak, sending its Kurdish-speaking doctor, Dlawer Ala'Adeen, to the airport. Four planes were on the tarmac. One, a DC-10, had been there since the previous night. Its passengers, from the US charity Americares, had arrived without visas, expecting a warm welcome. Police at Urumiyeh airport had other ideas. Seven hours and many phone calls later, the visas were issued.

Dr Ala'Adeen had more success, getting his plane unloaded by 2pm. One 15-ton truck carrying children's clothes headed for Piranshahr. Kurdish youngsters were given woollens knitted by Save the Children branches in Britain, coats and strong shoes.

The other goods were taken to the Iranian Red Crescent warehouse on the outskirts of the city. Some tents brought by Save the Children had been there for almost a week. For four days, there



sleep six to eight. It was common to find 15 or 20 people crammed into one in West Azerbaijan.

In Urumiyeh, the interior ministry official reappeared on Wednesday morning, and the flour mill loaded 25 trucks, hired for about £30 a day. But there was talk of a strike at the drivers' commercial co-operative. Drivers complained that the Red Crescent was taking too long to load goods, preventing them from getting home until late. Again, Dr Ala'Adeen smoothed over the difficulties. The Red Crescent promised to speed up its loading and the food was taken to camps.

For Save the Children, it was a good week. All the supplies from Britain and much of the food bought locally had been distributed. But Mr Hicks had more plans. On Wednesday, he struck a deal with a local factory for 21,211 pots.

Other aid agencies faced bigger difficulties. The French Médecins du Monde was the only charity on the border above Piranshahr. It had four tents, 30 medical staff and about 800 patients a day. The seriously ill were sent to the town's general hospital or to a converted gymnasium run by the army. However, military doctors did not always agree with Médecins Du Monde on what constituted "seriously ill". Some were turned away. Others, like Sahar, simply did not realise the gymnasium was there.

Last Monday, there were 90 beds in the gymnasium, 53 of them empty. A Médecins du Monde nurse said: "We are going around the town simply telling people the hospital is here."

Most officials in West Azerbaijan agreed that the country could not cope on its own. And there were times when the power struggle in Tehran was felt in Urumiyeh. Doctors from a European aid agency travelling to Iraq were turned back at the border by Revolutionary Guards after getting civil permission.

Then 38 Belgian paratroopers trying to set up refugee camps around Urumiyeh were locked up for two days in a stadium after an immigration officer decided they did not have the right papers.

Mahmood Pezeschkian, direc-

وردەی کارە کۆمەکیەکانمان لە نزیکەوە لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە چاودێری دەکران و راپۆرتیان لەسەر دەنوسرا.
ئەوە خەڵکی دڵنیا دەکردەوە کە کۆمەکەکان گەیشتوون و هانیدەدان کۆمەکی زیاتریش پێشکەش بکەن.

یەکێك لە راپۆرتەکانم بۆ لۆبی کۆمەکی پزیشکی، لە گۆڤاری (هێڵث ێکسچەینج) لە هاوینی ١٩٩١دا بڵاو بووەوە


INTERNATIONAL HEALTH DEVELOPMENT; JOBS; COURSES

# THE HEALTH EXCHANGE

Magazine of the Bureau for Overseas Medical Service

*August/September 1991*


***Emergency Response***



*Ishikveren Kurdish refugee camp on the Turkish/Iraq border.* *Photo: Peter Poore/SCF.*

## CONTENTS


***What's Wrong?***
*John Seaman*
*2*

***Waving the Flag***
*Bruce Dick and Michel Tailhades*
*3*

***Manipulation of Compassion***
*Marnie Johnson*
*4*

***Health Needs, Iraqi Kurdistan***
*Dlawer Ala'Aldeen*
*4*

***Emergency Health Care in Tigray***
*Sally Francis*
*5*

***Oxfam in Emergencies***
*Claudia Garcia Moreno*
*6-7*

***Crisis Medicine***
*Rony Brauman*
*6-7*

***Mozambique Emergency***


## *Dlawer Ala'Aldeen*

*Dr Ala'Aldeen is a Kurdish doctor specialising in infectious diseases. He has recently visited both Iraqi and Iranian Kurdistan.*

Following the March to April crisis, nearly 1.2 million Iraqi Kurds crossed the border to Iran and more than half a million reached the border with Turkey. Towards the end of April, groups of refugees started to return from Iran back to Iraq. The numbers increased over the weeks and by the end of May, more than half a million had crossed the border towards Iraq.

A new situation was created by the presence of these displaced groups alongside the original inhabitants in the liberated areas of Iraqi Kurdistan. Liberated areas are those areas under the control of the Peshmargas (Kurdish guerilla forces), outside Allied or Iraqi control, and include several major towns, dozens of small towns and hundreds of villages. These areas have no form of comprehensive infrastructure and host more than a million people. The financial and political capabilities of the Peshmargas do not enable them to provide the infrastructure for proper management. The majority of the people have run out of money and there are very few jobs. The prices of basic foodstuffs are sky high. Malnutrition is now increasingly evident, especially among children.

The majority of the people in the Arbil area, which I visited, inhabit the heavily overcrowded larger towns which had not been destroyed during the village destruction period of 1986-1989. However, some of the formerly destroyed villages have been re-inhabited with people accommodated in half-ruined houses or newly erected tents. Transport is good and security is provided by the Peshmargas. Although there is no shortage of water (springs, small rivers, waterfalls) there is a serious problem of contamination.

The biggest health problem and most prevalent disease is typhoid fever (well over 30-40% of out-patient attendants). The disease is increasing every day and is caused by the lack of proper sanitation and sewage disposal systems. Public health measures including health education, chlorination of the water supply, provision of toilets and a vaccination programme are essential. Well-trained staff already exist to carry out a comprehensive vaccination programme. In Rania for instance, they had already set up a big tent to provide the triple vaccine.

Diarrhoea comes next. Children are the main victims and there have been scores of deaths from dehydration. Oral rehydration salts, cannulas and needles are in short supply, though in each of the main hospitals a large room has been allocated for ORS therapy. In these rooms mothers are taught how to feed their sick children. Each mother spends some time in the ORS unit every day and, after rehydrating her baby, continues the treatment at home.

thousands of mines were planted. People are scared of deviating from the main roads to the hills or to their farms. Dyanah hospital had treated 45 victims during the week before my arrival.

Except for the hospital in Dyanah, the other hospitals and the small clinics in the liberated areas were destroyed during the crisis in March and April. Groups of very talented young local health workers volunteered to re-build the hospitals and clinics, despite the difficulties. What they have achieved within such a short period can only be described as miraculous, and the service they provide is excellent.

The hospitals are running at half capacity due to lack of blankets, sheets, pillows and other equipment. Appropriate drugs are in short supply. Radiology equipment was fully functioning but the staff operating them were using expired films and chemicals. Since the invasion of Kuwait and the imposition of sanctions by the international community, Iraq has not imported new materials and the existing ones are mostly expired.

In summary, a combination of public health measures and medical supplies are required to control the outbreaks of infectious diseases. Health and medical expertise already exists in the local community and there is a high level of motivation. Above all, the Kurdish people in these areas need the chance to rebuild the social and economic infrastructure destroyed by Saddam Hussein.

Large amounts of money have been donated in the West and it is crucial that this money is now channelled into the rebuilding of villages and establishing the much needed services and supporting infrastructures.

NEWS FEATURE

# Doctor warns of disaster facing exiled Kurds

**Report by Judith Perera**

Over a million Kurds who fled to Iran and Turkey in the spring have now returned to Iraq, but many of those from areas now under Iraqi or Allied control have not returned to their homes.

Instead they prefer to stay in areas controlled by the Kurdish peshmergas and the result, says Dr Dlawer Ala'Aldeen, who has just returned from the region, is a 'disaster in the making'.

Malnutrition and disease are already beginning to take their toll in the grossly overcrowded towns, he says. The major towns involved include Rawanduz, Dyanah, Sgaqlawa, Harir, Rania, Qala, Diza, Halabja, Penjuin, as well as dozens of smaller towns and villages. Similar problems are also beginning to affect the 'safe haven' areas from which Allied forces have withdrawn.

Public health and medical services are unable to cope with the huge influx of people, many of whom are living in tents or the ruins of villages destroyed over the past few years by the Iraqi army. The town of Dyanah, for instance, is currently hosting 10 times more people than normal.

Moreover, none of the aid which has been collected for the Kurds through international appeals is reaching these areas as it is being channelled mainly through UN agencies and the Iraqi government. Many hospitals and clinics were destroyed during the conflict last March and April, but Kurdish doctors, nurses and paramedics have rebuilt many of them in the past few months. 'What they have achieved in such a short time is miraculous,' says Dr Ala'Aldeen, 'and the service they provide is excellent.' But the problem is lack of equipment, medicines and specialists. 'Only half the capacity is used due to lack of blankets, sheets, pillows and other basic equipment,' he reports.

Although the hospital facilities exist, major surgery is out of the question because there are no specialist surgeons and no drugs for anaesthesia. Similarly, laboratory tests and X-rays are no longer possible because chemicals have run out and film stock has been used up.

Dentists cannot work properly because there are no temporary or permanent metal fillings and no local anaesthetics, so most problems have to be treated by extraction.

The major problem at present is typhoid, which accounts for most hospital admissions. Every hospital is receiving over 1,000 cases a week and beds in surgical and paediatric wards are being used for these patients. Isolation is no longer possible.

Treatment is by chloramphenicol, given intravenously for several days when it is available, and then capsules. The main cause is bad sanitation and contaminated water supplies made worse by overcrowding. Health workers would like to organise a vaccination programme, but they lack the vaccines.

Another growing problem is diarrhoea, caused mainly by amoebae and shigella. Children are the worst affected, with many dying from dehydration. There is a desperate need for cannulas, oral rehydration salts, intravenous fluids and antibiotics to cope with the situation. Doctors in the region fear a cholera outbreak which they would be unable to control.

Malnutrition is increasingly becoming a problem, especially among children suffering from chronic diarrhoea. There is no immunity and the result is a failure to thrive, which leaves them susceptible to other infections. The situation is exacerbated because food is becoming short and expensive in the region and most families have already used up all their savings.

The result is a general rise in infectious diseases, especially respiratory infections, as overall health declines. There is a desperate need for antibiotics of all kinds, especially tetracycline, penicillin, ampicillin and cotrimoxazol, as well as drugs for scabies, malaria and fungi.

Hospital are also having to deal with people injured by land mine explosions. Thousands of mines were planted in the area by Iraqi forces and the government now says it has lost the maps showing where they are located. Anyone straying from main roads is at risk and the major hospitals see around 50 cases a week.

As a result of overcrowding, poor sanitation and lack of food, the people of Kurdistan are already suffering from widespread disease and malnutrition. If something is not done soon to ensure supplies of basic medicine and food and to improve housing and public health they will be facing epidemic and starvation.

At present the weather is fine, but in a few months time it will be winter and many of those now living in tents and ruined villages who manage to survive illness and hunger will die of cold.

MEH For more information insert 4 in the enquiry box



زانیاری بارودۆخ و پێداویستەکانی کوردستانمدا بە رۆژنامە نووس، جودیث پارێزای گۆڤاری (میدڵ ئیست هێڵث) بۆ بڵاو کردنەوەی. ئەو گۆڤارە لە سەرتاپای پەرتوکخانەی نەخۆشخانە و زانکۆ و کۆلیجە پزیشکیەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بڵاو دەبێتەوە

لە دیوی ئێران، هەوڵەکانم بۆ رازیکردنی رێکخراوەکان سوودی نەبوو، بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمەوە بەریتانیا و لەگەڵ سەرکردە و بنکە سەرەکیەکانی رێکخراوە کۆمەکیەکان هەوڵ بدەم. ئەو کارە پێویستی بە هیممەتێکی لۆبی جیاواز دەکرد. لە ٢ی مایۆ گەڕامەوە بەریتانیا، و بە زوویی پەیوەندیم بە چەند رێکخراوێك کردەوە. هاوکات چەند وتارێکم نوسی بۆ بڵاو کردنەوە و چەند دیمانەیەکم لەگەڵ رۆژنامە و گۆڤارە گشتی و کۆمەکیەکان ئەنجامدا و تێیدا مەترسیەکانی سستی و دواخستنی کۆمەکم بۆ ئاشکرا دەکردن و جەختم لە گرنگی پەرپنەوەیان دەکرد.

هەروەك بەڵێنمان دابوو، لەگەڵ (سوندوس)ی خێزانم، سەردانی ئارچبیشۆپ (جۆرج کەیری)مان کردەوە. ئەو جارەیان زانیاری تازەم لەسەر حاڵی پەناهەندە و بارودۆخی کوردستان و باری کریستیانەکانی کوردستان بۆ باس کردەوە، و جلێکی کوردی رازاوەشمان بۆ خێزانەکەی کردە دیاری. خێزانەکەی زۆری کەیف پێ هات و هەر لەوێ بە یارمەتی سوندوس، جلە کوردیەکەی لەبەر کرد و چەند وێنەیەکمان بۆ گرت.

دوای ئەوەی بەڵێنی کۆمەکم لە چەندین رێکخراو وەرگرت، لەگەڵ دووانیان رێك کەوتم کە بچمەوە دیوی عێراق و کارئاسانیان بۆ بکەم. لە ٢٥ی مایۆ گەیشتمەوە تەهران و دوایی بۆ ورمێ و نەغەدە و خانە. لەو کاتەی گەیشتمێ، باری ئێران و پەناهەندەکان زۆر گۆڕابوو. هەر لە فرۆکەخانەی تەهرانەوە بۆم دەرکەوت کە چیتر پێشوازی و بەخێرهاتنی خەڵکی وەك ئێمە ناکەن. زۆربەی ئۆردوگا کاتیەکانی نزیك سنووریش خەریك بوون چۆڵ دەبوون یان داخرابوون. خەڵکە ئاوارەکە بە ویستی خۆیان یان لەژێر فشاری حکومەتی ئێراندا گەڕابوونەوە. ئێرانیەکان لە چەند ئۆردوگایەك نان و ئەرزاقیان لە خەڵك بڕیبوو، موعامەلەکردنیان خراپ کردبوو، رێگەیان لە کۆمەکە بیانیەکانیان گرتبوون، و کاری گەڕانەوەی پەناهەندەیان بۆ دیوی عێراق ئاسان کردبوو. هاوکات، حکومەتی عێراقی خەڵکی کوردستانی دڵنیا کردبووەوە، و لاوانی کوردی هەتا مەوالیدی ١٩٦٢ی لە عەسکەری تەسریح دەکرد. تەنیا لە دەوروبەری کەرکوك سەیتەرەکانیان توند کردبوو، دەنا لە شارەکانی تر لەشکر و پۆلیس و ئاسایش بەرچاو نەبوون.

لە مانگی مایۆی ١٩٩١دا، بە خاڵی سنووری خانە و حاجی ئۆمەران (بە هاوەڵی شێروان عومەر حەبیب) پەڕیمەوە. لەو کاتەدا "ناوچەی ئارام"ی دیوی دهۆك، زۆر ئارام بوو، وە باقی ناوچە ئازادەکانی دیوی هەولێر و سلێمانی (لە دەرەوەی شارە سەرەکیەکان) لە دەستی پێشمەرگە دابوون، و بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی گرتبوە دەست. ئەو ناوچانە زۆر قەرەباڵغ و بێ خزمەت و بێ دەرمان بوون. لە قاچاخچی بەولاوە، هیچ جۆرە هاتوچۆیەکی بازرگانی ڕەسمی لێ نەبوو. سەرەڕای ئەوەیش، ژیان بەردەوام بوو و بازاڕ و شوێنە بازرگانیەکان پڕ لە جموجۆڵ بوون، بەڵام شتومەك زۆر گران بوو. بۆ نموونە فەردە برنجی دوانزە دیناریی نرخی ببوە دوو سەد دینار.

نەخۆشخانەکانیش (بە کەم یان زۆر) پزیشك و ستافیان هەبوو. لەو کاتەدا، نەخۆشی گرانەتا (تیفۆ) و تای ماڵتا و نەخۆشی زەحیری زۆر بڵاو بوون و دەرمانی ئەو نەخۆشیانەش زۆر کەم بوون. نەخۆشخانەی سدیق هەموو کاتێك شەست نەخۆشی لە قاوشەکاندا هەبوو بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشیە بڵاوانە، سەرەڕای نەخۆشی نەشتەگەری و برینداراەکانی مین (لوغم)ە تەقیوەکان و ڕووداوی ترافیکی سەر جادەکان. یەکێك لە هەوڵەکانی من ئەوە بوو کەوا کەناڵێکی هاتوچۆی دەرمان لە نێوان ناوچەی ئارامی سەر بە دهۆك لەگەڵ ناوچە دابڕاوەکانی دیوی هەولێر و سلێمانی دروست بکەم. ئەوەبوو بە ڕێگەی بلەو بارزان، و بە هاوکاری چەندین دۆست و یاریدەدەرێك (لەوانە، دکتۆر ماجید و دکتۆر سەلام)، چووینە ناوچەی ئامێدی و لەوێ بە واستەی ئەفسەرێکی بەریتانی بە سواری هەلیکۆپتەرچووینە کانی ماسی، دواییش بە ئوتومبیل چوینە بامەرنی. وە لەوێ چاومان بە چەند مەسئولێکی ڕێکخراوە کۆمەکیەکان کەوت و هەوڵی بەستنەوەیانمان دا بە خەڵکانێکی ناوچە ئازادەکانی دیوی هەولێر (ناوچەی سەدیق و شەقلاوە و ڕانیە). ئەوانیش بەڵێنیان دا کە ئامۆژگاریەکانمان ڕەچاو بکەن و لەگەڵ خۆمانیش، جێبەکی پڕ لە دەرمان (بەتایبەتی دەرزی کلۆڕامفینیکۆڵ)مان هێنایەوە و لە ڕێگەی پزیشکەکان (وڵات و ماجید و کامەڕان و کاوە و ڕەفیق و موزەفەر و بارزان و عارف) و کارمەندانی ترەوە (وەك ڕێبواری معاون طبی) بەسەر نەخۆشخانەکانی سۆران و شەقلاوە و ڕانیە دابەشمان کردن. ئەو پزیشکانە و ستافی نەخۆشخانەکانیان کاری قارەمانانەیان ئەنجام دەدا. بەبێ مووچە و بەبێ چاوەڕێی ئافەرین، شەو و ڕۆژ خەفارەتیان دەگرت و بە نۆرە کاریان دەکرد و خەڵکیان لە مردن ڕزگار دەکرد. لە سدیق، کارمەندەکان نەیانهێشت نەخۆشخانەکە لە نێو گەرمەی فەوزاکەدا تالان بکرێ. هی شەقلاوە، لەگەڵ ڕاکردنی خەڵك بەرەو سنووری ئێران، خەڵکی واهەبوو لای دەدا و ئەوەی

پێی بکرابا هەڵی دەگرت و ئەوی دیکەی دەشکاند. کارمەندەکان، بە دکتۆر کاوە و کامەران و ڕێبوار و نۆزدە کارمەندی ترەوە، سەرلەنوێ نەخۆشخانەکەیان دروست کردەوە.

لەو سەفەرە، سەردانی ناوچەی تریشم کرد و زانیاریم لەسەر ناوچە و باری لێقەوماوەکانی شار و گوندە ئەنفال کراوەکانی دیوی هەولێر و سلێمانی کۆ کردەوە، تاوەکو بۆ مەسەلەی لۆبی کۆمەڵ بەکاریان بهێنم.



نەخۆشی زگچووی منداڵان مەزنترین و کوشندەترین نەخۆشی بڵاو بوو لە ناوچە ئازادەکانی کاردستان.



تیفۆ و نەخۆشیە بڵاوەکانی تر تا رادەیەك زۆر بوون کە نەخۆشخانەکان دەرزی و حەبی کلۆرامفێنیکۆلیان لێ بڕابوو.




پزیشکەکانی نەخۆشخانەی سەدیق لە مایسی ١٩٩١.
ئەو نەخۆشخانەیە سەرەڕێی کۆڕەو بوو وکارمەندەکان، بە بێ موچە و بێ بەرامبەر، بەردەوام پێشوازیان لە نەخۆشەکان دەکرد



پزیشك وکارمەندانی نەخۆشخانەی شەقلاوە لە مایسی ١٩٩١. لە ناخۆشترین بارودۆخ خەڵکیان لە مردن ڕزگار دەکرد

## دوای کۆمەك

که لەو سەفەرەی دووەمم گەڕامەوە بەریتانیا، سەرلەنوێ، چەندین وتار و دیمانە و سەمینارم ئەنجامدا بۆ ئەوەی لە کاری لۆبی و ناردنەوەی کۆمەك بەردەوام بین. ئەو وەزعە ناهەموارەی کوردستان زوو وەرچەرخا و لە پایزی ساڵی ١٩٩١دا، حکومەتی عێراقی ئیدارەکەی لە تەواوی ناوچەی بەناو "حوکمی زاتی" کشاندەوە. حیزبەکانی بەرەی کوردستانیش بە زوویی بۆشایی حوکمی ئەو ناوەیان پڕ کردەوە. بیجگە لە خەڵکی کەرکوك کە بە پەناهەندەیی مابوونەوە (لە دیوی ئێران و عێراق)، باری خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان وورده وورده ئاسایی دەبووەوە. دوابەداوی ئەوە، لە سەردانەکانی ترمدا بۆ کوردستان، هەرجارەی پڕۆژەیەکی جیاوازم لە ئەستۆ دەگرت. بۆ نموونە، پڕۆژەی ئامۆژگاریکردنی حکومەت بۆ ئیدارەی سیستەمی تەندروستی، پڕۆژەی چاو پێخشاندنەوەی سیستەمی تەندروستی، پڕۆژەی پشتگیری زانکۆکان و پڕۆژەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، و چەندین پڕۆژەی تر. لە هەریەکەشیاندا، ڕۆڵم دیاریکراو بوو و زیاتر بۆ راوێژکاری و دانانی ستراتیژیەت و پەیوەندیکردن بە حکومەتی کوردستانەوە بوو.

## (نۆیەم)

# هەڵەبجە:
# میحوەڕی خەبات و لۆبی دەرەکی کورد

هەر لە زووەوە، لە سەرەتای ١٩٨٧ەوە، خەڵکی کوردستان بەڵگەی بەدەستەوە بوو کە حکومەتی عێراق چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی لە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستاندا بەکار هێناوە. بەڵام هیچ داتا و ئامارێك بە شێوەیەکی پوخت و ئەکادیمی کۆ نەکرابووەوە. لەو سەردەمەدا، لەبەر چەندین هۆ، پەیداکردن و کۆ کردنەوەی داتا لەو پەڕی زەحمەتی دابوو.

ڕژێمی سەددام لەو سەردەمەدا خەریکی شەڕی ئێران بوو، وە سوپا زەبەلاحەکەی و هێزی ئاسایش و موخابەراتیەکەی بە شێوەیەکی دڕندانە کۆنترۆلیان بەسەر تەواوی شارەکانی کوردستانەوە هەبوو. هەرکەسێك لەسەر هەواڵێك، پسولەیەك یان هەڵگرتنی هەر زانیاری و داتایەکی کیمیاباران دەستگیر بکرابایە، حوکمی لەسێدارەدانی دەردەکرا. خۆ ئەو خەڵکانەی کە بە چەکی کیمیایی بریندار دەبوون، تەنانەت ئەوانەی کە سەر بە ڕژێم بوون و بە هەڵەی سوپای ڕژێمەکە بەر کیمیایی دەکەوتن، دەگیران و شوونبزر دەکران بۆ خاتری لەناو بردنی بەڵگەی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی. پێشمەرگە و حیزبە کوردیەکانیش، پچڕ پچڕ و کەم و زۆر داتایان دەست دەکەوت، بەڵام بە پەرش و بڵاوی دەمایەوە و بە کۆکراوەیی بڵاو نەدەکرایەوە.

لە هەندەران، بۆ مەبەستی لۆبیکردن، پێویستیەکی زۆر بە داتا و بەڵگەی زانستی باوەڕپێکراو هەبوو. لەو سەردەمەدا میدیا و حکومەتی زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پشتی ڕژێمی سەددامیان لە دژی ئێران گرتبوو، و مافی مرۆڤی کوردیان کردبووە قوربانی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیان. هەر هەموویان ئامادە بوون چاوپۆشی و بگرە هاوکاری لە ڕژێمی سەددام بکەن لە بەرامبەر داپلۆسینی ئۆپۆزیسیۆن و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ. بۆیە، بەبێ بەڵگە و

ئاماری وورد و ئەکادیمی، زەحمەت بوو دوژمن ڕیسوا بکرێ یان بەرگری لە مافی مرۆڤی کورد و عەدالەتی قەزیەکەمان بکرێ. بە داخەوە، سیاسیەکانی کوردستان ناوبانگیان بەوە دەرکرد بوو کە لە خۆیانەوە و بە گۆترە ئامار دەدرکێنن، و لە زۆربەی حاڵەتیش بە موبالەغەوە ژمارەی قوربانیەکان (شەهید و بریندارەکان) زیاد دەکەن. بەوە زۆر جار زیانیان لە خودی بزوتنەوەکە دەدا، چونکە ڕژێمی سەددام دەیتوانی بە بەڵگەوە بەرپەچی ئەو موبالەغانە بداتەوە. گومانی تێدا نیە کە هێرشی جەنۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە خۆیان لە خۆیاندا کارەساتی مەزنن، جا هەرچەند بێ ژمارەی قوربانیەکان. بۆیە پێویست بەوە موبالەغەکردن و هەڵاوساندنی ژمارەکان ناکات.

لەبەر گرنگی بەکار هێنانی داتای زانستی لە کاری لۆبی، هەر لە زووەوە، لە مەودای ساڵانی ١٩٨٧ هەتا ١٩٨٩، ئەوەندەی بۆم کرا زانیاری کیمیابارانم لە شایەتحاڵان کۆ کردەوە. زیاتر لە پەنجا دیمانەم لەگەڵ پێشمەرگەو خەڵکی دیکەی ناوچە کیمیابارانکراوەکان ئەنجامدا. ئامار و ووردەکاری و بەڵگەکانی هەریەکەیانم لە بەرامبەر ئەوانی تردا هەڵدەسەنگاند و ئەوجا بە متمانەوە دەمنوسینەوە. داتاکانم لە سێمینار و کۆنگرەی ئەکادیمی و سیاسی و ڕۆژنامەوانیدا بڵاو دەکردەوە. دایکم و باوکم، کە خۆیان لەو کەسانە بوون کە لە چەندین هێرشی کیمیایدا برایندار ببوون و لە یەکدوانێکیاندا هاتبوونە سەر ڕۆخی مەرگ، باشترین سەرچاوەی زانیاری بوون سەبارەت بە لایەنە تەندروستیەکانی ژەهری کیمیایی. هەڵبەت، لەو سەردەمەدا زانیاریەکی ئەوتۆمان لەسەر سیاسەتی جێنۆسایدی ڕژێم و ووردەکاری کەمپەینی ئەنفال پێ پەیدا نەدەبوو. ئەوەی هەش بوو بریتی بوو لە بەڵگەی پچڕ پچڕ و شێکردنەوە و تەسەورەکانی خۆمان. ئەو زانیاریانە چەند ساڵێك لەدوای ڕزگار بوونی هەرێم لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بڵاو بوونەوە. بۆیە هەندێ لە ئامارەکان و زانیاریەکان بە کەم و کورتی مانەوە.

لە ساڵانی هەشتاکاندا، هەوڵی بێ پایانمان دەدا کەوا ڕژێمی سەددام ڕیسوا بکەین، بەڵام ڕۆژنامەوانان بە دەگمەن بە دوو دەنگمانەوە دەهاتن. کە عێراق کوەیتی داگیر کرد، ڕۆژنامە نووس و کەناڵەکانی هەواڵ بە دوای داتا و زانیاری دەکەوتن، وەك بڵێی تازە دێن سەددام بناسن. ڕۆژانە، ڕۆژنامە نووس و سیاسەتمەدارانی بەریتانی و ئەمەریکی پەیوەندیان پێوە دەکردین و داوای داتای کیمیا بارانیان لێ دەکردین. هاوکات، دیار بوو کە سەرەڕای گرنگی ستراتیژی بزوتنەوەی کوردی و قورسایی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە عێراقدا، زلهێزەکان نەیاندەویست ئاوڕێك لە کورد بدەنەوە. هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ عێراقی دوای

سەددام، وە کە باسیش لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرا، کەسیان باسی کێشەی کوردی نەدەکرد، وەك بڵێی پەیوەندی بە کێشە سەرەکیە بنەڕەتیەکانەوە نیە. ئێمەش، وەك لۆبیستەکانی کورد، لە چەندین لاوە هەوڵمان دەدا دەنگی کورد بەرز بکەینەوە و رێگە نەدەین پرسی کورد پشت گوێ بخرێ.


**وتاری** (هەوری مەرگ)، نامیلکەیەك بوو کە لە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠دا، بۆ ناوەرۆکی کتێبێکی تایبەتمەند بە کیمیاباران ئامادەم کردبوو. بەڵام لەبەر هەڵچوونی بارودۆخی شەڕی کوەیت و بۆ جۆشدان بە فشاری کورد لەسەر هێزە هاوپەیمانەکان، لە ١٩٩١/١/٣دا ئەو بەشەم بڵاوم کردەوە. نامیلکەی "هەوری مەرگ"، یەکەم بڵاوکراوە بوو کە بەپێی توانای ئەوکات تەواوی شوێن و ژمارەی بریندار و شەهیدەکانی کیمیابارانی بە کۆکراوەیی تێدا بوو. لە مەودای ساڵانی نەوەدەکاندا، ئەو راپۆرتە لە چەندین بڵاوکراوە و لێکۆڵینەوەدا وەك سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراوی ئەکادیمی، بەکار هێنراوە. هەوری مەرگ بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بوەوە و دکتۆر ئامانج عەبدوڵلا سەعید کردویەتی بە کوردی.


## (دەیەم)

# هەوری مەرگ

## شەڕی کیمیایی سەددام حوسێن لە دژی کوردان

### یەنایەر/کانوونی دووەمی ١٩٩١




جەنگی دووەمی کەنداو لە نێوان ڕژێمی عیراق وهێزەکانی هاوپەیمانان بە ڕێبەرایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەردەی لەسەر توانا سەربازییە خەتەرناکەکانی ڕژێمی عیراق هەڵماڵی، بە تایبەت چەکی وێرانکاری کۆمەڵکوژی (وەك کیمیایی و بایۆلۆژی). ئەگەرچی بە درێژایی ئەو جەنگە چاودێرانی سەربازی و سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن بە ووردی چاودێری

ئەگەرەکانی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژیان دەکرد، بەڵام ناکرێت ئەو راستیە مێژووییە لە یاد بکەین کە ڕژێمی عیراق ئەم جۆرە چەکانەی لە کاتی جیا جیادا بە کار هێناوە و قوربانی یەکەمی ئەم جۆرە ڕەفتارە نامرۆڤانەیەش گەلی کوردی عێراق بووە.

کورد هەمیشە هەوڵیان داوە کارەساتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بناسێنن تا چیتر هیچ ڕژێم و دەستە و تاقمێك نەتوانێت ئەو تراژیدیایانە دووبارە بکاتەوە کە دەرهەق بە میللەتی کورد کران. دەوڵەتی عێراقی مۆدێرن لە هەرێمی میزۆپۆتامیای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەوە پێکهێنرا، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و کاتێك بەریتانیا قەڵەمڕەوی سەرتاسەری ناوچەکە بوو سنووری جوگرافی دەوڵەتی عێراقی نوێی کێشا و کوردستانیشی لکاند بە بەشی باکوری عێراقەوە، بێ گوێدانە مافە سیاسییەکانی گەلی کورد بە تایبەت مافی چارەیخۆنوسین و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ. لە ساڵی ١٩٢٠ بە دواوە، کوردەکان هەمیشە لە کێشەو ململانێی سیاسیدا بوون لەگەڵ ڕژێمی مەرکەزی عێراق کە پایتەختیان بەغدا بوو. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی شاهەنشاهی (هاشیمی) بە دواوە بەریتانیا دەسەڵات و هەژموونی بەسەر ناوچەکەدا لەدەستدا و چارەنوسی کوردەکانیش کەوتە دەست ڕژێمە عەرەبە ناسیۆنالیستە نادیموکراتییە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق. بە بێ جیاوازی، تەواوی ئەو ڕژێمانە هەرگیز دانیان بە مافە سامی و مەدەنییەکانی گەلی کورددا نەناوە، تەنانەت مافی هاوڵاتی بووون و مافە مەدەنییەکانی گەلی کوردیشیان نەسەلماندووە. بۆیە گەلی کوردستان لە ماوەی چەندین دەکەیدی رابردوودا کەوتنە خەباتی سیاسی و ناچاریش کران کە ڕێگای خەباتی چەکداری بگرنە بەر بۆ دەستەبەرکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان، بەتایبەت دروشمی مافی چارەی خۆنووسین کە بە زەقی بە گوتاری سیاسی کوردییەوە دیارە.

کێشەی کورد بووەتە یەکێك لە هۆکارەکانی نائارامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە هەرگفتوگۆیەك لەبارەی چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە بکرێت پێویستە دۆزی کوردیش بەهەند وەربگیرێت. بەدرێژایی جەنگی سارد هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەرگیز تەبەنای چارەسەری کێشەی کوردیان نەکردووە چونکە ئارامی ناوچەکە لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری هیچ لایەکیان نەبووە، هەردوو لایان پشتیوانی تەواوی ڕژێمە دیکتاتۆریە بەهێزەکانی ناوچەکە بوون، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە گرنگی ستراتیجیان هەیە (لە جۆری دەوڵەتی عێراق).

کاریگەری مۆتیڤی بازرگانی وایکرد ئەو زلهێزانە چاوپۆشی بکەن لەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام دەدرا. بە تایبەت ئەو کۆمپانیایانەی بازرگانیان لەگەڵ عێراق دەکرد سنووری هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکانیان دەبەزاندو کەرەستەی دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژیان بە عێراق دەفرۆشت. هەموو ئەم پێشێلکاریانە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ سەرەنجامی بێدەنگی زلهێزەکانی دنیا بوو لە پێناو جێبەجێ کردنی مەرامە ئابوری و سیاسییەکانی خۆیان.

خەمساردی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، تەشەنە سەندن و بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و چەکی کیمیایی لێکەوتەوە، بە راستی ئەوە مەسەلەیەکی جیدیە و پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچی زووە رێگاچارەی گونجاو بۆ ڕێگرتن لە دروستکردن و بڵاوبونەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی دابنێت تاوەکو چیتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە مەترسی بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانە دووربخاتەوە.

لە جەنگی کەنداوی دووەمدا هاوکێشەکان بە تەواوی پێچەوانەی سەردەمی جەنگی سارد بوون، ئەوجارەیان عەمبارەکانی چەکی کۆمەڵکوژی ڕژێمی سەددام حوسێن رووە و هێزەکانی وڵاتانی رۆژئاوا ئاڕاستە کران، لە هەمان کاتدا لەخۆبایی بوونی سەددام حوسێن و هەڵسەنگاندنی ناواقیعیانەی دۆستە کۆنەکانی وایکرد ئەم ڕژێمە لە ئاکامی داگیرکردنی کوەیتدا دووچاری گەورەترین گێژاوی سیاسی و عەسکەری ئابووری ببێت.

هێزەکانی رۆژئاوا (بە تایبەت ئەمەریکا) کە تا سەردەمانێك دۆستی هەرە نزیکی حکومەتی عێراق بوون، ئەم هەلەیان قۆستەوە و لە ژێر پەردەی مۆراڵ و رێزگرتن لە سەرەتاکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی سیادەی دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، توانیان لە رێگای جەنگی پاراستنی کوەیتەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان بپارێزن. ئەم جەنگە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێك دەرەنجامی سیاسی و ئابووری گرنگی لێکەوتەوە. براوەکانی جەنگ گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە زامن کردنی بەرژەوەندییەکانیان لە مەودایەکی زەمەنی دوورو درێژدا پەیوەستە بە سەقامگیری ناوچەکەوە، کە بێگومان ئەمەش لە سایەی بەرجەستەکردنی دەوڵەتی سەبەخۆی دیموکراتیدا دێتە دی. ڕژێمە تۆتالیتارەکانی ناوچەکەش گەورەترین ڕێگرن لەبەردەم بەرەوپێش چوونی ئەم پرۆسەیەدا.

بۆ ئەوەی ئاشتی و سەقام گیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بچەسپێت پێویستە هاوپەیمانان پشتیوانی تەواوی چەسپاندنی دیموکراسی و بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی چارەنووسی گەلانی ناوچەکە بن. پێویستە رێز لە ئیرادەی گەلانی ناوچەکە بگرن، بە تایبەتی لە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییاندا. بێگومان گەلی کوردیش لەم هاوکێشەیەدا پێگەیەکی سیاسی یەکجار گرنگی هەیە و هەرگیز ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مسۆگەر نابێت گەر چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەی ڕەوای گەلی کورد نەکرێت. پێویستە رێز لە ئیرادەو خەباتی کوردەکان بگیرێت و دەبێت نوێنەری راستەقینەیان بەشدار بێت لە هەموو ئەو کۆنفراسە نێودەوڵتیانەی کە بۆ تاوو توێکردنی چارەنووسی سیاسی ناوچەکە دەبەسترێن.

## سەددام حوسێن و گازی ژەهراوی

عێراق تەنیا وڵات نییە کە گازی کیمیایی بەکار هێنابێت و کوردیش یەکەمین قوربانی ئەم جۆرە چەکانە نییە، بەڵام عێراق تاکە وڵاتە کە چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی بەرامبەر هاوڵاتیانی خۆی بەکارهێنابێت. رێژێمی عێراق لە پێناوی سەرکوتکردنی ئۆپوزیسیۆنی دیموکراتی کوردی و بە مەبەستی پاکتاوی نەژادی کوردەکانی باشوری کوردستان چەکی کیمیایی بەکار هێنا.

مێژووی نوێی کوردەکان لێوانلێوە لەگەڵ تراژیدیا و کارەساتی وێرانکەر، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو کارەساتانە لە سەر ئاستی نێودەوڵتی ناسراون، بە تایبەت هۆڵۆکۆستی هەڵەبجە (مارتی ١٩٨٨) و بادینان (ئابی ١٩٨٨). لەڕاستیدا، ڕژێمی عێراق زنجیرەیەك هێرشی کیمیایی دەرهەق بە چەند ناوچەیەکی کوردستان ئەنجامداوە کە سەرجەمیان گرنگی و مەدلولی سیاسی گەورەیان هەیە. بە داخەوە سەرباری جەختکردنی بەردەوامی کوردەکان، بەڵام هێشتا زۆربەی ئەم رووداوانە لە ئاستی رای گشتی نێودەوڵەتیدا دەنگ و سەدای نییە. لەم راپۆرتەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو هێرشانەی کە ڕژێمی عێراق بە چەکی کیمیایی لە دژی ناوچە کوردەکان ئەنجامی داون لە نێوان نیسانی ١٩٨٧ و تشرینی یەکەمی ١٩٨٨.

حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨دا لە رێگای کودەتای سەربازییەوە دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری عێراقی گرتە دەست [1]. مێژووی دەسەڵاتی ڕەشی بەعس لێوانلێوە لەگەڵ ڕەفتاری شەڕانگێزی و دژە مرۆڤایەتی و تیرۆری جەستەیی و سایکۆلۆجی کۆمەڵانی خەڵك، و قەتڵ و عامی ئۆپۆزیسیۆنی ڕزگاری خوازی کوردی. مێژووی بەعس مێژووی شەڕانگێزی و توند

و تیژی و کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژییە، بەتایبەتی لە بەرامبەر بە کوردان. بەعسیەکان هەرگیز دەستیان لە کوردان نەپاراستووە و گەلێك جار قوتابخانە و زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمیەکانی کوردستان هەدەفی سەرەکی هێرشە سەربازیەکانیان بووە.

بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم مەرامە خەتەرناکانە چەندین جۆری ژەهریان بەکار هێناوە. دەڵێن بەعسییەکان لە کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٦٣دا (عبدالکریم قاسم)ی سەرۆك کۆماری عێراقیان بە ترشی نایتریك و سەلفەریك تاواندۆتەوە [1]. سەددام حوسێن هەر لە سەرتای ساڵی ١٩٧٠ وە تا ساڵی ١٩٨٨ مادەی (ثالیۆم، ژەهری جورج)ی بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانی بەکار هێناوە، کە ژمارەیەکی بەرچاو لەو قوربانیانە لە بەریتانیا چارەسەر کراون، و بەو هۆیەوە پزیشکە بەریتانییەکان نازناوی (ژەهری عێراقی)یان لە ثالیۆم ناوە [2].

من بەش بە حاڵی خۆم پشکنین و تیمار کردنم بۆ دووان لەو قوربانیانە ئەنجامداوە کە بە مادەی ثالیۆم دەرمان خوارد کرابوون. یەك لەوانە (شەوکەت عەقراوی)یە کە یەکێك بوو لە ئەکتیڤیستە سیاسیە ناودارەکان، لە دواییدا بووە راوێژکاری وەزیری پیشەسازی عێراق.

سێ کەسی تر لەو قوربانیانەی بە مادەی ثالیۆم ژەهرخواردی کرابوون لە نەخۆشخانەی (Guy's Hospital)ی شاری لەندەن چارەسەر کرابوون [3]. ئەوانە دە کەس بوون و لە رووداوێك دا، کە لەلایەن بەکرێ گیراوێکی عێراق بە ناوی (نەرمین حەوێز)ەوە جێبەجێ کرابوو، دەرمانخوارد کران [4] و هەر بە زوویی سیانیان گیانیان لەدەست دا. سیاسەتمەدار دکتۆر (مەحمود عوسمان) و نوسەری ناسراو (سامی شۆڕش) لەو کەسانە بوون کە لەو رووداوەدا دەرمانخوارد کران بەڵام خۆشبەختانە توانرا ژیانیان ڕزگار بکرێت.

لە ساڵی ١٩٨٨دا نوسەر و رۆژنامە نوسی بە ڕەگەز عێراقی (عبدالرحیم شەریف عەلی) لە یەکێك لە میوانخانەکانی لەندەندا دەرمانخوارد کراو، و بەوە گیانی لەدەستدا [5]. هەموو ئەو بەڵگانەش کە لەبەر دەستی دەزگای پۆلیسی بەریتانی دابوون تەئکیدیان لەوە دەکردەوە کە باڵوێزخانەی ڕژێمی عێراقی لە لەندەن دەستی لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا هەبووە. بێگومان تەواوی ئەم راپۆرتانە دڵۆپێکە لە دەریای تاوانەکانی ڕژێمی عێراقی دەرهەق بە ئۆپۆزسیۆن و نەیارەکانی. دەیان کەس رۆژانە ژەهرخواردوو دەکرێن. وەك ئەزموونی قوربانیەکان نیشانی داوە، هەندێك لەوانە بۆ ماوەیەکی کەم زیندانی دەکرێن و دواتر ژەهریان بۆ دەکرێتە ناو چا

یان قاوه، و ئینجا ئازاد دەکرێن. ئیتر بە تێپەڕبوونی کات ئەو ژەهرە کاریگەری لەسەر تەندروستیان بەجێ دەهێڵێت و دواتر دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانیان.

لە شەڕی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و ڕژێمی عێراقی، لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥دا، بەعسییەکان (چەکی ناپاڵم و بۆمبای فۆسفۆری)یان لە دژی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان بەکار هێنا، کە بە هۆیەوە خەڵکێکی بێ ژمارەیان بریندار و شەهید کرد [6]. دیارترین ڕووداویش کارەساتی (١٩٧٤/٤/٢٤)ھ، کە تیایدا بە ناپاڵم و بۆمبی فۆسفۆری بۆردومانی زانکۆیان لە شاری قەڵادزێ کرد. لەو هێرشەدا، (١٣٠) کەس بوونە قوربانی، و لە نێویاندا هەشتا لە شەهیدەکان منداڵ و گەنج و هەرزەکار بوون کە بەهۆی بۆردومان کردنی قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆ و شوێنە گشتییەکانەوە شەهید بون [7].

لە سەردەمی ئاگربەست و دانوستانی نێوان کورد و حکومەت لە سەرەتای حەفتاکاندا، بەعسیەکان چەندین هەوڵی سەرنەکەوتوویاندا بۆ کوشتنی گەورە سەرکردەی کوردی (مەلا مستەفای بارزانی). لە یەکێك لەو هەوڵانە، لە ساڵی ١٩٧٢ دا، پرتەقاڵی پڕ لە ژەهریان بە دیاری بۆ مەلا مستەفا و هاوەڵەکانی بە دیاری بردبوو، کە ئەوەیش زوو ئاشکەرا بوو.

## ترسی کوردان

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا دەنگۆی پەرەپێدانی بەرنامەکانی دروستکردنی چەکی کیمیایی لە لایەن ڕژێمی سەددامەوە دەنگی دایەوە. لە یادمە، خەڵك نەمانی مادەی (ئۆرگانۆفۆسفۆرەس)ی مێشکوژ لە بازاڕەکانی عیرقدا وەك بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر لە قەلەم دەدا کەوا عێراق خەریکی چەك دروستکردنە. ئەم ڕاستییە مەزەندە دەکرا، و چاودێرانی سیاسی پێیان وا بوو گەر عێراق تواناکانی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیایی پەرە پێبدات ئەوا بە ئاسانی زەبری کوشندە لە ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەدات و بردنەوەی جەنگیش لە دژی ئێران مسۆگەر دەکات. هەرچەندە حیزبی بەعس مێژوویەکی ڕەشی تۆمار کردبوو، بەڵام هێشتا هەندێك لە چاودێران ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان بە دوور دەزانی، چونك چەکی کیمیایی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە و هەروەها بە دووریان دەزانی ڕژێمێکی سیاسی چەکی کۆمەڵکوژی قەدەغە کراو لە دژی هاوڵاتیانی خۆی بەکار بهێنێت. بۆیە هیچ کەس خۆی بۆ ڕووداوێکی لەو جۆرە ئامادە نەکردبوو.

هەرچەندە ڕژێمی سەددام هەتا مانگی نیسانی ١٩٨٧ چەکی کیمیایی لە دژی کوردان بەکار نەهێنا، بەڵام کوردەکان شایەتحاڵی ئەوەن کە لەگەرمەی جەنگی ئێران وعێراقدا ڕژێمی عێراق لە شەڕەکانی حاجی ئۆمەرانی (١٩٨٢) و گردەمەند (١٩٨٣) [8] چەکی کیمیایی لە سەر خاکی کوردستان بەرامبەر لەشکری ئێرانی بەکار هێناوە.

ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە سەرەتادا بە شێوازی پرۆپاگەندەی جۆراو جۆر بڵاو بۆوە، و وەك شێوازێك لە سایکۆلۆجیای جەنگی دەروونی دەردەکەوت، بەڵام ئەم پرۆپاگەندانە دواتر بە دۆکیومێنت سەلمێنران، لە نێویاندا کاسێتێکی دەنگی ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای عێراق و کۆمەڵێك دۆکیومێنتی نوسراوی تێدا بوو کە سەرجەمیان مەرامە خەتەرناکەکانی ڕژێمی عێراقیان دەسەلماند بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان [9] .

دۆکیومێنتی (I و II، سەیری کۆتایی وتارەکە بکە) لەلایەن پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. تێڕامان لەو دۆکیومێنتانە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە ئامادەکاری سەربازی بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی چەکی کیمیایی و چەکی بایۆلۆجی دەگەڕێتەوە بۆ مەودایەکی زەمەنی زۆر لە پێشتر وەك لە کاتی بەکارهێنانی. دۆکیومێنتی (I) تەئکید لەسەر بڵاوکردنەوەو عەمبارکردنی چەکی بایۆلۆجی دەکاتەوە. عێراق لە سەرەتای هەشتاکانەوە دەستی بە پەرەپێدانی بەرنامەکانی چەکی بایۆلۆجی کردووە بە شێوازێکی عەمەلی لە دژی کوردان بەکاری هێناوە. بەڵام ئەو ڕاستییە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی نەناسرا هەتا ئەو کاتەی لە کۆتایی هەشتاکاندا کۆمەڵێك حاڵەتی جۆراو جۆری نەخۆشی درم لە کوردستاندا تۆمار کرا [10, 11].

## ڕووداوەکانی بەر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان

بۆ ئەوەی وێنەیەکی واقیعی تەواوی ڕووداوەکان بەرجەستە بکەین بە پێویستی دەزانین بەر لەوەی بێینە سەر ووردەکاری کیمیا بارانکردنی ناوچەکوردیەکان کۆمەڵێك ڕووداو و هەل و مەرجی مێژوویی گرنگ بێنینە بەر باس و توێژینەوە.

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافە مەدەنی و سیاسیەکانیاندا خەباتیان کردووە. زیاتر لە بیست ساڵە بەرامبەر ڕژێمی بەعس لە ململانێی بەردەوامدان [1, 12]. لە ساڵی ١٩٧٥ وە ڕژێمی عێراق، نە لە ئاستی ناو خۆ و نە لە ئاستی دەرەوە، بوونی کێشەی چارەسەر نەکراوی گەلی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی کارای کوردی ناسەلمێنن. بەڵام بە شێوازێکی چاوەڕوان نەکراو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا دانیان بە کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان دانا و بە مەبەستی چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا (کە یەکێکە لە ڕێکخراوە سیاسیە هەرە کاریگەرەکانی کوردستان) کەوتنە گفتوگۆ. ئەوکات ڕژێمی عێراق مەبەستی بوو کە پشتیوانی سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە شەڕی ئێراندا مسۆگەر بکات. لە ڕواڵەتدا بە ڕەسمی مافی گەلی کوردستانیان سەلماند و کۆمەڵێك بەڵێنی گەورەیان بە تاڵەبانی (سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا. هەروەها بەڵێنیان دا کە حوکمی زاتی راستەقینە بۆ ناوچە کوردیەکان دەستەبەر بکەن. بۆ سەرکردە کوردەکانیش گرنگ بوو دوای خەبات و ماندوبوون و دابڕانێکی دوور و درێژ، ووچانێك بدەن و هەوڵی چارەسەری سیاسیانەی کێشەی کورد دووبارە بکەنەوە و لە سایەی ئاشتییەکی درێژخایەندا کۆمەڵێك دەستکەوتی سیاسی بۆ گەلی کوردستان بەدەست بهێنن [13]. بەڵام ئەم یارییە سیاسیە لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥دا کۆتایی پێهات و شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوو لادا دەستی پێکردەوە. ئەم جارەیان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆمەڵێك ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی سوپای عێراق ئەنجامدا. چالاکییە سەربازیەکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو جارەیان سنوری ناوچە دێهاتیەکانی بەزاند و گەیشتە ناوجەرگەی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە. رۆژبە رۆژ سنوری ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی فراوانتر دەبوو. لە ماوەیەکی کەمدا یەکێتی توانی زەبری گورچکبڕ بە سوپای عێراقی بگەیەنێت، کار گەیشتە رادەیەك چواریەکی سوپای عێراقی بە شەڕی کوردەوە شەتەك کرابوو [12].

بە نزیکبوونەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسیە سەرەکییەکانی دیکە، توانای سیاسی و سەربازی کوردەکان بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە دی، کە سەرەنجام پێکهێنانی (بەرەی کوردستانی) لێکەوتەوە. دروشمی سەرەکی بەرەی کوردستانی بریتی بوو لە "ڕووخانی ڕژێمی سەددام و دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"[14].

سودمەندی یەکەم لە هەڵگیرسانەوەی پێکدادانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی دەوڵەتی ئێران بوو. ئێران ئەو کات پێشنیازی کۆمەڵێك ئۆپەراسیۆنی سەربازی هاوبەشی کرد لەگەڵ هێزی پێشمەرگە. لە راستیدا هێزی پێشمەرگە و سوپای پاسداران توانیان کۆمەڵێك ئامانجی سەربازی گرنگ لە ناوچە کوردیەکان بپێکن (بە تایبەت لە سنوری پارێزگای کەرکوك). بەم جۆرە کوردەکان بوونە کاریگەرترین ئۆپۆزیسیۆنی ناوەکی عێراق، سنورێکی جوگرافی بەرفراوانیان لەژێردەستدا بوو. بۆ نمونە رووبەری ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سنووری شاری سلێمانی و هەولێر هێندەی سنوری دەوڵەتی کوەیت دەبوو. بە هەمان شێوە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش کۆنترۆڵی ناوچەیەکی بەرفراوانی بادینانی کردبوو لە سنووری هەردوو پارێزگای دهۆك و موسڵ. جگە لەوانە هەندێك ناوچە هەبوون بە رۆژ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا بوون و بە شەویش لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوون.

قورسایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەتەری گەورەی لەسەر شارە گەورەکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، موسڵ) دروست کردبوو، ئەمە جگە لەوەی سوپای ئێرانیش لە باشوری عێراق بە تەواوەتی تەنگی بە رژێمی سەددام هەڵ چنیبوو، سەددام رۆژ بە رۆژ زیاتر لە توانای سەربازی سوپا شەتەکدراوەکەی بێ ئومێدتر دەبوو. سەرانی رژێمی عێراق بە تەواوەتی گەیشتبوونە ئەو راستییەی کە ئەوان ناتوانن بە چەکی تەقلیدی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان سەرکوت بکەن. بۆیە سەددام هیچ دوو دڵ نەبوو لە پەسەندکردنی پێشنیازەکانی ئامۆزاکەی (عەلی حەسەن ئەلمەجید) بۆ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ لە بەرامبەر بە کوردەکان [15].

عەلی حەسەن ئەلمەجید بەرپرسی رێکخراوی باکوری حیزبی بەعس بوو، بۆ لەناوبردنی کوردەکان دەسەڵاتی تەواوی بەسەر سوپا و توانا سەربازییەکانی عێراقدا هەبوو (بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە). ئەم کۆنە عەریفەی سوپای عێراق کە دواتر بە هۆی کارە دزێوەکانیەوە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر ناسرا، لە دوای داگیرکردنی کوەیت لە ئابی ١٩٩٠دا کرایە پارێزگاری کوەیت [16]، و کوردەکانیش بە عەلی کیمیایی ناوی دەبەن، دەسەڵاتی تەواوەتی لە ناوچەی کوردستاندا پێ بەخشرا بۆ ئەوەی لە مەودایەکی زەمەنی کورتدا بە تەواوەتی جوڵانەوەی کوردستان سەرکوت بکات و بە هەرنرخێك بێ سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردیەکان بسەپێنێت.

لەو ماوەیەدا ئەلمەجید دەیان کاری دزێو و نامرۆڤانەی دەرهەق بە ناوچە کوردییەکان ئەنجامدا، بۆ نمونە هەر کاتێك هێزی پێشمەرگە چالاکییەکی سەربازی ئەنجام بدایە، ئەوا ئەلمەجید فەرمانی دەدا ژمارەیەك گەنجی بێتاوان (لە نێوان تەمەنی ١٤ هەتا ٣٥ بگرن و لە شوێنە گشتییەکانی شاری سلێمانی و هەولێردا گوڵلە بارانیان بکەن و خەڵکیش راپێچ بکەن بۆ سەیرانیان [20].

پیلانی سەرەکی ئەلمەجید بەرامبەر ناچە ڕزگارکراوەکانیش بریتی بوو لە:

١- ئەوناوچانەی کە ڕژێم دەسەڵاتی تەواوەتی بەسەریاندا نەبوو، سەرجەم هاوڵاتیانی راگوێزران و گوندەکانیان خاپور کران و رێگایان نەدان چیتر بگەڕێنەوە سەر زێدی باو باپیرانیان. (سەیری دۆکیۆمەنتی III بکە)

٢- گەمارۆی ئابووری تەواو خرایە سەر ناوچە ئازاد کراوەکان، کە ئەوکات ڕژێمی عێراق بە ناوچە قەدەغەکراوەکانی ناودەبردن. (سەیری دۆکیۆمەنتی III و IV بکە).

٣- سوتانی سەرجەم بەروبوم و کێڵگە و دار و دەوەن و رووەکەکانی ناوچەکە و ژەهراوی کردنی سەرچاوە ئاویەکانیان.

٤- دواجار بە بەرنامەیەکی سیستیماتیکی دارێژراو پەلاماری (ئەنفال) یان بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان دەستپێکرد.

شاڵاوی ئەنفال بە چەند قۆناغێك بەڕێوەچوو، قۆناغی یەکەم و دووەم و سێهەم بریتی بوو لە ئامادەکاری و کارئاسانی بۆ قۆناغی چوارهەم، لە قۆناغەکانی سەرەتادا گەمارۆی تەواوی ناوچە ڕزگارکراوەکان درا، ناوچەکەیان بەتەواوەتی لە هەموو هاوکارییەك دابڕی. ئامانجی سەربازی سوپای عێراق تەنیا هێزی پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو خەڵکی جوتیار و ڕەش و رووتی گوندنشینەکانیشی گرتەوە. ڕژێمی سەددام لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا چوارهەزار گوندی کوردستانی خاپوور کرد و نیو ملیۆن هاوڵاتی کوردی گوندنشینی راگوێزا بۆ ناوچە بیابانییەکانی باشوری عێراق و هەر لەوێ لە کامپی سەربازی کۆنترۆڵکراودا دەستبەسەریکردن [12, 15]. ئەم رووداوە لە رووی مێژووییەوە هاوشێوەی ئۆردوگای نازیەکانە کە بە مەبەستی پاکتاوی نەژادی بەرامبەر جولەکە ئەنجامیان دا.

## گازی خەردەل و یەکەمین هەوری مەرگ لە کوردستان

لە ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧دا چوار فرۆکەی جەنگی سوپای عێراقی بە نزمی بەسەر ئاسمانی (هەڵەدن، بەرگەڵوو، کانی توو، سیروان، ئەوازیك و نوێژکە و چنارە) ی سەر بە سلێمانیدا هەڵفڕین، و ژمارەیەك بۆمبیان بەسەر ئەو ناوچانەدا باراند[15]. خەڵکی ئەو ناوە دەڵێن ئەم بۆمبانە زۆر نائاسایی بوون. ئەم ناوچانە گەلێك جار لە لایەن سوپای عێراقەوە بەر شاڵاوی بۆمباران کەوتوون، بەڵام خەسڵەتەکانی ئەم بۆمبانە بە تەواوەتی لەوانی دیکە جیاواز بوو. دەنگی بۆمبەکان، ڕەنگی دووکەڵیان و تەنانەت پارچەکانیشیان بەلای خەڵکی ناوچەکەوە ناوازە بوو. ئەم حاڵەتەش بۆخۆی ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی خستە ناو دڵی خەڵکی ناوچەکەوە. هێرشی بۆمبابارانەکە لە کاتێکدا بوو کە لەو ماوەیەدا و لە سنوری ئەو ناوچەیەدا هیچ شەڕو پێکدادانێکی پێشوەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقدا رووی نەدابوو [20].

لە گوندی بەرگەڵوو پێنج کەس لە پیاوانی ناوچەکە بە مەبەستی پشکنینی پارچەی بۆمبەکان بەرەو شوێنی بوردومانەکە رۆیشتن. کاك ڕەوەز، کە یەکێك بوو لە دانیشتوانی ناوچەکە، هەندێك لە پارچەی بۆمبەکانی بە دەست هەڵگرتبۆوە و بەرە و سەنتەری شارۆچکەکەی بردبوون. دوا جار لە نیوە شەودا ئەم پشکنەرانە کۆمەڵێك حاڵەتی نالەباری تەندروستیان تێدا دەرکەوت. بۆ نمونە (حاکم عومەر عەزیز) گێڕایەوە: " لە نیوەی شەودا هەستم دەکرد چاوەکانم بەرەو هەوکردن و ئاوسان دەڕۆیشتن، بەردەوام ئاویان پێدا دەهاتە خوارەوە، قوڕگم تا دەهات ووشك دەبوو و ووشکە کۆکەیەکی بەردەوام دای گرتم. هەروەها دووچاری سوتانی پێست و هەوکردنی پێستی لای ئانیشك و بەینی رانەکانم هاتم". هەروەها حاکم عومەر گوتی: "دوو هەفتەی تەواوی وویست بۆ ئەوەی رووناکی بێتەوە چاوەکانم و بتوانم پێیان ببینم، برینەکانی سەر پێستیشم نزیکەی مانگێکی وویست تا بەتەواوی سارێژ بوون".

لە یەکێك لە گوندەکانی دیکەی ناوچەکە، شوانێکی گەنج بۆمبێکی نەتەقیوی هەڵگرتبۆوە بەو نیازەی کە هەڵیبوەشێنێت و لە پارچەکانی بۆمبی راوەماسی دروست بکات. کەچی نەیزانیبوو ئەم جۆرە بۆمبە مادەی ژەهراوی خەتەرناکیان تێدایە.

ئەم شاڵاوە دەیان قوربانی لێکەوتەوە، هەندێکیان تووشی سەرئێشەو بێهێزی بوون. هەندێکی دیکەیان، لەوانەی بەر برێکی زیاتر لە گازی ژەهراوی کەوتن، چ بە هۆی نزیکیان لە شوێنی کەوتنەوەی بۆمبەکان یان بە هۆی نزمی جێگاکەیان، ئەوانە نیشانەی ترسناکتری ژەهراوی بوونیان تیادا دەرکەوت، بە تایبەتی لە چاویان و پێستیان و سییەکانیان. هەوکردنی بڕینی کیمیاییەکان حالەتی نەخۆشەکانیان توندتر دەکرد و بەم هۆکارە هەندێکیان گیانیان لە دەستدا. ئەوانەش کە لە ژیاندا مانەوە کاریگەری درێژخایەنی ژەهراوی بوونیان تیادا دەرکەوت (وەك شێوانی ڕوخسار و هەوکردنی درێژخایەنی چاوو سیەکان) [17] .

بە گوێرەی پزیشکەکان، نەبوونی ڕێنمایی پێویست بۆ خۆپاراستن لە ژەهری چەکی کیمیایی ئەرکی خەڵکەکەی قورستر و ژمارەی قوربانییەکانی زیاتر کردبوو. هەرچەندە هۆکاری پشکنین و تاقیگەی پێشکەوتوو لە ئارادا نەبوو بۆ ئەوەی جۆری ژەهرە بەکارهاتووەکانی پێ دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەو نیشانانەی لەسەر قوربانیانی ئەم کارەساتە دەرکەوتن هەمووی تەئکید لەوە دەکەنەوە کە مادەی ژەهراوی زۆر خەتەرناك و کاریگەری وەك (گازی خەردەل) لەو جێگایانەدا بەکار هێنراوە.

لە کاتژمێر حەوتی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتردا (١٦ی نیسانی ١٩٨٧) فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای عێراق ژمارەیەك گوند و شارۆچکەی سەر بە پارێزگای هەولێریان بۆردومان کرد. گوندەکانیش بریتی بوون لە (شێخ وەسانان، تۆتمە، نێنی، بەلالوکاوە، ئالانە، دارەش و تەواوی دۆڵی بالیسان). لە گوندی شێخ وەسانان کە سەر بە قەزای ڕەواندوزی پارێزگای هەولێرە، نزیکەی سەدوپەنجا ماڵە و ژمارەی دانیشتوانیشی پێنج سەد کەسێکە، دوازدە فڕۆکەی جەنگی ماوەیەکی دورو درێژ بە موشەکی تەقلیدی و کیمیایی ئەم گوندەیان بۆردومان کرد [18]. تەواوی دانیشتوانی ئەم گوندە بە گازی کیمیایی ژەهراوی بوون ١٢١ کەسیان لێ شەهید بوون لە نێویاندا ٧٦ یان منداڵ بوون، تەمەنیان لە نێوان (یەك ڕۆژ هەتا هەشت ساڵان دا) بوو. ژمارەی بریندارەکانی ئەم هێرشە نزیکەی ٢٨٦ کەس بوون.

بریندارەکان بە مەبەستی چارەسەرکردن و تیمار کردنیان بەرەوە سەنتەری شاری هەولێر هەڵاتن، هەموویان لە نەخۆشخانەی هەولێر داخڵ کران. دواتر دەزگا ئەمنیەکانی ڕژێمی بەعس گەمارۆیان دان و داوایان لێکردن کە بەڵگەنامەیەك ئیمزا بکەن، و شایەتیی ناڕاست بدەن بەوەی کە ڕژێمی ئێران گوندەکەیانی بە چەکی کیمیایی بۆردومان کردووە. بەڵام

بریندارەکان ئەم داوایەی حکومەتی عێراقیان ڕەتکردەوە چونە ئەوان بە تەواوەتی دڵنیا بوون لەوەی کە ئەو فڕۆکانەی گوندەکەیانی کاول کرد و چەکی کیمیای لە بەرامبەر بەکار هێنان ئالآی عێراقی هەڵگرتبوو. لە ئاکامی ئەم هەڵوێستەیان، خەڵکەکە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی عێراقی بۆ ناوچەیەکی نادیار گوێزرانەوە. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا دەرکەوت کە هەموویان لە ئۆردوگایەکی سەربازی سەر ڕێگای نێوان هەولێر و موسل زیندانی کراون و بە هۆی نەبوونی چارەسەری پزیشکی پێویست و تەشەنەکردن و هەوکردنی زامەکانی چاوو پێست و سیەکانیان، ۲۰۲ کەسیان گیانیان لەدەستدا. ئەو ۸٦ کەسەش کە مانەوە هەرچەندە باری تەندروستیان باش و جێگیر بوو، بەڵام لە لایەن (دەزگای ئیستیخباراتی عێراقی)یەوە گوێزرانەوە بۆ ناوچەیەکی سەربازی نزیك گوندی ڕەشکێن، و دواتر هەموویان شەهید کران و لە گۆری بەکۆمەڵدا نێژران [19]. پزیشکێکی سەربازی نێو سوپای عێراق کە دواتر بەرەو ئێران و ئەوروپا هەڵات، شایەد حاڵی ئەم کارەساتەیە و دەڵێت: "بەر لە ناشتنیان لە گۆری بەکۆمەڵدا تەرمی قوربانیەکان سوتێنراون، تەنانەت ئەوانەی لە زیندانەکەی هەولێردا گیانیان لەدەست دا تەرمەکانیان دەسوتاندن. ئەم کارانە لەلایەن دەزگای ئیستیخبارات و لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی (مامەند قەشقەیی)دا ئەنجام دەدران".

ئەم رووداوە ترسێکی گەورەی لەدڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دروستکرد. دەزگا ئەمنییەکان هەرەشەی توندیان لە کەسوکاری قوربانیانی ئەم کارەساتە کرد بەوەی کە بە هیچ جۆرێك نابێت ئەم مەسەلەیە لە ناو خەڵکدا باس بکەن. هەموو پزیشك و یاریدەدەری پزیشکەکانی ناو شاری هەولێر بە توندی ئاگادار کرابوون کە نابێت بەهیچ جۆرێك تیماری ئەو نەخۆشانە بکەن کە زامی چەکی کیمیایی لەسەر جەستەیانە، و ئەگەر حاڵەتێکی لەو جۆرەشیان بینی پێویستە دەستبەجێ دەزگا ئەمنیەکانی لێ ئاگادار بکەن.

دایکم (نەسرین مەعسووم) یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لەو هێرشانەدا بە خەستی بریندار بوو بوو، دواتر گەیاندبوویانە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی هەولێر. پەیوەندیان بە یەکێك لە هاوڕێ پزیشکەکانمەوە کردبوو لە نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر. بەڵام ئەو هاورێیەم زۆر ترسابوو و ئامادە نەبوو هیچ جۆرە پشکنین و چارەسەرێك بۆ دایکم ئەنجام بدات، و داوای لێکردبوو کە دەستبەجێ نەخۆشخانە بەجێ بهێڵێت، ئەگەرنا دەزگا ئەمنییەکان بزانن دەیگرن و بەرەو چارەنووسی نادیاری دەبەن.

هێرشەکانی ١٥ و ١٦ی نیسانی ١٩٨٧ زنجیرەیەك هێرشی دیکەی بەدوادا هات بۆ سەر چەندین ناوچە و دێهاتی دیکەی سنوری شاری هەولێر و سلێمانی، و بەلای کەمەوە ماوەی شەش رۆژی خایاند (هەروەك لە خشتەی یەکەمدا دەستنیشان کراوە). ئەم هێرشانە بوونە هۆی شەهیدبوون و بریندابوونی سەدان هاوڵاتی بێ دیفاعی ناوچەکە. لە رۆژەکانی مانگی مایسدا ناوچە ڕزگارکراوەکانی سنووری پارێزگای دهۆك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان رووبەڕووی هێرشی کیمیایی بوونەوە کە تیایدا دوو کەس شەهید بوون و بە دەیانی دیکەش بریندار بوون.

لە رۆژی ٢٣ی مایسی ١٩٨٧دا بۆ یەکەمین جار ناوچەکانی دەورو بەری شاری کەرکوك (کە دەوڵەمەندترین ناوچەی نەوتیی کوردستانە) رووبەڕووی هێرشی کیمیایی بوونەوە. هەر سێ گوندی (تۆمار و گارگان و قەمەرگان) بە چەکی کیمیایی بۆمباران کران و دەیان هاوڵاتی بێ تاونیش بوونە قوربانی ئەم هێرشە دڕندانەیە، کە لە نێویاندا حەوت لە شەهیدەکان منداڵ بوون.

ئیتر لە ناوەڕاستی مانگی مایس بە دواوە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بووە کاری رۆژانەی فرۆکەکانی سوپای عێراق، چیتر ڕژێمی عێراق دوو دڵ نەبوو لە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی بەرامبەر کوردەکان. لە جەنگی عێراق و ئێراندا، ڕژێمی عێراق بە زۆری لەدوای پێکدادانێکی زۆر و لە ترسی دۆڕان و تێکشانی سوپاکەی پەنای بۆ چەکی کیمیایی دەبرد. کەچی لە ناوچە کوردیەکان بێ ئەوەی شەڕی پێشوەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا روو بدات، ڕژێم ناوچە کوردیەکانی کوێرانە دەدایە بەر بۆمبی کیمیایی. خەڵکی ناوچەکە بەچاوی خۆیان بینیویانە کە فرۆکە جەنگییەکانی عێراق تەنیا بەوەوە نەوستاون کە دێهاوت و شارۆچکەو ناوچە کوردییەکان کیمیاباران بکەن، بگرە زۆر جاریش بۆ تێکدان و ژەهراوی کردنی ژینگەی ناوچەکە بۆمبیان بەسەر هەندێك کێڵگە و زەویاندا باراندووە، کە لە بنەڕەتدا ناوچەی نیشتەجێبوون نەبوون [20].

## گازی دەمار و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال

سەرەتا، سوپای عێراق لە هێرشە کیمیاییەکاندا تەنیا گازی خەردەلی بەکار دەهێنا، بەڵام دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی پەلامارەکانی ئەنفالدا (گازی دەماری)یشی بەکار دەهێنا.

ووشەی (ئەنفال) تێرمێکی کۆنی ئیسلامییە، بەو دەستکەوت و غەنیمەت و کۆیلانە دەوترا کە لەکاتی هێرشەکانی جیهادی سوپای ئیسلامدا بەردەست عەرەبە موسوڵمانەکان دەکەوتن. هێرشەکانی ئەنفال زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنی توندو تیژی مونەزەم و سیستەماتیك و پلان بۆداڕێژراو بوون لەدژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ناوچە ڕزگارکراوەکان، کە لە لایەن خودی سەددام حسێنەوە سەرپەرشتی دەکرا [13,15].

شاڵاوی ئەنفال بۆ یەکەمین جار بۆ سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی سنوری پارێزگاری سلێمانی ئەنجام درا. لە سەرەتای شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و ئەنفالی یەك تا کۆتایی مانگی مارتی هەمان ساڵی خایاند، ئەنفالی دوو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە و بە درێژایی مانگی نیسان بەردەوام بوو، ئەنفالی سێ بریتی بوو لە ئەنفالی ناوچە ڕزگار کراوەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر و تەواوی مانگی مایسی خایاند، ئەنفالی چوار لە کۆتایی مانگی ئابدا دەستی پێکرد و تا ناوەڕاستی ئەیلولی خایاند و ناوچەکانی سنوری پارێزگای دهۆکی گرتەوە. لەگەڵ ئەنجامدانی سەرجەم شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕژێمی عێراقی ناوچەکانی کیمیاباران دەکرد. لەم هێرشانەدا، گازی دەمار بەکار دەهێنرا کە ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی گیان لەدەست دانی خەڵکەکان بێ ئەوەی هیچ زامێکی ئاشکرا لەسەر جەستەیان دەربکەوێت.

هەڵهاتن لە مەرگ کارێکی زۆر ئاستەنگ بوو. ڕێگا تەقلیدیەکانی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی بێ سوود بوون چونکە ئەم جارەیان ڕژێم ژەهرێکی بەکار دەهێنا کە ڕەنگ و بۆنی نەبوو. کێشی ئەم ژەهرە لە گازی خەردەل سوکتر بوو بۆیە بەئاسانی و بەخێرایی لە هەوادا بڵاو دەبۆوە و ڕێچکەی ڕێرەوی هەناسەی قوربانییەکانی دەگرت و کۆئەندامی هەناسەیانی تێك و پێك دەدا. شایەتحاڵەکان بە چاوی خۆیان ئەو تراژیدیایەیان دیبوو کە چۆن قوربانییەکان لە کاتی بەرکەوتنیان بەم ژەهرە ڕاستەوخۆ تەنگەنەفەس دەبوون و بە زەویدا دەکەوتن و دەکەوتنە حاڵەتی پەرکەم و دواتر گیانیان لەدەست دەدا.

کاك بەختیاری تەمەن 27 ساڵ کە یەکێك بوو لە قوربانییەکانی ئەم کارەساتە، بەم جۆرە وێنەی ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە:

"ئێمە هەمووومان دەمانزانی کە چەکی کیمیاییمان بەسەردا کراوە، بۆیە وەك هەنگاوی یەکەمی خۆپاراستن هەموو بەرەو بەرزایی گردەکان رامان دەکرد. بەڵام

ئەم جارەیان وێنەکە تەواو جیاواز بوو. سەرەتا تێبینیم کرد کە هەڵسوکەوتی خەڵکەکە لە ناکاو گۆڕا. هەموو وا دەردەکەوتن کە هەوڵی دەرباز بوون دەدەن، دواتر زۆربەیان بە زەویدا دەکەوتن. ئاژەڵەکان و باڵندەکان و هەرچی گیانلەبەرە کەوتنە سەر زەوی. هەموو شتێك لە حالەتی شێتی دەچوو. ئیتر تەواو دڵنیا بووم کە ئێمە لە خەتەرترین حاڵەتداین. تا دەهات ترس لە دڵمدا زیادی دەکرت نەمدەزانی چی بکەم، بەردەوام بەرەو بەرزاییەکە رام دەکرد، ووردە ووردە هەستم دەکرد بێ هێز دەبم و چیتر قاچەکانم لەدوام نایەن. کۆنترۆڵم بەسەر جوڵەی جەستەمدا نەما، دەمم پڕبوو، بەرچاوم لێڵ بو، و تا دەهات توانای هەناسەددام کەمتر دەبوو، ئیتر خۆشم نەمدەزانی چی دەکەم. دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەمە پەلەڕوحەیە و پێدەچێت مەرگ زۆر نزیك بووبێتەوە. بیرم نایەت دوای ئەوە ئیتر چی ڕویدا، کاتێك هۆشم هاتەوە پزیشکەکان پێیان ووتم کەوا موعجیزەیە کە من هێشتا زیندووم. باوەڕم نەدەکرد، من زۆر بەختەوەرم و ئەمە ژیانی دووەهەممە، پێویستە زۆر دڵم پێی خۆش بێت".

ژمارەی قوربانیەکانی چەکی کیمیایی رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندا بوون حکومەتی عێراق، بە بێباکی، دەستی نەدەپاراست لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکە کۆمەڵکوژانە [15]. تا دواجار ژمارەی قوربانییەکان لە شاری هەڵەبجە گەیشتە پێنج هەزار شەهید و نزیکەی دە هەزار بریندار. کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە (کە بە هۆلۆکۆستی هەڵەبجە ناو دەبرێت) رووداوێکی مێژوویی کەم وێنەیە، هەم لە رووی ژمارەی قوربانیەکانی و هەم لە رووی دەرکەوتنی مەرامە گڵاوەکانی حکومەتی عێراق لە هەوڵدان بۆ پاکتاوکردنی نەژادی کوردەکان. ئەوە جگە لەوەی لە مێژوودا رووی نەداوە کە دەسەڵاتی سیاسی بەو جۆرە دڕندەییە مامەڵە لەگەڵ هاونیشتیمانیانی خۆیدا بکات.

لەم نووسینەدا بە پێویستی دەزانم کە تیشکێك بخەمە سەر رووداوەکانی بەر لە کارەساتی هۆلۆکۆستی هەڵەبجە، و کۆمەڵێك راستی مێژوویی روون بکەمەوە. میدیاکانی جیهان و هۆیەکانی دیکەی راگەیاندن هەندێك زانیاری هەڵەیان خستە بەر دەمی رای گشتی، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو هەڵانە راست بکەمەوە.

شاری هەڵەبجە لە لایەن سوپای ئێرانەوە داگیر نەکرابوو، بەڵکو ئەم شارە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەتایبەتی هی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بە هاوکاری هەندێك لایەنی سیاسی دیکە، ئازاد کرابوو [21]. کاتێك سوپای عێراق لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی بە هێرشەکانی ئەنفالی یەکەوە خەریکبوو، کاك (شەوکەتی حاجی موشیر)، کە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، سەرکردایەتی هێزێکی پێنج سەد کەسی دەکرد. ئەوانە توانیان لە ماوەیەکی کورتدا شاری هەڵەبجە بە تەواوەتی ئازاد بکەن. خەڵکی هەڵەبجە تێنوی ئازادی بوون و بە پەرۆشەوە پێشوازیان لە هێزی پێشمەرگە و سەرکردەکەیان کرد (شەوکەتی حاجی موشیر خۆی خەڵکی هەڵەبجەیە). جگە لە دوو کامێرامان و دووکەسی بێچەك، هیچ کەسێکی ئێرانی بەشداری ئازادکردنی هەڵەبجەی نەکرد. گوڵباران کردنی هێزی پێشمەرگە و هەماهەنگی کردنیان لەلایەن خەڵکی هەڵەبجەوە ڕژێمی سەددامی زۆر ناڕەحەت کرد. هەر بۆیە ئەم مەسەلەیەیان بەستەوە بە جەنگی عێراق و ئێران، و بە شێوازێکی دڕندانە ئەو شارەیان کیمیاباران کرد. دواتر ئێرانیەکان بە مەبەستی هەماهەنگی و چارەسەر کردنی قوربانییەکانی ئەو کارەساتە هاتنە ناو شاری هەڵەبجە و ژمارەیەك لە بریندارەکانیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران. خەڵکی هەڵەبجە ئەم هەڵوێستەی ئێرانیەکان بەرز دەنرخێنن، بەڵام ئێرانیەکان هەوڵیاندا ئەم مەسەلەیە بە قازانجی سیاسی خۆیان بەکار بهێنن. وێنەی تەواوی ڕووداوەکەیان لە فیلمێکی دۆکیومێنتارییدا گرتبوو، هەر لە سەرەتای ئازادکردنی هەڵەبجەوە تا دوای بۆردومانکردنی [21, 22]. ئەم فیلمە بە جۆرێك ئامادە کرابوو کە تیایدا تەواوی ئۆپەراسیۆنی ئازاد کردنی هەڵەبجەیان کردبووە سەرکەوتنی سوپای ئێرانی بەسەر عێراقییەکاندا. دواتر کوردەکان ناڕەزایی زۆریان بەرامبەر بەم هەڵوێستە چەواشەکارییەی ئێران دەربڕی و ئێرانیش پۆزشی بۆ ئەم کارەی هێنایەوە.

لە یەك ڕۆژدا و لە بەرواری ٢٧ی مارتی ١٩٨٧، هێزەکانی سوپای عێراق کیمیا بارانی دەشتی کۆیە و دۆڵی سماقوڵی و بالیسانیان کرد. ئەم هێرشە زیاتر لە دوو سەد شەهید و هەزارو دووسەد بریندارى لێکەوتەوە. لە هەمان ڕۆژدا، ناوچەی قەرەداغ و دێیەکانی دەوروبەری بە خەستی بۆردومان کرا. ئەم ڕووداوەش سەدان قوربانی لێکەوتەوە. ٤١٢ بریندار لە خەڵکی دانیشتوانی ناوچەکە بە مەبەستی چارەسەرکردن بەرەو سلێمانی ڕۆیشتن، بەڵام هەر وەك کارەساتی شێخ وەسانان ڕژێمی عێراق لە ناوچەی تانجەرۆ گەمارۆی دان و هەر هەموویانی دەستگیر کرد، لەو ڕۆژەوە کەس چاوی بە دیداریان نەکەوتووەتەوە.

## قوربانیەکان و وێرانکاریەکان

تا دەهات هێرش و پەلاماردانەکانی ڕژێمی عێراق بە چەکی کیمیایی بۆ سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان قورستر و فراوانتر دەبوون، بەڵام خەڵکەکە وورده وورده ئەزمونیان لەگەڵ ئەم جۆرە چەکە پەیدا کردبوو. فێر کرابوون کە ئەگەر ڕووبەڕوی هێرشی چەکی کیمیایی بوونەوە پێویستە بەرەو بەرزایی شاخەکان بڕۆن، وا باشترە لەسەر بەرزاییەکان ئاگر بکەنەوە، نابێت بچنە ناو ئەشکەوتەکانەوە، ئەگەر چوونە ئەشکەوتەوە دەبێت لەبەر دەمی ئەشکەوتەکەدا ئاگرێك بکەنەوە. هەندێکیان قیناعی کۆنی سەربازیان بەکار دەهێنا، هەندێکی دیکەیان بە خۆماڵی قیناعیان لە خام و خەڵوز دروست دەکرد. هەروەها فێرکرابوون کە پێویستە بە دوورکەوتنەوەیان لە شوێنی ڕووداوەکە ئاوێکی زۆر بخۆنەوە و تەواوی جەستەیان بە ئاو بشۆن [20]. ئەم ڕێنماییە خۆپارێزیانە تا ڕادەیەکی بەرچاو ژمارەی قوربانییەکانی کەم کردبووەوە.

ئەو ئامارانەی سەبارەت بە شوێن و کات و خەڵکی کیمیابارانکراو دەست دەکەوتن لە خشتەی خوارەوەدا تۆمار کراون [28 ,23 ,21 ,20 ,17 ,15]. زۆر ئاستەنگ بوو بتوانرێت تەواوی قوربانییەکانی چەکی کیمیایی تۆمار بکرێن. زۆر هۆکار هەبوون ڕێگر بوون لەبەر دەم کۆکردنەوەی ئاماری قوربانییەکاندا، بۆ نمونە ژمارەیەك لە قوربانییەکان لە ترسی گرتن و ڕاوەدوونان خۆیان ئاشکرا نەدەکرد، یان بۆ چارەسەرکردن نەدەچوونە پێش. هەندێکیان برینەکانیان سەخت نەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە شوێنی سەرەکی ڕووداوەکە نەبوون بەڵام بەهۆی (با)وە گازی ژەهراوی دەگەیشتە ناوچەکەیان.

خاتوو (ن. خدر) ی تەمەن ٤٩ ساڵ، کە خەڵکی گوندی (بەرگەڵوو)ە و چەند کیلۆمەترێك لە (گوندی سەرگەڵوو) هوە دووره، دەڵێت:

> "بەیانییەکیان کە لە خەو هەستام، هەستم بە سەرئێشە و بێ هێزی و گیان داگیران دەکرد و سنگم توند بوو. سەرەتا وام هەستکرد لە وانەیە تووشی هەڵامەت بووبم، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت کە زۆربەمان ئەم حاڵەتەمان هەیە و لە ئەنجامی هەڵمژینی گازی ژەهراوی وامان لێ هاتووە. ئەم گازەش لە (سەرگەلوو)ەوە

بەهۆی (با)وە گەیشتووەتە لای ئێمە، چونکە ئێوارەی پێشتر حکومەت بە کیمیایی لە سەرگەڵووی دابوو".

چەکی کیمیایی ترسێکی یەکجار زۆری لە دڵی خەڵکدا دروست کردبوو. لەگەڵ بیستنی دەنگی فڕۆکە جەنگیەکان، ئیتر خەڵکی گوندەکان دەشڵەژان و رایان دەکرد، هاواریان دەکرد: "کیمیایی ....کیمیایی.....کیمیایی". حاڵەتێکی زۆر سامناك بوو، منداڵ بە شوێن دایك و باوکیدا دەگەڕا. دایك و باوك عەوداڵی منداڵەکانیان دەبوون، هەندێك رایان دەکرد بۆ ماڵەوە تا خام و خەڵوزەکانیان بێنن بەلکو لە کیمیاییەکە بیانپارێزێت. هەندێکی تر کۆنە قیناعی عەسکەریان بەسەریاندا دەکرد. ئیتر خەڵکەکە بە شڵەژاوی بەرەو بەرزاییەکان هەڵدەکشان. کاك (ف. کەریم)ی 29 ساڵ، کە یەکێکە لە شایەدحاڵەکان، ئەم تراژیدیایەمان بەم جۆرە بۆ دەگێڕێتەوە:

"کاتێك کە هەورێکی سپی لە دووکەڵی بۆمبەکەوە بڵاو دبووەوە، ئێمە بە راکردن بەرەو بەرزایی دەڕۆیشتین. هێندە شلەژا بووین، کاتێك گەیشتینە سەر لوتکەی شاخەکە بۆم دەرکەوت کە تاکێکی پێڵاوەکانم لێکەوتووە و ئەو زەرفە میوەیەشم بە دەستەوە نەماوە کە بۆ کاتی تەنگانە لەگەڵ خۆمم هەڵگرتبوو. هەموو گیانم دەلەرزی. لە بەرزاییەکەوە سەیری ناو گوندەکەم دەکرد دەمبینی کە چۆن خەڵکی گوندەکە بە پیرو و ژن و مناڵەوە بە هەموولایەکدا رایان دەکرت، و گوێم لە دەنگی هاوار و گریانیان بوو. لە ناکاو بیرم کەوتەوە کە ئامۆزا کەمئەندامەکەم لە ناو گوندەکە بەجێ ماوە، و ویستم بگەڕێمەوە خوارەوە بەو هیوایەی فریای بکەوم. بەڵام کۆمەڵێك لە خزم و هاووڕێیانم رێگەیان لێگرتم و پێیان ووتم نابێت بڕۆیت هەردووکتان دەمرن باشتر وایە نەڕۆیت و دوعای خێری بۆ بکەیت. بەداخەوە ئامۆزاکەم لەو رووداوەدا شەهید بوو. زۆر هەست بە شەرمەزاری دەکەم، دەبوایە بڕێك غیرەتم بدایەتە بەر خۆم و بگەڕامایەتەوە و ڕزگارم بکردایە".

لە دوای رۆیشتنی فرۆکەکان، خەڵکی گوندەکە دەگەڕانەوە بۆ شوێنی رووداوەکە، بۆ ئەوەی یارمەتی بریندارەکان بدەن و شەهیدەکانیش بنێژن. بریندارەکان دەبرانە بنکە تەندروستیە لۆکاڵەکان کە لە لایەن پزیشك و یاریدەدەری پزیشکی پێشمەرگەوە بەڕێوە دەبران. ئەم بنکانە لە رووی پێداویستیەوە زۆر هەژار بوون، لە هەندێك جێگا نەیاندەتوانی هیچ جۆرە

چارەسەرێك پێشکەش بکەن. ئەوان ئۆکسجین و کەرەسەی پێویستسان نەبوو، لە هەندێك جێگا تەنیا دەیانتوانی فریاگوزاری سەرەتایی بۆ بریندارەکان ئەنجام بدن. هەندێکی دیکەیان رێنمایی گشتی و ئازارشکێن و قەترەی چاویان دەدا، برینەکانیان پاك دەکردەوە بۆ ئەوەی لە هەوکردن بیانپارێزن. ئەوانەی بە خەستی بریندار دەبوون، یان نزیکی گیان لە دەستدان بوون، ڕەوانەی دیوی ئێران دەکران. هەندێك جاریش پزیشك و یاریدەدەرەکانیان و بنکەی تەندروستییەکەیان دەبونە قوربانی بۆمبەکانی سوپای عێراق [17].

باوکم (عەبدولعەزیز عەلائەدین) بەم جۆرە باسی هێرشەکەی بەرگەڵووی بۆ کردم:

"ڕۆژی ٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٧ بوو، فڕۆکەکانی عێراق گوندی بەرگەڵویان کیمیاباران کرد. خۆم و دایکت بە خەستی بریندار بووین، ژمارەیەکی زۆری برینداری دیکەش هەبوون. ناوچەکە بە تەواوی پڕبوو لە دووکەڵێك کە بۆنی (پیازی گەنیو)ی لێدەهات، هەموو خەڵکەکە بەرەو گردی (سێکانیان) رایان دەکرد. هەندێك لە بریندارەکان بە مەبەستی فریاگوزاری تەندروستی بەرەو بنکەی تەندروستیەکە رایان دەکرد بەڵام دواتر دیتیان کە نەخۆشخانەکەش بۆمبی بەرکەوتووە و غەرقی گازی کیمیایی کراوە".

## کاریگەری کیمیاباران لەسەر ژینگە

تا ئێستا داتای پێویست سەبارەت بە رێژەی پیس بوونی ژینگە لەو ناوچانەی دووچاری هێرشی چەکی کیمیایی بوون لە بەردەستدا نییە. کاك (عومەر) ی تەمەن 28 ساڵ کە یەکێکە لە بریندارەکان و ئێستا لە ئەڵمانیا لە ژێر چاودێری پزیشکیی چڕوپڕ دایە بەهۆی کاریگەری درێژخایەنی چەکی کیمیاییەوە، بەم جۆرە باس لە پیس بوونی ژینگەی ناوچەکەیان دەکات:

"ڕۆژی ٢٨ی مارتی ١٩٨٨، کاتێك فڕۆکەکانی سوپای عێراقی گوندی (شانەخسێ)ی سەر بە ناوچەی شاربازێڕیان کیمیاباران کرد، ئێمە ژمارەمان دووسەد کەس دەبوو، گوندەکەمان چۆڵ کرد و بەرەو بەرزاییەکان رۆیشتین. نەگەڕاینەوە ناو ئاوایی هەتا دنیا تاریك داهات. دواتر خەڵکەکە وورده وورده بەرەو ناو دێ گەڕانەوە. لەکاتی گەڕانەوەمان، ئیتر لەناو دێ ئاومان خواردەوە و نان و میوەمان خوارد و کەل و

پەل و پێخەفەکانمان بەکار هێنا. نەمان زانی ئەمانە هەمووی ژەهراوی بوون. لە دوای نیوە شەو نیشانەکانی ژەهراوی بوونمان تیا دەرکەوت. ئەو نیشانانە هەمان ئەو نیشانانە بوو کە سەرلە بەیانی بە قوربانیەکانی چەکی کیمیاییەوە بەدەر دەکەوتن. ئینجا خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر هاتن بە هانامانەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش هیچ رێوشوێنێکی خۆپاراستن لە ژەهراوی بوون بگرنە بەر. بۆیە ئەوانیش بە هەمان شێوە بەهۆی پیس بوونی ژینگەوە ژەهراوی بوون".

کوردستان لە ناوچە هەرە بەپیت و بەرەکەتەکانی عێراقە. زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچانەی رووبەڕووی هێرشی کیمیایی بوونەوە جوتیار بوون و پشتیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبەست. ژیانیان لەسەر بەرهەم هێنانی گەنم و جۆ و دانەوێڵە و سەوزە و میوە و تەختە و بەرهەمەکانی شیرەمەنی و گۆشت و پەلەوەر بوو. بەڵام دوابەدوای رووداوەکان، ئەوناوچانە بەکەڵکی ژیان نەمان. رووەك و دار و درەختەکانی ناوچەکە تووشی زەرو زیانی زۆر بوون، بەگشتی سەوزایی لە ناوچەکەدا نەما [20]. ڕەنگی گەڵا و گوڵ و گژ و گیاکان هەمووی زەرد هەڵگەڕان. لەو جێگایانەی راستەوخۆ بۆمبیان بەرکەوتبوو سەرباری بارانی زۆری زستان بۆ ماوەی دوو ساڵ هیچ جۆرە رووەکێکی تیا سەوز نەبوو. گژو گیا و رووەکە کورتەکان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەمردن. دار و درەختەکانیش گەڵایان زەرد دەبوو دواتر هەڵدەوەرین. هەتا لە سەنتەری کەوتنی بۆمبەکان دوور بکەوتیتایەتەوە بێگومان زیانەکان کەمتر بە رووەکەکانەوە دیار بوو.

ئاوی ناوچەکە بەکەڵکی خواردنەوە نەما. ئاژەڵەکانی ناوچەکەش لەم کارەساتە بێبەش نەبوون [20]. باڵندەی کێوی و مریشك و مەڕو بزن و مانگا و سەگ و پشیلەو گوێدرێژ و تەنانەت مێش و هەنگیش بوونە قوربانی چەکی کیمیایی. هەندێك لە ئاژەڵەکان راستەو خۆ دوای کەوتنی بۆمبەکان و بڵاوبوونەوەی ژەهرەکە دەمردن. هەندێکی دیکەیان بە هۆی خواردنی گیاو ئاوی ژەهراوی یەوە دووچاری نیشانە درێژخایەنەکانی ژەهراوی بوون دەبوون (وەك ئاوکردنی چاو و سوتانەوەی پێست و تێکچوونی کۆئەندامی هەناسەیان). ئەو ئاژەڵانەش کە مانەوە دواتر لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بە تاڵان فرۆشران. لە ترسی ژەهراوی بوون هیچ کەس بەرو بوومی گۆشت و شیرو ماست و پەنیر و هێلکەی لەو ناوچانە نەدەکڕی.

ئاژەڵ و باڵندە کێویەکانیش لە ریزی قوربانیەکانی ئەم کارەساتە بوون. مار بە مردوویی لەسەر زەوی دەبینرا، (باز) یش بەهۆی خواردنی کەلاکی گیانلەبەری ژەهراویەوە بە مردوویی بە زەویدا کەوتبوو، بۆق و کیسەڵەکانیش لە قەراغی ئاوەکان بە مردوویی کەوتبوون، ماسیەکانیش بە مردوویی سەرئاو کەوتبوون، تەنانەت مێش و سیسرك و کرمی زەویش بە مردارەوە بویی لە هەموو جێگایەك دەبینران.

## هەڵوێستە دوژمنکاریەکانی سەددام حسێن خەڵات کرا

لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٨٨دا ئەو ناوچەیە بەتەواوەتی لە هەسارەیەکی تر دەچوو، کەڵکی ژیانی نەمابوو. نە مرۆڤ و نە هیچ بوونەوەرێکی تر دەتوانی لە و جێگایەدا بژی، بۆیە هێزی پێشمەرگە ناچار بوو بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر پاشەکشێ بکات. بەڵام لە ناوچە ڕزگار کراوەکانی دیکەی کوردستان پێشمەرگە بەردەوام لە چالاکی و جموجۆڵدا بوون و هێزەکانی ڕژێمی عێراق نەیانتوانی چۆك بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا بدەن. هێزی پێشمەرگە لە مقاوەمەتی بەردەوامدا بوون و زەبری کاریگەریشیان لە ڕژێمی عێراق دەدا.

بارو دۆخی ناوچەکە بە درێژایی ئەو ماوەیە بە ناجێگیری مایەوە، تا ئەو کاتەی ڕژێمی عێراق پەیمانی ئاگربەستی لەگەڵ ئێران مۆر کرد و گروپی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێری سەربازی عێراق- ئێران (UNIIMOG) گەیشتنە سنوری نێوان ئەو دوو وڵاتە. سەرەڕای داواکاریەکان، عێراق ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانی نەدا کە (UNIIMOG) بنێرنە ناوچە کوردیەکانیش بۆ مەبەستی چاودێری. پاشان ڕژێمی عێراق هێزێکی بێشوماری لە ناوچەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراقەوە بەرەو کوردستان بەڕێکرد و بە مەبەستی لێدانی کوردەکان جێگیری کردن.

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٨٨دا تەنیا چەند ڕۆژێك بەسەر جێبەجێ کردنی پەیمانی ئاگربەستی نێوان عێراق و ئێراندا تێپەڕی بوو، ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە سەددام حسێن ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کە بە (شا فەهد)ی پاشای عەرەبستانی سعودیەی دابوو. شا فەهد نامەیەکی ئاڕاستەی سەددام حسێن کردبوو، تیایدا داوای کردبوو کە ڕژێمی عێراق چارەسەرێکی گونجاوی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا بکات. سەددام حسێنیش لە

وەڵامدا وتبووی چارەسەرێکی "یەکجاری و ئەبەدی" ئەم کێشەیە دەکەم [24]. کەچی لە ٢٥ی ئاب هەتا سەرەتای ئەیلولی هەمان ساڵ، ڕژێمی عێراق بە دڕندانەترین شێواز ئۆپەراسیۆنەکانی (هۆڵۆکۆستی بادینان)ی دەستپێکرد. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا هەزاران کەس بە ژەهری کیمیایی گیانیان لەدەستدا، و دەیان هەزاریش ئاوارە و دەربەدەر بوون، و هەزارانیش لەلایەن سوپای عێراقەوە بە دیل گیران. دواتر گیراوەکان گوێزرانەوە ناوچەی (حوشترمل)، کە دەشتاییەکی چۆڵی نزیك سنوری ناوچەی هەولێرە. دیلەکان لایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە گەمارۆ درابوون، و بێ نان و جێگا و ڕێگا لە بارودۆخێکی یەکجار نالەباردا دەگوزەران. دواجار ئەم بارودۆخە ناهەموارە لە ماوەی تەنیا یەك هەفتەدا بوە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی حەفتا منداڵ و ژمارەیەك لە پیر و ژنی دوو گیان.

ئەوانەی توانیان لە سنوری عێراق- تورکیا بپەرنەوە بەختەوەر بوون چونکە توانیان خۆیان لە دەستی هێزەکانی سوپای عێراق دەرباز بکەن. تورکیا ئاوارەکانی وەك میوان قبوڵ کرد و لە هەر سێ کامپی (دیاربەکر و ماردین و موس) دا جێگیری کردن. لە ئاوارەییدا، کوردەکانی عێراق لە بارو دۆخی ترس و مامەڵەی خراپ و فەرامۆشکردن و حساب بۆ نەکردندا ژیانیان بەسەر دەبرد [25].

دوای یەك ساڵ لە گەیشتنیان دووهەزار و حەفتا کەسی ئاوارەکانی ماردین نیشانەی ژەهراوی بوونیان تێدا دەرکەوت، حاڵەتەکانیش بە زۆری بریتی بوون لە نیشانەکانی ژەهراوی بوون بەو گازانەی کاریگەری لەسەر دەمار دروست دەکەن [26]. تووشبووەکان خوێنیان لێ وەرگیرا و ڕەوانەی تاقیگەکانی بەریتانیا کرا بە تایبەت بۆ تاقیگەی (The National Poison Unit of Guy's Hospital) [27]. دواتر شارەزایانی بواری ژەهراوی بوون لە ئاکامی پشکنینە تاقیگەییەکاندا گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە هۆکاری ژەهراوی بوونەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی مادەی زۆر کاریگەری دژە دەمارو (ئۆرگانۆفۆسفۆرەس). ئەمەش بێگومان هەمان ئەو مادە خەتەرناکانە بوون کە ڕژێمی عێراق لە بۆمبە کیمیاییەکانیدا بەکاری دەهێنان. (سەیری وتاری C9ی ئینگلیزیەکە بکە).

تراجیدیای بادینان تا رادەیەکی زۆر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ناسرا و سەرنجی رای گشتی جیهانی راکێشا، بەڵام هیچ کام لە وڵاتە بەهێزەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لە پای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەرامبەر هاونیشتیمانیانی بێ دیفاعی وڵاتەکەی، ئیدانەی ڕژێمی سەددامی

نەکرد. یەکێتی سۆڤیەتیش لە بری ئیدانە کردنی ئەم ڕەفتارەی عێراق لە میدیاکاندا، ئەم مەسەلەیەی بە پرۆپاگەندەی بێ بەڵگەی ئەمەریکیەکان وەسف دەکرد [29]. وڵاتانی رۆژئاواش هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر بەم کارەساتە نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە رەسیدی سەددامیا زیاد کرد بۆ کڕینی تەکنۆلۆجیای نوێی جەنگ [30]. هەرچی وڵاتە عەرەبییەکانیشە وەك ( کوەیت و سعودیە و ئەردەن و میسر) هیچ هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان بەرامبەر بەم مەسەلەیە نیشان نەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵتیدا دیفاعی جیدیان لە ڕژێمی سەددام حسێن دەکرد.

(غازی الریس) باڵوێزی کوەیت و (شێخ ناصر المنقور)ی  باڵوێزی عەرەبستانی سعودیە و(صادق المشاط)ی باڵوێزی عێراق لە بەریتانی، بە سێ قۆڵی و بە بەرنامەیەکی دارِێژراو چوونە لای (ولیام واڵدیگرەیڤ)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و نیگەرانی خۆیان سەبارەت بەو کەمپەینەی کە "میدیاکانی بەریتانیا لە دژی حکومەتی عێراق ئەنجامی دەدەن"، دەربڕی. هەوەها باڵوێزانی هەرسێ وڵاتی عەرەبی داوایان لە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کرد کە چیتر باوەڕ بە سکاڵای کوردەکان نەکەن سەبارەت بە بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە ناوچەکانیان [31].

نەبوونی هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق، سەددام حوسێنی بێباك و پشت ئەستور کرد بۆ بەردەوام بوون لە ڕەفتارە دژەمرۆڤایەتی و وەحشیگەراکانی [32]. هەر بە چەند هەفتەیەك دوای کارەساتی بادینان ڕژێمی عێراق (شێخ بزینی) و (حامیە)ی سەر بە سنوری پارێزگای کەرکوك و (چەمی رێزان)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی کیمیا باران کرد. سەددام بە تەواوەتی بۆی دەرکەوتبوو کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گوێی خۆیان خەواندووە و بێدەنگن، بۆیە هەستی دەکرد دەستی کراوەیەو ئەمەش باشترین فرسەتە کە دەست لە ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی نەپارێزێ و درێژە بە سیاسەتی جینۆساید و پاکتاوکردنی ڕەگەزی بدات.

## سەرچاوەکان

1. Saddam's Iraq, Revolution or Reaction. CARDRI. 1989. Zed Books. London. UK.
2. Amnesty International "A l-Nashra Al-I khbaria". (Arabic). March, 1988.
3. Amnesty International news release. Al Index: MDE 14.1 .1988. Distr. SCIPO. International Embargo. 13.1 .1 988.
4. Hazhir Teimourian. The Times. 13. 1. 1988.
5. Index on Censorship. March 1988. Vol. 17. P39.
6. Anthony McDermott. In: The Kurds. The Minority Rights Group. Report No. 23. May 1981.
7. David Hurst. The Guardian. 7.5.1974.
8. Use of Chemical Warfare by the Iraqi Regime. November 1986. Published by: War Information Headquarters, Supreme Defence Council. Tehran-Iran.
9. Gwynne Roberts. Winds of Death. A film shown on "Dispatches"- channel 4. United Kingdom. 23.11.1988.
10. New Scientist. 22.9 .1988.
11. Sunday Telegraph. 25. 9.1988.
12. David McDowall. The Kurds. The Minority Rights Group. Report No. 23. March, 1989.
13. Personal communications with Jalal Talabani, Dr. K. Hawrami and Dr. F Masum.
14. Iraqi Kurdistan Front declaration. July, 1987. Published in: Al-Sharara No. 7. (Arabic) July, 1987 and Gal No. 26. (Arabic) August, 1987.
15. The Kurdish Focus. Issue No.1. January, 1989. Published by the PUK.
16. Newsweek 1 .10.1990.

17. Personal inteiviews with Kurdish doctors with first hand experience.

18. Parang. (Kurdish), 1988. Issue No. 1. Page 4.

19. A Horrific Butchery in Arbil Prison. (Arabic) 1988. Published by the Kurdistan Popualar Democratic Party, Branch of Europe.

20. A series of personal interviews with Kurdish victims and eye witnesses. 1989 and 1990.

21. A personal interview with Mr Shawkat Haji Mushir, member of the leadership committee of the PUK. London. November, 1990.

22. The Catastrophe of the Century. Halabja, another Nightmare. Film (on video) produced and distributed by Iran.

23. Materials supplied by Mr. Hoshiar Zebari, member of the executi e committee of the Kurdistan Democratic Party. 1988.

24. Halga Graham. Observer. 28.8. 1988.

25. Ekram Maie. The Kurdish Observer. 1990. Issue No.6.

26. Tim Kelsey. The Independent. 12. 6 .1 989.

27. Ala'Aldeen DAA, Foran J, House I, Hay, A.The Lancet. 32.1990. Vol. 33S. P287-8.

28. Memorandom of the Iraqi Kurdistan Front. Published by the IKF, 1990.

29. Pravda. 11.9 .1 988.

30. Tim Kelsey. The Independent. 5 .10.1988.

31. John Bulloch. The Independent. 12.10.1 988.

32. James Adams, Defence Correspondent of the Sunday Times. In: Amnesty International advertisment. Published in various newspapers, including The Independent of 17.11.1990 and 1 .12.1 990.

**خشتەی ئامارەکانی کاتەکان و شوێنەکان و ژمارەی قوربانیەکانی کیمیابارنی کەمپەینی ئەنفال کە لە ۱۹۸۹ لە هەندەران دەستەکەوتوون (NA = ئامار دەست نەکەوتووە).**

| مانگ | ڕۆژ | پارێزگا | گوند | شەهید | بریندار |
|---|---|---|---|---|---|
| نیسان، ۱۹۸۷ | ١٥ | سلێمانی | هەڵەدن، بەرگەڵوو، کانی توو، ئەوازیك، سیروان، نوێژکە، چنارە | NA | NA |
| | ١٦ | هەولێر | شێخ وەسانان، تۆتمە، دۆڵی بالیسان، خەتێ، بەلالوکاوە، ئالانە، کانی بەرد، چیای دەردەشیر، سەوسوکان | ٣٨٧ | سەدان |
| | ١٧ | سلێمانی | قزلەر، سەنگەر، مێوۆلکە، جوێژێ | ١٠ | NA |
| | ١٨-٢١ | سلێمانی | چیای قەیوان، کۆڤاك، کونەکۆتر | ٢ | ٥٢ |
| | ١٩-٢١ | هەولێر | دۆڵی بالیسان | NA | NA |
| | ٢١، ٢٢ | سلێمانی | ناوچەی قەرەداخ | دەیان | سەدان |
| مایس، ۱۹۸۷ | ١ | دهۆك | زێوە | ٢ | دەیان |
| | ٢٣ | کەرکوك | تۆمار، گەرگەن، قەمەرگان | دەیان | سەدان |
| | ٢٧ | هەولێر | مەلەکان، گۆڕەشێر، کەندۆڵ، بەردۆك، بیلێ، ناهی، دۆڵی نازەنین، دۆڵی بالیسان | ١٢٠ | سەدان |
| | | دهۆك | زێوە | ٣٥ | دەیان |
| | ٢٧ | سلێمانی | سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، پیرە مەگروون، یاخسەمەر، هەڵەدن، مالومە | ٥ | دەیان |
| ئەیلول، ۱۹۸۷ | ٣ | سلێمانی | بەرگەڵو، یاخسەمەر | NA | NA |
| | ١٤ | سلێمانی | مەرگەپان | | |
| شوبات ۱۹۸۸ | ٢٥، ٢٦ | سلێمانی | سەرگەڵوو، یاخسەمەر، گەیزلە، دۆڵی جافەتی | | |

| مانگ | ڕۆژ | پارێزگا | گوند | شەهید | بریندار |
|---|---|---|---|---|---|
| مارتی ١٩٨٨ | ١٦ | سلێمانی | هەڵەبجە | زیاتر لە ٥٠٠٠ | زیاتر لە ١٠٠٠٠ |
| | ٢١-٢٣ | سلێمانی | شانەخسێ و دەوروبەری، بۆین، سوێسینان، دوکان، بەلەکزار، جافەران، ویلیان، ناوچەی قەرەداخ، جەلیلە، بوێلە، دێکۆن، زەڵم، باواکۆچەك، حەسەناوە، سازان، هەوار، گۆمەلار، ئەبابیلە، ڕێشاوە، بیارە، ئەحمەداوە، بیاوێلە، دێگە، شێخان، چەمیسۆر | ٩٢ | ٧٦٠ |
| | ٢٧ | سلێمانی | شار و دێهاتی دەوری قەرەداخ | ٤١٢ | سەدان |
| | ٣٠ | سلێمانی | بەرامەوە، دەربەند، دیزلی (کامپی لێقەوماوانی هەڵەبجە) | ٢٤ | دەیان |
| نیسان، ١٩٨٨ | ٧ | کەرکوك | ناوچەی گەرمیان، نیبەرگیل، دوێ، زەنگەنە، جافەتی، جەباری، سەنگاو، قادرکەرەم، دارەویان، سەید حوسینان | دەیان | دەیان |
| | ١٤-١٦ ٢٣-٢٧ | سلێمانی | دارەویان، ناوچەی گەرمیان، سەید حوسینان | دەیان | دەیان |
| مایۆ، ١٩٨٨ | ٣، ٤ | سلێمانی | گۆپتەپە، عەسکەر، گەرچینان، گەلنەگاس، سۆتکە، کەلەشێرە، زەرتێ، ناوچەی کۆیە | ١١٢ | ٨٤٤ |
| | | کەرکوك | قەڵاسێوکە، خالخالان، سەقاوشان | NA | NA |
| | | سلێمانی | چەمی ڕەزان، سەرچنار | NA | NA |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٥ | هەولێر | دۆڵی سماقوڵی، بالیسان، وەرتێ، هیران، وان، باواجی | ١٠٢ | ٤٠٠ |
| | ١٩ | هەولێر | بوقامیشە، گۆپتەپە، عەسکەر، سۆتکە، کانی هەنجیر، حەیدەرباغ، سورکاوشان، شێخان، مۆتلیژە، سنارتو، بلوژێن، مۆرخوارده | ٢٠٠ | ٧٥٠ |
| تەمموز ١٩٨٨ | ٣٠- ٣١ | هەولێر | سەروچاوە، سماقوڵی، نازەنین، هیران، گەناوە، شارسێنە، خەتێ، داراش، بالیسان، گەردان، هەڕوتەکۆن | NA | NA |
| | | دهۆك | زێوە، ناوچەی ئەرنێدی | ١٩ | سەدان |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاب، ١٩٨٨ | ١- ٣ | هەولێر | سیدەکان، ئان، سێرۆ، زەروە | NA | NA |
| | ٢٥ - ٢٦ | هەولێر | دەڵێ، زەیت، سێلکە، پێندرۆو، مێرۆز، ئەرگۆش، ماوەت، سپیندار، هەرکێ، پێداڤ، بەریا گێری، سپۆنێ، مۆکە، هۆستان، رێشاران، پێخاش، بێ، کانیبۆت، بێداران، بان، خەتێ، وان، هیران، نازەنین، بالیسان، وەرتێ، مزوری باڵا، بازڕۆ | NA | NA |
| | ٢٥ - ٣١ | دهۆك | شێرانە، بالێت، باوێرك، ئێکمالا هەش، چەقەڵە، گێرۆهاو، زێوێ، هێسێ، وەرمێل، نێروە، گۆهێرز، ئاڤۆکێ، بابیەر، دێرێ، بۆرژێن، دارگێل، زەرهاوە، تۆکە، بێلیجان، زیر، بێناڤی، وەزمێلێ، باپیرێ، ئاشێ، | NA | سەدان |

**خشتەی ئامارەکان...**

| مانگ | ڕۆژ | پارێزگا | گوند | شەهید | بریندار |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاب، ١٩٨٨ | ٢٥ - ٣١ | دهۆک | بازێ، موسکا، توشامبیک، مێرگاچیا، کاني بڵاف،کێرێ، بەلیتێ، باوەرکا کافری، گرکە، کوفلینیك، ڕێدینیا، سارکێ، سێوکا، شێرانا، سوێرا، سپیندارێ، کانیکا باسکا، ئافۆکێ، بێمناسە، بیرنا، ژیزگیرە، چەمێ شرتێ، چەم رەباتکێ، مێرکێ، بیلماباس، تەوکە، زرهاوە، برژن، دەگەلە شێخان، زیناڤا، دبانگی، سەرێ شەمدینی، سپیر، سینە، نێروە، خەرکول، گاوهارزکە خراپ، بەژێ، کاني، درکێ، سپێرێ، سکێرێ، سارگەلێ، مێرستەك، چەینا رەشك، شیڤێ، کانیا پینگ، باشێ، سەرێ گارە، کارێ، باوانکێ، کالی کوکتێ، بازێ بانکە، مێتوت، جامجەلی، بلێجان. | NA | سەدان |
| | ٢٥ - ٣١ | موسل | سوارێ، سپێندارێ، کانیا باسکە، هێین، شینێ، کادان. | NA | NA |
| ئۆکتۆبەر، ١٩٨٨ | ١١ | کەرکوك | شێخ بزێنی | NA | ١١ |
| | ١٤ | کەرکوك | حامیە | NA | ٤٨ |
| | | سلێمانی | چەمی ڕێزان | NA | NA |

## (یازدەم)

# زەوی کشتوکاڵی کوردستان
# لە ژەهری کیمیایی پاک بۆتەوە

لە ساڵەکانی ١٩٨٧-١٩٨٨ ڕژێمی عێراق چەکی کیمیاوی لە دژی گەلی کورد بەکار هێنا. لە هێرشەکانیدا، ژەهری گازی مۆستارد (خەردەل، Mustard gas) و گازی دەمار (غاز الاعصاب، Nerve gas) ی بەکار هێنا، کە بوونە هۆی شەهیدکردن و بریندارکردنی هەزاران کەس و گیانلەبەری دیکە و پیسکردنی ژینگە و وێرانکردنی هەزاران لادێ کوردستان. دوای زیاتر لە سێ ساڵ دەربەدەری و لە دوای راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ خەڵکانی لادێی کوردستان سەرلەنوێ گەڕانەوە سەر ماڵ و زێدی خۆیان بو ئەوەی هەواری خاڵیی ئاوەدان بکەنەوە و زەویوزار بچێننەوە.

هەر لە ڕۆژانی بەکارهێنانی ژەهری کیمیاییەوە مەترسیەکی گەورە لە مانەوەی ژەهرە جیاجیاکان لە ناو خاك و خۆڵ و ژینگەدا هەبوو، ترسی شلەژانی باری ئایندە لە تەندروستی خەڵك و رووەك و گیانلەبەری ناوچەکە لە ئارادابوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ و سەرەتای ١٩٩٢ کەوتمە پرسیار و لێدوان لەگەڵ زانا بەناوبانگەکانی جیهان لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا، بۆ ئەوەی لە ساغی و سەلامەتی خاکە کیمیاباران کراوەکان دڵنیامان بکەنەوە. هەروەها بێ ووچان کەوتمە گەڕان بە شوێن بڵاو کراوەی زانستی لەو بارەیەوە. بەڵام بێسوود بوون. ئەگەرچی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی شتێکی تازە نیە لە مێژوودا، بەڵام تاکو ئەمڕۆ زانستانە کەس لەم بابەتەی نەکۆڵیوەتەوە و تەمەنی مانەوەی ژەهرە کیمیاییەکان لە دەوروبەردا نەزانراوە - بەتایبەتی دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵێك بە سەر بەکار هێنانیان.

بۆیەش بڕیارماندا وەڵامی ئەو پرسیارانە ئامادە بکەم بۆ جوتیاران و پزیشکانی کوردستان. هەر لەبەر ئەوە لە هاوینی پار (١٩٩٢) دا دە (١٠) نموونەی (خۆڵ)م لەو ناوچانە کۆ کردەوە کە بەبێ شك چەکی کیمیایی یان تێدا بەکار هاتبوو. ئەو ناوچانەش بریتی بوون لە:

١- گوندی وەرێ لە دۆڵی بالیسان. دوو نموونەم لە لێواری شوێنەواری تۆپێکی کیمیایی تەقیوو، لەناو باخچەی کاك حاجی ئیبراهیم تاهیر (٦١ ساڵ تەمەن)، وەرگرت. باخچەی حاجی ئیبراهیم لە ئێوارەیەکی مانگی مایسی ١٩٨٧ دا کیمیا باران کرا و حاجی ئیبراهیم خۆی بریندار بوو و ژنەکەی و دوو کوڕو کچێکیشی شەهید کردان.

٢- گوندی جافەران (جعفران) ی سەر بە قەرەداغ. دوو نموونەم لە ناو باخچەی مام نامق تۆفیق موحەمەد (٦٥ ساڵ) وەرگرت و دوو نموونەشم لە لێواری شەقامی دەرەوەی جافەران وەرگرت، کە دوو مەتر لە شوێنی بۆمباکە دوور بوو. جافەران لە شەوێکی مانگی نیسانی ١٩٨٨ دا بە (ڕاجیمە) لە سەنگاو و تانجەرۆوە بۆردومان کرا. لەو شەوەدا مام نامیق و دوو کوڕی بریندار بوون. یەکێك لە بۆمباکان کەوتە ناو باخچەی مام نامیقەوە.

٣- شاری هەڵەبجەی شەهید. دوو نموونەم لەناو شاری هەڵەبجە کۆ کردەوە و دوو نموونەش لە دەرەوەی شار، لە دووری یەك کیلۆمەتر لە هەڵەبجەوە لە نزیکی ئەو شەقامەی کە بەرەو سلێمانی دەڕوات. شاری هەڵەبجەش لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ١٩٨٨ دا بە کیمیایی بۆمباران کرا کە ووردو درشتی ڕووداوەکانی لە بیرو دڵی هەمووماندایە.

بۆ خاتری بەراوردیکردن و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی تاقیگە، پێویست بوو نموونەی خۆڵی چەند شوێنێك پەیدا بکەم کە بە هیچ جۆرێك ژەهری کیمیایی پێ نەکەوتبێ. بۆیەش دوو نموونەی خۆڵم لە کوندی (مرێبە)ی سەر بە شاری (ئاکرێ) کۆ کردەوە و چوار نموونەشم لە دەورو بەری شاری زاخۆ (لە نێوان زاخۆ و هێزاوە) کۆ کردەوە. ئەو نموونانەش تەنها بۆ ئەوەیە کە هەمان تاقی کردنەوە و پشکنینیان لەسەر بکرێ، هەروەك ئەوانی دیکە، و بەراوردیان لەنێواندا بکرێ. لە پێناوی دەست کەوتنی ئەم نموونانە، لە بەریتانیاوە قوتوی پلاستیکی تایبەتی و کەوچك و کەلوپەلی دیکەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستەم لەگەڵ خۆم بردبوو.

ئەو کەلوپەلانەشم لە تاقیکەی بەناوبانگی کیمیایی و بایۆلۆژی شاری پۆرتۆن داون (Chemcial and Biological Defence Establishment, Porton Down)ی بەریتانی پەیدا کردبوو. بەیارمەتی دڵسۆزانەی یاریدەدەرەکان و خاوەن زەویەکان توانیم کە نموونەی خۆڵەکان بەسەرکەوتوویی وەربگرم و بیگوازمەوە بەریتانیا و بیانگەینمە تاقیگەی پۆرتن داون کە سەر بە وەزارەتی بەرگری بەریتانیە و خاوەنی بەرزترین پلەو ناوبانگی زانستی یە لە بواری چەکی کیمیایی و ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیشی لە لایەن زانایانی جیهانەوە مایەی رێز لێنانە.

ڵەدوی پشکنینی زانسیتانەی وورد و چەندین تاقیکردنەوەی جیاجیا و پاش شێکردنەوە و هەڵسەنگاندنی یەکەیەکەی ئەنجامەکان، وا دەرکەوت کە ژەهرە کیمیاییەکان لەناو خاك و خۆڵی کوردستاندا بە تەواوی وون بووین و بە هیچ جۆرێك کاریگەری بایۆلۆژی وکیمیاییان نەماوە.


وا دیارە کە بارانی زۆری کوردستان لەو چوار ساڵەی دوایی و زستانی تەڕوبڕ و هاوینی گەرمی ناوچەکان بونەتە هۆی شێ بوونەوە و هەڵوەشانەوە و لەکار کەوتنی پێکهاتە کیمیاییەکەی ژەهری مۆستارد و ژەهری دەمار. تەنانەت وردیلەی (پاشماوەی) دوای هەڵوەشانی یەکەمی ژەهرەکانیش (Break-down products) شێ بوونەتەوە و هەڵوەشاونەتەوە بە باران شۆراونەتەوە.

ئەو ئەنجامانەی تاقیگەکان ئەوە دەگەیەنن ئاو و هەواو ژینگە و دەوروبەر و خاك و خۆڵی کوردستان دووبارە لە ژەهر پاك بۆتەوە. واتە جوتیاران وخەڵکی ناوچەکە بە دڵێکی ئاسوودە و گیانێکی ئارامەوە دەتوانن ژیان لەو ناوچانەدا بەسەر بەرن کە بە ژەهری کیمیایی کەوتبوون و بێ مەترسی زەویەکانیان لە نەخۆش کەوتنی رووەك و بەرهەمەکانیان و ئاژەڵ و باڵندەکانیان بەکار بهێنن، بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێ خۆیان تووشی نەخۆشی درێژ خایەن ببن.

**کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٤٢) سێشەممە، ١٩٩٣/٣/١٦، لاپەڕە ٦**


هەواڵی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (New Scientist)ی بەریتانیدا بڵاو بووەوە. وردەی زانستی لێکۆڵینەوەکەش لە گۆڤاری زانین ئۆنلاین لە (٢٠٠٥) بڵاوبوەوە و لە وەرگێڕاوی ئینگلیزی ئەو کێتبەدا دووبارە نوسراوەتەوە.

Long term hazards of chemical weapon agents, Zanin, )  2005(Ala'Aldeen DAA Vol 1, p1-10 (zaninonline.org)



لە کاتی کۆ کردنەوەی سامپڵی خۆڵی جێ تۆپی کیمیایی لە بالیسان. قوتوی سامپلەکانی شوێنە جیاجیاکان برانە تاقیگەی پۆرتن داون (سۆڵسبەری، بەریتانیا) بۆ پشکینینی زانستی.



# (دوازدەم)

# گەمەکردن بەگوێرەی یاساکان

## Playing by the rules

### مارتی ١٩٩٤

[ئەو وتارە لە ساڵی ١٩٩٤دا بۆ بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی کورد بۆ شیعەکان و ئەمەریکیەکان بە ئینگلیزی نوسراوە. تێیدا پێشبینی لە هەندێ پەیوەندی و هاوکێشەی سیاسی کراوە کە دواتر گەیشتنەدی. لەو ساتەوە، ئامۆژگاری سیاسەتمەدارانی شیعە کراوە، کەوا پێویستە لە خەوی چەرخی ناوەڕاستدا هەڵسن و بە قانونی نوێ سیاسەت بکەن، و بێنە دیوی براوەکان.ئامۆژگاری ئیدارەی ئەمەریکیش کراوە کە لە نزیکەوە لە پێکهاتە و کەڵتوری عێراق تێ بگەن بەر لەوەی بڕیار لەسەر چارەنوسیان بدەن ]

### پێشەکی

سنوری دەوڵەتی عێراقی نوێ لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە لایەن بەریتانییەکانەوە کێشرا. نەخشەی عێراق لە ئاکامی پێکەوە لکانی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) و هەرێمی (میسۆپۆتامیای زۆرینەی عەرەبنشین) ی دەوڵەتی عوسمانی پێکهێنرا. بەم پێیە، چەندین گرۆپی ئیتنیکی و ئاینی جیاجیایان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا کۆکردەوە و هەژموونی فەرمانڕەوایی عەرەبی سوننەیان بەسەر ئەم قەوارە سیاسیەدا سەپاند.

لەم پرۆسەیەدا بەریتانییەکان مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیان نەسەلماند. لە ماوەی حەفتا ساڵی رابردوودا گەلی کورد لە باشووری کوردستان، بەزۆرەملێ بە دەوڵەتی

عێراقەوە بەستراون و وا لە ژێر قەڵەمڕەوی حکومەتی مەرکەزی عەرەبی سوننەدا مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان زەوت دەکرێت. دابەشکردنی کوردستان و پێکەوە لکانی ئەم گرۆپە جیاوازانە بوونە مایەی دروستبوونی ناجێگیرترین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەکرێت بلێین ناجێگیری دەوڵەتی عێراق بۆ دوو فاکتەری گرنگ دەگەڕێتەوە:

یەکەم : کێشەی کورد و خەباتی چەکداری نەپساوەیان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیان .

دووەم: کێشەی زۆرینەی عەرەبی شیعە لەباشوری عێراق.

لەگەڵ ئەوەی کوردەکان لە دەیەی سێهەم و چوارهەمی سەدەی رابردووەوە لەگەڵ واقیعی سیاسی عێراقدا خۆیان گونجاندووە، و لە چوارچێوەی سنوری عێراقدا بیریان لە مافی چارەی خۆنووسین کردۆتەوە، بەڵام هەڵوێستێکی لەو جۆرە لەسەر حیسابی ناسنامەی نەتەوایەتی و دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بووە. لە ساڵی ١٩٥٨ و لە رووخانی ڕژێمی شاهنشاهی هاشمی بەدواوە، بەریتانیا دەستەڵاتی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا نەما و چارەنووسی کوردەکانیش کەوتە دەست ڕژێمە دیکتاتورە قەومیە عەرەبە یەك بە دوای یەکەکانی بەغدا. هەموو ئەم ڕژێمانە لەلایەن زلهێزەکانی جەنگی ساردەوە پشتیوانی دەکران. بە بێ جیاوازی، هیچ کام لەم ڕژێمانە ئامادە نەبوون مافە سیاسی و مەدەنییەکانی گەلی کوردستان بسەلمێنن. دواجار بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٣ و دواتر لە ساڵی ١٩٦٨ دا توانیان لە رێگای کودەتای سەربازییەوە جڵەوی حوکمی عێراق بگرنە دەست و مێژوویەکی ڕەشی تاوانکاری بەرامبەر بەگەلی کوردستان تۆمار بکەن. بۆ زلهێزەکانی دنیاش، چەوساندنەوە و قەتلوعامنکردنی خەڵکی عێراق لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بە کێشەیەکی ناوخۆ وەسف دەکرا، و هیچ کات ئامادە نەبوون هەڵوێستێك بەرامبەر بە توند و تیژی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق نیشان بدەن.

## سیاسەتی ئەمەریکی لە سەردەمی شەڕی سارد

بە درێژایی جەنگی سارد کۆمەلگای نێودەوڵتی تەنها سنورە وەهمییەکەی دەوڵەتی عێراق و دیفاکتۆی دەستەڵاتی عەرەبی سوننەیان دەبینی. باقی کارەسات و تراجیدیاکانی نێو ئەو سنوورە لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی دەنگ و سەدای کاریگەریان نەبوو، بەڵام کۆتایی هاتنی

جەنگی سارد و سەرهەڵدانی تاکجەمسەری و بەرجەستەبوونی هەژموونی ئەمەریکا بەسەر سیاسەت و ئابووری دونیادا، شێوازی گەمەسیاسیەکانی سەرتاپا گۆڕی، و وەرچەرخانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشی بە دوای خۆدا هێنا. بەڵام مەخابن هیچ بەڵگەیەکی وا لە ئارادا نییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتەکانیان لە عێراقدا بە شێوەیەکی راست و دروست ئاڕاستە بکەن کە لە بەرژەوەندی گەلانی عێراقدا بێت. سیاسەتی ئەوان تەنها بریتی یە لە کاردانەوە بەرامبەر بە رووداوەکان، و کەم دەکەن و بە درەنگەوە دەیکەن. هەرچەندە چاودێرانی سیاسی پێیان وا بوو کە ئیدارەی ئەمەریکی گۆرانی ئیجابی لە بەرنامە و سیاسەتەکانیان لە ناوچەکە ئەنجام دەدەن، بەڵام ئاکامەکانی جەنگی کەنداوی دووەم دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەمەریکیەکان لە مامەڵەیان لەگەڵ عێراقدا هەمیشە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەیان فەرامۆش کردووە.

## دوژمنێکی ناسراو باشترە لە دۆستێکی نەناسراو

ئەمەریکییەکان بۆ سەردەمانێکی دوور و درێژ (سەدام حوسێن)یان بە هاوپەیمانێکی ئابووری و سیاسی گرنگ دەنرخاند. بەڵام دوای داگیرکردنی کوەیت لە ئابی ١٩٩٠، بۆیان دەرکەوت کە ئەم رژێمە نەك هەر هاوپەیمانیان نییە بەڵکو گەورەترین خەتەری سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە و پێویستە هەرچی زووە کۆتایی بە دەستەڵاتی بهێندرێت. لەگەڵ هەڵایسانی جەنگ وبە مەودایەکی زەمەنی زۆر کورت، جەنەراڵ شوارتسکۆف و هێزەکەی لە شاری بەغدا نزیك بوونەوە، بەڵام کاتێك راپەرینی شیعەکان لە باشور و کوردەکان لە باکوری عێراق دەستی پێکرد خێرا ئەمەریکیەکان هەڵوێستەیەکیان کرد و بینیان کە ئەوان هێشتا خۆیان ئامادە نەکردووە کە بەو خێراییە رژێمی سەدام بروخێنن و دیکتاتۆرێکی دۆستی خۆیان لە جێگای دابنێن. بۆیە بڕیاریاندا سەدام بهێلنەوە. ئەوان پێیان وابوو مانەوەی دیکتاتۆرێکی لاوازی وەك سەدام (کە خۆیان بە باشی دەیناسن) باشترە لە ئۆپۆزیسیۆنێك کە هێشتا نایناسن. دواجار مەسەلەی گۆڕینی رژێم کانسڵ کراو بارودۆخی ناوەخۆش تەسلیم بە رژێمی سەدام و دارو دەستەکەی کرایەوە، و ئەوانیش بە شێوازێکی دڕندانە راپەرین و سەرهەڵدانی کورد و شیعەیان سەرکوت کرد.

بەریتانییەکان تێگەیشتنێکی زیاتریان بۆ بارودۆخی ناوچەکە هەبوو. ئەوان پرۆگرامی درێژخایەنیان لەو ناوچەیەدا هەبووە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دەمێکە

سیاسەتی خۆیان داڕشتووە. لەگەڵ ئەوەی ئەدائی سیاسەتی بەریتانیەکان کاراتر بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا مایەی بەشمەینەتی بووە بۆ گەلانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەریتانیەکان زانیاریووردتر و تێگەیشتنی زیاتریان هەیە بەڵام ئەوان هەمیشە وەك پاشکۆی ئەمەریکیەکان نەیانتوانیوە بە سیاسەتێکی مەحکەم و بەرنامەرێژکراو مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکەن. دوا بە دوای ئاوارە بوونی پتر لە دوو ملیۆن کوردی کوردستانی باشور، لە ئەنجامی سەرکوتکردنی راپەرینە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١، (مارگرێت ثاتچەر)ی سەرەك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا لێبڕاوانە لە بەرامبەر بە کارەساتەکانی گەلی عێراق هاتە دەست. هەرچەندە ئەو کاتە لە دەستەڵاتدا نەمابوو، بەڵام هێندە کاریگەری هەبوو کە بتوانی جۆن میجەر و کابینەکەی بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی مێژوویی، و رایانکێشێت بۆ پاراستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و رێگرتن لە ئەگەری روودانی کارەساتی مرۆیی بەهۆی ئاوارە بوون و سەرگەردان بوونی پتر لە چوار ملیۆن خەڵکی بێدیفاعی کوردستانەوە. بەڵام ئەمەریکییەکان پێش بەریتانیەکان کەوتن و پێشڕەوێتیان بۆ پاراستنی خەڵکی ناوچەکە گرتە دەست، و وەك پیشەی هەمیشەییان، نەیانویست بەریتانیەکان ببنە تاکە خاوەنی ئەو موبادەرەیە. بەم شێوەیە کوردەکان پارێزران و خەڵکی کوردستانیش نازناوی (حاجی بۆش) یان بەخشیە جۆرج بۆش. هەرچەندە ناوچەی دژەفرین (ئاسمانی قەدەغە بۆ تەیارەی عێراقی) تەنها نیوەی کوردستانی عێراقی گرتەوە، باقی ناوچەکانی دیکە لە ژێر دەسەڵات و رەحمەتی حکومەتی عێراقدا مایەوە.

## ناوچەی ئارامی کوردستان

دوابەدوای سەرکوتکردنی راپەرینە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١ و ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستان، هاوپەیمانان هەوڵی ئەوەیاندا کە سنوری ناوچەی ئارام تەنها لە سنوری پارێزگای دهۆکدا بهێڵنەوە. لە کاتێکدا ژمارەی ئاوارەکانی ئەو سنورە نزیکەی هەشت سەد هەزار ئاوارە بوون و زۆرینەی هەرە زۆری ئاوارەکان لە شارەکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانییەوە بەرەو سنورەکانی ئێران رۆیشتن. دەتوانین بڵێین ئۆپەراسیۆنی (پرۆڤاید کۆمفۆرت) هەوڵێکی هاوپەیمانان بوو بۆ رازیکردنی تورکیا. هاوپەیمانان دەیانویست بە هەر نرخێك بێت شەپۆلی پەرینەوەی ئاوارەکان بۆ نێو خاکی تورکیا رابگرن، هەر بۆیە کۆمەك پێداویستیەکانیان دەگەیاندە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان. جۆرەها بەڵێنیان بە کوردەکان دەدا، بەوەی کە هاوپەیمانان لە ناوچەکە دەمێننەوە و کوردەکانیش دەپارێزن. لە سەرەتاوە تورکیا سنورەکانی

بە رووی لێشاوی ئاوەرەکاندا داخست و زۆر سەرکەوتووانە توانیان بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەربخەن کە وڵاتەکەیان لە ژێر فشارێکی بێشوماری ئاوارەکانی خەڵکی کوردستان دایە.

لە لایەکی ترەوە ئێرانییەکان بە تەواوەتی دژی بیرۆکەی ناوچەی ئارام بوون، پێیان وابوو پلانێکی لەم جۆرە کوردستان دەکاتە ئیسرائیلی دووەمی ناوچەکە. لە سەرەتادا ئەوانیش هەمان گەمەی تورکیایان دووبارە کردەوە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش وایان نیشاندا کە پێویستیان بە هاوکاری بێشومار هەیە بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو فشارە مرۆییەی بەهۆی ئاوارە بوونی خەڵکی کوردستانەوە کەوتۆتە سەریان. کەچی ئەم داخوازیانەی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵتیدا تا رادەیەکی زۆر فەرامۆش کرا. جگە لە کۆمەکی ژمارەیەکی کەم لە رێکخراوە خێرخوازەکان، وڵاتی خۆرئاوا هیچ هاوکارییەکیان پێشکەش بە ئێران نەکرد. هەرچەندە دواتر ئێران سنوورەکانی بە رووی ئاوارە کوردەکاندا دانەخست بەڵام بە ئاسانی رێگایشی نەدەدا ئەو برە هاوکارییەی لە رێکخراوە خێرخوازەکانەوە دەهات بگاتە دەستی ئاوارە کوردەکان.

ئەو کوردانەی بەرەو سنوری ئێران رۆیشتبوون بە بەردەوامی هەوڵیان دەدا کە سنوری ناوچەی ئارام فراوانتر بکرێت بەو هیوایەی ئەوانیش لە زۆلم و زۆری سوپای عێراقی بپارێزرێن، بەڵام بە داخەوە ئەم داواکارییەش لەلایەن هاوپەیمانانەوە فەرامۆش کرا. بەم پێیە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی کەوتنە بەر رەحمەتی هێزەکانی سوپای عێراق، بێ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هیچ هاوکارییەکیان بکات، لەنێوان سنورەکانی ئێران و سوپای عێراقیدا قەتیس مابوون. هێڵی ٣٦ تەنها ئاسمانی کەمتر لە نیوەی کوردستانی دەگرتەوە، هێندەش نەبوو کە بتوانێت رێگا لە هێرشی سوپای عێراقی بگرێت بۆ هاتن بەرەو باشوری ئەم هێڵە. دواجار ناوچەی ئارام و ئۆپەراسیۆنی (پرۆڤاید کۆمفۆرت) نەك هەر تەنها تەواوی کوردستانی نەگرتەوە بەڵکو لە مانگی تەمموزی ١٩٩١ دا ئەم ئۆپەراسیۆنە کۆتایی پێهات و هاوپەیمانانیش بەر لە تەواو کردنی ئەرکەکانیان ناوچەکەیان بەجێ هێشت.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دا و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، حکومەتی عێراقی سوپاو دامودەزگاکانی لە سنووری هەر سێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی دهۆك) کشاندەوە و ئابلۆقەیەکی ئابووری توندوتیژی خستە سەر ناوچە کوردیەکان. هەرچەندە مەرامی سەرەکی حکومەتی عێراق لەم کارە زۆر روون نەبوو، بەڵام پێشبینی دەکرا کە رژێمی سەدام بەم کارەی

ویستبێتی کە ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەب و هاوپەیمانان بوروژێنێ و وایان لێبکات بە پەلە تەداخول بکەن و رێگا لە کوردەکان بگرن کە خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن، نەوەك ئەم دەستەڵاتە لۆکاڵییە کوردییە ببێتە هەوێنی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

ئێران و تورکیا و سووریا ناوبەناو کربوونەوەی سێ قۆڵیان ئەنجام دەدا. لەو کۆبوونەوانەدا تەرکیزیان دەکردە سەر دژایەتی کردنی سەربەخۆیی کوردستان و رێگرتن لە هەر ئەگەرێك کە عێراق بەرەو ترازان و دابەش بوون بەرێت.  دوا جار کوردەکان بێ پشت و پەنا و بێ هاوکاری نێودەوڵەتی و بێ داهات و سەرچاوەی دارایی بەجێهێڵران. ئەوان لە سەختترین بارودۆخی سیاسی و داراییدا کەوتنە بەر دەمی گەورەترین تاقیکردنەوەی مێژوویی، و ئۆباڵی بەڕێوە بردنی هەرێمی کوردستانیان کەوتە ئەستۆ. بۆ مێژوو گرنگە ئەو راستییە بڵێین کە هیچ کام لە وڵاتانی خۆرئاوا ئامادە نەبوون هاوکاری دارایی پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەو حکومەتەی لە پرۆسەیەکی دیموکراسی کەم وێنەدا بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەڵبژێردرا و ئەرکی بەرێوەبردن و سەرکردایەتی کردنی نزیکەی چوار ملیۆن خەڵکی کەوتە ئەستۆ. تەنانەت ویلایەتە یککگرتووەکانی ئەمەریکاش ئامادە نەبوو هاوکاری ئەم ئەزمونەی کوردستان بکات. لە کۆنفرانسی لەندەنی ساڵی ١٩٩٣ دا نوێنەری وولایەتەیەککگرتووەکانی ئەمەریکا، نەبوونی هەڵوێستی وڵاتەکەی گەڕاندەوە بۆ ئەو گەندەڵییەی لە سایەی حوکمی دیکاتۆری سەدام لە عێراقدا دروست بووە، لە کاتێکدا وڵاتانی خۆرئاوا هەر خۆیان بوون دەستی سەدامیان دەگرت و رێگایان بۆ خۆش دەکرد کە وڵات بەو ئاقارە ببات.

رژێمی سەدام حسێن لە ئێستادا توانای دەرهێنان و پاڵاوتن و فرۆشتنی نەوتی هەیە، دەتوانێت پێداویستییەکانی خەڵك دابین بکات، بەڵام ناوچەکوردیەکان هیچ داهات و سەرچاوەیەکی ئابووریان نییە و لە ژێر دوو ئابلۆقەی ئابووری توندوتیژ دان. هیچ جۆرە هاوکارییەك لە ئارادا نییە کە باری گرانی سەر شانیان سووك بکات. تەنانەت ئەو برە پارە کەمەی لە لایەن نەتەوە یەککگرتووەکانەوە بۆ کوردستان دانرابوو، لە بەغدا بەهەدەر دەدرا. هیچ کام لە رێکخراوە ناحکومییەکانیش ئامادە نەبوون راستەوخۆ هاوکاری کوردستان بکەن، بگرە هەندێکیان بە مەبەست ئامۆژگاری کراون کە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەکەن.

## باشوری عێراق

ڕاپەڕینەکانی باشوری عێراق کۆمەڵێك ئاکامی تراجیدی لێکەوتەوە، بە هۆی دەستێوەردانی ئێرانیەکان لەگەڵ شیعەکانی عێراق و نەبوونی هەڵوێستی هاوپەیمانان بەرامبەر هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ ناوچەکانی باشوور. شیعەکان بە دڕندانەترین شێواز سەرکوت کران، دەیان هەزار هاوڵاتی قەتلوعام کران. قوربانییەکانی ئەم کارەساتە هێندە زۆر بوون تەنانەت ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوەکانیش تا ئێستا نازانرێت.

لە دوای ڕاپەڕینەوە، ڕژێمی عێراق هەوڵەکانی بۆ سڕینەوەی سیماو کەلتوری ئاینی شیعەکانی رۆژبە رۆژ زیاتر و توندتر دەکرد. بۆ نموونە، لە ژێر پاساوی نوێکردنەوەدا، سیمای مزگەوتە شیعەکان (حوسێنیەکان) دەشێوێنێت. ڕێگاوبانی نوێی بە نێو مەرقەد و جێگا پیرۆزەکانی شیعەدا لێدەدا و هەیکەلی زۆربەی قوتابخانە ئاینییە شیعەکانی گۆڕی، و کار گەیشتە رادەیەك تەواوی ناسنامەی ئاینی شیعەکان کەوتە مەترسییەوە.

عەرەبە زۆنگاونشینەکان لە کۆنترین کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بەڵام لە ئێستادا ڕوبەڕووی خەتەری لەناوچوونی سەرتاسەری کۆمەڵگاکەیان دەبنەوە. وەك هەموو پێکهاتە نەتەوایەتییەکانی دیکەی عێراق ئەوانیش بەهۆی فشار و سەرکوتکردنی بەردەوام و شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران-عێراقەوە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر دەچەوسانەوە. لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەی زۆنگاوەکاندا نەبوو بۆیە تەواوی ناوچەکە بووبووە پەناگەی ئۆپۆزسیۆن و سەربازی هەڵاتوو لە سوپای عێراق. هەربۆیە حکومەتی عێراقی بەوپەڕی توندوتیژیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن. ئەوان رۆژانە ڕووبەڕووی بۆردومان و هێرشی کیمیاباران و مینی ژێر ئاو و سوتانی قامیشەڵانی ناوچەکە دەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپای ڕژێمی عێراق نەیانتوانی کۆنترۆڵی تەواوی ناوچە زۆنگاوەکان بکەن. بۆیە ڕژێمی عێراق بڕیاری دا پەلە لە جێبەجێکردنی پرۆژەی (ڕوباری سێهەم) بکرێت، کە پرۆژەیەکی دوژمنکارییەو مەبەستی سەرەکی پیلانەکە ووشك کردنی زۆنگاوەکان و تێکدانی سروشتی ناوچەکەیە بەو مەبەستەی کە چیتر ئەم ناوچەیە نەبێتە بنکەی کاری سیاسی ئۆپۆزسیۆن و ڕژێم بتوانێت لە رووی سەربازییەوە کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بکات. ئەمە جگە لەوەی لەبەر ووشك بوونی ناوچەیەکی بەرفراوانی نێوان هەردوو ڕوباری دیجلە و فورات، ڕەنگە بیری نەوتی نوێ لە ژێر

زۆنگاوەکاندا بەدەر کەون. ووشکبوونی ئەو ناوچەیە لە ئێستادا گەیشتۆتە رادەیەکی خەتەرناك و سروشتی ناوچەکەش بە تەواوەتی تێك چووە.

رژێمی عێراق هەموو ئەم توندوتیژیانەی لە باشوری هێڵی ۳۲ ئەنجام دەدا. سەراپای ئەم کارانە پێشێلکارییەکی ئاشکرای سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و بڕیاری ٦٨٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکانە، و ناوچەی دژە فڕینیش نەبووە رێگر لە ئەنجامدانی. بە پێچەوانەوە لە دوای پێکهێنانی ناوچەی دژەفڕین لە باشوری عێراق، ناوچەکە رووبەرووی بۆردومانی زیاتر دەبۆوە چونکە تەنها چاودێری کردنی ئاسمانی ئەو ناوچەیە بەس نەبوو بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی خەڵی باشوری عێراق. بە کورتی نەبوونی ناوچەی ئارام مانای بەردەوام بوونی قەتلوعام و پێشێلکاری مافی مرۆڤ و نەهامەتی و برسێتی کۆمەڵانی خەڵك و بەردەوام بوونی تێکدانی ستراکتۆری ئاینی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە.

## ئۆپۆزسیۆن و ئایندەی سیستەمی سیاسی

لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق مۆدێرنەوە، عەرەبی سوننە مۆنۆپۆلی تەواوی دەستەڵاتی سیاسی کردووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە بەرژەوەندی زلهێزەکانی دونیا بووە و مایەی بەشمەینەتی گەلانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. لەبەر ئەوەی گەلانی عێراق لە گرۆپی نەتەوەیی و ئاینی و ئیتنیکی جیا جیا پێك هاتوون و بە زۆرەملێ لە سنوری یەك دەوڵەتدا بە یەکەوە لکێنراون، هەر بۆیە هەرگیز حکومەتی مەرکەزی نەیتوانیوە وڵات سەقامگیر و باری ئەمنی کۆنترۆڵ بکات. سەرباری توند و تیژی و زەبروزەنگی رژێمی عێراق، گەلانی عێراق هەمیشە لێبڕاوانە خەباتیان کردووە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پێکهێنانی دام و دەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی و بە ئاشتی پێکەوە ژیانی هەموو گرۆپ و نەتەوە و پێکهاتە ئاینیە جیاجیاکان.

ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کۆمەڵێك حیزب و رێکخراو و گرۆپی جۆراو جۆر پێکهاتووە، و هەر یەکەیان خاوەنی بەرنامە و فەلسەفەی تایبەت بە خۆیانن. بەڵام ئەو خاڵەی هەموویان کۆ دەکاتەوە بریتییە لە بوونی یەك دووژمنی دکتاتۆر کە بە درێژایی مێژوو مافی هەموو گەلانی عێراق زەوت دەکات. تا ئێستا ئۆپۆزسیۆنی عێراق نەیانتوانیوە بەرەیەکی یەکگرتوی بەهێز پێکبهێنن و وەك ئەڵتەرناتیڤێکی زیندوو خۆیان تەرح بکەن. لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە

قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، پێویستە بە ووریاییەوە ریزەکانی خۆیان یەك بخەن و وەك نمایندەی راستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق خۆیان نیشان بدەن، پێویستە بە ووردی لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەم سەردەمە تێبگەن، و وەك هاوپەیمانی پرۆفێشناڵ خۆیان لەگەڵ ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی دنیادا بگونجێنن.

ئۆپۆزسیۆنی عێراق تا ئێستا نەیانتوانیوە بیسەلمێنن کە ئەوان وەك ئەڵتەرناتیفی ڕژێمی سەدام دەبنە فاکتەرێکی گرنگی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە. هەروەها نەیانتوانیوە رۆژئاوا دڵنیا بکەن لەوەی بەرژەوەندییەکانیان (بەتایبەتی مەسەلەی نەوت و مەسەلەی ئیسرائیل) پارێزراو دەبێت، و لەسایەی ئۆپۆزسیۆندا ئایندەی پەیوەندی سەرمایەداری لە عێراق لەسەر بنەمای ئابوری سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد و پرۆ ئەمەریکا دەبێت. دەبێت ئەمەریکییەکانیش دڵنیا بکەن لەوەی کە (پشکی شێر) لە گرێبەستەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری (کە بەبڕی دوو سەد ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت) بۆ ئەوان دەبێت هەر وەك ئەو ئەزموونەی کە کووەیتییەکانی پێیدا تێپەڕین.

هەردوو لایەنی کورد و شیعە لە باڵە هەرە بەهێز و دیارەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراقن. هەردوو لایان لەسەر خاکی عێراق و لە پانتایی ناوچە ئازادکراوەکاندا چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن، و خاوەنی بنکەی جەماوەری بەرفراوان و پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقن، بۆیە دەکرێت بڵێین هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئەم دو لایەنە کلیلی بەرەو پێش بردنی پرۆسەی سیاسییە لە عێراق.

سەبارەت بە گرۆپەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن هەر چەندە هەریەکەیان گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام لە رووی کاریگەری و ژمارەی ئەندام و لایەنگر و چالاکی سیاسی هێشتا سست و لاوازن. سەرباری فرەیی و جیاوازی باڵەکانی ئۆپۆزسیۆن، خۆشبەختانە لە ئێستادا خەریکە دەکەونە خۆ و پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو باشی دەبەن، وهاوکاری و هەماهەگی نێوانیان بەرە و ئاستێکی باش دەڕوات. زۆربەیان پێیان وایە کە تاکە بەدیلی ڕژێمی دکتاتۆری عێراق بریتییە لە هێنانە کایەی حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرە حیزبی. بەڵام هێشتا کۆدەنگی تەواوەتی لە بارەی سیستەمی فیدراڵییەوە دروست نەبووە.

مێژوو ئەو راستییەی سەلماند کە دیکتاتۆریەتی کەمینەی عەرەبی سوننە جگە لە کارەسات و وێرانکاری چی دیکەی لێنەکەوتەوە. بە هەمان شێوە، دیکتاتۆریەتی هەر گرۆپ و نەتەوە و مەزهەبێکی تر جگە لە دووبارە بوونەوەی مێژوو هیچ لە پرۆسەی سیاسی عێراق ناگۆڕێت. بۆ نموونە ئەگەر بەدیلی دیکتاتۆریەتی سوننە بریتی بێت لە دیکتاتۆریەتی ڕەهای شیعەکان، ئەوا چارەنووسی سیستەمێکی سیاسی لەو جۆرە هەمان چارەنووسی ڕژێمی رووخاوی بەعسی دەبێت.

زۆرینەی هەرە زۆری گرۆپەکانی ئۆپۆزسیۆن پێیان وایە داهاتووی پرۆسەی سیاسی عێراق لەسەر بنەمای دیموکراسی، و بە رێبەرایەتی زۆرینەی شیعە، لای هەموو پێکهاتەکان پەسەند دەبێت. شیعەکانیش پێیان خۆش بێت یان نا ئەم سیناریۆیەیان لا قبوڵە. هەر چەندە لە نێو شیعەدا هەندێك خەڵکی خاوەنی بۆچوونی پەڕگیرانە (توندڕەوانە) هێشتا مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردەکان بە زۆر دەزانن، هەر وەك هەندێك گرۆپی ناسیۆنالیستی عەرەبی سوننەش هەمان بۆچوونیان هەیە. بۆیە تەنها دەستورێکی دیموکراتی تاکە زامنی مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراقە و وڵاتیش بەرەو ئارامی و سەقامگیری دەبات. بۆ ئەم مەبەستەش نزیکبوونەوە و لێك گەیشتن و هەماهەنگی نێوان گرۆپەکانی ئۆپۆزسیۆن زۆر گرنگە.

کوردەکان لە مێژە لەو واقیعە تێگەیشتوون کە کارکردن بە ئاڕاستەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ڕەنگە لە رووی سیاسییەوە زیان بە دۆزی کوردی بگەیەنێت و سەراپای ئەزموونی سیاسی کوردستان بخاتە بەردەم هەڕەشەی ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەرەوە. هەر بۆیە کوردەکان بە سیاسەتێکی ژیر و هێمنانە لە چوارچێوی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتیدا داوای مافی چارەیخۆنووسین دەکەن. لە هەمان کاتدا سەرکردە کوردەکان هەمیشە لەژێر فشاری رای گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوون. زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان دەخوازن کە سەرکردایەتی سیاسی کوردی کار بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بکات. بەڵام هەمیشە سەرکردە کوردەکان بە تێگەیشتنی تەواو لە هەلومەرجی سیاسی دونیا ئەم ئارگیومێنتە ئاڕاستە دەکەن.

مێژووی پەیوەندی نێوان حکەمەتی بەغدا و جوڵانەوەی سیاسی کوردستان ئەو راستییەی سەلماندووە کە هەتا توند و تیژی و زەبروزەنگی حکومەتی مەرکەزی زیاتر بێت مەیلی کوردەکان بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق  زیاتر دەبێت. بۆنموونە، ڕژێمی پاشایەتی هەرچەندە مافی

سیاسی و کەڵتوری گەلی کوردی نەدەسەلماند، بەڵام هەموو تاکێکی عێراق بە چاوی هاوڵاتی سەیر دەکرد. بۆیە لەو سەردەمدا، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان تەرکیزیان کردبووە سەر چەسپاندنی مافە کەڵتورییەکانیان. لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕژێمە ناسیونالیست و کۆمارییە یەك لە دوای یەکەکان فشاری سیاسی سەر کوردەکان لە لایەن حکومەتی مەرکەزییەوە تا دەهات رووی لە زیادبوون بوو. بۆیە کوردەکانیش شێوازی خەبات و گوتاری سیاسیان گۆڕی، دواکارییەکانیان تەنها بریتی نەبوو لە بەدەستهێنانی مافە کەڵتورییەکانیان، بەڵکۆ ئەم گوتارە گۆڕا بۆ دابین کردنی خودموختاری راستەقینە بۆ ناوچە کوردیەکان.

دوا جار ڕژێمی بەعس تاڵترین ئەزموونی لە مێژووی پەیوەندی نێوان گەلی کورد و حکومەتی ناوەندی تۆمار کرد. ڕەفتاری بەعسییەکان بریتی بوو لە بەکار هێنانی زەبرو زەنگ و چەوساندنەوە و هەوڵدان بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی کوردەکان، هەر بۆیە ئەم مێژووە ڕەشە وایکرد کە چیتر کوردەکان متمانەیان بە حکومەتی مەرکەزی نەمێنێت و مانەوەیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا مەحاڵ بێت. بۆیە دووبارە دەڵێم، بە سودوەرگرتن لە وانەکانی مێژوو دەکرێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرەحیزبی تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکانی عێراقە. هەر ئەم سیستەمەش دەتوانێت نێوانی کورد و بەغداش ئاشت بکاتەوە، و سیستەمی فیدرالیش تاکە زامنی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە.

## عەرەبی سوننە

زاراوەی عەرەبی سوننە ئەو پێکهاتە عەشایەری و نیمچە عەشایەری و ناعەشایەریانە دەگرێتەوە کە لە سێگۆشەی نێوان موسڵ و ڕومادی و بەغدا نیشتەجێن. ئەم تێکەڵە ناسیۆنالیستیەی عەرەب بە داینەمۆی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس دادەنرێت، کە مۆنۆپۆلی دەستەڵاتی سیاسیان لە عێراقدا کردووە. لەم ناوچەیەدا چالاکی و پێگەی جەماوەری ئۆپۆزسیۆن لەوپەڕی لاوازیدایە. زۆرینەی هەرە زۆری عەرەبی سوننەی دژە سەدام لە تاراوگە دەژین و پشتیوانی جەماوەری ئەم گرووپانە بە بەراورد لەگەڵ کورد و شیعەدا یەکجار لاوازە.

گرۆپ و رێکخراوە سیاسییەکانی سوننە زۆربەیان پان ناسیۆنالیستی عەرەبین. ئەوان هەمیشە تەئکید لە ناسنامەی (نەتەوەیی عەرەبی) عێراق دەکەنەوە، و پێیان وایە عێراق نەك هەر دەوڵەتێکی عەرەبییە بەڵکو پێشڕەوی جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبیشە. لە نێویاندا چەندین بۆچوون و ریزبەندی جۆراو جۆرهەیە. بۆنمونە، کۆنە بەعسییەکان و بەعسییەکانی هەواداری سووریا هەمیشە خەون بە یەکگرتنی عێراق و سووریاوە دەبینن، بەو هیوایەی کۆماری بەعسیزمی عەرەبی دروست بکەن و بە حسابی خۆیان لەوێڕا ببنە پێشڕەوی ناسیۆنالیستی عەرەبی، و پێشیان وایە دیموکراسی گەورەترین خەتەری سەر یەکپارچەیی عێراقە. عەرەبی سوننە نفوزی بەعسیەکانی نێو عێراق بە موڵکی خۆیان دەزانن و پێیان وایە ئەگەر سەدام هەرەس بهێنێ ئەوان دەبێت ببنە بەدیل و میراتگری و درێژە بە دەستەڵاتی سیاسی بەعس بدەن.

هەندێکی تر لە گرۆپەکانی سوننە باڵی نیمچە دیموکراسین، تارادەیەك باوەڕیان بە دەستووری دیموکراسی و فرەحیزبی هەیە و هەندێکیشیان سیستەمی فیدراڵیان قبوڵە (بە فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستانیشەوە). لێرەدا گرنگە ئەو راستییە بڵێین کە هەندێك لە رێکخراوە سوننەکان لەسەر بنەمای دینی و مەزهەبی دانەمەزراون، بەڵکو ئەندامی کورد و شیعە و مەسیحیشیان لەگەڵدایە.

## شیعەکان

زاراوەی رێکخراوە شیعەکان، یان ئۆپۆزسیۆنی شیعە، بە شێوەیەکی ناڕاست بەکارهێنراوە بۆ راڤەکردن لە رێکخراوە سیاسییە ئاینییە شیعەکان یان دانیشتوانی باشوری عتیراق. لە راستیدا جگە لەو گرۆپ و رێکخراوانەی کە لەسەر بنەمای ئیلتیزامی ئاینی و مەزهەبی دامەزراون، گرۆپی دیکەی شیعە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەن کە رێکخراوی نیمچە سیاسین و بە هۆی چەوساندنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی باشوری عێراقەوە دروست بوون. لە سایەی رژێمی عێراق دا، شیعەکان دووچاری زوڵم و زۆر و سەرکوتکردن و قەتلوعامی درێژخایەن هاتن. هەروەك چۆن کوردەکان لە باکوری عێراق بە هۆی ناسنامەی نەتەوایەتییان رووبەڕووی زوڵم زۆری بەعس بوونەوە، بەهەمان شێوە شیعەکانیش بە هۆی ناسنامەی ئاینی و مەزهەبییان دەچەوسێنرانەوە.

هەرچەندە هەموو شیعەکانی باشور پشتیوانی لە رێکخراوە سیاسییە ئاینیەکان و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق ناکەن، بەڵکو بیر و بۆچوونی جۆراو جۆر لە نێو کۆمەڵانی شیعەدا هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕژێمی سەدام بەهۆی ناسنامەی ئاینییەوە شیعەکانی سەرکوت دەکرد و سیمبوڵ ئاینییەکانی دەکردە ئامانج، بۆیە ئەوانیش وەك کاردانەوە هەمیشە پابەندی پاراستنی ناسنامەی ئاینی خۆیان و مەرجەعە دینییەکانیان بوون بە تایبەت ئەو کەسایەتییە ئاینییانەی لە دەرەوەی عێراق دەژیان. بەڵام لێرەدا گرنگە بڵێین کە ئەو جۆرە پابەند بوونە تەواو جیاواز بوو لە نێوان حیزبی دەعوە و گرۆپی مەزهەبی پرۆ ئێرانی ئەلحەکیم. ئەلحەکیم کوڕی ڕێبەرێکی گەورەی شیعە مەزهەبە کە زۆربەی شیعەکان بە سیمبوڵی بەرگری دژەسەدامی وەسف دەکەن. جگە لەوە، ئەلحەکیم ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقە کە بنکە و بارەگاکانیان لە تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، فیدراسیۆنی هەموو گرۆپ و ڕێکخراوە شیعەکانە. لە نێو ئەنجومەندا بیرۆبۆچوونی جیا جیا لەسەر ئایندەی عێراق لە ئارادایە. هەندێکیان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ دیموکراسی و مۆدێلی ڕۆژئاوایی ئابووری سەرمایەداری و بازاری ئازاددا نییە، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەخوازن دەوڵەتێکی ئیسلامی شیعە مەزهەب لە ستایلی دەوڵەتی ئێران لە عێراقدا دروست بکەن. لە شەڕی ئێران و عێراقدا شیعەکان پشتیوانی تەواوی هێزەکانی ئێران بوون بەو هیوایەی ئێران لەم جەنگەدا سەرکەوێت و ئەوانیش جڵەوی دەستەڵاتی عێراق بگرنە دەست. بەڵام کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق و ئێران گەلێك پەند و ئەزموونی مێژوویی بۆ شیعەکان بەجێ هێشت، و گۆڕانی گەورە لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی شیعەکاندا دروست بوو. ئیتر ئەوانیش وورده وورده لە یاساکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی تێگەیشتن، بەڵام تێگەیشتن مەسەلەیەکەو کار پێکردنی یاساکان مەسەلەیەکی ترە.

ئەوەتا کەسایەتییە شیعە مۆدێرنەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەرگەرمی لۆبیکردنن و بە راشکاوانە پشتیوانی لە سیستەمی دیموکراسی دەکەن و خۆیان وەك پیاوی دەوڵەتی مۆدێرن نمایش دەکەن، کەچی لەولاوە زۆرینەی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی هێشتا بە مێشکی داخراوەوە دەڕواننە ئایندەی عێراق. باوەڕیان بە دیموکراسی و سیستەمی فیدراڵی و مافی گرۆپ و نەتەوە و ئاینە جیاجیاکانی عێراق نییە.

وابەستە بوونی گرووپ و ڕێکخراوە شیعەکانی عێراق، بەتایبەت (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی)، بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەمیشە دەرەنجامی نێگەتیڤی لێکەوتۆتەوە. هەر ئەم پەیوەندییەش زیانی گەورەی بە ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ ی شیعەکان گەیاند. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە جیاوازی گەورە لە نێوان بیرۆ بۆچوونی شیعەی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە. ئەوان دوو مۆدێلی تەواو جیاوازی تێڕوانینی سیاسین. بۆ نمونە شیعەکانی عێراق باوەڕیان بە پێکهێنانی وویلایی فەقیە (بە واتا کۆکرنەوەی دەستەڵات لە یەك تاکە کەسدا کە پێی دەڵێن فەقیە) نییە. هەروەها شیعەکانی عێراق بە دەستێوەردانی کاربەدەستانی ئێران لە کاروباری نێوخۆی حیزبە شیعەکان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا زۆر نیگەرانن. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەر بە چاوی ئێران و فەندامێنتالیزمی شیعە تەماشای گرووپ و ڕێکخراوە شیعەکانی عێراق دەکرێت. شیعەکانیش نەیانویستووە ئەم جیاوازییە لەبەر دەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوادا زەق بکەنەوە، چونکە پێیان وایە لەدەست دانی دۆستێکی وەك ئێران لە ئێستا ڕەنگە لەبەرژەوەندییان نەبێت چونکە هێشتا متمانەیان بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەوپەیمانان و وڵاتانی عەرەب نییە کە بتوانن کێشەکەیان بەرەوپێش بەرن.

سەرکێشییەکانی ئێران لە پێناو گواستنەوە و کۆپی کردنی مۆدێلی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکەی وەك عێراق و ئەفغانستان و عەرەبی سعودی و لوبنان و یەکێتی سۆڤیەتی جاران، وایکردووە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە دژایەتی کردنی ئێراندا هاوڕا بن. لە ڕاستیدا هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە ئەگەر شیعەکانی عێراق بەتەواوەتی لە گرنگی و کاریگەری فاکتەری نێودەوڵەتی و ڕۆڵی زلهێزەکانی دونیا تێنەگەن. تراجیدیای هەرە گەورەش بریتییە لە نەفامی و تێنەگەیشتنی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە فاکتەرە سیاسی و کەڵتورییە نێوخۆییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. جێی داخە کە ڕۆژئاوا (بە تایبەت ئەمەریکا) هەمیشە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ سیاسەتی دونیادا دەکەن بێ گوێدانە بەها کەلتوورییەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر بۆیەش تا ئێستا لە جیاوازییەکانی نێوان شیعەی عێراق و ئێران و پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوانیان تێنەگەیشتوون. پێویستە ئەمەریکیەکان ئەو ڕاستییە بە باشی تێبگەن کە هەرگیز عێراقێکی ئارام و سەقامگیر و یەکگرتوو دروست نابێت ئەگەر بەشداری و هەماهەنگی شیعەکان زامن نەکات. لە هەمان کاتدا لەسەر شیعەکانیش پێویستە لەو ڕاستییە ڕەهایە تێبگەن کە ئەوان ناتوانن کارەکتەرێکی کارای گۆڕەپانی سیاسی عێراق بن ئەگەر مۆدێلی دیموکراسی خۆرئاوا قبوڵ

نەکەن. کوردەکانیش بە هەمان شێوە فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەری گۆڕەپانی سیاسی عێراقن، ئەوانیش هەرگیز سازش ناکەن ئەگەر مافی چارەی خۆنووسین بەشێوەی هەرێمێکی سەربەخۆی فیدراڵ لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵدا زامن نەکەن. کەواتە بۆئەوەی ئایندەی بازاڕو سەرمایە گوزاری عێراق سەقامگیر بێت، پێویستە ئەمەریکا پشتیوانی کورد و شیعە مسۆگەر بکات و گوێ لە داخوازییەکانیان بگرێت.

ڕژێمی دکتاتۆری لە مێژە سەردەمی بەسەرچووە و کاتی ئەوە هاتووە دیموکراسی جێگای بگرێتەوە. مەحاڵە بەبێ چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرەحیزبی، عێراقێکی یەکگرتوو ئارام و سەقامگیر بەدی بێت. هەندێك لە چاودێران پێیان وابوو مەحاڵە سیستەمی دیموکراتی لە وڵاتە ئیسلامییە دواکەوتووەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی بهێنرێت، بەڵام ئەزموونی کوردستانی باشور لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەکرێت وەك مۆدێلێکی دیموکراسی لە بەشێکی عێراق دەرس و پەندی زۆری لێوەربگیرێت. کوردەکان دوابەدوای ئازادکردنی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان توانیان هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت بە شێوازێکی دیموکراسی ئەنجام بدەن و بیکەنە ئەزمونێکی دەوڵەمەند کە دەکرێت لە ئایندەدا بۆ تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق سودی لێوەربگیرێت.

## هەرێمی کوردستانی فیدراڵ وەك مۆدێلێك بۆ سەرتاسەری عێراق

پێکهاتەی سیاسی کوردستان لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەی پێکهاتەی سیاسی عێراقە. لە کوردستاندا جگە لە هەردوو پارتە سیاسییە سەرەکیەکە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) ژمارەیەکی زۆر پارت و ڕێکخراوی چەپ و ناسیۆنالیستی راستڕەو و ئیسلامی و کریستیان مومارەسەی چالاکی سیاسی دەکەن. لەڕووی نەتەوایەتییەوە کورد و تورکومان و کلدانی و ئاشوری و عەرەب و ئەرمەنی لە کوردستاندا دەژین. زۆرینەی هەرە زۆری کوردەکان موسوڵمانن (سوننە و شیعەن) بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی کریسیتان و ئێزدی و کاکەیی لە کوردستاندا هەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی دیموکراسی کوردستان توانی سەرکەوتووانە هەموو ئەو گرووپ و نەتەوە و ئاین و کەلتورە جیاوازانە لە چوارچێوەی کیانێکی سیاسیدا کۆبکاتەوە و تەواوی پێکهاتەکانیش لە دەستەڵاتی تەشریعی و تەنفیزیدا نمایندەی راستەقینەی خۆیان هەبێت. لەگەڵ ئەوەی هەردوو پارتە سیاسییە سەرەکیەکەی کوردستان کۆمەڵێك ململانێ و ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو وا پێشبینی دەکرا هەردووکیان

نەتوانن پێکەوە لەسەر یەك خوان دانیشن، بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو راستییەی کە سەرکەوتن و دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی سیاسی کوردستان لە پێش هەموو بەرژەوەندییە کاتییەکانە. لە ئێستادا هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئەم دوو پارتە سیاسییە لە ئاستێکی زۆر باشدایە و هەردوولایان کار بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتە دیموکراتییەکان دەکەن.

سەرباری بوونی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی جۆراو جۆر، خەڵکی کوردستان توانیان زیندووترین ئەزموونی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرجەستە بکەن و جۆرێك لە هارمۆنی سیاسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بهێننە کایەوە کە نمونەی لە مێژووی سیاسی دونیادا زۆر کەمە. بەر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩١، سەرجەم پارت و رێکخراوەکانی کوردستان بەرەی کوردستانیان دامەزراند. ئەم بەرەیە لە قۆناغی پێش هەڵبژاردندا ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە ئەستۆ بوو. سەرەنجامی هەوڵەکانیان هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە کە نمایندەی تەواوی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کەڵتورییەکانی کوردستانە. وابڕیارە پەرلەمانیش لە ئایندەی نزیکدا دەستوری هەرێمی کوردستان دابڕێژێت کە دەبێتە بناغەی حوکمی یاسا و بەرقەرار بووونی دیموکراسی و ئاشتی و ئارامی بۆ تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. سەرباری بوونی هەردوو ئابلۆقەی ئابووری نێودەوڵەتی و حکومەتی مەرکەزی عێراق لەسەر هەرێمی کوردستان بەڵام خۆشبەختانە حکومەتی هەرێم توانیویەتی لەسەر پێی خۆی راوەستێ و وورده وورده گەشە بکات، بەڵام هێشتا کێشەی سەرەکی ئەم هەرێمە بریتییە لە نەبوونی سەرچاوەی دارایی و نەبوونی دڵنیایی سیاسی.

هەندێك کێشەی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە دەکرێت بڵێین کێشەی ناوخۆیین، و کوردەکان لە ئاستی چارەسەرکردنیدان. دیارترین نمونەش کێشەی هەڵبژاردنی (ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان)ە. ئەم پۆستە هەر لە سەرەتاوە کێشە و مشت ومڕی زۆری لەخۆ گرت، بە تایبەت لە بارەی مەودای دەستەڵاتە تەشریعی و تەنفیزییەکانی، زۆر لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان گومانیان لە زەرورەتی بوونی ئەم جۆرە پۆستە بۆ ئێستای کوردستان هەبوو. هەر بۆیە تا دوا ساتەکانی بەر لە هەڵبژاردن گفت و گۆی لە بارەوە دەکرا. لە راستیدا پێویستە بە ووردی ڕەچاوی دەستەڵاتە تەشریعی و تەنفیزییەکانی ئەم جۆرە پۆستە سیادیانە بکرێت. پێویستە بەر لە هەڵبژاردن پەیوەندی دەستەڵاتەکانی لەگەڵ

پەرلەمان و دەستەڵاتی تەنفیزیدا یەکلابکرێتەوە، بە جۆرێك دەستەڵاتی سەرەکی بدرێتە پەرلەمان. بەڵام دواجار یەکلانەبوونەوەی ئەم مەسەلەیە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا بوو، ئەگەر چی هەڵنەبژاردنی رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان وایکرد کە سەرکردەی هەردوو پارتە سیاسییەکە (جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی) لە دەرەوەی پێکهاتەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بمێننەوە، کە تارادەیەك بووە هۆی لاوازیی پەرلەمان و حکومەت.

بە درێژایی پانزە ساڵی رابردوو ئەم دوو سەرکردەیە لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی کوردستاندا بوون و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان کردووە. دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتیش، خاوەنی دەستەڵاتی رەها بوون بەسەر ستراکتۆری دامەزراوەکانی حکومەتدا. ئەوان دەتوانن سەرۆکی پەرلەمان و سەرەك وەزیران دابنێن یان لایانبەرن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەر ئەوان نمایندەی دەستەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستانن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەمیشە دڵسۆزی و پەرۆشی خۆیان بۆ بەرەوپێش بردنی دۆزی کورد نیشان داوە، و رۆڵی گەورەشیان لە سەرخستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا هەبووە. بۆیە بوونی ئەم دوو سەرکردەیە لە پێکهاتەی تەشریعی و تەنفیزی حکومەتدا پێویستییەکی هەنووکەییە.

گەلی کوردستان بە ووریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا کرد. لە سەرەتاوە بڕیاری دەنگدانیان نەدا هەتا سەیری بەرنامەی کاری تەواوی حیزبەکانیان کرد، تاوەکو بزانن کام لە هەموو پارتە سیاسییەکان باشتر دەتوانێت لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك بکات. دەکرێت خەڵکی عێراق سوود لەم ئەزموونە وەربگرن. دڵنیام خەڵکی عێراق لەو ئاستەدان کە بە هۆشیارییەوە بیر لە ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بکەنەوە لە بری ئەوەی بە بیری تەسکی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی یان شۆڤێنیەتی عەرەبی ئایندەی وڵاتەکەیان بەرەو قەیرانی خەتەرناك بەرن. لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێکهێناوە، کە پێك دێت لە نوێنەرانی کورد و شیعە و سوننە. دواجار دەستەڵاتی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەدرێتە دەست کۆمەڵانی خەڵك، هیچچ پاساوێك نابێتە رێگر لە بەرامبەر هەر کاندیدێك کە بیەوێت بۆ پۆستێکی لەو جۆرە خۆی بپاڵێوێت. ئیتر گرنگ نییە ئەو کاندیدە شیعە بێت، کوردبێت یان عەرەبی سوننە بێت.

لە ئەزموونی هەڵبژاردنی رابەری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستاندا، چوار کەس بۆ ئەو پۆستە خۆیان پاڵاوت، یەکێکیان بادینی و سیانیان سۆرانی بوو، یەك لە کاندیدەکان نمایندەی حیزبی ئیسلامی سوننە و یەکێکیان سۆسیالیست و دوانەکی دیکەیش عەلمانی بوون. زۆر لە کەسانی ئاینی دەنگیان بۆ پارتە عەلمانییەکان دەداو زۆر لە کوردە سۆرانییەکانیش دەنگیان بۆ کاندیدە بادینییەکە دەدا. بەم پێیە دەنگدەران بەدوور لە عەقڵیەتی ئاینی فەندامێنتاڵی یان ناوچەگەرێتی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا کرد.

**دەرەنجام**

بە هۆی نەبوونی زمانی لێك گەیشتنی تەواو تا هەنووکە کەلێنی گەورە لە نێوان هاوپەیمانان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا هەیە. گرۆپەکانی ئۆپۆزسیۆنیش پێویستیان بە تەبایی و لێك نزیکبوونەوەی زیاترە. هاوپەیمانان، بەتایبەت ئەمەریکییەکان، هەندێك لایەنی گرنگی نێو ئۆپۆزسیۆنیان فەرامۆش کردووە. هەمیشە لە دوودڵی و دڵەڕاوکێدان لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گرۆپ و رێکخراوە جیاجیاکانی ئۆپۆزسیۆن.

لە لایەکی دیکەوە، هەندێك لایەنی نێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پێویستە یاسای گەمە سیاسییەکان فێر ببن. پێویستە لەو راستییە بە باشی تێبگەن کە دوا بەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد سروشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هاتووە. قۆناغی تاکجەمسەری و باڵادەستی ئەمەریکا پلان و تێگەیشتنی نوێ دەخوازێت. شیعەکان دەبێت بیسەلمێنن کە ئەوان خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیانن و نابنە پاشکۆی مەرامە سیاسییەکانی ئێران. هاوپەیمانانیش دەبێت زۆر بە وورییاییەوە هاوکارییان بکەن. بەبێ هاوکاری و پشتیوانی تەواوی عێراقییەکان مەحاڵە وڵاتێکی ئارام و بازاڕێکی سەقامگیر لە عێراقدا بهێنرێتە ئاراوە.

کەلێنی نێوان کورد و شیعە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری هەندێك لەو گرۆپە شیعانەی کە وابەستەی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، و دەیانەوێت دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا دروست بکەن و دەستەڵاتی ئاینی بکەنە دکتاتۆریەتی رەها و مافی گەلان و کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکەیش نەسەلمێنن. لە نێو عەرەبی سوننەشدا گرۆپی ناسیۆنالیستی نادیموکراسی هەن ئەو جۆرە بیرو بۆچوونانەیان هەیە کە رێز لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی

کوردستان ناگرن، و دان بە هەرێمی فیدراڵی کوردستاندا نانێن. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە وڵات بەرەو لێکترازان و پەرتەوازەیی دەبات. کوردەکان تا ئێستا لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵدا داوای مافی چارەیخۆنوسین دەکەن. تا ئێستا نەیانویستووە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی پێکبهێنن. ئەگەر فشاریان بخرێتە سەر و رێز لە ئیرادەیان نەگیرێت، ئەوا بێگومان ئەوانیش بیر لە ئەڵتەرناتیڤی گونجاو دەکەنەوە ڕەنگە جیابوونەوەش یەکێك لە ئەگەرەکان بێت.

ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر عێراق پێویستی بە یەکخستنی ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنە. گۆڕینی دیکتاتۆرێك بە دیکتاتۆرێکی تر هەرگیز جێگای قبوڵکردن نییە. دیموکراسی تاکە ئەڵتەرناتیڤی رژێمی (سەدام)ە. لە سایەی دیموکراسیدا ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری هەمیشەیی بۆ عێراق مسۆگەر دەبێت.

دەقە ئینگلیزیەکەی لە ١٩٩٤/٣/١ لە پەرتووکی فران هەیزلتۆن بڵاو بۆتەوە


*Iraq since the Gulf War, Prospects for Democracy. Editor: Fran Hazelton, for CARDRI. Zed Books Ltd. London & New Jersey. Chapter 18, pages 232-243*

## کورتەیەکی ژیانم

لە ١٩٦٠ لە کۆیە لە دایك بوومە و لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی دۆڵەسزە و پیرمام و دیبەگە خوێندوومە، بەر لەوەی خانەوادەکەمان لە هەولێر نیشتەجێ بێ. لەوێ، لە سەرەتایی زانین و ناوەندی برایی، و ئامادەیی کوردستان خوێندوومە. لە ١٩٨٣ کۆلیجی پزیشکیم لە شاری بەغدا تەواو کرد، و لە موسڵ و هەولێر وەك تازە پزیشکێك هەتا پایزی ١٩٨٤ کارم کرد. لە ڕێگەی ئێرانەوە رووم لە هەندەران کرد و لە بەریتانیا جێگیر بووم. خوێندنی باڵام لە بواری نەخۆشیە میکرۆبیەکان تەواو کرد و ئەو بڕوانامی دیپلۆم و ماستەر و دکتۆرا (PhD) و زەمالەی کۆلیجی شاهانەم لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکان (FRCPath) وەدەست هێناوە:

لە ١٩٩٤ بە مامۆستای کۆلیجی پزیشکی لە زانکۆی نۆتینکهام دامەزرام و لە ٢٠٠٢ پلەی پرۆفیسۆرم پێدرا. کار و پیشەی رۆژانەم بریتی بوو لە چارەسەرکردنی نەخۆش، مامۆستایەتی خوێندکاری پزیشکی، سەرپەرشتیاری خوێندنی باڵا، و لێکۆڵینەوە لە بواری میکرۆبناسی و داهێنانی ڤاکسین بۆ نەخۆشیە میکرۆبیەکان (بە تایبەتی هەوی پەردەی مێشك و ژەهراویبوونی خوێن). لە ئاستی بەریتانیا، رۆڵی ستراتیژی لەو بۆرد و کاونسلە سەرتاسەریانە بینیوە: جێگری سەرۆکی سەنتەری نەخۆشیە بڵاوەکان، بۆردی نەخۆشیە میکرۆبیەکان لە کاونسلی توێژینەوەی پزیشکی، ئەندام لە کۆمیتەی راوێژکاری پسپۆڕیی بواری مایکرۆبایۆلۆجی پزیشکی لە کۆلیجی شاهانەی پاثۆلۆجی، ئەندام لە کۆلیجی پسپۆران لە کاونسلی توێژینەوەی پزیشکی، سەرۆکی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە میکرۆبیەکان لە کۆلیجی شاهانەی پاثۆلۆجی، ئەندامی بۆردی تاقی کردنەوەی پزیشکانی پاثۆلۆجی لە کۆلیجی شاهانە، سەرۆکی گرۆپی پزیشکان لە کۆمەڵەی مایکرۆبایۆلۆجی گشتی. لە ساڵی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٢ بەشدار بووم لە حکومەتی کابینەی شەشەم وەك وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە بوومە دامەزرێنەر و سەرۆکی ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە.

هاوتەریب لەگەڵ ژیانی پیشەییمدا، گرنگیەکی تایبەتم بە چالاکی کۆمەڵگای مەدەنی و لۆبیکردن و بەرگریکردن لە دۆزی رەوای کورد و لە قوربانیانی کارەساتی کیمیاباران و ئەنفال داوە، لەگەڵ هاندانی سەروەری یاسا و حوکمی دروست و بەدامەزراوەکردنی هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەها دیموکراسیەکان.


Dlawer Abdul-Aziz Ala'Aldeen
LOBBYING
FOR A STATELESS NATION
Second Edition